# پێشەنگ ٢٠

ئەدەبی، فەرهەنگی، هونەری، رۆشنبیری

وتار

ڕەخنە

چیرۆك

شیعر ...

# «بیستەمین ژمارەی پێشەنگ لەدەورەی دووهەم دا»

کاتێك دەستم دایەقەڵەم و ویستم بابەتێکی کورت وەك دەست پێك و سەر وتاری بیسەمین ژمارەی دەوری دووهەمی گۆڤاری پصشەنگ ئامادەبکەم؛ بۆ ساتێك کەوتمەوەبیری ئەو کاتەی هاوڕا لەگەڵ ژمارەیەك لەهاوڕێیانی پێشمەرگەو تامەزرۆی هونەر و ئەدەبیاتی پێشڕەو و کرێکاری کەوتینەتەدبیر و ڕاوێژ سەبارەت بەسەرلەنوێ بوژاندنەوەی گۆڤاری پێشەنگ و دەستمان دایەئامادەکردنی بابەتەکانی یەکەم ژمارەی دەورەی دووهەم.

مرووریکی بروسکەئاسام بەگشت لایەنەجۆراوجۆرەکانی ئامادەکردن و لەچاپ دانی ژمارەکانی ڕابردووم بەزەیندا هات. ئەم فلاش بەکەهەم خۆشحاڵی کردم هەم کەمێك سەرسام، شاد بووم سەبارەت بەوەی کەوا خەریکەژمارەی گۆڤاری پێشەنگ ئامادەدەبێت و دەچێتەژێر چاپ، سەرسامیش بووم لەبەر ئەوەی کاتێك دەمدیت لەمەودای دەرکردنی ئەو بیست ژمارەیەدا لەگەڵ چ کەموکوڕی و تەنگ و چەڵەمەو ئاستەنگ گەلێکدا دەست و پەنجەمان نەرم کردووەو زاڵ بووین بەسەریاندا و درێژەمان بەئەرك و کارەکەمان داوە.

یەکێك لەکێشەو گرفتەهەرەسەرەکیەکانمان لێك بڵاو بوون و پەرەوازەبوونی ئەو هاوڕێیانەبووەکەلەسەردەمێکدا، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بووبێت، یار و هاوکار و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤارەکەبوون و ڕۆیشتوون بەرەو هەندەران. ئەمەکێشەیەکی کەم بایەخ نییە، زۆر گۆڤاری تر لەگەڵ ئێمەو هاوشێوەی هەل و مەرجی ئێمەدەست بەکار بوون، بەڵام هەر ئەم گرفتانەبەچۆکی داهێنان و نەیانتوانی بەردەوام بن. دیارەژمارەیەك لەهاوڕێیان وەك پای سابتی دەستەی نووسەران مانەوەو ڕۆڵی سەرەکیان بووەلەبەردەوام مانەوەی دەرچوونی گۆڤاری پێشەنگدا. بێگومان نرخ و بایەخی هەوڵ و تێکۆشانیان لەمێژووی هونەر و ئەدەبیاتی کرێکاریدا دیار دەبێ و لاپەڕەکانی پێشەنگیش نێوی یەك بەیەکەیانی لەدڵی خۆیدا هەڵگرتووە.

گۆڤاری پێشەنگ بڵاوکراوەیەکی سەربەبنەماڵەی هونەر و ئەدەبیاتی پێشکەوتنخواز و کرێکاریەو بەردەوام هەوڵمان ئەوەبووەناوەڕۆکی پێشەنگ زمانحاڵ و قسەی دڵی کرێکارانی وشیار و زەحمەتکێشانی ڕاساو بەدژی زۆرداران و کۆنەپەرەستان بێت و بوارێك بێت بۆ ڕەنگدانەوەی بیر و بەرهەمی شاعیران، نووسەران، چیرۆك نووسان و شانۆنامەنووسان و هونەرمەندانی چەپ و کۆمۆنیست و گشت ئەو کەسانەی دڵیان بۆ هەرچی زیاتر پەرەگرتن و گەشەی ئەم شێوەلەهونەر و ئەدەبیات لێدەدات. ڕەنگەلەم ڕوانگەیەوەبەتەواوی مەبەستمان نەپێکابێت، بەڵام شانازی ئەوەمان هەیەکەگشت هەوڵەکانمان، ئەگەر کەم و کاستیەکیشی پێوەدیار بێت، لەو پەڕی دڵسۆزی و هەست بەبەرپرسیارێتیەوەبووە.

لەکۆتاییدا جارێکی دیکەش ڕوو لەهەموو ئەو کەسانەی کەهەست بەوەدەکەن لەم سەردەمی بەڕبەڕیەتی نیزامی دژی ئینسانی سەرمایەداریدا پێویستەهونەرو ئەدەبیاتێکی عەداڵەتخواز، پێشڕەو، کرێکاری و بەکورتی ئۆمانیستی سۆسیالیستی گەشەبکات و لەداهاتوودا ببێتەبەدیلی هونەرو ئەدەبیاتی بەکاڵا بوو، خەسیو و بێ ناوەڕۆکی جێ پەسەندی دەسەڵاتەسەرمایەداریەکان، دەڵێین: بەرهەم و بابەتەکانتان بۆ گۆڤاری پێشەنگ بنێرن. چون پێشەنگ، بەش بەحاڵی خۆی، بەشێك لەم ئەرکەگرنگەی خستۆتەسەر شانی خۆی و بەدڵنیاییەوەتەنیا بەپاڵپشتی ئێوەدەتوانێ بەردەوام بێت.

سەر نووسەر

# پێشەنگ ژومارە: ٢٠

زستانی ١٣٨٨ی هەتاوی

خاوەن ئیمتیاز: ئەحمەد سالْحی
سەرنووسەر: سەعید ئەمانی
دەستەی بەرێوەبەر:
بێستون
ناسر حەقپەرەست
شورش محەمەدی
کەریم ئەمانی
.............................................................................
رووبەرگ و مونتاژ: ئارام لوقمان
چاپ چاپخانەی رەهەند_سلێمانی
.............................................................................

ئیمەیل:

Peshang2@msn.com

.............................................................................
تەلەفون:

٠٧٧٠١٩٣٤٥٧٣
٠٧٧٠١٥٦٧٨٥٤

.............................................................................
نرخ: ١٥٠٠ دینار / ١٠٠٠ تمەن
.............................................................................

بۆ ئاگاداری خوێنەران:

※ کەڵک وەرگرتن لە بابەتەکانی پێشەنگ بە ئاماژە کردن بە سەرچاوە ئازادە.

※ ناوەرۆکی بابەتەکان تەنها نوسەرەکانی لێی بەرپرسیارن.

| ناوی بابەت: | نووسەر یان وەرگێر: | لاپەرە: |
|---|---|---|
| وێنە | | ١ |
| **وتار:** | | |
| هونەرمەندیش ئەرکی گرینگ و .... | ن و ئا: پەیمان | ٢ |
| جان لینۆن ، خەونێك کە بەتەنیا نییە | ئا: ناسر حەقپەرەست | ٤ |
| پیاوێك لەتاریکی | ن: دیدار مەسیفی | ٧ |
| نا هۆشیاری لەبەرانبەر کێشەکانی ژناندا | ن: دیمەن محمەد بەرزنجی | ١٢ |
| چۆن دەنووسی | ن:عەزیز نەسین | ١٣ |
| ئەدەبیات و دوو جۆر چاوەروانی... | ن: سامۆئێل بێکت | ١٥ |
| خەباتگێر، مامۆستا، نووسەر و هاورێ | ن: ئەلێکس کالینیکۆس | ١٧ |
| ژنان لەئەدەبیاتی پیاواندا | ن: ناسر موستەشار | ٢٠ |
| هونەرو ئەدەبیات و خەباتی چینایەتی | ن: محەمەد حوسێن | ٢٣ |
| مێری جۆنز.. ژنێك لەچینی کرێکاری ئامریکا | ئا: ئارشیوی رادیۆ دەنگی شۆرش | ٣٠ |
| بۆ خوشکە ئازیزەکەم مەلکە خانم (ئاخر نامەی ماجد... | ن: ماجد مستەفا سوڵتانی | ٣١ |
| بۆچی سۆسیالیزم؟ | ن: ئالبێرت ئەنشتاین | ٣٤ |
| سوسیالیزم لەروانگەی مارکسەوە | ن: ئەریك فرۆم | ٣٩ |
| ماتریالیسمی فۆئرباخ و ماتریالیسمی مارکس | ن: هوشەنگ ماهرویان | ٤٥ |
| فیلم، بینەر، خولقێنەر | ن: مەهناز تەمیزی | ٥٧ |
| کارل مارکس و گەرانەوەی ئەو .. شانۆنامەی مێژوویەك... | ن: هووارد زین | ٦١ |
| **چیرۆک:** | | |
| شەر... کام شەر | ئا: ئارشیوی رادیۆ دەنگی شۆرش | ٧٣ |
| ئێمە هەمومان دەگەرێینەوە | ئا: ئارشیوی رادیۆ دەنگی شۆرش | ٧٨ |
| نێدا.. لەپێناو ژیاندا دەبێ چەندە بمرم؟ | ن: مەسعود نوقرە کار | ٨٠ |
| سەوزی.. سەوزی.. سەوزی!!! | ن: شەهروز ناسری | ٨١ |
| **شیعر:** | | |
| راپەرین | ن: حوسین عەبداڵی | ٨٢ |
| دڵی گەلا | ن: مەحموود سەجادی | ٨٣ |
| نـا | ن: سارا قەڵادزێ | ٨٥ |
| کـاروان | ن: شەهروز ناسری | ٨٥ |
| هەژارەکان | ن: وشیار بەرزنجی | ٨٦ |
| کوندی شەو | ن: ئارام | ٨٦ |
| من و تۆ لەناو یەکدا هەڵچووین | ن: بێستون | ٨٧ |
| لەکاڵ بوونەوەی ئەم وەرزەدا | ن: هەژیر نینا | ٨٧ |
| جـانـتـا | ن: ئەنوەر حسێن بازگر | ٨٨ |
| جێت دەڵێم | ن: ئەنوەر حسێن بازگر | ٨٨ |
| کەی تێدەگەن؟ | ن: تاڤگە قەرەداخی | ٨٩ |



**بابەت و بەرهەم ، سەرنج و پێشنیارەکانی خۆتانمان بۆ بنێرن،**
**«پێشەنگ»**

# هونەرمەندیش
# ئەرکی گرینگ و مێژوویی لە ئەستۆیە

ن و ئا: پەیمان

خوێندنەوەی دەستکەوتە هونەریەکانی مرۆڤ، سەرلەنوێ خوێندنەوەی حیماسەیەکی پڕ کێشە و هەرایە، حیماسەی بەدیهێنەرێکی کە بە چەندین هەزارە ڕەمزوڕازکانی لێکدان و تێك هەڵکێشان ئەزموون دەکات تا سەرئەنجام خۆی بنیشێتە بان کورسی ئەفرێنەری. ڕێگایەکی کە ڕەنگە سات بە سات سەر مەنزڵگاکانی کورتتر بوتەوە، بەڵام سەر ڕێژی هەوڵ و تێکۆشان بووە، هەوڵ و تێکۆشانێکی کە لە لایەنگەلێکی بێ ئەژمارەوە بە ئەنجام گەیشتووە. هەندێکجار بە قەبارە و هەندێکجار بە دەنگ، ئاواز، هێڵ، ڕەنگ و هەندێکجاریش لە ڕێگای دار و بەرد و...وە؛ هەوڵ و کۆششێکی کە لەگەڵ بەربەست و لەمپەرگەلێکی زۆردا دەست و پەنجەی نەرم کردووە. بەڵام هەرچەند هەموو جارێك سەرکەوتوانە لە مەیدان نەگەڕاوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لەهەر شکست و ناکامییەك ئەزموونێکی نوێی وەرگرتووە، لەهەر سەرلە بەردانێك زانیباریەکی بەکەڵکی بەدەست هێناوە. ئەو ڕێگا دوور و درێژانەی کە زۆرجار بە زگی بەتاڵ، بە پێی پەتی و شەلاڵی خوێن، و بە لەخۆ بوردووییەکی سەرسوورڕ هێنەر پێوراون. بەڵام دژوارترین ساتەکانی ئەم حەماسەی ڕەنجە، لەمڕۆدا ئیتر پەیوەندییان بە ڕابردووەوە هەیە: مێژووەکەی تا ڕادایەك ڕوون و ئاشکرایە و وڵامیش بە چەند و چۆن و بۆچی و ئەگەر و مەگەرەکان دیار و بەرچاوە. زنجیرەیەکی لێك هەڵپێکراو لە ئاڵقە گەلێکی تاك و لێك جیاوازی هەوڵ و کۆششی پرژ و بڵاو.

ئەمڕۆکە ئیتر هونەر بۆتە خاوەنی یاسای دیاریکراو و دەستکەوتی پڕبایەخ و قۆناغەکانی سەرەتایی ناوەتە پشت سەر، سەردەمەکانی کاربوردی جادوویی و یان، تەنیا ڕازێنەرەوە بوونی تێپەڕاندوە، پێی ناوەتە گۆڕەپانی پڕ بگرە و بەردەی پێك هەڵپرژانی زانیاری لەگەڵ ئەندێشەی خورافی و دواکەوتوانە، ماریفەتگەرایی لەگەڵ کەللە ویشکی و چاو لەدەستی قەزا و قەدەر بوون، عەداڵەت خوازی شەڕافەتمەندانە لەگەڵ دەسەڵات ویستی لۆمپەن مەسەلەکانەوە، بۆتە دەمڕاستێکی لێهاتوو کە زایەڵەی دەنگدانەوەی بانگ و بانگەوازی دنیاداگرە و وتە و وشەکانی سنووری زمان ناناسێ. کەوایە ئیتر دەبێ بتوانێ حزووری خۆی لەم گۆڕەپانی تێکهەڵچوونەدا مانا بکاتەوە، بوێرانە بوونی خۆی بە ئیسپات بگەیەنێ، بە کردەوە داکۆکی لە مافی ژیانی خۆی بکات و لەو سەنگەرە پڕ لە ئاگر و خوێنەدا کە تەنیا تێیدا باس لە مەرگ و ژیان لە ئارادایە و گاڵتە هەڵنەگر، بەر پرسیاریەتیەکی ڕوون و ئاشکرا بگرێتە ئەستۆ.

لەمڕۆدا ئیتر شتێك بەناوی هونەری لۆکاڵ و ناوچەیی ڕووت مانای نییە و تەنانەت ئەو نووسەر و شاعیرانەش کە بە ناچاری گیرۆدەی چواردیواری زمانە ناوچەیی و نەتەوەییەکەیانن و ڕاگەیاندنی پەیامەکەیان پێویستی بە واسیتە هەیە، بە هەر زمانێکیش بنووسن نووسەر و شاعیری سەرتاسەری عالەمن. لەگەڵ ئەمەشدا دەکرێ ئاماژە بە هونەرێکی وەك شێوەکاری بکەین کە هەستکردن بە قسە و ئاماژەکانی، بە بەراورد لەگەڵ باقی هونەرەکانی تر، چەندان نیازمەندی وەرگێڕی چیرەدەست و زمان پاراو نییە و مەجال و مەودای پەیوەندی گرتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵیدا بەرتەسك نییە. شێوەکاری، شێعر و شانۆگەری و باقی چوارچێوە هونەریەکانی تر لەمرۆدا ئیتر تەنیا کەرەسەیەك بۆ کات ڕابواردن و سەرگەرمی نین، منالانی گوێ نەبیستی پۆلی یەکەمی دوێکە، ئێستا بوونەتە مرۆڤێکی کامڵی بە ئەزموون و فامیدە و خاوەن ئەندێشەی وا کە ئەتوانن یارمەتیدەری کۆمەڵگا بن لە پێناو ناسین و دەرکی هەرچی قوڵتری فەرهەنگ و چەمکی ئازادی ئەندێشە و ڕزگار بوون لە کۆت و بەندی خورافات و کۆنەپەرەستی. ئەگەر هونەر دوای ئەو گشتە ئەزموونە لە پێناو شێوەی دەربڕین و گەیاندن، لەمڕۆدا نەتوانێ ئەندێشەیەکی کاریگەر بکاتە ماریفەتێکی گشتگیر و گشتی، حزووری جیا لە بوونی سوراحیەکی بەتاڵ، بەڵام گەلێك پڕ نەخش و نیگاری سەر

سفرەی بێ زەوادی ڕەش و ڕووت و برسیەکان دەتوانێ چیتر بێت؟

ئێمە لە دنیایەکدا دەژین کە لێوڕێژی نەفرەت و دژایەتیە. دنیایـــەك بە کێش قورقوشـــم و بە ڕەنـــگ ڕەش و بە تام تاڵ. بڕوانـــن لە مەودایەکی کورت لەولا ماڵەکەمانەوە، بۆ بەشـــێك لە خەڵکی ئـــەم ڕۆژگارە، ڕزگار بوون لە کۆت و بەندی ترس و وەحشـــەتی زۆرداران بـــە واتای ئازادی خەنجەر لە کەلان کێشـــان و کوشـــتنی کەسانی ترە. هونەر دەبێ و دەوتوانێ سنوورەکانی قین و نەفرەت لە زۆرداران و خۆڕاگری لە بەرابەریاندا و خۆشویستنی هاوچارەنووسانمان بە ڕۆشـــنی بۆ دیاری بکات تا بتوانیـــن ئەویندار فێر بین، تا بتوانین لە زیندانی تەســـك و تەنگەبەری نەفرەت و دەمارگـــرژی ڕزگارمان بێت، تا بتوانیـــن لە داهاتوودا لەسەر وێرانەکانی ئەم مناسباتە نا تەندروست و پێچەوانەیە بناغەی پەیوەندییەکی ئینســـانی و دوور لەهەر چەشنە بە کەم سەیر کردن و سوکایەتیەك دابڕێژین.

خوێندنەوەی کۆمەڵە بەرهەمەکانی هەر دەورە و سەردەمێکی دیاریکراو، بێگومان ناسنامەی کۆمەڵایەتی سەردەمەکەی خۆیەتی. لە ڕێگای بەرهەمی هونەرمەندانی ســـەردەمی ڕۆمـــی باســـتانەوە دەتوانین بزانین پەیوەندی و مناســـباتی کۆیلە و کۆیلەدار، دەسەڵاتدار و ژێردەستە و بە گشتی مناسباتی کۆمەڵایەتی لەو دەورەیەدا بە چ شێوەیەك بووە. دیارە بە بەراورد لەگەڵ ئێســـتا و هەستێکی کە بەشـــی هەرەزۆری جەماوەری دانیشـــتوی ســـەرئەم گـــۆی زەویە بەرانبەر بەو مناسباتە نا مرۆڤانەیەی لەو کاتدا لە ئارادا بووە هەیانە، بۆمان دەردەکەوێ کە ئاســـتی وشـــیاری و دژە زۆرداری و عەداڵەتخـــوازی ئینســـان تا چ پلەیـــەك بەرز بۆتەوە. بـــە هەســـتکردن بەم ڕاستیە حاشـــا هەڵنەگریە کە هونەرمەندانی سەردەمی ئێمەش بە بەهانەی ئەوەی هونەرمەندە و سەرقاڵی خولقاندنی بەرهەمی هونەری، چاوپۆشی لە دیاردە دزێو و دژی ئینســـانیەکانی ســـەردەم ناکات و بەردەوام و بە شـــێوەی جۆراوجۆر بەرجەستەیان دەکاتەوە. ئاوڕدانەوە لە ڕواڵەتی ئازاردیتوی مرۆڤێکی گرمۆڵە بوو لە برسانا و لە سەرمانا و ڕەق و ڕووت، بە مەبەستی نیشاندانی گرفتێکی جیهانی وەك برســـیەتی، وێنا کردنی سەفێکی بێ کۆتایی کۆمەڵێـــك مرۆڤـــی پێ بە زنجیر و کـــۆت لە گەردن، بۆ ئاشـــکرا کردنی کارەساتی بەهرەکێشی ئینسان لە ئینسان و دەرخستنی ئاکامی ڕاستەقینەی شەڕە بەرین و بەردەوامەکان لەســـەر ژیان و هەست و نەســـتی مرۆڤەکان، کە گشتیان ســـەمەرەی نیزامی نا مرۆڤانەی سەرمایەداری سەردەمن لەپێناو بەدەست هێنانی هەرچی زیاتری سەروەت و سامان بۆ ژومارەیەکی کەم ئینســـانی زیادەخـــواز و بەرژەوەندی تەڵەب، لە نموونە بەرچاوەکانیەتی.

* بۆ ئامادە کردنی ئەم بابەتە لە سەرچاوە ئینتێرنێتیەکان کەڵك وەرگیراوە.





# جان لێنۆن، خەونێک کە بەتەنیا نییە

ئا/ ناسر حەقپەرەست

لە تەکسی دا دانیشتووم و شۆفیرێکی لاو کاسێتێکی سیاوەش قومەیشی گرتووە. دەگاتە گۆرانی؛ وا وێناکە... (تصور کن). موسافیرەکان لە نەوەی جیاواز، هەموو وێکرا بێدەنگدەبن و دەچنە فکرەوە. هاورێ لەگەڵ گۆرانی بێژەکەدا تا دواهەمین وشە و نۆتە لە زەینی خۆیاندا جیهانێکی جیاواز وێنا دەکەن. لە چەشنی ئەم دیمەنەم لە چەند دەرفەتێکی تردا بۆ دووپات دەبێتەوە. هێز و هەستێك کە لهم گۆرانییە دا شاراوەیە، زەینم بە شوێن جان لێنۆن ئاواز دانەری داهێنەری ئینگلیسی لە دەیەکانی شەست و حەفتای زاینیدا دەبات. چوونکە ئەو گۆرانییەی قومەیشی دارشتنەوەی ئازادی ناودارترین گۆرانی جان لێنۆــه بەناوی ؛ وا وێناکە(Imagine). پێشوازییەك کە لە لایەن خەڵکەوە بەنیسبەت وتنەوەی ئەم گۆرانییە بەدی دەکەم، دەبێتە هاندەرم بۆ ئەدای دین بە جان لێنۆن، ئەویش

بە ئاوردانەوەیەکی کورت بە ژیان، هوونەر و ئەندێشەی ... بەڵام لەجیهانی دەرەوەدا رووداوگەلێکی گەورە بەرێوەبوون. بزووتنەوە شۆرشگێر و رزگاریخوازانەکان بەشێکی بەرینیان لە وڵاتانی داگیرکراو و تازە داگیرکراو لە ئاسیا،ئەفریقا و ئەمریکای لاتین تەنیبۆوە. ئەمپریالیزمی ئەمریکا چەقیبووە گێژاوی شەری تەجاوزکارانەی لە ویەتنام. شورەوی باسی لە پێویستی سازان لە گەڵ سەرمایەداری رۆژئاوا دەکرد و کرێکاران و زەحمەتکێشانی بۆ سازان بانگهێشت دەکرد. چین پێداگری لە سەر بانگەوازی شۆرشی جیهانی دەگرد. تا ئەو کاتەش کوبا بە پێشینەی خەباتی چریکییەوە بۆ زۆر کەس بە هێمای شۆرش دەهاتە ئەژمار و لە رۆژئاواش خەبەروباسێك لە گۆرێدا بوو. بزووتنەوەیەکی رادیکاڵ بەرەو پێگرتن دەچوو. بزووتنەوەیك، دژ بەهەر شتێك کە هێما و ئاکامی سەرمایەداری بوو. بزووتنەوەیەك، دژ بە



نەزمی سیاسی وەخت و بەهاو سوننەتەکان، دژی تەجاوز و دستێوەردانی ئەمپریالیستی، دژی پارتە رەسمییەکان کە پارتەکانی لاینەگرو هاوبەرەی مسکۆشی دەگرتەوە، دژی هوونەری ئەشرافی و نەزۆك و ئەلکۆلی... خەڵك هەڵخەڵەتێن. ئەو ( ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتییە) ی رۆژئاوا کە بەرهەمی شەری جیهانی دووهەم بوو، کەلەبەری تێدەکەوت. بەشەکانی خوارەوەی چینی کرێکار کە هەنووکەش بیرەوەرییەکانی خەبات و ئارمانجەکانی دوو دەیەی رابردویان لە سەردا بوو، وردە وردە گومانیان لە درووستی سیاسەت و نییەتباشی سەندیکا رەسمیەکان دەکرد. جان لێنۆن و( بیلتێز) لە کام سوچی ئەم جیهانە پر گێرەوکێشەیە وەستابوون؟ ئایا دەیانتووانی لە نێولن ئەم شەپۆلە چارەنووسسازانەدا بەلاوە دانیشن؟ دەیەی ١٩٧٠، سالانی نزیکبوونەوەی جان لێنۆن بە سیاسەتەوە بوو. ئەو هاتبووە سەر ئەو باوەڕەی دەسەلات بێ خەبات دەستەبەر ناکرێت و بە لایەوە توندوتیژی مەنتیقی شۆرش بوو. ئەو راشکاوانە دیوت لە هەل ومەرجێکدا گەورە بووە و گەشەی کردووە کە بە شێوەی سرووشتی پۆلیس بە دوژمنی خۆی دەزانێت و لێی دەترسێت و بێزارە. ئەرتەش بەلایەوە دەسگایەکی بەدناو بوو کە گەنجانی دەگرت، دەیبردن و تەرمەکانیانی لە ئەملاو ئەولا فرێدەدا. لێنۆن لە یەکێك لە دیمانەکانیدا داوای لە خەباتکاران کرد تا لە هەوڵی دەسراگەیشتن بە کرێکاران دا بن. چوونکە کرێکاران دەرفەتی دەسراگەیشتن بە خەباتکارانیان نییە. ئەو تەنانەت بە شێوەیەکی هەڵخرێنەرانە ئەم باسەی هێنایە پێش کە خوێندکاران هەنووکەش بە رادەی پێویست هۆشیار نین کە بزانن کرێکاران وەخەبەر بێنن. سەرەرای ئەمانە، لێنۆن دانی بەوەدانا کە ئاڵتێرناتیوێکی دیاریکراوی نییە و تەنانەت لە بابەت رێکای گەیشتن بە جیهانێکی جیاواز و شیاو ناروونە. سەرەنجام لە مانگی نوامبری ١٩٨٠، کۆتایی دوو دەیەی پر هەورازونشێوی نارەزایەتی و خەباتی شۆرشگێرانە، لەگەڵ کۆتایی تەمەنی جان لێنۆن هاورێکەوت بوو. شەوێ کاتێك لێنۆن لەگەڵ یوکی دا لە شوێنی کارەکەی بەرەو ماڵەوە دەگەرانەوە، لە (سەنترال پارکی )نیۆیۆرك بە تەقاندنی پێنج فیشەك بە قەتڵ گەیێندرا. بکوژەکەی ئیدعای کرد کە هاندەری ئەو بۆ ئەم جینایەتە، قسەکانی جان لێنۆن لە ساڵی ١٩٦٦ لە بابەت عیسا مەسیحەوە بووە.بەڵام بۆ زۆرێك لە خەڵکی هۆشیارو لایەنگرانی لێنۆن، ئەمە بە قەتڵێکی سیاسی هاتە ئەژمار کە دەستی دەسەلات و ناوەندە کۆنەپەرەست و دژە جەماوەرییەکانی لەپشت بوو. قەتڵی لێنۆن هاوکات بوو لەگەڵ یەکەمین رۆژەکانی هەڵبژاردنی رەیگان بە سەرۆك کۆماری ئەمریکا. هەر لەو رۆژانەدا کاتێك لە بابەت ئەم جینایەتەوە پرسیاریان لە رەیگان کرد، ورتەیەکی ناروونی کرد، دەستی بە هێمای رووداوێکی باوەر پێنەکراو جوڵاند و لە ئاکامدا زەردە خەنەیەك بەسەر لێوەکانییەوە نیشت. زەردە خەنەیەك کە دەربری رەزایەت خاتری دەسەڵاتداران و تاریکبیران بوو...

جان لێنۆن، هەنووکەش لەپاش چەند دەیە لە مەرگی، وەك یەکێك لە باشترینەکانی موسیقای سەدەی بیستەم لە دڵی خەڵکدا ماوەتەوە. لە راپرسییەکی bbc دا لە ساڵی ٢٠٠٢ لە نێوان خەڵکی ئینگلیس، پلەی هەشتەمی دەستەبەرکرد.

# وا وێناکە



وا وێناکە بەهەشتێك لەگۆڕێدا نییە
سانایە گەر هەوڵدەی
دۆزەخێکیش لە ژێر پێماندا نییە
تەنیا ئاسمان بەسەر سەرمانەوەیەو بەس
وا وێناکە هەموو مرۆڤەکان
بۆ ئەمرۆکە دەژین
وا وێناکە هیچ وڵاتێك نییە
وێناکردنی دژوار نییە
وە هیچ بیانوویەك بۆ کوشتن یا مردن لە پێناویدا نییە
هەروەك ئایینێك نەبێت
وا وێناکە مرۆڤایەتی تەژی لە ئاشتییە
رەنگە بڵێی خەیاڵ هەڵیگرتووم
بەڵام تەنیا نیم
بە هیوای ئەو رۆژەم تۆش پێمانەوە پەیوەست بی و
یەکێك بێ جیهان
وا وێناکە سەروەت و سامانێك لە گۆڕێدا نەبێ
کە وێناکردنیشی دژوارە
تەماع و برسیەتی بێ هۆ بێ،
برایەتی مرۆڤایەتی بێ.
وا وێناکە هیچ مرۆڤێکی سەرزەوی بێبەش نەبێت
رەنگە بڵێی خەیاڵ هەڵیگرتووم
بەڵام تەنیا نیم
بە هیوای ئەو رۆژەم
تۆش پێمانەوە پەیوەست بی و
یەکێك بێ جیهان.

- سەرچاوە/ژ_٤٣ گۆڤاری بەزر



# پیاوێک لە تاریکی

**ن: دیدار مەسیفی**

پیاوێک لە تاریکی دوا ڕۆمانی نووسەر و فلیمسازی ئەمریکایی و پۆست مۆدێرنیزم پۆڵ ئەوستره. ئەوستر لەو ڕۆمانە و ئەوانی دیکەشی بە شێوازە چڕ و قووڵ و جوانەکەی خوێنەران سەرسام دەکات و دەیانبات بۆ نێو گەشتێکی هەردەم لە یاد نەچوو، بۆ نێو مەودایەک کە تێیدا ڕووداو و پێشهاتەکان بە پێچەوانەی باو گوزەردەکەن و دەخوێنرێنەوە. ئەوەش دەرئەنجامی تەکنیک و جۆرە شێوازێکی نووسینە کە نووسەری پیاوێک لە تاریکی ساڵانێکی درێژە پێی دەناسرێتەوە. ئەوستر کۆڵەکەی نووسینەکانی لە سەر هزر و فەلسەفەیەکی قووڵ دارشتووە، بۆیە ڕۆمانەکانی تا بڵێیت دانسقە و جوانن و خوێنەر بە تاسەوە بە دوایاندا دەگەڕێت.

لە سەرەتای ڕۆمانی پیاوێک لە تاریکی ئۆگست بریل لە سەر جێگای خەوتن لە تاریکایی دا خەیاڵ دەکات. ئەو پیاوێکی حەفتا و دوو ساڵانە و ڕەخنەگرێکی بە ناو و دەنگە، بەڵام ماوەیەکە دوای کارەساتی ئۆتۆمبیل پەکی کەوتووە و بە ئاسانی ناتوانێت جووڵە بکات. بریل بەرلەوەی لە جیاتی ئەوستر ببێتە حیکایەتوان و نووسەری پیاوێک لە تاریکی، دونیای خۆی دەناسێنێت و بەردەوامیش لە نێوان فاسیلەی چیرۆک و حیکایەتەکان دا خوێنەر دەباتەوە نێو دیمەن و وردەکارییەکانی ئەو دونیایە.

بەوەش خوێنەر هەستدەکات کە کارەکتەرەکان زۆربەیان نووسەر و خولقێنەری جۆرە ڕووداوێکن کە ڕامان و خوێندنەوەی قووڵ و بەربڵاوی لێوە بەرهەم دێت.



بریل لە ماڵی مەریەمی کچی دەژیت کە ئەویش کەسێکی نووسەر و ئەکادیمییە، بەڵام وەک باوکی و کاتیای کچی شەوان کەس لە پاڵ خۆی نابینێت و تەنیا دەخەوێت. لە ریز بەندی کردنی تەنیایی باوک و کچ و نەوە، ئەوستر هۆکارەکان بۆ زەمەنێکی تاریک لە مێژووی ئەمریکا دەگەڕێنێتەوە. ئەو خۆی بە ئاشکرا باسی ئەوە ناکات، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕۆمانەکانی بە دوای گەڕان و وروژاندنی پرسی گەورەن، هەر خوێنەرە و لە کونجێکەوە دەتوانێت مانا شاراوەکانی دەقەکان شی بکاتەوە و




چێژییان لێ وەردەگرێت. تەنیایی بریل بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژنەکەی لە پیری دا بە نەخۆشی دەمرێت، هی مەریەم بۆ جیابوونەوە لە شووەکەی وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی باو و سەردەم، کەچی هی کاتیا تراژیدیتر خۆی نیشان دەدات کاتێک شووەکەی دەبێتە قوربانی شەڕی ئەمریکا لە عیراق.

توتەس سمۆڵ شووی کوژراوی کاتیا لە لایەن باوک و دایکیەوە دوای کوڕە خەمناک و سەرنەکەوتوەکەی رامبرانتی نیگارکێش ناونراوە. توتەس لە لایەن ماڵەوەی کەمێک نابووت و بێکەڵک دەردەکەوێت، بەڵام ئۆگست بریل خۆشی دەوێت و زرنگییەکی بێوێنە لە کەسییەتی ئەو دەبینێتەوە. لە دوارۆژەکانی پیکەوەبوونی لەگەڵ کاتیا، بریل زۆر هەوڵ دەدات زاواکەی پەژیوان بکاتەوە تا نەچێتە عیراق و وەک شۆفێر کاربکات. بەڵام بریل لەو کارە سەرکەوتوو نابێت، چونکە بێزاری توتەس لە بێکاری و ژیانی قورسی ئەمریکا گەیشتبووە لوتکە.

ئەوستر لە وێناکردنی توتەس و تراژیدیای کوشتنی هەمان دیمەن زیندوو دەکاتەوە کە کەسە ئەمریکاییەکە جلێکی نارنجی لەبەردابوو و سەر بڕینەکەی لە شاشەکانی تەلەفزیۆن نیشانی دونیا درا. ئەو دیمەنە هەرچەندە چەق و خاڵێکی گرنگی رۆمانەکە نییە بەڵام لەبەر زیندوویی و بوونی نموونەی هاوشێوە لێی لە راستی و دنیای واقع دا. زۆر جار هەرەس بە بریل دەهێنێت لە کاری گێڕانەوە و خولقاندنی دونیایەک کە زۆر جیاواز بێت لەوەی کە هەیە.

بریل خۆی لە تاریکی یە و پاڵەوانی رۆمانەکەشی دەخاتە تاریکی. پۆڵ ئەوستر لە خولقاندنی ئۆگست بریل و کردنی بە نووسەری رۆمانێک، وەها نیشانی خوێنەر دەدات کە شتێک نییە لە نووسینی رۆمان ساناتر. بەڵام کە هەمان خوێنەر لە یەک بە یەکی حیکایەتەکان قووڵ دەبێتەوە، لە بەرامبەر تێکەڵەیەک لە دەیان سومبول و وێنەی خەیاڵی و دیمەنی ئاڵۆز دەوەستێت، ئینجا دەزانێت کە دەقی ئەوستر سەرباری کەم وشەیی بریتی یە لە قووڵبوونەوە و رەگ داکوتان بە نێو هزر و بیرکردنەوە و دونیابینی دا.

رۆمانی پیاوێک لە تاریکی لە خاڵێکەوە دەست پێدەکات کە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٠ لە ئەمریکا ئەنجامێکی دیکەیان لێکەوتۆتەوە. ڕکەبەری نێوان ئە و کە سانە ی هەردوو پارتەکەی ئەمریکا بەڕێوەدەبەن گەیشتۆتە لوتکە و ئاگری شەڕی ناوخۆ لە گشت لاوە هەڵگیرساوە. بەوەش نووسەر یان ئۆگست بریل لە تاریکی دا خەریکی دروستکردنی دونیایەک دەبێت کە بە ئاراستە و رەهەندێکی دیکە دا گوزەری کردووە و دەکات.

بریل وەک ئەوستەر حیکاتەکانی بە شێوەیەکی کلاسیک یان ڤیکتۆریایی ناگێڕێتەوە واتە گێڕانەوە بەسەر هێڵێکی راست دا گوزەر ناکات کە خاڵی بێت لە هەر فلاش باک و پاش و پێشێک.

ئۆگست بریل پاڵەوانەکەی ناو دەنێت ئۆون بریل.

سەرەتا ئۆون بریک لە قوڵتێکی بازنەیی سێ چوار مەتر قووڵ بە ئاگادێت و تەنها ئاسمانێکی بێ ڕەنگی لێ دیارە . ئەو نازانێت بۆچی لەو شوێنەیە، چ زەمەنێکە، ناو و کار و باری چییە؟ کە هەڵدەستێتە سەر پێ سەیری دیوارە رەق و بێ گرێکانی قوڵتەکە دەکات، دەزانێت کە بێ یارمەتی کەسێك مەحاڵە تا سەر لە و شوێنە رزگاری بێت. سەیری جل وبەرگە سەربازییەکەی دەکات کە بە پلەی عەریفە و ناوەکەشی لە سەر دڵی بە ئۆون بریک نوسراوە.

ئۆون بریک هەتا دواتر نەچێتە دەرەوەی ئەو قوڵتە و گوزەر بۆ شـــارێک بە ناوی وڵنگتن نەکات، هیچ زانیارییەکی نییـــە کە ئەمریکا بووە بە دوو بەش و خەریکە زیاتریش لە ت بێت. ئەمریکای ســـەربەخۆ سەرۆک وەزیرانی هەیە و ئەمریکای فیدرال خاوەن سەرۆکێکە بەناوی جۆرج بوش.

ئۆون لە قوڵتەکەدا دەنگی تەق و تۆقی گوێ لێدەبێت کە بە ئاســـتەم لە دوورەوە دێت. پاشـــان دەنگی ئۆتۆمبێلێک دێـــت کە نزیک بـــە قوڵتەکـــەی ئەوی تـــێ ئاخنراوە دەوســـتێت. کەســـێک نزیک دەبێتەوە بە عەریف بریک بانگی دەکات و لە قوڵتەکە دەریدەهێنێت. پێدەچێت بریک جاســـووس و پیاو کوژێکی دووسەرە بێت بۆیە ئەو پیاوەی کە بـــە ئۆتۆمبێلە جیبەکەوە هاتبووە هانای زوو فەرمانی کوشـــتنێکی پێدەدات کە لە ئاست و پلەیەکی بڵند دایە. پیاوەکە خۆی بە ســـێرگی تۆباک یان ســـێرگی سێرگی دەناســـێنیت و چەک و پارە و تفاقـــی پێدەدات و پێیدەڵێت کە بۆ شارێکی نزیک شوێنی قوڵتەکە بە ڕێ بکەوێت. لێرەدا ئۆون پرسیار دەکات و وادەزانێت لە عیراقە. سێرگی جوێن بە عیراق دەدات و بـــە تووڕەیی دەڵێت کە ئەمریکا لە شـــەڕ دایە لەگەڵ خۆی. بۆیە دەبێت بچێت لەو شـــارە هەندێک کەس ببینێت تا پلانی کوشتنی ئەو کەسەی بۆ دادەرێژن کە هۆکاری شەڕەکەیە.

بەرلەوەی ئۆون بە پێ بەرەو شـــارەکە ڕێبکەوێت، هەست دەکات لە سەر جێگا لە پاڵ فلۆرای هاوسەرییەتی و ئەوەی دەبینێت سەبارەت بە کوشتن و قوڵتەکە بریتی یە لە خەون. بەڵام ئۆگســـت بریل لە تاریکای دا جڵەوی ژیانی ئۆونی بە دەستە و زوو دەیگێڕێتەوە نێو رووداوەکانی شەڕ . لێرەدا دەڵێت ململانێ و شـــەڕێکی دیکە هەیە لە نێوان هەریەک لە نووســـەر و پاڵەوانەکانی دیکەی رۆمانی پیاوێک لە تاریکی.

ئۆگســـت بریل پاڵەوانی ژمارە یەک لەبەر ئەوەی پێشتر ڕەخنەگرێکی دیار و بە ســـەلیقە بووە، لە هەموویان پتر لە خەمی خولقاندن و وێناکردنی دونیایەکە کە گورزێک لە شتە باوەکان بدات و خوێنەر بەرەو ئاقارێکی دیکە هەرەتە بکات.

ئێســـتا ئۆون بریک لە ســـەر جادەیەکە کە بۆنی شەڕ لـــە خاک و خۆڵەکـــەی دێت. پیاوێک بە پایســـکل بە تەنیشـــتی دا رەت دەبێت و هیچی ســـەبارەت بەو شـــەڕە پێناڵێت. بریک لە ســـەرەتای چوونە نێو شارەکە دا ماڵی سووتاو، خانووی رووخاو، سەگی تۆپیوی سەر شۆستەکان، ئۆتۆمبێلـــی تەقێنراو و دەیان دیمەنـــی دیکە بەر چاوانی دەگرن و بارەکەی پتر لێ ئاڵۆز دەکەن. لە ژنێک دەپرسێت هۆکاری ئـــەو هەموو وێرانکارییـــە چییە، کەچی هیچ وەڵامێک وەرناگرێت.

شـــارەکەی ناوی وڵنگتنە، لە ناوەوە کاول و شـــێواو تر دیارە؛ تەرمی خەڵکی سیڤیل لە جادەکان کەوتوون، برسی و بریندار دەناڵێنن، باڵەخانەکان کەوتوون، تاقە ئۆتۆمبێلێک بە ســـەر جادەکانەوە نەماون، خەڵکە ساغەکە پیادە یان بە بایســـکل ڕەو دەکەن، هەروەها دەیان دیمەنی دیکە کە لەو شـــەڕانە وەرگیراون کە ئەمریکا لە دەرەوەی خاکی خۆی ئەنجامی داون.

ئۆون بریک برســـییەتی و بەرەو رێســـتورانتێکی کراوە دەچێت. کیژێکی بیســـت و پێنج ســـاڵان دوای تاویکی درێژ لە چاوەڕوانی پێشوازی لێدەکات و ناوی ئەو شتانەی پێدەڵێت کە بەو بەیانییە زووە هەیانە. ئۆون بریک کەسێکی بێ یادەوەری و تاســـاو و نیگەرانە، بە پێچەوانەوەی مۆڵی والد، کیژەکەی رێستورانت، کە سەرباری شەڕ و گێژاوی نێو شاری وڵنگتن ئارامی پێوە دیارە و لە بارەکە راهاتووە. ئۆون برێک دوای ئەوەی چوار هێلکە و قاوەیەک لە بڕی پارەیەکـــی زۆر دەخـــوات، زاری دەکرێتەوە و لە هۆکاری ئەوە هەموو وێرانییە دەپرسێت . مۆڵی والد پاش ئەوەی بە ئۆون دەڵێت کە خیراییەکەی لە خواردن لە هی ســـەگێک کە لە ســـەردەمی منداڵی هەیانبووە، وەها بەردەوام دەبێت « دەبەنگ ئێمە لە شـــەڕ داین. نیویۆرک سەرەتا دەستی پێکـــردووە « دواتر دەڵێت کەوا دوێنێ شـــەو فیدراڵەکان هێرشیان هێنا سەر شارەکە و دوای شەڕ و تەقەیەکی زۆر شکان و پاشەکشەیان کرد. ئۆون بریک بە شەرم و ترسێکی زۆرەوە داوا لە مۆڵی والد دەکات کە کات و بەرواری ئەو زەمەنـــەی پێبڵێت کە ئەوانی تێدایە. بەوە مۆڵی کەمێک لا لووت دەبێت و وا دەزانێت ئۆون بە ئەنقەســـت خۆی گێل کردووە.

بەروار ١٩ ی ئەپریلی ساڵی ٢٠٠٧ ە.

ئەمجارە پرسیارەکانی ئۆون بۆ مۆڵی سەبارەت بە یازدەی سپتێمبەر و شەڕی ئەفغانستان و عیراق بریتین لە وڕێنە و زیندە خەونی شێتان.

ئۆون بریک لەسەر قسەی مۆڵی والد بەرەو هۆتێلێک دەچێت بە ناوی ئێکستر کە شەش نهۆمە. لە ژوورەکەدا دەیەوێت خەوێکی قووڵی لێبکەوێت بەرلەوەی لەو ژیانە بگات کە تێیکەوتووە. بەڵام ژنێکی پرچ رەش و چاو شین بە ناوی ڤیرجینیا بلاین لە دەرگا دەدات و دەیخاتەوە نێو ئاڵۆزی شەڕ و کوشتن. ڤیرجینیا سەرەتا وەک کەسێکی ئاشنا رەفتار دەکات و باسی مەکتەب و سەردەمی منداڵی لەگەڵ ئۆون دەکات، باسی ئەوینی لە مێژینەی بۆ ئەو. دوایی ناوی سیرگی و کەسێک دەهێنێت بە ناوی لو فلاسک کە پێویستە شەو بچن پێکەوە بیبینن، بۆیە پێیدەڵێت کە تا سەعات پێنج و نیو دەتوانێت بخەوێت ویشوو بدات. ئۆون بۆ رزگار بوون لە تەنگژەییەی تێیکەوتووە بیر لە هەڵاتن دەکاتەوە، بەڵام نازانێت چ ڕێگایەک بگرێتە بەر، ئایا بگەڕێتەوە لای مۆڵی یان بە جادەکان دا بە دوای شوێن و هوتێلێکی دیکە دا بگەڕێت.

بە دەرگای پشتەوەی هۆتێلەکە دا رادەکات و لە کۆڵانەکەدا چوار چەکدار دەبینێت و ترسێک دەچێتە دڵی، بە ناچاری بەرەو ریستورانەکە دەگەڕێتەوە. مۆڵی بە پارەیەکی زۆر ئامادە دەبێت لە ئەپارتمانەکەی بیشارێتەوە، بەڵام پێیدەڵێت کە یەک ژووری هەیە و دۆستە کوڕەکەی کەسێکی زۆر توڕە و تووشە. بریک لەو گێژاوە ناچارە بە هەموو شتێکی مۆڵی رازی بێت.

ئۆگست بریل لە تاریکایی دا میزی دێت و واز لە ئۆون بریک دەهێنێت.

مەریەم شەوان بوتڵێکی بەتاڵی پیپسی یان شەربەت لە پاڵ جێگاکەی باوکی دادەنێت تا هەر کاتێک بۆ میزکردن هەراسان بوو دەست ببات بۆ بوتڵە بەتاڵەکە. ئۆگست لە تاریکی دا باس لە دەرد و ئازاری ئەو میزکردنەی دەکات، هەروەها باس لە دەردەکانی پیری بە گشتی. دواتر سۆنیای هاوسەری بیر دەکەیتەوە و رۆژگارەکانی ئەوین زۆر زیندوو دەگێڕێتەوە. ئۆگست بریل لە تاریکای دا کەسێکی خەیاڵ پرە بەڵام دەتوانێت لە ژیانی راستیشیدا دەیان چیرۆک و بەسەرهات بگێڕێتەوە و بیانکات بە رۆمان. تاوێکی درێژ باس لە مەریەمی کچی دەکات کە چۆن ساڵانێکی درێژە خەریکی نوسینی کتێبێکە، ئەو هێشتا بواری نەبووە بە رەشنووسەکەیدا بچێتەوە. کتێبەکەی مەریەم لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی و رەخنەیی یە سەبارەت بە ژیان و کارەکانی رۆز، کچی گەورە نوسەر و بیرمەندی ئەمریکایی ناتانێل هاوتۆرن.

ئۆگست دواتر باس لە گرفت و کێشەکانی نێوان مەریەم و ڕێچاردی هاوسەری دەکات کە بەر لە پێنج ساڵ بە جیابوونەوە کۆتایی هات.

لە نێوان ئەو گێڕانەوە فرە و دەوڵەمەندانەی ئۆگست بریل، سەیرکردنی فلیمە جیهانییەکان بەشێکی زۆر لە رۆمانی پیاوێک لە تاریکی دا پڕکردۆتەوە. زۆربەی شەوان کاتیا بێزاری دەیگرێت ئەوەندەی بیر لە هاوسەرە کوژراوەکەی بکاتەوە، ناچار دێت لە پاڵ باپیری دا پاڵ دەکەوێت تا پێکەوە فلیم لە دوای فلیم سەیر بکەن. دواتر بە درێژی قسە لە سەر ناوەڕۆکی فلیمەکان دەکەن و خاڵە بە هێز و لاوازەکانیان دەخەنە روو.



شەوانی دواتر ئۆگست چیرۆکەکەی بیر دەکەوێتەوە، کاتێک ئۆون بریک لە ماڵی مۆڵی والد خەوتووە و خەون بە فلۆراوە دەبینێت کە خەریکە گشت ددانەکانی بکێشێت. تاوێک درەنگتر دیوک دۆستی مۆڵی دەگەڕێتەوە ماڵ و بریل لە و ئارامییە وەدەردەنێت. دیوک کەسێکی توڕە و تووشە، بە پێ دەکەوێتە سەر بریل پێیدەڵێت کەوا یەکسەر ماڵەکە بە جێبهێڵیت. پاش شەڕە قسەیەکی زۆر دیوک ئەمجارە جانتای پارە و چەک و تفاقەکە لە بریل دەستێنێت و بە مست کەپۆی پڕ دەکات لە خوێن.

ڤیرجینا بلاین بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو لە دەرگا دەدات و دێتە ژوورەوە، بەوە ئۆون بریک تاساو و شاگەشکە دەبێت. ڤیرجینیا لۆمەی دەکات لەبەر خیانەت و بەجێهێشتنی هۆتێلەکە و پێیدەڵێت کەوا مۆڵی و دیوک بۆ ئەوان ئیش دەکەن. ڤیرجینا ئۆون دەباتە ماڵی خۆی کە خانوویە کی گەورەیە لە دەرەوەی شار تا خۆی بشوات و ئامادە بێت بۆ

بینینی لو فلاسک.

لۆ فلاسک دێتە ماڵەکەو و ڤێرجینیا بە نیازی ئەنجام دانی کارێکی گرنگ روخسەت لە هەردووکیان دەخوازێت و دەڕوات.

فلاسک دانیشتنەکەی لەگەڵ بریک بە وتەیەکی فەیلسوفی ئیتالیایی سەدەی شازدەهەم جیوردانۆ برونۆ دەست پێدەکات کە دەڵێت « خودا رەهایە، هەروەها ئەگەر تواناکانیشی رەهابن، ئەوە ئاماژەیە بۆ بوونی ژمارەیەکی رەها لە دونیایی جیاواز و تێکئاڵاو» دواتر فلاسک دەچێتە سەر کرۆکی باسەکەی و بە ئۆون دەڵێت کە دەبێت پیاوێک بە ناوی ئوگست بریل بکوژێت. پێیدەڵێت کە ئەو پیاوە خاوەن دەسەڵاتێکی فرەیە و هۆکاری دروست بوونی ئەو شەڕ و بەدبەختییەی ئەوانە. ناونیشانی وێبلاگی ئۆگست بریل دەدات بە ئۆون تا بتوانێت وێنە و ئەدرەس و زانیاری تەواوی لەسەر ئەو رەخنەگرە دیارە دەست بکەوێت.

لێرە دوای ئەوەی ئۆگست ژیانی بە دەست کارەکتەرەکانی رۆمانەکەی دەکەوێتە خەتەرەوە، بە یەکجاری واز لە گێڕانەوەی ژیانی ئۆون بریل دەهێنێت و دووبارە دەیباتەوە سەر جیگای خەون بینین لە پاڵ فلۆرا . خۆشی بە یادەوەرییەکانی ژیان خەریک دەکات. ئەمجارە بە درێژی باس لە ژیانی بێتی خوشکی و جێلی هاوسەری دەکات. جێڵ لە خیزانێکی زۆر هەژار دەبێت و باوکی زوو دەمرێت. ئەو تاقە کوڕی دایکی دەبێت، بەڵام دوای شووکردنەوەی دایکی زڕباوکی رێگا نادات جێڵ لەگەڵ ئەوان دا بمێنێتەوە. بەوە لە تەمەنێکی زۆر بچووک دا دەربەدەری جادە و کۆڵانەکان دەبێت. دواتر دەتوانێت یاسا تەواو بکات و ببێتە ئەوقاتێکی دیار لە پارێزگاری کردن لە مافی کرێکارە ڕەشەکان . لێرەدا ئۆگست بریل بە درێژی باس لە زیندانەکانی ساڵانی چل و پەنجا و شەستەکانی ئەمریکا دەکات. جێڵ چەند جار دەبێت بە ئەندامی کۆنگریس وفرسەتی دەبێت سەرۆکەکانی ئەمریکا ببینێت.

جێڵ دوای ئەوەی لە بێتی خوشکی ئۆگست جیادەبێتەوە، لە تەمەنی گەنجی دا کت و پڕ دەمرێت. بەڵام لەبەرئەوەی بە درێژایی ژیانی بە وەستهێنانی مافی کرێکار و هەژاران مژوول ببوو، نەیتوانیبوو پارەیەکی وەها کۆبکاتەوە تا لە گۆرستانێکی شیاو بنێژرێت و شارەوانی فرێی نەداتە دەرەوەی شار. لە لایەکی دیکەوە دایکی جێڵ بۆ جاری سێیەم شوو بە پیاوێکی پیر و زۆر دەوڵەمەند دەکات کە بنەماڵەکەیان گۆرستانی تایبەت بە خۆیان هەیە.

کاتێک لە نەخۆشخانەیەک هەواڵی مەرگی جێڵ بە بێتی دەدەن، دەکەوێتە بارێکی قووڵ لە خەم و نیگەرانی. لێرەدا بێتی بە ناچاری تەلەفۆن بۆ دایکی جێڵ دەکات تا داوا لە شووەکەی بکات بەڵکو بهێڵێت زڕ کوڕەکەی لە گۆرستانی ئەوان بنێژرێت. دوای ئەوەی پیاوە دەوڵەمەندەکە سەری بەڵێ دەلەقێنێت و بێتی رۆژگارێکی درێژ سەردانی گۆڕی جێڵ دەکات و گوڵی بۆ دەبات. بەڵام ئەوە زور درێژە ناکێشێت چونکە پیاوە دەوڵەمەندەکە دەمرێت و شەری میرات لە نێوان دایکی جێڵ و کوڕەکانی پیاوەکە دەست پێدەکات. ئەوان بە دەرهێنانی گۆڕی جێڵ و فرێدانی لە گۆرستانەکەیان لە بەرامبەردا گەلێک پارە و مولک دەخەنە بەردەمی دایکی جێڵ، بە نیازی ئەوەی کە بەشە زۆرەکەی مولک ومالی باوکیان بۆ خۆیان هەڵدەگرنەوە. دوا ئەنجام دایکی جێڵ بۆ پارە لە گۆڕی کوڕەکەی خۆش دەبێت، ئەوەش بۆ بێتی دەبێتە هۆکاری کوڵێک لە خەم و ئازارو دواتریش مردنی .

ئۆگست سەبارەت بە خوشکی دەڵێت « بێتی بە دڵێکی شکاوەوە مرد، هەندێک کەس پێدەکەنن کە نزیک بەو ئاقارە دەبن. بەڵام ئەوانە هێشتا دونیا ناناسن. نازانن چۆن رۆژانە خەڵک بە دڵی شکاوەوە دەمرن و هەتا سەریش ئەو بارە وەها بەردەوام دەبێت «

پۆل ئەوستر لە خولقاندنی رووداو و کارەکتەر و وێنە راستییەکانی ژیانی خەڵک لە ئەمریکا بە دوای یۆتۆبیا و ئەلتەرناتیڤێکی جوانتر دا دەگەڕێت لەوەی کە هەیە. ئەو لە هەوڵی ئەوە دایە بە رستە و پەرەگرافە قووڵ و خەمناکەکانی ئاگاهییەک لە ناخی خوێنەر دا بچێنێت. رۆمانی پیاوێکی لە تاریکی جیا لە ناو و ناواخنە تاڵ و خەمناکەکەی لە گورزێکی جوانی رۆناهی دەچێت، لە دەقێک کە بە ئاسانی شوێنەوارەکەی لە زەینی خوێنەر نەسڕێتەوە.

تێبینی : من پێشتر لە ئیمەیلێکم دا بۆ یوسف عیزەدین دوایی ئەوەی دوو رۆمانی خۆی بۆ ناردبووم، نوسیبووم « دەڵێیت کوردیش پۆڵ ئەوستەرێکی هەیە! «



# ناهۆشیاری لە بەرانبەر کێشەکانی ژناندا

ن: دیمەن محمەد بەرزنجی



هەمووان بێ جیاوازی، کە ڕامان لەسەر مافی ژن دەدەین، لایەنگیری ئەو پرسەین و بە زارەکی بە موو لێی لانادەین، بەڵام هەر کە دەچینە سەر پراکتیك، زەوی تا ئاسمان نێوانە. با لە ژنانی خۆمانەوە دەست پێ بکەین، کار لە مێردەکانیان ناکەن لە ماڵەوە یارمەتیان بدەن و کار ئاسانمیان بۆ بکەن. گەلێك لە ژنان هەن پیاوەکەی قاپێك بشوات یاخود دەست بداتە گسك کارێك ئەنجام بدات، یان منداڵەکەی بلاوێنێتەوە و ژیری بکاتەوە و لە ئامێزی بگرێت، هەر بۆخۆیان گاڵتەی پێ دەکەن و بە شووریی دەزانن، زۆریشیان لاناخۆشە ئەگەر ژنێکی دی ئەوە ببینێت، دەترسن نەکوو پیاوەکەی بە سەرژنانی دابنێن، لە کاتێکدا ئەم کارانە لە ماڵەوە زۆر ئاسایین و لەسەر هەموو ئەندامانی خێزانە پەیڕەوی بکەن. هەڵبەتە هەر پیاوێکیش ئەو هەڵوێستە ناشارستانییە لە ژنان ببینێت، ئەوا جارێکی دی بە قەولی خۆیان (هەڵەی) وا ناکەنەوە. ئەمەش هیچ نەبێت نیشانەی ناهۆشیاری ژن خۆیەتی و ئاشنا نەبوونیەتی بە مافە ڕەواکانی ژنان.

ڕۆڵی یەکێتی ژنان و ئافرەتان و ڕێکخراوەکانی سەر بە ژنانە بە پلەی یەکەم ئێمەی ژنان ئینجاش کۆمەڵگە لەو ناهۆشیارییە و لەو شەرم و بەکەم زانین و چەسپاندنە ڕزگارمان بکەن و شەرم لە گیانی هەمواندا بکوژن، کە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی هەمیشە بە دەستیەوە دەناڵێنێت و ئاستەنگێکی گەورەیە لەبەردەمیدا. ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیشەوە، زۆرێك لە پیاوان لە بەرانبەر پرسی ژناندا لە دەرەوە ڕۆشنبیری عەیار (٢١)ن و لە ماڵیشەوە لە بەرانبەر ژنەکەیدا ڕەفتاری سەدەکانی ناوەڕاست پیادە دەکات و تا ئێستا ژن لای ئەو کۆیلەی ماڵە و شوێن و پێگەی ژن ئاشخانەی ماڵە و بە هیچ شێوەیەك دان بە مافەکەی ژندا نانێ و ڕکابەرێتیشیان دەکات، نەك هەر ئەمە تەنانەت بە ڕووی ئەوانەشدا دەوەستێتەوە، کە بەرگری لە ژن و مافەکانیان دەکەن. داننان بە مافی ڕەوا و لە مێژینەی ژناندا، هۆشیاری و ڕەوشت و ئازاد کردنی خودە. چوونکە لە خێزاندا هەرگیز ئەو پیاوە ئازاد نییە گەر لە ئاوەزیدا زیندانێکی خەیاڵی لەبۆ ژنەکەی دروست کردبێت، کۆمەڵگا تەنیا بە پیاو یاخود بە ژن ڕزگار نابێت، دەبێت هەردوولا بۆ ئازاد کردنی یەکدی دەست لەناو دەست بنێن و پشت لەو بۆچوونە کۆن و ڕۆژگار بەسەر چووانە بکەن، کە بە درێژایی مێژوو لە بەرانبەر ژناندا دروست بوونە. دەبێت ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەم بوارەدا کاراتر و چالاکانەتر بێ و کار بۆ وشیار کردنەوەی هەردوولا بکەن، چوونکە هەر ناتەواویەك لەلایەکیان ناتەواوی و کەلێنە لە هزر و کرداری لایەکەی دی و بە شێوەیەکی نەگەتیفانە (سلبی) کاردانەوەی لەسەر ئەوی دی دەبێت و بە لارێیدا دەبات و پەکی دەخات. بازانستیانەتر لە کێشە و ئاریشەکانمان بڕوانین و دوور لەو شێوازە میکانیکییەی بۆ ئێمەیان ڕەوادیوە، پێویستە لەسەر هەردوولا بەدیدی نوێ خوێندنەوەی تازەی بۆ بکەین و ئەو تەمی لێکنەگەیشتنە بڕەوێنینەوە و شێلگیرانەتر کاری بۆ بکەین.



# چۆن دەنووسی

## ن: عەزیز نەسین

زۆرجار خوێنەرانی بەئەمەکم پرسیویانە. چۆن دەنوسم؛ ئەوەی ڕاستی بێت نەمتوانیوە وەڵامێکی بەجێیان بدەمەوە. چونکا هەرنازانم چییان لەمن دەوێ و ئەمن دەبێ پەردە لەسەر چ شتێکی شارەوە هەڵدەمەوە....تێناگەم دەیانەوێ سەر لەچی دەربێنن و ئەمە دەتوانێ چ قازانجێکی بۆ وان تێدابێ؛ تازە ئەویش لەحاڵێکدا کەهیچ ڕەمزو ڕازێك لەکارمدا شك نابەم. ڕەنگە مەبەستیان ئەوەبێ. کەی وچۆن چۆنی دەست بەنوسین دەکەم؟ تۆ بڵێی چاوەڕوانی ئەوەبێ قسەی سەیرو سەمەرم لێ ببیسن؟ نا. لەخۆڕا شوێن کڵاوی لار مەکەون. هیچ شتێکی سەیرو سەرسوڕهێنەرو ناسروشتی لەکارمدا نیە. ئەمن وەك ئەو نوسەرە ناسراو وسەربەدەرەوانە نیم کەحەز دەکەن بەکەشم ونەشمی جۆراوجۆر هەستی بەدوادا گەڕانی خوێنەرەکانیان بجولێننەوە... یەکێك لەوانە لەبیرەوەریەکانیدا نووسیویەتی: ((کاتی نوسین دەرگاو پەنجەرەکان بەجوانی گاڵەدەدەم. کەللەسەری مردوویەك لەسەر مێزەکەم دادەنێم بێ دەنگییەکی بەسام ومەرگهێنەر باڵ بەسەر ژوورەکەمدا دەکێشێ))نوسەرێکی دیکە خووی پێگرتوە بەرلەنوسین گوێ بداتە سێ ئاهەنگ لەکارەکانی باخ... بیتهۆوین و ویرامس یاخود دەبێ گەرمای هۆدەکەی شانزدە پلەی مۆك بێت. هەربەم بۆنەوە لەهاوینادا ناتوانێ باسێکی جیدی بنوسی. کەسێکی دیکە دەناسم کەقاپێك ویسکی تۆخ و دەورییەك نۆکەشاری لەبەر دەمی خۆیدا دادەنێ. تاهەر کات بگاتە جێگایەکی ناسك وهەست بزوێن کەمێك ویسکی پێدا بکات و بەمجۆرە گەڕەکیە هزروبیری بەلای دیکەدا نەچێ؛ لەهەمو خۆشترو سەیرتر نوسەرێکی فەرانسەوییە کەتەنیا لەحەمامدا شتی بۆ دەنوسرێ؛ هەواڵێکم هەیە کەدەچێتە کاروانسەرایەکی دەوروبەری شارو لەوێ شێعران دەهۆنێتەوە. بەڵام من ئەم کرگارانەم بەدڵ نیەو تەنانەت هەر کاتی ئەوەشم نیە خۆم بەشتی واوە خەریك بکەم. بۆ نوسین و دارشتنی بەرهەمەکانم پێویستیم بەوەنیەکە زۆری لەخۆم بکەم؛ هەست وبیروفکریشم بەتەنیا لەدەوری تاقە شتێکدا ناگەڕێ و زۆریش وردبین نیم و هێندەی لەسەر ناچم. هەر لەم گەڕانی ئاسایی وهاتوچوی ناو کۆمەڵدا. ئەوەی پیم باش بێ دەیکەمە هەوێنی کارەکەم... نازانم ئێوە چۆن هەست بەوە ناکەن....لەبازاڕی ئەستامبول.لەشەقامەکان. قومارخانەکان. مەیخانەو گازینۆی شەوانە سوژەو بابەتی زۆر باش وسەرنج ڕاکێش زۆرو زەبەند وەك مارومێرو ڕێچکەیان بەستوە. نوسەر بەم هەمو کەرەسە سەرنجڕاکێشانەوە پێویستی بەوە نیە دیمەنی دەستکرد ساز بکا ولەم ڕێگایەوە گەڕەکی بێ بەرهەمی تاقانەو نوێ بخولقێنێ. پاش ئەوەی یەکێك لەم بابەتانە سەرنجی ڕاکێشام. ئەگەر لەهاویندا بێ دەچمە ژێر پردی ئەستانبول ولەڕۆخێك. هەر لەوجێگایەی کەپاپۆڕەکان ڕیزیان بەستوە. دادەنیشتم ولەناو دەفتەرەکەمدا دەینوسمەوە. ئەگەر جستانیش بێ دەچمە قاوەخانەیەك، داوای قاوەیەك دەکەم ولەوێش دەیهێنمە سەر کاغز. پاشانیش شەوی هەمان ڕۆژ لەحاڵێکدا کەهاوسەرەکەم خەریکی هاتوچۆ وکاری ناومالەو منالەکانیشم لەناوەڕاستی ژوورەکەدا خەریکی کایەن وڕادوێش بەدەنگی بەرز بەرنامە بلاو دەکاتەوە. چیرۆکەکەم دادەڕێژم. زۆرجاران کەخەرقی نوسینەوەم دەرکەی ماڵ لێدەدرێ. لەبەر ئەوەی کەسێك نیە بیکاتەوە. خۆم دەچم درگاکە دەکەمەوە. زۆرجار لەجەرگەی نوسیندا ناچارم وەلامی شاگرد وردەواڵە فرۆش. قەساب وئاوفرۆش و ڕۆژنامەفرۆشیش بدەمەوە. لەمانە خرابتر ئەو کاتانەیە کەژمارەیەك نەناسیاو دێنە دیتنم؛ هەندێکیان داخوازی سەیرو سەمەرەیان هەیە...داوای یارمەتیم لێ دەکەن و

تکایان ئەوەیە دەردە دڵەکانیان لەڕۆژنامەکاندا بڵاوبکەمەوە. یان کاریان بۆ پەیدا بکەم. هەندێکی دیکەشیان کەنوسەری تازە پیاکەوتون چیرۆکەکانیان دەهێنن تالە شوێنێکدا بۆیان بڵاو بکەمەوە؛ زۆرجاریش ژن ومناڵەکانم دەچنە دەرو ئەرکی لێنانی چێشت دەکەوێتە ئەستۆی من ولەکاتی نوسیندا دەبێ ناوبەناو سەر لەمەنجەڵ بدەم؛ یەکێك لەخوێنەرەکانم پرسیویەتی: کاتی نوسین چۆن دادەنیشی؟؛ جائەمەش بوو بەپرسیار؛ من دەبێ چ وەڵامێك بدەمەوە؟؛ خوێنەری بەڕێز دەتویست چۆن دانیشم، چما خەڵکی دیکە چۆن دادەنیشن کەدانیشتنی من دەبی لەگەڵ هی ئەوان جیاوازی هەبێ؟ ڕەنگە ئەم دۆستە بەڕێزە وای بۆ بچێ لەکاتی نوسیندا بەپێوە دەوەستم یان قاچم لەملم دەهاڵێنم؛ هەڵبەت لەوانەیە خوێنەرەکانم گاڵتەیان بەدانیشتنی من بێت. بەڵام بەڕای خۆم زۆرئاساییە... لەبەر ئەوەی کەلە مناڵییەوە موبڵ وسەندەڵیی وشتی وامان لەماڵیدا نەبووەو چوارمشقی لەسەر عەرز دادەنیشتم. ئێستاش ئەو خووە کۆنەم بەرنەداوە. تەنیا جیاوازییەکی کەهەیە ئەوەیە کەئێستا چوار مشقی لەسەر موبڵ دادەنیشم. بەتایبەت لەبەر ئەوەش کەکورتەباڵام وئەگەر قاچم بەردەمەوە ناگەنە عەرزی. هەربۆیە قاچی ڕاستم ژێرخۆم....بەمجۆرە زۆر ئاسودەترم..... یەکێکی تر لەخوێنەرەکانم پرسیویەتی:((چۆن خۆت ئامادەی نوسین دەکەی؟؛))ئەمەش بۆ خۆی قسەیەکە...ڕاستتان بوێ،ئەمن مرۆیەکی زۆرهەڵچووی دەمدەمیم. هەربەم بۆنەوە زۆر زەحمەتە بەم نەبونی وبێ بەشییە لەژیانمدا کە زۆریشن بیروفکری خۆم بخەمە سەر یەك شتی تایبەتی، یان بەقەولی ئێوە خۆم ئامادەی نوسین بکەم. بەڵام براله؛ نەبونی وبێ بەشیتان چۆن دیوە؟ نەبوونی ئەو شتەیە کەمرۆ بۆ هەرکارێك ڕادەکێشێ مەگەر نەتان بیستوە کەدەڵێن: ((نەبوونی گەورەترین مامۆستای کۆمەڵە...))ئەمنیش پێویستیم بەوە هەیەکەشت بنوسم.لەلایەك باری دڵی خۆم سوك دەکەم ولەلایەکی دیکەش ژیانمی پێ دابین دەکەم. لەبەرئەوەی کەزۆرکات بەلەش وبەڕۆح لەسەر خۆم نیم. بەشێکی زۆرلەنوسراوەکانم بەدڵی خۆم نین وەباش لەکار نەهاتونەتەدەر. بۆ خۆم زیاترلەهەموو کەس هەست بەمە دەکەم. یەکێك پرسیویەتی: ((بەشوێن بابەتدا دەگەڕێم یان بابەتەکان بۆ خۆیان دێنە مێشکمەوە))؟ ئەوەی ڕاستی بێ،بابەت نەشتێکی وایەکە دەرگا لێبداو خۆبەژووردا بکا. ئەمنییش بەشوێن بابەتەکاندا دەخولێتەوە. ئەوە کاری کیمیاگەرەکانی کۆن بوو کەبۆ دۆزینەوەی زێر عەوداڵی کێو ودەرودەشت بوون.بەهەرحاڵ دەستنوسەکانم کەهەر ڕۆژ کۆیان دەکەمەوە باشترین سەرچاوەی چیرۆکەکانمە وئەگەر تاسەد ساڵی تریش پەیتاپەیتا گەرەکم بێ شت بنوسم دیسان دەسنوسەکانم کەم ناهێنن. گەورەترین پەژارەی من ئەوەیە کەناتوانم ئەو بابەتانەی کەخۆم پێم باشن. بنوسمەوە. چونکا لەحاڵی حازردا بەداخەوە ئەمن تەنیا لەبەر دابینکردنی ژیان وبەدەستهێنانی بژیو شت دەنەسم... زۆربەی ئەو بابەتانەی کەدڵم پێیانەوەیە وپێم خۆشە بیاننوسمەوە لەم کۆمەڵگایەدا دەرفەت وڕێگای بڵاوبونەوەیان نیە. لەکۆتاییدا ئەوەشتان پێ بڵێم کەچەند نوسراوەیەك کەلەبەر دڵانەو شیاوی خوێندنەوەن و باش لەگڵ هاتونەتەدەر.

ئەوانەن کەلەژوورەکانی زینداندا نوسیومن.





# ئەدەبیات و دوو جۆر چاوەروانی

## ساموئێل بێکت ١٩٠٦ – ١٩٨٩

ئاسۆ سەهامی لە فارسیەوە کردویەتی بە کوردی

«ساموئێل بێکت»، شانۆنامەنووس و چیرۆکنووسی ئیرلەندی لە ساڵی ١٩٦٩ خەڵاتی نوبێلی وەرگرت. «لە چاوەروانی گۆدۆ دا» بە ناوبانگ ترین شانۆنامەیە کە ناوبراو نووسیویەتی.

«ساموئێل بێکت» کۆچبەرێکی ئیرلەندی بوو کە پاش شەری دووهەمی جیهانی لە فەرانسە نیشتەجێ بوو و بە خاوەنی وڵاتی دووهەم. بەرپرسانی شانۆ پاش کۆتایی شەری دووهەمی جیهانی ئیدعای ئەوەیان دەکرد کە مەکتەبی «ڕێئالیسمی ئەدەبی» کاتی بەسەرچووە و چیتر توانایی نیشاندان و دەربڕینی رەنج و ئازارەکانی کۆمەڵگای نیە.

رەخنەگرانی چەپیش رایانگەیاند کە « ساموئێل بێکت « نوێنەری سەرەکی ئەدەبیاتی روو لە داوەشانی بۆرژوازیە. «ساموئێل بێکت» لە شانۆنامەی «لە چاوەروانی گۆدۆ دا» دەنوسێت مرۆڤ بە درێژایی تەمەنی بەردەوام لە چاوەروانی دایە و چارەنوس یانی ئەوەی کە لە «ژووری چاوەروانی» ژیاندا مانەوە. نوێنەرانی چینەکانی روو لە نابوودی بەردەوام لە چاوەروانی شکەست، مەرگ، بێ هیوایی، سەرلێشێواوی و شەڕ ... بە پێچەوانەوە نوێنەرانی چینی روو لە گەشە و جەماوەری، بەردەوام لە چاوەروانی شۆرش، سەرکەوتن، مرۆڤایەتی، کامەرانی و جوانی دان. لەم شانۆنامەدا چاوەروانی لە بەرانبەر کردەودا، تراژدیا لە بەرانبەر کۆمێدی، خەم لە بەرانبەر شادی و گەشبینی لە بەرانبەر رەشبینی دا دەوەستن. لەم بەرهەمەی «بێکت» دا دوو مرۆڤی سەرلێشێواو و ئاوارە بە ناوەکانی «ئێستراگۆن و ولادیمیر» لە رێگایەك دا کە بەرەو نادیار دەچێت، لە چاوەروانی کەسی سێهەم دان کە ناوی «گۆدۆ»یە و بەڵێنی داوە کە ژیانیان بگۆرێت و ئەم کەسی سێهەمە یانی «گۆدۆ» بەڵێنیەکەی ناباتە سەر و ئەوانیش شەو و رۆژ لە چاوەروانیەکی ناخۆش دا بە سەر دەبەن. ئەم دوو کەسە جگە لەوەی بێدەنگ بن رێگا چارەیەکی دیکەیان نیە .چاوەروانی ئەوان باس و قسە لە سەر بیرەوەریەکانی رابردوە یان ئەوەی کە هەوڵ بدەن کە باسێك لە سەر مانای ژیان بدۆزنەوە؟ «بێکت» لێرەدا لە چاو بۆرژوازیەوە سەرنجی

دیاردەی چاوەڕوانی ئەدات. لە حالێکدا چاوەڕوانی لە نێوان چینی زەحمەتکێش وەبیر هێنەرەوەی — هەوڵ و تێکۆشان، خەبات، سەرکەوتن، کامەرانی، هیوا و گۆڕان وپێشکەوتن و جوانیە.

ژمارەیەك لە مێژونووسانی ئەدەبی «سامۆئێل بێکت» وەك گرینگترین شانۆنامەنووسی سەدەی بیستەم ناو لێ دەبەن. ئەو لە کەنار «ئۆژێن یۆنسکۆ»دا یەکێك لە نوێنەرانی شانۆی «ئابزۆرد» و ئەدەبیاتی ئێگزیستانسیالیستی رۆژئاوایە. بەرهەمەکانی بێکت لە پڕبینەرترین نووسراوەکانی سەدەی بیستەم بوو. رەنگە دوایین نووسەری بەناوبانگی ئەو سەدەیەش بێت. بێکت خاوەنی بەرهەمی شێعر، چیرۆك، رۆمان و شانۆنامە بو. ٣ رۆمانی تریلۆگی ئەو بە ناوەکانی «مۆلای، مەرگی ماۆنە و بێ ناونیشان»، ٣ شانۆنامە لەژێر ناوی «لە چاوەڕوانی گۆدۆ، کۆتایی یاری و رۆژەخۆشەکان». هەروەها نوسراوە دڕامەکانی «ئابزۆرد»ی ئەو لە چەشنی «ئاوانگارد» پوچی و بێ مانا بوونی ژیانی ئینسان و جیهان نیشان ئەدات. کەسایەتیەکانی ناو شانۆنامەکانی «بێکت» بە پێچەوانەی شانۆنامەکانی «سارتێر و کامۆ» کەم دوێن، دژ بە زۆر بلێیی و فرەوێژین.

ئەورۆکە توێژینەوەی فەلسەفی زۆر لە سەر بەرهەمەکانی «بێکت» سەبارەت بە دۆزینەوەی مانای «ئابزۆرد» و «ئێگزیستانسیالیسم» و مانای ژیان بەرێوە چووە. ٢ رۆمانی دیکەی «بێکت» بە ناوەکانی «ئەوجۆرەی کە ئەو وایە« و «مۆرفی» ناوەرۆکێکی تراژدی — کۆمێدی یان هەیە. هەرچەن بەرهەمەکانی بێکت لە ژێر کاریگەری «جویس و پرۆست» دان، بەڵام خوێنەر دەخاتە بیر «کافکا و فەلسەفەی «ژیانی تۆقێنەر»ی شۆپێنهاوەر. مامۆستا ئەدەبیەکانی بێکت درام نووسانی سەردەمی رێنیسانسی ئیرلەند بوون. لە رۆمانی ٣ جلدی تریلۆگی ئەودا فەلسەفەی «دێکارت» بەرچاو دەکەوێت. بەرهەمەکانی ئەو رەخنەیەکی تەنز ئامێزە لە ئەدەبیاتی ئەوروپایی ئەو سەردەمە. بێکت کاریگەری گرنگی لە سەر شانۆنامەنووسانی نوێی وەك «پانتێر، ئالْبی و ستۆپارد» داناوە. بێکت زۆر هوونەرمەندانە باس لە تەنیایی ئینسان لە نیزامی سەرمایەداری و کۆمەلگای چینایەتی دا دەکات.... باو و باپیرانی «هیگنۆتی و پرۆتێستان»ی سامۆئێل بێکت، لە سەردەمی شەرە ئایینیەکانی فەرانسە کە لە نێوان «کاتۆلیکەکان» و «پرۆتێستانەکان» رویاندا بەرەو ئیرلەند هەڵاتن. دواتر بێکت پاش شەڕی دووهەمی



جیهانی بۆ فەرانسە گەرایەوە.

ئەو لە وەسفکردنی کەسایەتیەکانی نێو بەرهەمەکانی دا حەزی خۆی بەرانبەر بە مۆسیقا بە ئەوان دەبەستێتەوە. قارەمانی نێو بەرهەمەکانی بێکت، کەسانێکی بێ ریشە و ئاوارەن کە بە شێوەیەکی تراژیك ـ کۆمێدی، پوچی و بێ مانا بوونی ژیانی ئینسانی یەخسیری کۆمەلگای سەرمایەداری نیشان ئەدات . ئەو سەبارەت بە مەسەلەی لە ناوچوون و زەواڵ، رووخساری نامرۆڤانەی کۆمەڵگای کۆتایی بۆرژوازی و داوەشان و هەڵوەشاندنەوەی بێ مانایی و بێ ناوەرۆکی ئەو کۆمەڵگایە نیشان ئەدات. بەرهەمەکانی بێکت ئەو جیاوازیە نیشان ئەدات کە ئەو شتەی کە بۆ باسکردن نابێت، باسی دەکات و هەوڵ ئەدات کە بە هاوکاری زمان راستیەکان دەربخات. بە بۆچوونی ئەو بە هۆی ئەوەی کە ئەدەبیاتی مۆدێرن هیچ شتێکی بۆ وتن نیە ئەبێ ئەو خۆی رەوتی رووداوەکان و نووسینەکان بکاتە باسێك بۆ نووسین. ئەو گاڵتەجاری و تەنزی ئەدەبی بە توانج لە ژیانی رۆژانەی کۆمەلگای دواکەوتو و چینایەتی دەزانێت.

«

سەچاوە/ رۆشەنگەری

# خەباتگێڕ، مامۆستا، نووسەر و هاوڕێ

ن: ئەلێکس کالینیکۆس
و. لە ئینگلیزیەوە: ئازاد ئارمان

کریس هارمان، سەر نووسەری گۆڤاری سۆسیالیزمی نێونەتەوەیی هەروەها پێشتریش بۆ ماوەی چەندین ساڵ سەر نووسەری ڕۆژنامەی کرێکاری سۆسیالیست، کتوپڕ کۆچی دوایی کرد بە نەخۆشی سەکتەی دڵ لە قاهیرە لە بەرواری ٦-٧ی نوڤەمبەر، شەوێك پێش لە دایك بوونی ٦٧ ساڵەی.

کریس بوو بە مارکسیستێکی لێهاتوو لە دەورانی ڕادیکالێتی سیاسی مەزنی کۆتایی ساڵی ١٩٦٠ و سەرەتای ساڵی ١٩٧٠ لە بەریتانیا. ئەو ڕووناکبیرێکی لێهاتوو و بنچینەیی سەرسوڕهێنەر بوو لە پۆلێن کردن و لێکۆڵینەوەی باسەکاندا.

بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا پشت بەستوو بە نەریتەکانی مارکس، ئێنگلس، لێنین و ترۆتسکی، لۆکسەمبۆرگ و گرامشی. ئەو شۆڕشگێڕێکی پیشەیی بوو و هەموو ژیانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ بنیاتنانی پارتی کرێکارانی سۆسیالیست.

کریس لە ساڵی ١٩٤١ لەدایك بووە. پەیوەندی کردووە بە گروپی لێکۆڵینەوەی سۆسیالیستی،socialist worker sparty دواتر ناوەکەی گۆڕدرا بۆ سۆسیالیستە ئەنتەرناسیۆنالیستەکان دوای ئەوەش بوو بە swp کریس خوێندکار بوو لە قوتابخانەی وەتفۆرت دواتریش لە ساڵانی ١٩٦٢-١٩٦٥ خوێندکار بوو لە زانکۆی لیبدس. ئەو چوو بۆ سۆراخکردنی ڕێبازی دکتۆرای لەسەر لێکۆڵینەوەی زانستی لە زانکۆی لەندەنی ئابووریناسی.

لەبەشی دووهەمی ساڵانی ١٩٦٠دا زانکۆی لەندەنی ئابووریناسی ببوو بە سەنتەری پشێوی بزووتنەوەی خوێندکارانی بەریتانیا. کریس بوو بە سەرکردەیەکی خەباتگێڕی ئەم زانکۆیە. هەروەها دواتریش وازی لە پیشە ئاکادیمیەکەی هێنا.

لەدوای ئەوە تەواوی ژیانی کاری پڕاوپڕ و بەردەوام بوو بۆ سۆسیالیستە ئەنتەرناسیۆناکان، یەکەمجار سەرنووسەری گۆڤاری سۆسیالیزمی نێونەتەوەیی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژنامەنووس بوو لە ڕۆژنامەی کرێکاری سۆسیالیست.



کریس لە ساڵانی ١٩٧٥-١٩٧٧ سەر نووسەری ڕۆژنامەی کرێکاری سۆسیالیت بوو. هەروەها دووبارە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٢-١٩٨٤ هەمان کاری دەکرد. لە کۆتاییدا گەڕایەوە بۆ سەرنووسەری سۆسیالیزمی نێونەتەوەیی تاوەکو ئێستا. ئەوەی کریس ئەنجامیدا ئەرکێکی زۆر بەرهەمدار بوو.

لە کۆتایی ساڵانی ١٩٦٠دا تاوەکو سەرەتای ساڵانی حەفتاکان، سەدان هەزار لە کەسی گەنج ئەو کارەیان دەکرد کە کریس هارمان هەڵیبژارد. بەڵام کەمایەتیەك کۆڵنەدەر




مانەوە، دوای ئەوەی ئەم خرۆشانە بەرەو کزبوون دەچوو لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا.

کریس تەنها کۆڵنەدەر نەبوو، بەڵکوو لە سەرەتای تەمەنی بیست ساڵیدا بۆ پێشەوە هەنگاوی دەنا. نووسینەکانی ئەو گەشەیدا بە مارکسیزمی شۆڕشگێڕ، ڕێنوێنیەکانی پێشڕەو بوون لەم ئالۆسکاوی و لێلییەی دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم.

تۆنی کلیف بنیاتنەری میراتی سۆسیالیستە ئەنتەرناسیۆنالیستەکان، دەیسەلمێنێ هەر لە سەرەتای خاڵی دەستپێکردنیانەوە کریس لەگەڵ بنیاتنانی تیۆریەکانی بەشدار بوو. کلیف ئەوەی شیکردەوە کە یەکێتی سۆڤیەت و

وڵاتانی تری بەناو «سۆسیالیست» وەکو یەك بیرۆکراتی و سەرمایەداری دەوڵەتین. ئەمانە یارمەتیمان دەدا بۆ ئەوەی بەردەوام بین لەسەر مارکسیزمی شۆڕشگێڕانە وەکو ئەوەی ئێستا لە ناویدا دەژین.

تەنها لەسەر ئەم بناغەیە بوو، کلێف نیشانیدا، بە تێگەیشتنی مارکس لە سۆسیالیزم بە ناونیشانی ڕزگاری چینی کرێکاران بە دەستی خۆیان دەتوانرێ مانا و درێژەی هەبێت.

بنیاتنان لەسەر دەسکەوتەکانی کلێف، کریس بە سەربەرزیەوە توانی درێژە بدا بە پۆلێن کردن و چوونە قوڵایی تیۆریی مارکسیستی لەزۆر لایەن و پانتایی جیاوازەوە. لە سەرووی هەموو ئەوانەشەوە ئەو کارانەی بەرهەمی هێنابوو لە بەرزترین ئاستدا بوون، لە بنچینەدا لێکۆڵینەوەکانی لەسەر بیر و باوەڕ و شیکردنەوە ڕەسەنەکان بوو. بۆ بەدواداچوونی پوختەی کەم و کورپەکان.

سەرەتای کاری کریس گەشە پێدانی شیکاریەکانی کلێف بوو لەسەر ستالینیزم. یەکەمین پەرتوکیشی: بیرۆکراسی و شۆڕش لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات (لە ساڵی ١٩٧٤، دووبارە لەچاپ درایەوە لەژێر ناوی خەباتی چینایەتی لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات)، لێکۆڵینەوەیەك بوو لەسەر مێژووی پڕ لە ناجێگیری و ناکۆکی ڕژێمی سەرمایەداری دەوڵەتی دوای ساڵانی ١٩٤٥.

ئەگەرچی لەو کاتەشدا کریس بە ئاشکرا ئەم تیئۆریەی ڕەتکردەوە کە پێی وابوو دەتوانێ سەراپای رژێمی ستالینی ڕیفۆرم بکات لە سەرەوە. دەکرێ ئەوان ئەم ڕێگا شۆڕشگێڕانە بگرن بۆ ڕوخانیان لە خوارەوە. ئەم لێکدانە دروست و بەجێیە بوو ئەنجامەکەی بووە هۆی ڕوخانی ستالینیزم ٢٠ ساڵ لەمەوبەر.

کریس پێشبینی بەرئەنجامێکی ئاواشی دەکرد لە پۆلۆنیا: نووسراوەیەکی نووسی بە ناوی «ئەزمەی سەرمایەداری دەوڵەتی» لە ساڵانی ١٩٧٦-١٩٧٧. لەم نووسراوەیەدا شیکاریەکی لەسەر ئەم دەوڵەتانە کرد کە پێیان دەگوتن وڵاتانی «سۆسیالیست» گەوهەری بوونیان جیاوازی نییە و یەکدەگرنەوە لەگەڵ سەرمایەداری جیهانی هاو ئاوازن لە کڕین و فرۆشتنی مرۆڤایەتی.

کریس ئەم شکستەی ناو نابوو «گۆڕان بۆ لایەکی تر» لە سەرمایەداری دەوڵەتیەوە بۆ سەرمایەداری بازاڕی ئازاد. کە لە پشێوی و ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩٠ دروست بوو.

توانایی کریس وەکوو مێژوو نوسێك یەکەمجار ئەوکاتە بە تەواوی دەرکەوت لە گێڕانەوەی چیرۆکی یاخی بوونی کرێکاران لە نێوان بورکراسی و شۆڕشدا. کریس لێکۆ□ڵینەوەیەکی زانستیانەی ئەنجامدا لەسەر شۆڕشی ئاڵمانیا لە ساڵی ١٩١٨-١٩٢٣ دواتر بە ناوی «شکستی شۆڕش» لە ساڵی ١٩٨٢ چاپی کرد. هەروەها لەو کاتەدا لە دەورانی هەستانەوەکانی کۆتایی ساڵی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا ئەم پەرتوکەی نووسی.

زیاد لەوەیش کریس چەند وتارێکی گرنگی نووسی لەسەر تیئۆری مارکسیستی بۆ مێژوو. بەڵام بە نووسینی پەرتووکی بەشکۆی «مێژووی گەلانی دونیا» ١٩٩٩ وەکو مێژوو نوسێك بەرهەمەکەی گەیشتە ئەوپەڕی بەرزی. بە سەرکەوتنێکی مەزن دەژمێردرا لەناو جەماوەردا بەتایبەتی لەدوای دووبارە لەچاپدانەوەی لەم ماوەیەدا لەلایەن دەزگای چاپی ڤێرسۆ.

یەکێك لە خاڵە بەهێزەکانی ئەم پەرتوکە ئەوەیە تێگەیشتنی ئەو نیشان دەدات لە بەرانبەر ئەوەی کە پێی دەڵێن کۆمۆنەی «سەرەتایی» کریس سەرەتا دەستی کرد بە زانیاری کۆکردنەوە بۆ لێتوێژینەوەی مرۆڤناسی لەسەر ئەو کۆمەڵگایە لەو سەردەمەدا بوو کە مشتومڕێکی بەهێز هەبوو لەسەر کێشەی ڕزگاری ژنان لە کۆتایی ساڵانی حەفتاکاندا.

بۆ ئەو بەڵگە نەویست بوو، باوەری وابوو ئەوکاتە ژنان و پیاوان دەتوانن بە یەکسانی بژین کاتێ چەوساندنەوەی چینایەتی کۆتایی پێ هاتبێت.

ئەم شێوە نموونەییە لە ڕوناکبیری کریس، ئەو خۆشی لەم هەوەسدارییە دەبینی بە تایبەتی لەو کێشانەی زۆربەی زۆری لەبەر سوود و ئارەزوی خۆی نەبوو. بەڵکوو بۆ ئەوەی بوو دەستنیشانی مشتومڕە سیاسییەکانی پێبکات.

بۆ نموونە نووسراوەی پێغەمبەر و پرۆلیتاریا ١٩٩٤ خوێندنەوەیەکی پێشڕەوانەی مارکسیستی بوو بۆ ئیسلامی سیاسی، ئەمە پارتی کرێکارانی سۆسیالیستی پڕچەك کرد بۆ مشتومڕ و تێکۆشان دوای ڕووداوی ١١ی سێپتامبر.

هەندێك لە گرنگترین باسەکانی کریس کە ڕاستەوخۆ بۆ ئێمە بوو لەسەر کێشەی ستراتیژ و تاکتیکی شۆڕشگێڕانە. نوسراوە سەرەتاییە نایابەکەی، «حیزب چین» ١٩٦٨، کە لە ئەسڵدا لە نوسراوەیەکی ناوخۆییەوە هاتبوو بۆ بەدواداچوون و ڕازی کردنی ڕادیکاڵیزمی خوێندکاران کە ئەوکاتە گاڵتەیان بە سۆسیالیستە ئەنتەرناسیۆنالەکان دەکرد لەسەر زەرورەتی بنیاتنانی پارتی پێشڕەوی لینینی.

لە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکاندا،لەو کاتانەدا کە سەرلێشیواوی چەپی ڕادیکاڵ لە نەشونما کردندا بوو.

کریس چەندین کۆبوونەوەی گرنگی ڕێکخستن لە ناویاندا. بە تایبەتی لە دەورانی شۆڕشی پۆتوگالی لە ساڵی ١٩٧٤-٧٥دا، هەروەها دژایەتی کردنی ئەوانەی کە تەقەلایان دەکرد ئەنتۆنیۆ گرامیشی بگۆڕن بۆ بیرمەندێکی ڕیفۆرمیزم.

هەمان خولیا پێوە گرتن لەگەڵ پێشکەش کردنی کاری سیاسی بە بزواندن و زانیاری لە کۆتایی و ناوەڕاستی نووسینەکانی کریس پۆلێنکردن و لێکدانەوەی خودی نیزامی سرمایەداریە.

ئەو زۆر بە قوڵی و لە بناغەوە لە ئابووری سیاسی مارکسیستی تێگەیشتبوو. هەر ئەو کاتە زۆر بلیمەتانە ئەم ئامانجەی نیشاندا لە دیالۆگەکانی لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٠دا لەگەڵ ئەرنێست مەندێل، ڕێبەری ئەنتەر ناسیۆنالی چوارەم.

ئەو کۆمەڵە وتارانەی بەم دواییانە کۆیکردەوە لەژێر ناوی «ڕاڤە کردنی قەیرانەکان» کە لەسەر ئەساسی کارەکانی پێشوی مایك کیدرۆن بنیاتنرابوون. کیدرۆن نیشانیدا چۆن مەسەلەی خەرجی چەك گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی و هەروەها سەرمایەداری بۆ ماوەیەکی کاتی جێگیر بوو لەدوای جەنگی جیهانی دووەمدا.

کریس ئێستا درێژەیدا بەم لێکدانەوانە بۆ نیشاندانی ڕەوایی ئەم ڕاڤەکردنە و قەیرانی سەرەکی سیستەمەکە. ئەم کارەشی لە سەرەتای ساڵەکانی ١٩٦٠دا بەرەو پێش برد.

لەم کات و ساتانەی ئابوریناسانە مارکسیستەکان خەریکی پشێوی ئەکادیمی بوون. ئەویش لە هەوڵدانی بەردەوامدا بوو تێگەیشتن لە تیئۆری مارکس لە یاساکانی بزوتنەوەی سەرمایەداری.

کریس لە نووسین سەبارەت بە ئابووری سیاسی بۆ دەیان ساڵیتر بەردەوام بوو، بەڵام ئەو لە کۆتایی ئەمساڵیدا گەڕایەوە بۆسەر باسە قوڵەکانی لە پەیوەند بەم مەسەلەیەوە، نشونما کردنی دیالۆگەکانی لەگەڵ ڕابەرانی تری ئابووریناسی مارکسیستی. لەگەڵ ئەوەشدا پەرتووکی «سەرمایەداری مردوی گیان بەبەردا کراو» تەواو کرد و لە سەرەتای ئەو ساڵەدا چاپی کرد. خوێندنەوەیەکی بەشکۆیە بۆ دەستنیشان کردنی ئەم قەیرانەی ئێستا، لە زەمینەی مێژووی و دینامیکی نیزامی سەرمایەداری بە شێوەیەکی گشتی.

لێرەدا بەشێك لەم دەسکەوتانە، لەوانەیە زۆر کاری ئاکادیمی بێنێتە دی. بەڵام کریس هەموو ئەمانەی بەرهەم هێنا، هەروەها زۆر لەمەش زیاتر، ئامانجی ئەوە نەبوو دڵنەوایی و خۆشگوزەرانی یاخود پایە بڵندی ئەکادیمی بەدەست بێنێت، بەڵکو ئەم کارەی سرومڕ دەکرد بۆ پارتی کرێکارانی سۆسیالیست بە کەمترین کرێکارێك.

گەورەترین ئەرکی حیزبی سەرنووسەری ڕۆژنامەی کرێکاری سۆسیالیست بوو، لە سەرتای ساڵی ١٩٨٠دا کە دووبارە کەوتەوە ئەستۆی کریس.

کریس ڕابەریی ڕۆژنامەکەی دەکرد لە هەموو لایەکەوە بۆ زۆرانبازی لەگەڵ تاتچەریزم — لە سەرووی هەموو ئەوانەشەوە مەزنترین داستانی مانگرتنی کرێکارانی کانگاکان بوو لە ساڵانی ١٩٨٤-١٩٨٥دا — هەروەها دەورانی خامۆشی ساڵی ١٩٩٠، تاوەکو دەیەی ڕابردوو سەرلەنوێ نیشاندانەوە و ڕادیکاڵیزە بوونەوەی بزووتنەوەی ئەنتی سەرمایەداری — بزوتنەوەی دژی شەڕ.

کریس لێهاتووییە بێسنوورەکانی خۆی دادەپۆشی، هەروەها دەستکەوتەکانی لە بەرانبەر شەرمنی ڕوو بە دەرەوە. ئەو بەتەواوی و بە هیچ جۆرێك لە جۆرەکانی دەرنەخست.

بەڵام، ئەو هەمیشە پەرەی دەدا بە سوننەت و ڕەوشتی شۆڕشگێڕانە. کریس لە کۆبوونەوەی تازەی زانکۆی ئابووریناسیدا یادی ڕۆژەکانی پێشووی خەباتی خوێندکارانی دەهاتەوە یاد لە ساڵی شەستەکاندا. هەر لەم کۆبوونەوەیەدا ڕایگەیاند ئەگەر خانەنشین ببێت، ئینجا کاتی زیاتری دەبێت بۆ چالاکی سیاسی.

کریس دەبوایە تا تەمەنی پیری بە بەختەوەری بژیایە. بەڵام بێ بەزەییانەی ژیان ئەم هەلەی لێ برد. ئەو بە نووسینەکان و نەریتە سیاسیەکانی هەر دەمێنێتەوە و نامرێ، کە بوونەتە میراتێك بۆ پارتی کرێکارانی سۆسیالیست و دەستە خوشکەکانی لە ڕەوتی سۆسیالیستی نێونەتەوەیی.

بەڵام ئەمەش بە مانای ئەوە نییە لەدەستدانی مەرگەساتی ئەو خەسارەتێکی گەورە نییە — لە سەرووی هەموویانەوە بۆ هاوسەری ژیانی تەلەت و مناڵەکانی سیز و سینید، بەڵام زیاتر لەوەش بۆ بازنەیەکی زۆر فراوانتر ئەوانەی ئەو کاریتێکردوون.

من شەخسی خۆم کەسێکم لەدەستدا هاوڕێ، برادەر، مامۆستام بوو بۆ ماوەی زیاتر لە ٣٥٤ ساڵ. ئەم ساتە بۆ غەمگینی و ئێش و ئازارە، پێش ئەوەی (هەروەکوو کریس ئارەزوو و چاوەڕوانی دەکات) دووبارە دەست بکەینەوە بە خەبات.

ئەم وتارە لە نووسینی (ئەلێکس کالینیکۆس) لە ژمارەی تازەی ٢١٧٧ی ڕۆژنامەی «کرێکاری سۆسیالیست» بڵاو کراوەتەوە.

# ژنان لە ئەدەبیاتی پیاواندا

ن: ناسر موستەشار
و: هێمن مەعسوم

(ژن، لەژێر قەڵەمی پیاواندا!)

با وای دابنێین کە یەکێك لە شۆڕشگێڕە فیمینیستەکان، دەور و نەقشی ژن لە بەرهەمەکانی: موحەممەد حیجازی، بوزورگ عەلەوی، هیدایەت، دەوڵەت ئابادی، ئەحمەد مەحمود و یان فیردەوسی، حافز، سەعدی، مەولەوی، خەیام و هیتر دەداتە بەر لێکۆڵینەوە. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا لە کۆتاییدا بە چ ئامانجێك دەگات؟، واتە ئەهلی قەڵەم، فەرهەنگساز و گەورەکانی بیر و ئەخلاقی ئێمە چ بۆچوون و بینینێکیان لەسەر دەوری ژنان، ئەو خوشك و دایکە، پور، خاتوون و شاژن، مەعشوق و ئیلاهە، سەنگسار و لە سێدارە دراوەکان و زیندانی و پیرۆزکراوەکان هەبووە؟.

منیش! کە لێرە بەهۆی فرێدرانە گۆشەیەکی مێژووەوە و دەست ڕانەگەیشتن بە سەرچاوەی پێویست، ناچارم تەنیا چاوێکی کورت بەسەر بابەتی ژن لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا لە ماوەی سێ سەدەی ڕابردوو بخشێنم و بۆچوونی کۆمەڵێك لە فیمینیستەکانی فەڕەنگ لە بابەبت ئەدەبیاتەکەیان باس بکەم. لەوانە جەخت کردنەوە زانستیەکان و یان لێکۆڵینەوەکانی ئەوان ئەوەیە کە بۆوێنە دەنووسن ئەدەبیاتی ئامریکایی بەهۆی بوونی چەند تایبەتمەندیەك، ڕێگاو حەزی پیاوسالارانەی هەیە. گەرچی ئەوە جەخت لەسەر جیهانی بوون دەکاتەوە، بەڵام بە تایبەتمەندی پیاوسالارانەوە تەماشای ژنان دەکات و یان ئەوەیکە هەر بەرهەمێك، ئاشکرا یان شاراوە و بە شێوەی جۆراوجۆر، هێز، ئۆتۆریتە و دەسەڵاتداری پیاوان بەسەر ژناندا نیشان دەدات و گشتی دەکاتەوە، گەرچی دیکارت، باوکی ڕۆشنگەری ڕۆژئاوا دەنووسێ کە هیچ شتێك لە جیهاندا بە ڕادەی عەقڵ و هۆشیاری یەکسان لەناو مرۆڤدا بڵاو نەبۆتەوە.

خاوەن بیران دەڵێن، سەرچاوەی بۆچوونی بەرابەری خوازی ڕۆژئاوا لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا ڕیشەی داکوتاوە. سەردەمی ڕۆشنگەری لە بیری ڕۆژئاوادا یەکسانە لەگەڵ بزوتنەوە بەرابەریخوازی و عەداڵەت خوازیەکان. لەگەڵ ئەوەش لە درێژەی سەردەمی ڕۆشنگەریدا، نامە نووسین تەنیا هەڵسوڕان و بزوتنەوەیەکی ئەدەبی بوو کە کۆمەڵگا و نەریتی زاڵ، ڕێگەی بە ژنان دەدا بیکەن.

دەیان ساڵ لە نێوان هۆزگەلی لە ئاسایشدا، بەردەوام دوپات دەکراوە کە کچان نابێت خوو بە خوێندنەوەوە بگرن و یان تووشی تای خوێندنەوە ببن، چونکە خووگرتن بە خوێندنەوەوە دەبێتە هۆی هەڵچوون، هەستیاری و بێقەراری خاتونە تازە پێگەیشتووەکان. لەبەر ئەمە نەمایش کردنی هەندێك لە بەرهەمەکانی شێکسپیر تەنیا بە شێوەی سانسۆڕکراو لە نیوی دووهەمی سەدەی هەژدەدا ڕێگای بڵاو کردنەوەی هەبوو. چوونکە لەو بەرهەمانەدا، ژنگەلێکی وەك: هێرمین و پاوولین، لە بەرانبەر زۆرداری پیاوان و دامەزراوەکانیان وەك: کلیسا، دەوڵەت و خێزان، ناڕەزایەتیان دەردەبڕی.

بە سەرنجدان بەو ئاماژە پێکراوانەی سەرەوە، لێرەدا ئاماژە بەوە دەکرێ، کە سێ نووسەری بەناوبانگی جیهانی کە لە بەرهەمەکانیاندا گرنگیەکی تایبەتیان بە ژنان داوە لەماوی سێ سەدەی ڕابردوودا. کە بە ژنان، کۆمەڵێك لە ژنانی شۆڕشگێڕ، ئەفراهیم لیسینگ (١٧٢٩-١٧٨١) لەگەڵ شانۆنامەکانیان لە سەردەمی ڕۆشنگەری سەدەی ١٨دا و تێئۆدۆر فونتان (١٨٩٨-١٨١٩) لەگەڵ ڕۆمان و چیرۆك نووسینەکانی لە سەدەی ١٩ و برێشت لەگەڵ شانۆنامە حەماسیەکانی لە سەدەی بیستدا، هەوڵیاندا کە بە ژنانی بێ مێژوو و لەیادچوو، گرنگی، ناسنامە و ڕۆڵێکی مێژوویی بدەن. هەرسێ نووسەرەکەی سەرەوە هەوڵیان دەدا بە لەبیرکردنی جیاوازی و پێناسە ڕەگەزیەکان، بە بەکارهێنانی بزوتنەوەی پێشکەوتووی ژنان لە ئەوروپا هەوڵبدەن بۆ لەناو بردنی هەڵاواردن. جێی سەرنجدانە کە دوای سێ سەدە بۆشایی کاتی و جیاوازی و تایبەتمەندی فەرهەنگی، ژنان بە شێوەی سەربەخۆ، ئاگاهانە لەگەڵ کێشە و گرفتەکان ڕووبەڕوو دەبنەوە. بە گشتی دەتوانرێ بوترێ کە لە مێژووی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوادا، بێجگە لە



ئیبسن، چیخۆف و بێرنارد شاو، برێشت چوارەم شانۆنامە نووسی گەورەیە کە لە بەرهەمەکانیدا ئاگاهانە سەرنجێکی تایبەتی بە ماف و بزوتنەوەکانی ژنان دەدات، بێجگە لەوان، بابەتی یەکگرتوویی ژنان لە بەرهەمی هونەری جەیمسدا و بەشێك لە ئەدەبیاتی ئینگلیسیش جێگای سەرنجە، لەماوەی سەدەکانی ڕابردوودا، بە تایبەت لە دوو سەدەی ١٦و١٧دا ژنان لە شانۆنامە کۆمێدیەکانی ئینگلیسدا، جارجارە خۆیان بە شێوەی جلوبەرگی پیاوان دەردێنا کە داوای مافەکانیان بکەن.

دەیان ساڵ دوای دەستپێکی سەردەمی ڕۆشنگەری، تەنیا ئەرکی فێرکردن و پەروەردەی کچانیان، وەدیهێنانی ئامانجی حەسانەوە و ئاسودەیی پیاوان دەزانی. زۆرێك لە ژنان، بە سەدەها ساڵ مولْکی: باوك، مێرد، برا و مامی خۆیان بوون. ئەوان ئەیانتوانی بە کەیفی خۆیان بڕیار لەسەر چارەنووسی ژنانی بێبەشی خزمی خۆیان بدەن. هەرشێوە شۆڕشێك و یان ناڕەزایەتیەك دەیتوانی بە ئازادیەکی کەم یان بە مردن و کوشتنی ژن کۆتایی بێت. چارەنووسی کۆمەڵێك لە ژنان لە ئەدەبیاتی ڕابردوودا نیشانی دەدات کە هەندێجار جوانی ژن لە سەردەمی پیاوسالاریدا دەیتوانی ببێتە ژووری تاکەکەسی زیندان و ئەسیر بوونی ئەو، بە تایبەت ئەگەر تواناییەکی تری نەبوایە و کارێکی تر فێر نەبوایە، بێجگە لەوەیکە سەرنجی پیاوێك بەلای خۆیدا ڕابکێشێ. گەورەترین هەڵەی ژن ئەمە دەبوو ئەگەر بۆ بەدەست هێنانی دڵی مێردەکەی، خۆی وەکوو بوکەڵەیەك لەناو دەستی ئەودا دانابوایە. بەڵام دواتر لە ئەدەبیاتی ڕابردوودا، گرنگترین دۆزینەوە (کەشف) ی ئەوان ئەوە بوو کە بۆیان دەرکەوت ئەوانیش خواست و ئیرادە و ئامانج و مەبەستێکیان هەیە. وە بۆ پیشاندانی ئەو خواستانە، دەچوونە ناو دیالۆگ و قسەکردنەوە لەگەڵ دەوور و بەرەکانی خۆیان.

لیسینگ لە بەرهەمەکانیدا نیشانی دەدات کە ژنان وەکوو

دیالۆگە کۆمێدیە فەڕانسەویەکان، بە پێداگری لەسەر زمان پاراوی دەچوونە ناو فەرهەنگ و باس و قسەکردنەوە. شانۆنامەکانی لیسینگ لە سەدەی ١٨دا لوتکەی بزوتنەوەی بەرابەری خوازانەی کۆمەڵایەتی ژنان نیشان دەدات. ئەگەر ژنان لە بەرهەمەکانی لیسینگدا زۆرتر بیرکردنەوەی خۆیان لەسەر بابەتگەلێکی وەکوو دین و ئەخلاق چڕ دەکەنەوە، ژنان لە بەرهەمەکانی فونتان گرنگی بە بابەتگەلی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی دەدەن. وە لە بەرهەمی برێشتدا ژنان خۆیان بە سیاسەت و بابەتی ئەخلاقیەوە خەریك دەکەن.

ئەوەی دەتوانرێ لە بەرهەمەکانی فوتاندا بوترێ، ئەوەیە کە ئەو لەسەر یەك لە سێی ڕۆمانەکانی خۆی سەردێڕ و ناوی ژنانەی داناوە. دەتوانرێ فونتان بە مامۆستای هونەری چیرۆك نووسی ڕیئالیستی بناسرێ، لەوانەیە لەبەر ئەوەی، گونترگراس، نووسەری براوەی خەڵاتی نۆبڵ، خۆی بە قووتابی ئەو دەزانێ. فونتان، یەکێك لە چیرۆك نووسانی سەدەی ١٩ی ڕۆژئاواش بە یارمەتی بەرهەمی خۆی، ژنانی بێ مێژووی کردە بەشێك لە مێژوو. ئەمڕۆکە دەتوانرێ وەبیر بهێنرێتەوە کە بەرهەمەکانی ئەو، بەڕاستی بازنەیەکی ناساندن، لە ژنانی لەبیرکراوی مێژووە کە لە ئاکامدا ڕێگای چوونە ناوەوە بۆناو بزوتنەوەی جەماوەری ئەدۆزنەوە. هەموو پاڵەوانەکانی بەرهەمی فونتان، بەبێ دڵەڕاوکێ، عەشق و هیوایەکی تایبەتیان بە باسکردنی بابەتەکانیان هەیە. پەیوەندی فیکری لەگەڵ کەسانیتر! مێردەکانیان، خزمان، دۆستان و ناسیاوەکانیان، هەستی پێویستی ئەمجۆرە ژنانەیە. فونتان لە بەرهەمەکانیدا پیشانی دەدات کە ژنان چۆن توانای سەربەخۆ بیرکردنەوە و دەست بەکار بوونیان، هەیە. ژنانی بەرهەمەکانی ئەو لە هەموو چین و توێژەکان: ئەشراف، بورژوا و جیهانی کارەوە هەستاون. ئەوان لە تەمەنی جیاوازدان. خێزاندار، بێوەژن یان مێرددارن. بە ئاماژەی فونتان، ژنان پێچەوانەی پیاوان، هەمیشە دەیانەوێ کێشەکانیان بە دیالۆگ چارەسەر بکەن نەك بە زۆر و بەکارهێنانی هێز. بە بۆچوونی فیمینیستە ڕادیکاڵەکان، کچانی کەم تەمەنیش کێشەکانی خۆیان بە دیالۆگ چارە دەکەن نەك وەکوو کوڕەکان بە زۆرداری و هەڕەشە.

ژنان لە بەرهەمەکانی برێشتدا لێکچونێکیان لەگەڵ ژنانی شۆڕشگێڕ و سوسیالیست، وەکوو لویزە میشێل، ڕۆزا لوکزامبۆرگ و کلارا زتکین هەیە. هەموو ژنەکانی بەرهەمی برێشتیش بولبولزمان و خوازیاری قسە و دیالۆگ و گۆڕینەوەی بیروڕا و مەنتقن. ژنانی بەرهەمی ئەو وەکوو ئاغای کوینز، یەکێکی تر لە پاڵەوانەکانی، دەڵێن: بیرکردنەوە واتە دەستبەکار بوون و گۆڕان. شانۆنامە سەرەتاییەکانی برێشت نیشان دەدەن کە ئەو لە سەرەتای نووسەریەوە خۆی خەریك دەکا بە بابەتی ژنانی بێبەش و ڕەنجبەر. برێشت دەیوت، تەنیا بە یارمەتی درامی حەماسی دەتوانرێ جیهان لەسەر تەختەی شانۆ بۆ گۆڕان و باشتر کردن بۆ نەمایش دابنرێ. هونەر دەبێ بە ڕاستیەکاندا بڕوا. ژنان لە بەرهەمەکانی برێشتدا نە بە هۆی ڕەگەزیانەوە بەڵکوو بەهۆی پەیوەندی نا یەکسانانەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی چینایەتیانەوە ئێش و ئازار دەچێژن.

ئەگەر بێرنارد شاو بە باس کردنی مافی ژنان، مەبەستی شەڕ لەگەڵ چەوساندنەوەی سەرمایەداری لەبیردا بوو. ژنان لە بەرهەمی برێشتدا بێجگە لە قوربانی بوونی نیزامی چەوسێنەری پیاوسالارانە، نیشاندەری هێزی دروستکەر، بەزەیی و دڵنەرمی لە مرۆڤدا پیشان دەدات. لە چیرۆك گەلێکدا بە ناوی، شوێنی کار، برێشت پیشانی دەدات کە ژنان هەندێکجار تەنیا لە جلی پیاواندا دەتوانن لە بەرانبەر کۆمەڵگای پیاوسالاردا ڕاوەستن. بە بۆچوونی بەشێك لە ژنانی فیمینیست، هەوڵی برێشت بۆ هاوکاری و ئاشت کردنەوەی فیمینیزم و کۆمۆنیزم، لە کۆتایی ڕێگای ئازادی ژنان، لەگەڵ گرفت ڕووبەڕوو دەبێتەوە. ژنان لە بەرهەمەکانی برێشتدا، شۆڕشگێڕانێکی ماندوو نەناس و جیهان وەتەنێك بوون لە چوارگۆشەی گۆی زەویەوە وەکوو چین، هێند و ئەورووپا. ئەوان لە تەمەنی جیاوازدان، لەشفرۆش، کچانی لاو، وەیان دایکێکی بێوەژنن. ئەوان لە چین و توێژ و کۆمەڵگایەکی جیاوازن، ماڵدار، کرێکار، جوتیار، فرۆشیار، خزمەتکار، نۆکەر، وردە بورژوا، ئەشراف و شازادە... .

# هونەرو ئەدەبیات و خەباتی چینایەتی

ن: محەممەد حوسێن
و: جەلال حسن زادە



ژمارەیەك لەسەر ئەوباوەڕەن كە ئەدەبیات و هونەر پەیوەندی بە خەباتی چینایەتی و سیاسیەوە نیە. هەرچەند كە هونەر و ئەدەبیات تایبەتمەندی و پێچاو پلۆچی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام لەرەوتی گۆرانكارییە كۆمەلایەتی و ئابورییەكان نەك تەنیا رۆڵی جیاواز و بێ كاریگەری نیە، بەڵكو تەواو بە پێچەوانە رۆڵی كاریگەر و بەرچاوی هەیەو چین و بۆچوونە جۆراو جۆروكان هەركامەیان هەوڵدەدەن لەم بوارەدا لەسەر بنەمای بەرژەوەندی و بۆچوونی تایبەتی خۆیان تێبكۆشن و بەقازانجی خۆیان، كەڵك لە هونەرو ئەدەبیات وەربگرن.

لەگەڵ گەشە كردنی سەرمایەداری و دەست و پێوەندەكانی، كە بریتیەلە گەشەی پیشەسازی، شارنشینی، شكل گرتنی بەرەیەكی بەرین لە رووناكبیران، بەشداری هەمەلایەنەی چینی كرێكار، هونەر و ئەدەبیاتیش رۆڵی زیاتریان پەیدا كرد. رێژەی خوێندەواران و كەسانێك كە لەگەڵ هونەر و ئەدەبیات پەیوەندی دەگرن، بەرانبەر بە سەردەمی بەرلە سەرمایەداری بۆ بەراورد نابێ و لە ئاكام دا چینی دەسەلاتدار هەزینەیەكی زۆر بۆ ئەم بەشە تەرخان دەكات هەتا هەرچی زیاتر هەل ومەرجی كۆمەلایەتی بكێشیتە ژێر ركێفی خۆیەوە. لەلایەكی ترەوە پێ بەپێی گەشەی ناكۆكی و هاتنە ئاراوەی خەبات، هونەرو ئەدەبیاتی «چینەكانی تریش

« دەخولقێ. هەم توێژەکانی نێوەندی کۆمەڵگا وهەم چینی کرێکار بەپێی هەل و مەرج و گەشــەی خۆی بەشــداری لــەم بوارەدا دەکــەن و رووناکبیرانی تایبــەت بەم چینانە، هونەرو ئەدەبیاتی خۆیــان دێننە گۆڕێ. لەگەڵ هەورازو نشــێوی خەباتی چینایەتــی و بارودۆخی چینەکان وریز بەســتنی هێزەکانیان، ئەدەبیات و هونەریش ئاڵ و گۆڕی بەسەر دادێ و هەربەم پێ یە بۆچوون و مەیلی جۆراوجۆر لەخۆیان دەردەخەن. ئەدەبیات و هونەرێك کە لەشۆڕشەکاندا شــکڵ دەگــرێ لەگەڵ هونــەرو ئەدەبیاتی ســەردەمی دامرکانــەوە جیاوازی زۆری هەیە. لە لایەکی ترەوە هونەرو ئەدەبیاتیش رەوتی رەوتی گەشــەی خۆی هەروەك زۆربەی ســەرخانەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی دەپێــوێ و هەربۆیە خاوەنــی پلە وپایــەی جۆراوجۆرن کە لەگەڵ گەشــەی خەباتی چینایەتــی پەیوەندیەکی چڕوپڕی هەیە. تەنانەت ناکاراترین بۆچوونە هونــەری و ئەدەبیەکان، رەنگدانەوەی هەل ومەرجی بۆچوونی تایبەتی لە کۆمەڵگادان. لە دەیەی ١٣٢٠ کــە کۆمەڵگا ئاڵوگۆری سیاســی و کۆمەڵایەتی بەخۆیــەوە بینــی و خەباتێکی سیاســی کارا، ئۆمێدی گۆڕانــکاری بە خەڵــك دەداو بزووتنــەوەی کرێکاری و زەحمەتکێشان ســەری هەڵدابوو،هونەرو ئەدەبیاتیش رەنگ و رواڵەتێکی تری بەخۆیەوە گرتبوو. گەلێك شــێعری وەك «شــەکاوە« خەڵکیان بەرەو خەبات بۆ ئازادی و رزگاری هان دەدا. شــێعرەکانیان بەزمانێکی پاراو، دەم بەدەم دەگەڕا و لەنێو زۆربەی رووناکبیران پەرەی گرت. کاریگەری ئەوان کەمتر لە هەڵسووڕانی سیاسی نەبوو، بەتایبەت کەلە ئێران هەمیشــە شــێعر پێگەیەکی تایبەتی هەبوە. شێعرەکانیان حەماســی، شۆرشگێرانە و وشــیاری دەرانە بوو. زۆربەی خەڵکــی نەخوێندوارو کەم ســەوادیش شــێعرەکانیان لەبەر کردبوو و لە قاوەخانەو کــۆڕو کۆمەڵەکاندا دەخوێندرانەوە. هێندێك جاران ئەو شــێعرانە بۆ جەمــاوەری خەڵك زیاترلە وتارو سوخەنرانیەکان کاریگەری دادەناو لەو سەردەمە ئاڵۆزە سیاسیەدا کە زۆربەی خەڵکی ئێران نەخوێندەوارو کەم سەواد بوون، پەیوەندییەکی بەهێزتریان بەمجۆرە شێعرانەوە هەبوو.

هونــەرو ئەدەبیاتی دواکەوتوانەی خورافی و سازشــکارانە پاشەکشــەی پێکرا بــوو و هۆگری نەبــوو. جەماوەری خەڵك ئاوات و ئارەزوەکانی خۆیان لە توێ، توێی شــێعری شۆرشــگێرانەدا بەدی دەکرد. لەو رۆژگارەدا کە خەبات لە دژی فیئودالی و لەنێو بردنی ببوو بە عەلاقەی گشــتی چینەکانی تــر نیزیکایەتی و هاودەنگــی یەکی زۆر لەم پەیوەندییەدا لەئارادا بوو، هونەرو ئەدەبیاتی ئەو ســەردەمە زۆر دژوارو ئاڵۆز نەبوو، بەگشــتی هێرشــی دەکردە سەر ئیرتجاعی فیئودالی دەسەڵاتدار.

بەســەرکوت کردنی بزووتنەوە لەســەردەمی کودەتای ٢٨ ی گەلاوێــژی ١٣٣٢ کۆمەڵــگای ئێــران پێــی نابوە قۆناغێکی دیکەوە. کوشت وبڕی هێزە سیاسی و یەکیەتیە کرێکاریەکان و زاڵ بوونی بارودۆخی سەرکوت و خەفەقان، پاشەکشەیەکی زۆری بەخبات کردبوو. خەباتگێران پۆل،پۆل رەوانەی زیندان کران و ژمارەیەکیش ئیعدام کران. نوێنەرانی بورژوازی میللیش سەرکوت کران و بەرەی میللی لەبەریەك هەڵوەشــایەوە. لە هــەل ومەرجێکی ئەوتۆدا شــاعیرانیش هێرشیان کرایەسەر.

لەدەیەی ١٣٣٠ بزووتنەوەی جەماوەری تووشــی شکســت دەبێ و هونەرو ئەدەبیاتیــش دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم هەل ومەرجە. لەگەڵ چاکسازی ساڵی ١٣٤٢ هەل ومەرجی نســکۆی بزووتنەوە بۆ ماوەی دەیەیەکی تر درێژ دەبێتەوە و بەمجۆرە پاش دوو دەیە نسکۆ و خەفەقان لە کۆمەڵگادا و لەلایەکی دیکەوە گەشــەو سەرهەڵدانی سەرمایەداری تازە پێگەیشــتوو، مەیل و بۆچوونی نوێ لە هونەرو ئەدەبیاتی ئێرانــدا دەخولقێنێ. بۆچوونێك لە هونەرو ئەدەبیاتی ئێراندا نوێنگــەی بێ هیوایــی و فەزای ســەرکوت و خەفەقان بوو»بۆ وێنە شــێعرەکانی ئیخوانووسالیس». بێ هیوایی، دڵەراوکێ، پاشەکشە، بێ متمانەییەك کە لەنێو ئەدەبیاتێکی ئەوتــۆدا دەخرۆشــێ تەنیا رەنگدانەوەیەکی راســتیەکانی ئەو ســەردەمەی کۆمەڵگا بــوون. بەڵام بێ هیوایی و بێ ئاسۆیی ئەم بەشە لە رووناکبیران تەنیا بەشێك لە ئەدەبیات و هەنەری ئەو سەردەمە بوو.بەشی باش و کاریگەری ئەو، رەنگدانەوەی واقعییەت و نارەزایەتی لە دژی هەل ومەرجی دەسەڵاتدار بوو. هەڵوێســتی رەخنەگرانە لە نووسراوەکانی ئەم بەشە بەرانبەر بە هەل ومەرج و هۆکارەکانی، لایەنێکی بەرچاوو کاریگەر بوو کــە بووبە هۆی ئەوەی رووناکبیران بارودۆخــی ئەو کاتەیان پێ دەردە بــڕێ. ئەم لایەنە باش وکاریگەرە کاتێك ئاشکراتر دەبێ کە لەگەڵ بۆچوونێکی تر لەبواری ئەدەبیات دا بەراوردیان بکەین.

جــەلال ئال ئەحمــەد نوێنــەری بۆچوونێکی تــری ئەم ســەردەمەبوو. ناوبراو کە یەکێك لە هەڵسووڕاوانی حیزبی تــودە بوو، لەگەڵ شکســتی بزووتنــەوە و نەمانی رۆڵی حیزبی تودە وەك مەیلێکی بە هێزی کۆمەڵایەتی، لەلایەنی دژایەتــی لەگەڵ رووناکبیرانی سیاســی بەرەو عیرفان و سوننەتەکان دەروات. ئەو کەسانەی کە هەڵگری بۆچوونی رۆژاوایی بــوون بە هۆکاری شکســتە کان دەزانێ کە لە

راستیەکانی کۆمەڵگا خۆیان دوور کەوتوونەوە. ناوبراو هەر ئەم نەریت و عیرفانە دواکەوتوانەی بە راستیەکانی کۆمەڵگا دەزانی کە تەنیا بە شێوەی دواکەوتوانە کاریان دەکرد و لە راستیدا نوێنەرایەتی بۆچوونێکی لە ئەدەبیاتدا دەکرد کە بە رەد کردنەوەی ئەو شتانەی کە لە نێو بزووتنەوە لە ئارادا بوون، لەسەر لایەنی باشیش پێداگری دەکات و سیاسەت دوور دەخاتەوە. لە راستی دا سیاسەت بەگێژاوێك دەزانێ کە هەموو شتێك ژێرو ژوور دەکات و لە ئاکام دا بێجگە لە دوورکەوتنەوە لە سیاسەت و پەنابردن بۆ عیرفان رێگایەکی تر لە ئارادا نیە. بەم پێ یە ئەدەبیاتی جەلال ئالی ئەحمەد لەگەڵ ئەدەبیات وهونەری سادق هیدایەت و ئیخوانو سالیس جیاوازی هەیەو نوێنەری بۆچوونێکی سەرلێشێواویکە کە بۆ دواوە گەراوەتەوە. ئەو نوێنەری توێژە بەینابەینیەکانی سەرەوەیە کە گاڵتە بە هەموان دەکات هەتا پاکانە بۆ بارودۆخی خۆی بکات و خۆی بێبەری لەسەر جەم هەڵەو چەواشەکارییەکان بکات. لەو سەردەمەدا کە حیزبی تودە بەهۆی سازشکاری و رارایی لەتمەی گەورەی لە بزووتنەوە داو سەرەنجام بە کودەتای گەلاوێژی ١٣٣٢ ئیرتجاع سەقامگیر بوو، بەشێکی زۆر لە رووناکبیران بەرەو عیرفان و ئەو سوننەتانەی لە کۆمەڵگادا بوون رۆیشتن کە ئال ئەحمەدیش یەکێك لە سەردەمدارانی ئەم بۆچوونە بوو کە لەو سەردەمەدا حیزبی تودە بە بزووتنەوەی چەپ دەناسرا، کاریگەری خراپی لەسەر کۆمەڵگاو لەوانە بەشێکی زۆری رووناکبیران دانا. یەکێك لەم کاریگەریانە ئالی ئەحمەد بوو کە نەتەنیا لە بواری ئەدەبیات دا بەڵکو لە بواری هونەریشەوە کاریگەری داناو دەکرێ بەخاڵی دژبە ئەدەبیاتی سەمەد بێهرەنگی و عەلی ئەشرەفی دەروێشیان دابندرێ. هەرچەند ئەو سەردەمی ناکۆکی و بۆچوونە تازەکانی سەرمایەداریش بوو. لەبواری ئەدەبیات بێهرەنگیەکان و دەروێشیەکان سیمای نوێ بوون کە باوەڕیان بە رئالیزم هەبوو، رئالیزمی ئەوان نەزۆك و پاسیو نەبوو، هێمای ژیانی خەڵکانێك بوو کە فەرامۆش کرا بوون و لەژێر چەنگاڵی سەرمایەداری دا دەتوانەوە. زمانی سادە وساکاری ئەوان بۆ دەربڕینی راستیەکانی کۆمەڵگا، بە خێرایی لایەنگری زۆری پەیدا دەکرد. لەنێو لاوان و رووناکبیران، کتێبەکانی بیهرەنگی و دەروێشیان» دەیەی ٥٠ « پێگەی بەرچاوی هەبوو. ئەوان نیشانیان دەدا کە ژیانی گوندنشینەکان و بنەماڵە کرێکاریەکان لەگەڵ دونیای بەرواڵەت پێشکەوتووی سەرمایەداری یەك ناگرێتەوە و ناکۆکیەکانیان نیشان دەدا و روونیان دەکردەوە. بە خوێندنەوەی داستانەکانی ئەوان، خوێنەر بیری دەکردەوە کە چبکات و هۆکاری ئەم هەموە جیاوازییە چیە. هەرچەند دەربڕینێکی ساکارو بەرتەسك بوو بەڵام بۆ ئەو سەردەمە کاریگەری زۆری دادەناو پرسیاری هەڵدەخڕاند.

هەرچەند هێندێك جار خەباتی تاکەکەسی لە نووسراوەکانی بێهرەنگی دا گەورە دەکرایەوە و»ئیرادە گەرایی» و قارەمان پەروەری جێگای واقعییەتی دەگرتەوە، بەڵام ئەم مەسەلەیە لایەنی زاڵ بەسەر نووسراوەکانی دا نەبوو. عەلی ئەشرەف راستیە شاراوەکانی ئاشکرا دەکرد و لە ئیرادە گەرایی و قارەمان پەروەری بێهرەنگی دوور کەوتەوە. لەهەر حاڵەتێکدا ئەم دوو نووسەرە لەو سەردەمەدا زیاتر لە رەوتە سیاسیەکان لەپێشەوە بوون و بۆچوونی شۆرشگێرانەیان لە ئەدەبیاتی ئیران دا شکڵ پێدا. ئێستاکەش زۆرکەس بە خوێندنەوەی داستانەکانیان لەگەڵ واقعیەتەکان ئاشنا دەبن و بیر لە رێگاچارە دەکەنەوە.

لەبواری شێعریش دا ئەحمەد شاملو جیاوازی زۆری لەگەڵ سەرجەم ئەم شاعیرانەی کەهەتا ئێستاکەش هەن، هەبوو. شێعری شۆرشگێرانەو ئامانجەکانی کاریگەری زۆری لەسەر رووناکبیران دانا. شێوازی شێعری ئەو لە بەستێنی سەروا تێپەڕی و زۆرتر پێناسەی سیاسی و رادیکاڵی هەبوو. شێعرەکانی ئەو پڕاوپڕلە رەخنەو نارەزایەتی بە دیکتاتوری و خەبات بۆ ئازادی، پشتیوانی لە خەباتگێران، و لەقاودانی سازشکاران بوو. لەنێو بەستێنی بهێرەنگی دەسەڵاتی پاشایەتی، بانگەوازێکی ئاشکرا بوو کە دەهاتە بەرگوێ و هێرشی دەکردە سەرتێکرای سەرخانی سیستمێك کەلە ئارادا بوو. توانایی قەڵ وبەرینی ئەو وێرای ناوەرۆکی شۆرشگێرانە، زیاتر لەپێشوو شێعرەکانی هۆگریان پەیدا کردبوو و ناوو ناوبانگی نەتەنیا هەرلە ئێران بەڵکو لەجیهاندا دەنگی دایەوە. سەرەرای سانسۆری توندی چاپەمەنی شێعرەکانی لەنێو خوێندکاران و رووناکبیران دا دەست بەدەست دەگەڕا و پانتایی کاریگەرییەکانی وەك شاعیرێك بەرینتر بۆوە و گەلێك هۆگری بۆ خۆی دۆزیەوە. لەراستی دا ئەو خاڵی بەرانبەری نائومیدیی وەك ئیخوانوسالیس وعیرفان و دواکەوتوویی ئالی ئەحمەد و ئومانیستەکانی وەك سوهراب سپێهری بوو.

شێعرەکانی لەنێو زیندانیانی سیاسی و لەنێو شکەنجەگان دا زەمزەمە دەکرا و یان لەسەر دیواری سلولەکان دەنووسرایەوە. ئەو لە بواری ئەدەبیات و شێعردا بانگەشەی دونیایەکی باشتری بۆ خەڵکی زەحمەتکێش دەکرد ولە یەك یەکی شێعرەکانی دا ئەم راستیانە دەبیندرێ. بواری هەڵسوورانی هەربەو ئاستە نەبەسترا بۆوە، وەرگێرانی شێعرو رۆمانی

شورشـــگێرانە لەلایەن ناوبراوەوە، کاریگەری شورشگێرانەی لەسەر کۆمەڵگا دانا. لەســـەردەمی شۆرش و دواتریش دا لە نێو زۆربەی ماڵی کەســـایەتیە سیاســـیەکان شێعرێك، نووسراوەیەك و وەرگێڕادراوێکی شاملوو دەبیندران. لەراستی دا بەرەی شورشگێر کە لە هونەرو ئەدەبیاتی ئێراندا لەدەیەی ٤٠ و ٥٠ لە لایەن بێهرەنگی، شاملو و عەلی ئەشرەفەوە لە ئارادا بوو بەهیچ جۆر لە گۆڕەپانی سیاسی ئێران نەبوە. لەو ســـەردەمەدا کە رووناکبیران نوقمی خەباتی چریکی ببوون، خەباتی شۆرشـــگێرانە لە بواری هونەرو ئەدەبیاتی ئێراندا لەلایەن بێهرەنگی، شـــاملو و عەلی ئەشـــرەفەوە بەرەوپێش دەچوو. خەباتی سیاســـی ئێران تەنیا لـــە کاناڵی نیزامی و ئاوانتوریســـتیەو لە ئارادا بـــوو و خەڵك پێی نامۆ بوون، لەکاتێکدا کە داســـتانەکانی سەمەدبێهرەنگی بۆ هەرلاوێك هەســـت ین پێدەکرا. شێعرەکانی شـــاملو کاریگەری لەسەر رووناکبیرانی رادیکال هەبوو. نەســـلی نوێی هەڵسووراوانی سیاســـی لەژێر کاریگەری خەباتی چریکی و تەقینەوە و تیرۆر نەبوو کە بەرەو گۆڕەپانی خەبات و سیاسەت رۆیشتن بەڵکو لەژێر کاریگەری نووســـراوەکانی سەمەد و شاملو و عەلی ئەشـــرەفدا بوون. لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ ئاســـتەم بوونـــەوەی کۆمەڵگای ســـەرمایەداری و جیهانی بوونی ئەو، هەر رۆژە هونـــەرو ئەدەبیات رۆڵی زیاتری لە ژیانی ئینسانەکاندا دەگێراو بەگەشەی خەباتی چینایەتی رکەبەر، هەنەریش پەرەی زۆرتری داوە بە ناکۆکیەکان و رەنگدانەوەی خەباتی چینایەتی بوو. لەگەڵ گەشەی خەباتی چینایەتی لە ئێران و شۆرشی ٥٧ ، رۆڵی هونەرو ئەدەبیاتی ئەم بەشە لە شێعرو نووسەرانیش بەرچاوتر بۆوە. کتێبەکانی بێهرەنگی و شاملو و دەروێشیان چەندین جار چاپ کرانەوە و خوێنەری زۆرتری پەیدا کرد و بەپێچەوانە ئەدەبیات و هونەری نەزۆك و پاسیوی دواکەوتوو کەوتە پەراوێزەوە.

لەنێـــو بۆچوون و مەیلە جیاوازو ناکۆکەکانی ســـێ دەیەی ٣٠ و٤٠ و٥٠ هەتا شۆرشـــی ١٣٥٧، شاعیرو نووسەرانێك بوون کە ئاوێتەیەك لە رادیکالیزم بوون. نیمایوشیج، فروغ و مەحموود دەوڵەت ئابادی لەم کەسانە بوون. وێڕای ئەوەی کە واقعیەت و رەخنەی کۆمەڵایەتی بەشێکی حاشا هەڵنەگری نووســـراوە و شـــێعرەکانی ئەوان بوو، بەڵام بۆچوونی ئەوان ئاوێتەی ئومانیزم بوو و هەرئەو مەســـەلەیە هۆکاری هەل ومەرجـــی بەینابەینی کۆمەڵگا بوون. لەلایەکەوە فیلمێکی وەك «دەواری رەشە « لەلایەن فروغەوە دروستکرا کە باس لـــە واقعیەتی تاڵ ودژواری کۆمەڵگا دەکات . رۆمانێکی وەك «جێگەی بەتاڵی ســـلوچ» لەلایەن دەوڵەت ئابادیەوە دەنووسرێ کە باس لە زوڵم وستەمی ئاغاو دەرەبەگ دەکات و شێعرەکانی نیما رەخنە لە بارودۆخی نالەباری کۆمەڵایەتی دەگرێ. ســـەرجەمی ئەوانە بەشـــی رادیکاڵ و واقعیەتی ئەوانە کە کاریگەری باشی لەسەر کۆمەڵگادانا، بەڵام ئەوە تەواوی ئەوشـــتانەنیە کەلە نووسراوەکانیان دا هەیە. دەوڵەت ئابادی خۆی و بەرهەمەکانی بەگژ موناسبات و پەیوەندی ســـەرمایەداری و دژایەتی لەگەڵ ئـــەودا ناچێتەوە و خۆ پارێزی بەردەوام بەشێکی جیانەکراوەی ناوبراوە.

فروغ لەڕادەبەدەر عەلاقەی بە ئینسانیەت و هەست و نەست بوو،لەبەرانبـــەر ئەو واقعیەتانەی کە لە خەباتی چینایەتیدا هەبوو، نائومێدی و ناکامی لە شـــێعرەکانی نیمادا بەرچاو دەکەوێ. سەرجەمی ئەوانە ئاوێتە بوونێکە کە ئەوان دەخاتە هەل و مەرجێکی بەینابەینیەوە. ئاشکرایە کەلەنێو ئەم بەشەش دا جیاوازی بەرچاو هەبووە. بەپێی ئەوەی کە هەرکامەیان هەتا چ رادەیەك لەژێر کاریگەری دووبەرەی ناکۆکی هونەرو ئەدەبیاتـــی کۆمەڵگا بوون، هەل و مەرج و هەڵس و کەوتی جیاواز لەهـــەر پەیوەندییەك دا هەبووە. بـــۆ وێنە فروغی فەرووخزاد پاش شێعری «لەدایك بوونێکی تر»ەوە ئاشکرایە کە شـــاملوو کاریگەری لێوەرگرتووە و لەسەر لێشێواوی و ناکامی دوور دەکەوێتەوە، بەڵام دیسانیش ناکرێ بە تەواوی بڵێین شـــاعیرێکی شۆڕشـــگێڕە، چونکە ئومانیزم یەکێك لەبنەما سەرەکیەکانی شـــێعرەکانیەتی و لایەنی چینایەتی کەمتر لە شێعرەکانی دا دەردەکەوێ. بۆچوونی نێوەبەنێوەی هونـــەر و ئەدەبیات بەردەوام یەکێك لە بۆچوونە بەهێزەکانی کۆمەڵگا بووە، چونکـــە زۆربەی رووناکبیران و توێژە ماوە بەماوەکان لەگەڵ هونـــەر و ئەدەبیات پەیوەندی دەگرن و سەرەنجام لەم بۆچوونە نیزیکترن.

قسە سەبارەت بە هونەر و ئەدەبیات و رۆڵ و کاریگەریەکەی لـــە کۆمەڵگای ئێمەدا بەرینتـــر لەوەیە کە بتوانین لێرەدا و لەبەشـــێکی ئەم کتێبەدا باســـی بکەین. بۆیە لەم کتێبەدا ئاماژەیەکی گشـــتیمان بە بۆچوونـــی چینایەتی هونەر و ئەدەبیـــات کرد هەتـــا روون بێتەوە کـــە رۆڵ و کاریگەری هەرکامیـــان چبووە و لەبنەڕەتدا ناکـــرێ رۆڵی چینایەتی بـــۆ هونـــەر و ئەدەبیات لە کۆمەڵگایەکـــدا کە بە خێرایی ناکۆکیە چینایەتیکانی زیاتر دەبێ، لەبەر چاو نەگرین. ئایا بەراست دەتوانین رۆڵی شاعیران و نووسەرانێك کە ئاماژەمان پێکردن و داواکاریەکانیان کە هەیانبوە لەراســـتای بۆچوونە تایبەتیکانی کۆمەڵگا حاشا لێ بکەین و هونەر و ئەدەبیات لە کێشمەکێشە چینایەتیەکان جیا بکەینەوە؟ ئارنۆڵد هاوزەر لەم پەیوەندییەدا دەڵێ:



«یاساکانی تێگەیشتنی هونەری، جیاوازییەکی ئەوتۆیان لە گەمە کۆمەڵایەتیەکان نیە. ئەم ڕێوشوێنانە هەرچەند ناسکیش بن و بەهەر رادەیەك شارەزایانە داڕێژرابن ئەگەر بەجیا لە ئامانجی رۆڵیان لێك بدرێنەوە خۆی لەخۆی دا گرینگیەکی ئەوتۆیان نیە. مانۆڕی کایەی فوتباڵ ئەگەر تەنیا وەك جم و جۆڵێکی ئاسایی ە ئاشکرا لەبەر چاو بگرین کردەوەیەکی بێ ناوەرۆك و بێ مانان. تاکە کەسێك هەتا ماوەیەك دەتوانێ چێژ لە چالاکی و کردەوەیان وەربگرێ، بەڵام ئەم تایبەتمەنیانە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی بینەرێکی شارەزا دەیبینێ و لەئامانجی سەرجەم ئەو راکردن، بێنەوبەرە و پاڵنەرەکان سەردەردێنێ، چەندە بێ ناوەرۆکە.ئەگەر ئەو ئامانجانەی کە هونەرمەند لەکاتی خوڵقاندنی بەرهەمەکانی بەشوێنیاندا دەگەڕێ، ئامانجی وەك وشیار کردنەوە، رازی کردن و کاریگەری دانان لەسەر خەڵك نەناسین لەم حاڵەتەدا لەهەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە هونەری ئەو، لەو بینەرە ناشارەزایە کە تەنیا رواڵەتی فوتباڵ دەبینێ، شتێکیتر بەدی ناکرێ. کاری هونەری جۆرێك لەپەیوەندییە. هەر چەند ئەوە بەتەواوی راستە کە گواستنەوەی سەرکەوتوانەی ئەمکارە پێویستی بوونی شکڵی رواڵەتی و لەهەمان کاتدا کاریگەر، جێکەوتوو و بێ کەم و کوڕییە، ئەوەش راستە کە ئەم شێوازە جیا لەپەیامێك کە دەیدات شتێکی بێ مانایە.» (فەلسەفەی مێژووی هونەر) بەمجۆرە لەکۆمەڵگایەکدا کە نا چینایەتیەکانی رۆژ بە رۆژ چڕتر دەبنەوە تەنانەت ناکاراترین و ئینسانی ترین شێعر و داستانەکان کە بەرواڵەت پەیوەندی بە هیچ بۆچوون و چینێکی ترەوە نیە، خۆی بەمەبەست و بێ مەبەست یەکێك لە بۆچوونە چینایەتیەکان هەڵدەبژێرێ. باسەکەمان لەم پەیوەندی یەدا بەقسەیەکی هاوزەر تەواو دەکەین:

« مرۆڤ گیانلەبەرێکی تەواو پڕلە ناکۆکیە. نەتەنیا ژیان دەکات بەڵکوو ئاگاداری بوونی خۆیەتی، نەتەنیا ئاگای لەوجوودی خۆی هەیە بەڵکو دەیهەوێ بیگۆڕێ. مێژووی ململانێی دیالکتیکی نێوان ئیدئولوژی و گەیشتن بە حەقیقەت، لەنێوان ویستن و زانین، هۆگری بە ئاڵ و گۆڕکردنی دیاردەکان و تێگەیشتن لەحاڵەتی رووت و قوتی دیاردەکانە. ئێمە لەبارودۆخێکدا کە هەل و مەرجی ماددی ژیان و ئامانجەکانمان بۆیان دیاریکردووین هەتا هەتایە ئەم بەرەوئەوبەر دەکەین. هەر جۆرە تێپەڕبوونێك لەکۆتایی هاتنی ئەم حەرەکەتە چ لەروانگەی هێگڵ و چ لەروانگەی مارکسەوە خەیاڵپەردازییەکی ئاشکرایە، لەروانگەی بیرۆکەیەکی مەنتقیەوە سنووری مێژوو لەگەڵ ئاستەنگەکانی ئینسان گونجاوە.» (فەلسەفەی مێژووی هونەر).

# مێری جۆنز
# ژنێك لەچینی کرێکاری ئامریکا



لۆمۆند لەبیستی ژانوییەی ١٩٧٨دا نووسی: «ماماجۆنز» لەڕاستیدا دایکی بوێری مەعدەنچییە مانگرتووەکانە. جارێکیان لولەی تیربارێك کەڕووی لەمانگرتووان گیرابو، گرت وقیژاندی: «ئاغای بەڕێز! هاوچینەکانی من چوونە قوڵایی کانەکانەوەو کانزای سازکەری ئەم تۆقتۆقەیان دەرکێشاوە. هەربۆیە، ئەم تۆقتۆقەیە هی منە!»

ـجارێکی دیکەلەوەڵامی یەکێ لەنوێنەرانی کۆنگرە کەشوێنی نیشتەجێبوونی لێ پرسی بو،

گوتبوی:»من دانیشتوی ئامریکام، وای دانێین باش نەزانم لەکام شوێنی، هەرجێیەك کەبۆ ڕزگاری لە چەوساندنەوە خەباتێك لە ئارادابێ، ماڵی من لەوێیە. یانی جارێك لە واشینگتۆن، جارێ لەوێنسیلوانا، جارێ لە ئاریزونا یان تێکزاس یان مینەسوتا یان کلۆرادۆ. ڕاستیەکەی، ماڵی من شتێك وەك پانێی کەوشەکەمە: لەگەڵ خۆم بۆ هەرلایەك دەیبەم!»

ئامریکایەك کە ماماجۆنز لەژیاننامەی خۆیدا باسی لێدەکا، ئامریکای کرێکارانی کۆچبەر، مەعدەنچییە چەوساوەکان، مناڵان وهاوسەرانیان وحەکایەتێك کەدەیگێڕێتەوە، بەسەرهاتی سەرکوتی ئەوان، خۆڕاگرییەکانیان، سەرکەوتن و شکستەکانیانە. هاوارێکە کەخەباتی ڕەگەزین جنسی وچینایەتی دەگەیەنێتە گوێچکەکان.

ماماجۆنز کەلەساڵی ١٨٣٥دا لە ئیرلەند لەدایك بوو، کاتی کۆچکردنی بنەماڵەکەی بۆ ئامریکا پێنج ساڵان بووە. دواتر ڕویکردە پیشەی خەیاتی. ئەو کەتەمەنێکی ١٠٠ ساڵە ژیا، بۆ ماوەی نیو سەدەی تەواو»لە١٨٧١تا ١٩٢١» سەرانسەری ئامریکای بەپێیان یان لە ئەرڕابەی قەتاردا پێواو هەمیشە لەوجێیەی کەبونی پێویست بایە حازر دەبوو: ئەوجێیەی کە دەبوایە ڕۆحی چینی ڕەنجبەر وەخەبەر بێ! ئەو جێیەی کەخەباتی کرێکاری بۆ دەستەبەر کردنی حەقی هەشت سەعات کار لە ڕۆژداو ناسینی مافەکانی سەندیکایی لە جەریاندا یوو: وئەو جێیەی کە نێو بژیوانی نێوان مانگرتووان و یاساکان . یان ئەرتەش وپۆلیس پێویست

بایە.
ژیاننامەی مامە جۆنز، دەرسێکی پڕ بایەخ لەمێژوو لەهەمان کاتدا سەرچاوەیەکی بەخشندەیە بۆ بیرۆکە عەمەلیەکان . خانی «پۆل لۆژۆن» لەپێشەکی کتێبی «مادەرجۆنز»لە بارەی مێری جۆنزدا دەنوسێ: «مێری جۆنز هەر لەسەردەمی منداڵیەوە، لەبەدشانسی خۆیەوە مەجبور دەبێ،لەغوربەتدا بەقیمەتی تەبعید بوون بەدوای کاردا بگەڕێ و ژیان بکات .
لەبەینی ساڵەکانی ١٨٣٠تا١٨٤٠دا، هەموساڵێ بیست هەزار مرۆڤی بێکارو برسی وڵاتانی خۆیان جێ هێشتووە. ڕەوتی کۆچبەری بەردەوام خێراتر بووە. بۆ وێنە لەبەینی ساڵەکانی ١٨٢٠تا١٩٢٠دا تەنیا چوار میلیۆن ونیو ئیرلەندی بۆ ئەوەیکە زیندوو بمێننەوە،یان بۆ ژیانێکی باشتر، وڵاتی خۆیان جێهێشتووە، چوونە ئەیالاتی موتەحیدە.
مێریش یەکێ لەم ئۆقیانوس پێوانەبوز مێری جۆنز لەم بارەوە هیچ نالێ، چونکە باسێك لەخۆی ناکا. بەڵام چەند حەوتو سەفەری دەریایی، لەژێر مەترسی نەخۆشی و مەرگ دابوون، لەکەشتی بادەوەیی وکۆندا پاڵەپەستۆ بون، ئەوی لەپڕ لەگەڵ خراپترین جۆری هەژاری و پەستی ئاشنا کردوو بو بەهۆی ئەوەیکە بێ چرکەیەك دودڵی و بەشێوەیەك کەگەڕانەوەی بۆ نەبوو، بێتە ڕیزی چەوساوەکانەوە. تائەو جێیەی کەساڵەکانی دواتر لەموعەلیم بون خۆ دەبوێرێ چون نایهەوێ ڕۆڵی ئاغای بان سەری منداڵان بگێڕێ .»
هەربەم شێوە کاتێك لە شیکاگۆ دەمێنێتەوەو لەماڵی دەوڵەمەندااندا خەیاتی دەکا،سەرنجی دەچێتە سەر بێ عەداڵەتیە کۆمەڵایەتیەکان ولەپەنجەرەی ئەم ماڵە ڕازاوانەرا،دەڕوانێتە هاتوچۆی پڕلەئازاری کرێکارانی شار .بەڵام ئەو هەربەچاو کردنەوەو بینینی ئەو شتانەی لە دەوروبەری دەگوزەرێ،ڕازی نابێ . دەست دەداتە لێکۆڵینەوە .پیشەی خەیاتی وئەیالەتی خۆی جێدەهێڵێ، سەردانی هەرشوێنێك کە چەوساندنەوە تێیدا بێداد دەکاو بێ بەشترین ئینسانەکان لێی دەژین،دەکا.
مێری جۆنز تەنیا پرسیار کەرێکی قەڵەم بەدەست نیە. ئەوەی دەبینێ هێزێکی تازە دەبەخشێتە ڕق وتوڕەیی ئەو. هیچکات لاپەڕەی نوسراوەکانی،وەك ئەو دیمەنەی کەخێڵی منالانی ڕەنگ پەڕیوو گێژی خەو —قوربانیانی بێ ئەملاو ئەولای ڕوداوەکانی کار.کەم ئەندامی و مەرگ — دەکێشێتەوە، لەرزە ناخاتە لەشی مرۆڤەوە.
مادەر جۆنز کە لەپەنای کرێکارانی شەش تاهەشت ساڵەی کچ وکوڕ دا ژیایوون باش دەیزانی لەپشت ئەم سیما لاوازو منالانەیەدا، تووڕەیی وبەبڕشتی چینایەتیان کەڵەکە بووە.
مێری جۆنز ئەم کرێکارە کەم تەمەنانە ئامادە دەکا زەنگی خەتەر بۆ بیرۆکەی گشتی لێبدەن. بەبەشداری کردنی ئەم کرێکارە کەم تەمەنانە، کەڕیسواکەری زیندوو بەرچاوی سەرمایەداری هارو دڕندەن ولەکارخانەکاندا پەرپەڕ دەبن،لەسەرا سەری وڵات . ڕێپێوانی گەورە وەڕێ دەخا. بەرێوەبردنی میتینگەکان وسوخەنرانیەکان بەکەڵك وەرگرتن لەشێوازی جێی سەرنجی دیکە،ویژدانە باشەکان ئازاردەدا. بۆ وێنەلەزانکۆی پرنیستۆن، لەحاڵێکدا کە کرێکارێکی دەساڵەی نیشانی خەڵك دەداکە«پشتی بەهۆی هەڵگرتنی بەستەگەلی ٣٧/٥کیلۆیی بەن، وەکو پشتی پیرە پیاوەکان کووڕ ببۆوە«، ئەم بڕگە تیژتر لەنەشتەرەڕوو بەڕووناکبیرانێك کە بۆبیستنی قسەکانی وی کۆببونەوە دەڵێ: جوزەوەیەکی بەرچاوی ئابوری سیاسی!»
مێری جۆنز لەکتێبی بیرەوەریەکانیدا دەڵێ: لەشاری شیکاگۆدا، مانگرتن بەدوای مانگرتندابوو، سەرەڕای ئەو هەمووە لەسەر کاردەرکردن ویگرەو بێنەیانەدا. دوای ساڵی ١٨٨٦. ساڵانی مانگرتنە گەورەکانی مەلەوانانی دەریاچە، بارهەڵگران وکارکەرانی ڕێگای ئاسن بوو.
پۆلیس وکارفەرماکان ئەم مانگرتنانەیان توندو تیژانە سەرکوت دەکرد.هیچ گوێیان نەدەدا بەسکاڵای کرێکاران.»جان بانفلید»کەباز ڕەسی پۆلیس بوو، کاتێ ڕایدەگەیاند کەجەلەسە هێمن و دوورلە توندوتیژیەکانی کرێکاران قەدەغەیە، ڕەفتارێکی بێ ڕەحمانەی هەبوو. لەوجەلەسانەدا کرێکاران لەسەر حەقدەست ونیرانی سەعات کار بیرو ڕایان دەگۆڕیوە. هەڵس وکەوتی کارفەرماکان هاندەرانەبوو نەفرەت ونیگەرانی خۆشیان نەدەشاردەوە.ڕۆژنامەی شیکاگۆتریبوٚن، کەئۆرگانی کارفەماکان بوو، زۆر پەستانە پێشنیاری دەدا بەخاوەن مەزراکانی «ئیلینویز» کەلەگەڵ ماڵ بەکۆلانێك کەلەناوەندە سەنعەتیە گەورەکانەوە ڕژابونە دێهاتەکانەوە، وەك حەیوانێکی مەترسیدار ڕەفتاریان لەگەڵ بکەن و ژەهری «ئیستركنین» لەچێشتەکەیان کە ن.
کرێکاران دەستیان کرد بەخەبات بۆهەشت سەعات کاری ڕۆژانە. کارفەرماکان دەستەواژەی «ئانارشی» یانی کەس لەکەس وتێکەو لێکە یان بەرزکردەوە تاکو بزوتنەوەکە خەفەکەن.
هەرکەس لایەنگری هەشت سەعات کار لەڕۆژدا بوو، نێوی دوژمنی وڵات و خائین وئانارشیستی لێنرا. شار

دابەشکرا بەدوو ئۆردوی دژبەیەك. لەم بەرە، کرێکارانێك بوون کە لەسەرمان ڕەق هەڵاتبون، برسی وبێکارو ڕوت وقوت، هیچیان نەبوو بێجگە لەمستە گرێدراوەکانیان. ئەویش لەبەرامبەر حەوت تیرو باتونی پاسەبانەکاندا. لەوبەر کارفەرماکان بون کەپەکیان بەسەرمانەوەکەوت و غەمی نانیشیان نەبوو، پشتیوانی پۆلیس و ڕاگەیێنەرەکان وسەرجەم هێزەکانی دەوڵەتێکی بەهێزیشیان لەپشت بوو.

مادر جۆنز لەدرێژەدا، دیمەنگەلێك لەئەوڵی مانگی مەی



شیکاگۆ. وێنا دەکا: ئەوڵی مانگی مەی نزیك دەبۆوە. بڕیار بۆشەڕی کەم کردنەوەی ڕۆژێ هەشت سەعات کار دەست پێبکا. ڕاگەیێنەرەکان دەست بەکار بون کەتۆی ترس ودڵەڕاوکێ لەبەینی خەڵك دا بڵاوکەنەوە. ئەوڵی مانگی مەی لە١٨٨٤داو لە«هی مارگێت»ی (شیکاگۆ) دا کرێکاران بەدەنگێکی بەرز دەیانگوت: هەشت سەعات کار، هەشت سەعات حەسانەوەو ڕابواردن، هەشت سەعات خەو!»

لەچوار لای شارەوە مانگرتن وڕێپێوان وێڕای خۆپێشاندانەکان دەستی پێکرد.

کارفەرماکان لەڕقان خوێنی خۆیان دەخواردەوە. تاپۆی ئینقلابیان لەبەر چاوی خۆیان دەدریت. کرێکارانی کارخانەکانی «مەك کۆرمیك هاروستێر» لەبەردەم کارخانەدا کۆببونەوە.

هەرکەس درێژەی بەکارکردن دەداو تێکەڵی مانگرتووان نەدەبوو، پێیان دەگوت:»زەرد».

خشت بو دەهاویشتراو شوشەبو دەشکا. خەت ونیشانیان بۆزەردەکان دەکێشا. تەنانەت کەسێك، کرێکارانی بۆ شۆڕش بانگهێشت دەکرد.

پاسەبانەکان بێ هیچ ئاگادارکردنەوەیەك هێرشیان کردەسەر کرێکاران. جەماوەریان دایە بەر ئاگر، ولەڕاست وچەپەوە باتون بوکە وەسەری جەماوەر دەکەوت. چەند کەسێك کوژران و لاوەکانیشیان تاسەرە مەرگ کوتاو شپرزەیان کردن. هێندێکیش لەژێر دەست وپێی پاسەبانەکاندا مابونەوەو کاژەڵەی سەریان وردببو. سەدان کەس دەستگیرکران، بەڵام تەنیا کەسانێکیان نارده دادگا کەبۆهەشت سەعات کاری ڕۆژانە خەباتیان دەکرد.

هەینی ١١ی نوامبر، ڕێبەرانی بزووتنەوەیان لەدار دا. ئەو ڕۆژە دەوڵەمەندانی شیکاگۆ لەترسان دەلەرزان. لەتەواوی ئەو ڕێگایانەی دەگەیشتەوە زیندان، تەنافیان کێشابو. پاسەبانەکان چەك بەدەست، لەپەنای ئەم تەنافانەکێشکیان دەدا. گەشتیە تایبەتەکان دەوروبەری زیندانیان خستبۆ ژێر چاوەدێری. سەربانی بینا بەسامەکانی نزیکی زیندان پربو لەپاسەبان.

یەکەم یەکشەمەی دوای لەدار دان. ڕێورەسمی ئەسپاردە کردن بەڕێوەچو. هەزاران کرێکار لەم ڕێورەسمەدا بەشداریان کرد. لەژێرنیگای جەماوەرێکی زۆرو هەناسەلەسینگدا ڕاگرتون

سەفی ئەسپاردەکردن دەگەیشتە چەندین کیلۆمتر. تەرمەکانیان لەگۆڕستانی »والدەهایم»داناشت. بەڵام هێشتا لەسەرجێی خۆی بوو: خەبات بۆهەشت سەعات کاری ڕۆژانە، بۆهەلومەرجێکی ئینسانی تر،بۆدامەزراندنی موناسەباتێکی ئینسانی ترلەنێوان ئینسانەکاندا درێژەی هەبوئێستاش درێژەی هەیە.

سەرچاوەی کتێبی مادەرجۆنز

**ئارشیوی رادیو دەنگی شورشی ئیران**



# بۆ خوشکە ئازیزەکەم مەلەکە خانم (ئاخر نامەی ماجد مستەفا سوڵتانی)

**«بێدادگەهی تەبرێز»**

**ن: ماجد مستەفا سوڵتانی**
**و: کەریم دانشیار**

ئاخر نامە و دوایین پەیامەکانی شەهید ماجد مستەفا سوڵتانی

”چەکند بر قلب چون آتش من بلشویک وا ببايد مردن“

هەڤاڵان و یارانی هێژا !

بە گەرمە سڵاوێکی ئاگرینەوە، لە دوورەوە دەستەکانتان خۆشەویستانە دەگوشم. گەلێک بەهیوام تەڤگەری نیوەکارەی شۆڕشی گەلانی وڵاتەکەم بە ڕێبەریی پرۆلیتاریا و، بە نەسرەوتن و کۆڵنەدانی ئێوەی تێکۆشەر، لە دەقی بزووتنەوەی کمونیستی دا درێژەی پێ بدرێت و ئاواتی هەرە بەرزی گەلانمان بهێنێتە دی. لەدرێژەی تێکۆشانی ماندوو نەناسانەتاندا، ئەو کاتە شنەی خۆش خەبەری سەرکەوتن پەیامی سەرفرازیمان بۆ دەهێنیت، کە چەکی ڕەخنەگریی بێ بەزەییانەتان دژ بە هەر چەشنە ڕاڕایی و لادانێکی دەروون ڕێکخراوەیی، هەمیشە ئامادە و لەسەرپێ بێت. بەر و بەرهەمی خەباتی سەخت و بێ وچانتان لە یەکەمین گزنگدانی دا، سۆسیالیزم و لە ئاخرسەردا سەقامگیریی دەسەڵاتی چینی کرێکار و زەحمەتکێش دەستەبەر دەکات . دەسا شادی و دەمکاتێکی پڕ لە بەختەوریتان لە سەر ڕێ دابێ.

هەواڵان !

چەند مانگ دوای دەست بەسەریم لە بەندیخانەی ڕژێمی دژی گەلی، ئەو ڕژێمەی کە هەر لە سەرەتای خۆ داسەپاندنی دا نواندی و نیشانی دا کە چ وەستاکارێکی وەفاداری تاکانەیە بۆ نەوژەن کردنەوەی سیستمی گەندەڵی سەرمایەداریی گرێدراو بە ئەمپریالیزم و، چەندە خێرا و بەتوانایە لە سەرکوتکردنی کرێکار و زەحمەتکێشان و، چیها تینووە بۆ خۆین خۆری و خوێن ڕژتنی خەڵکان و، چقاس مێشک پەرپوت و کین لە دڵە لە ڕماندن و خاپوور کردنی ماڵی هەژاران و چەندە بێ جەرگ و ترسنۆکە لە ئاست بزوتنەوە و سەرهەڵدانی خەڵکان دا. ئەو ڕژێمەی کە کرێکارانی ڕەنجەڕۆی شاری ئیسفەهان ، تەبرێز، دورود و چەندین شوێنی تری ڕەنج بەخەسار تر کرد، ئەو حاکمییەتەی کە شۆڕای ڕاستەقینەی کرێکارانی داخست و، کوردستان و تورکمەن سەحرای غەرقی خوێن کرد، ئەوا منیشی بەسووچی ئەمە کە برای کاک فوئادم و هەواخوای چینی کرێکارم و ئامانجەکانی ئەوانم بە لاوە

پیرۆزە ، لە بێدادخانەکەیان دا دوای سەرخوێندنەوەیەکی نمایشی، سزای مەرگیان بۆ بڕیمەوە. من بە بیستنی حوکمی زۆردارانەیان و دڵنیا بوونم لە کارنامەی بەدکارانەیان ، سویندی مەزنم بە داهاتووی ڕوونی هێزی کرێکار، سوێندی گەورەم بە گەلەکەم ، هەر بە چەشنی گڕکانی ئاگر دەمام و، دەمی چەنە چەوتی «نووری» و «مورتەزا»م بە نرکەی بوێرانەم دەمکوت کرد. منێک کە لە فێرگەی کاک فوئادەکان، کاک حسێنەکان و کاک ئەمین . ە کان( ئەو سێ هاوڕێ و سێ برای شەهیدی قارەمان)م و لەبەر شەبەنگ و تیشکی ڕێبازی حەمەحسین . ەکان ، پیرخزرییەکان، گەنجییەکان ، فەرشچییەکان ، موعینییەکان ، زەکەریاییەکان ، قوبادییەکان و هەزارانی تری لە چەشنی ئەواندا وانەی داکۆکی لە مافی کرێکارم وەرگرتووە، خۆڕاگرانە ڕاوەستام .

کاک فوئاد لە ناخی مێشک و مژیم دا ڕواندبووی کە :

«نیست بر لوح دلم جز الف قامت یار
چکنم حرف دگر یاد نداد استادم !»

گەلێک درەنگ نییە ئەمڕۆ سبەیەک، ماچی دەسڕێژی گوللەبارانی دوژمنی دڵڕەش، بە دوور لە چاوگەلی ئازیزەکانم ، لەش و لاری گەرمم لە خاک و خوێن دەگەوزێنێت. ئەوا لە ئاخر پێچی کۆچی ماڵاواییم دا ئاخر دەنگی دڵەکەم هەڵدەبڕم و دوایین قسە و پەیامم بۆ هەڤاڵان دەنێرم ، کە نەسرەوتن و درێژەدانی تەڤگەری بەدوور لە نوچدانی ئێوەیە ڕیزەکانی پۆلایین و پتەوی چینی کرێکار بۆ داڕوخانی قەڵای ستەمی سەرمایە و بۆ سەقامگیر کردنی سۆسیالیزم دەستەبەر دەکات؛ ئا لەم بوار و ڕێبازەش دا، برِبڕەی پشتی خەباتی ئێوە لە ڕێکخراوەکەتاندا، ڕەخنەگرتنی زانایانەتانە لە هەر چەشنە ڕاڕایی و پاشگەز بوونەوە و لادان لە بنەما سەرەکییەکانی زانستی شۆڕشی کرێکارییە لە دەروونی ڕێخراوەکەتان دا.

ڕووی وتەیەک لە بابە و دایەم :
دوای چەندین مانگ هەڵوەدایی و بێ هەواڵی لێتان، بە سڵاوێکی گەرم و ئاگرینەوە، لە دورەوە دەستە میهرەبانەکانتان ڕادەمووسم. ئەوا «ئاخر»
نامە و دوایین«پەیام»ی خۆمتان پێشکەش دەکەم.

دایە و بابە خۆشەویستەکەم ، ئێوە خۆتان لە ژیانە پڕلە ئەزمونەکەی خۆتاندا شارەزان، یان بڵێین هیچ نەبێ دوای

ساڵی ٥٦ ، هاوکات دەگەڵ بەرز تێهەڵچوونەوەی تێکۆشانی گەلانی ئێران، بۆ هەمووڵایەک ڕوون و ئاشکرا دەرکەوتووە کە«هیچ شۆڕشێک بەبێ قوربانی تێپەڕ نابێت». ئەوەی ئاشکرایە، چینی کرێکار و سەرجەم چەوساوەکانی سەر زەوی بۆ ڕزگاری لە ژێر ستەمی و وەرگرتنەوەی کەسایەتی و دەسەڵاتی سیاسی، لە تەنگەتیلەی ژیانی نابەسامانیان دا هیچ دەروویەکی بەخێر نابێنن کە پێی بچارێن، جگە لە ڕاپەڕین و دەستەویەخەبوونەوە دەگەڵ دژان و دژبەرانی خۆیاندا؛ لەم بوارە چارەنووس سازە پڕ خەتەرەشدا ئەوا هەر پرۆلیتەرە پێشەنگ و ڕێبەرە و، ئێمەیش ڕێبوارانی باوەڕمەندی ئەم ڕێبازەین و گرێدراوین بە تێکۆشان لەم ڕێگەیەدا. سەر و ماڵمان لە پێناو ئارمانجمان دایە و، هەر چەشنە ڕاڕایی و کزۆڵیش لە خەبات دا، بە خەیانەتی مەزن دەزانین. باشترین بەڵگەی لە بۆ سەلماندنی پڕ لە شانازیی قسەکانم ، خەبات و خۆ بەخشینی سێ ڕۆڵەی قارەمانتانە، کە هەر سێیانیان کەم ژیان، بەڵام هەتا سەر ژیان. ئەوا سەری منیش لە پێناو ئەو سەودا گرانبارە دا دەگەڕێت و هەر ئەو ڕێگایە دەپێوێت، کە سێ ئەستێرەی سووری ئێوەی پێیدا ڕۆیشتن. منیش وەک ئەوان و ژمارێکی لە هەژمار نەهاتووی تر، هەرچی وەزە و هێز و خوین و گیانی کە لە جەستەم دایە، دەی توێنمەوە و داری ئازادی پێ بەختەوەر دەکەم. ئاخۆ چ شتێک لەمە باڵاتر و دڵگوشاتر دەبێ ، کە کەسێک بەقازانجی چەوساوە و ڕەنجدەرانی ڕووی زەوی ، بتوانێت ڕەوڕەوەی مێژوو بەرەو پێش بەرێت؟
من باش دەزانم کە وتەکانی من لەم دەمە هەستیار و خەمناکەدا بۆ ئێوە ، لەوانەیە دایە و بابەیەک کە سەرچاوەی دلۆڤانی و بەزەیی لە ڕادە بەدەرن بۆ ڕۆڵەیان ، کەمڕەنگ و غەور لێنیشتوو بێتە بەرچاو، بەڵام ڕێبوار هەر دەبێ لە ڕێدا بی و دەگەڵ ڕۆیشتنم هەر بە ئاواتەوەم کاتێک دابێت و وتەکانی من و یارانی من ، تەم ڕەوێن و مژ لادەر بن و ڕەنگی ڕاستەقینە ی باوەڕێ ئێمە لەبەر چاوی دایەو بابەکاندا دەربخەن.

تا شەهید خوێنی نەرێژێت
تاکو گەل تاڵی نەچێژێت
داری ئازادی شین نابێ
باخی ژینمان پڕ ژین نابێ

کەوایە، دایە و بابە ئازیزەکەم، بەپێی ئەم ڕوونکردنەوەیە و بە تێڕوانینێک لە ئەزمونەکانی خۆتان و بەتایبەت ڕووداوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی ، بەهیوام

ڕاستییەکانیان دەرخستبێت و خەم و مەراقی لە دڵ دا نەهێشتبن و لە بری پەژارە و خەم و فرمێسک، هێز و وزەیەکی لە ڕادەبەدەری لە دل و دەروونی ئێوە و هەموو خوشک و براکانماندا جێگیر کردبێت. ئەگەر خوشک و براکانی تریشمان وەک ڕێبوارانی ئەم ڕێبازە قۆڵی تێکۆشانیان هەڵماڵی بێت ، بێشک دڵ و دەروونی هەراوی بوێرانە و دنەدانی سەخاوەتمەندانەی ئێوە ، بۆیان دەبێتە گڕ و گەرمایەکی ترس و تاسە شکێن لە ڕێی خەباتیاندا. پەیام و سڵاوەکانم بە خوشک و براکانم بگەیەنن، بەتایبەت بە کاکە ڕەشاد، کاکە عەبە و خوشکە ڕێزدارە ئازیزتر لە گیانەکەم مەلەکە خانمە خۆشەویستەکەم و برا هێژاکانم ئەمجەد و ڕزا و حیشمەت، هەروەها براژنی بەڕێزم شوکریە و کیژۆڵە خۆشەویستەکەیان«فرمێسک» .

دەستی منتان بە داوێن ، نەکەن لە ئاستی فرمێسک دا کەمتەرخەمی بکەن و نەخش و دەوری پێشڕەوانە و قارەمانانەی باوکی و سێ مام ـ ی تیکۆشەری لێ حەشار بدەن! داوام لە برایان و خوشکان و شوکریە ـ ی هێژا ئەمەیە و چاوەڕوانیم لێتانە کە لە«فرمێسک»ە نەرم و نیانەکەتان گڕکان و کوانوویەکی پڕ لە سکڵی ئاگر ساز بکەن؛ لێبگەڕێن دەسا با چەخماخەی ئاورینگی هەستانەوە لە گۆڕی پڕ گڕی فرمێسکەکان هەستێ و دڵی ڕەشی شەوە زەنگ بڕووشێنێت.

مەلەکە ئازیزەکەم ! هەرچەندە کە لێت دڵنیام و دەزانم گیانی تێکۆشان و مورالی شۆڕشگێرانەی تۆ چەندە بەرزە و، لە خاوێنی و لە ئیمان و لە بڕوا دا چەند بەڕێزی، بەڵام بۆ ئەوەی کە ڕێبازە پیرۆزەکەت لە هەموو کارامەییەکانت بەهرە بستێنێت و هیچی بەفیڕۆ نەچێت، پێشنیار دەکەم لەمەو دوا بچیت و لە تەبرێز یان تاران نیشتەجێ بی. لە یەکێک لەم دوو شارانەدا هاوشان دەگەڵ هاوسەنگەرانت کار بگریتە ئەستۆ و بەرەو پێش بچیت. ئاخر پەیام و ڕاسپاردەی من بۆ هەموو برایان و سەرجەمی هاوڕێیان ، درێژەدانی خەبات و خۆ تەیارکردنیانە بە ئەزموون و زانستەکانی ئایدیولۆژیی چینی کرێکار و، چی تر...

بەڵام دایکەمەم !

وە بەڵام ئەی دایکەکەم !

«من نە ڕۆڵەی تۆم ، حاشام لێت دەبێ ، گەر وەک شینگێڕێ بۆ مەرگی سوورم بە شین و ڕۆ ڕۆ بی و، مەرگی مەیدانیم بە مردن بگری! من نە ڕۆڵەی تۆمە ، ئەگەر لە خوێن دا شەڵاڵم ببینی و بە چاو بۆم بگری، نەکەی لەو دەردەی دوژمنی بەدکار هێنای بە سەرما، سنگم بۆ بکوتی و ڕووم لە بۆ بڕنی! حاشام لێت دەبێ دایە، گەر لە کۆڕی یارانمدا کەیل و خەمناک و ڕەشپۆش بێیتە بەر چاویان.

دایە! بارانی گوللە، دەسڕێژی دوژمن، لە ڕێی ئامانجی بەرزی کرێکار، بۆ من جەژنەیە و بۆم زەماوەندە، کراسی نەخشاو بە خوێنی ئاڵی گەرمی گڕ گرتووم ، چلچرای ژووری زاوابەندیمە ... ئەگەر دایکی تۆ و، دایکەکەی منی ، ڕابە سەر پێیان ، ئاڵا و واڵایان لە خۆت هاڵێنە ، سنگ و بەرۆکی خوشکە نازەکەم بە گوڵی شللێر، بە سملّ و میخەک بڕازێنە ـ ڕەخت و تفەنگی خەباتی سوورم لە ملی خوشکم کە، ئەو کە ساڵیانە هاو ڕازی بیرمە و لە یەک ئاییینین... ڕابە سەر پێیان ، ئاڵا و واڵایان لە خۆت هاڵێنە و نێوبانگی سوورم هەر سوور ڕابگرە، لێبگەڕێ دوژمن لە بیستنی ناوی قارەمانانەم وەک بی بلەرزێ».

## کڵپەی شۆڕش لە کوردستان لە گشت ئێران

هێزی بەرزی گشت سەربەستان

وڵات دەکات بە گۆڕستان

بۆ خاینان و بۆ پەستان

ئەوسا میللەت خۆی دەزانێ

داری خنکان بۆ کێ دانێ

سڵاو لە یاران، سەرکەوتن بەشتان.

مەرگ و نەمان بۆ ئەمپریالیزم و کۆنەپەرستانی ناوخۆیی

بژی سۆسیالیزم .



# بۆچی سۆسیالیزم ؟

ن: ئالبێرت ئەنیشتاین
و:هیوا - م

ئایا، بۆ کەسانێکی کە لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی دا شارەزاییان نییە، ئاساییە کە سەبارەت بە سۆسیالیزم بۆچوونی خۆیان دەربڕن؟ من بڕوام وایە کە دەتوانن. لەبەر چەند هۆکارێك. لێگەڕێن سەرەتا بابەتەکە لە ڕوانگەی زانستیەوە تاوتوێ بکەین. وا دەردەکەوێ کە جیاوازی بنەڕەتی شێوەیی لە نێوان ئەستێرە ناسی و زانستی ئابووری دا بوونی نەبێ. هەریەك لەوان لە سنووری خۆیدا خەریکی شیکاری یاسای گشتی پەسند کراو بۆ کۆمەڵێکی دیاری کراو لە ڕووداوەکانن تا پێوەندی نێوان ئەم ڕووداوانە تا ئەو جێگایەی کە دەکرێ ڕوون بکەنەوە. بەڵام لە ڕاستی دا جیاوازیە شێوەییەکان بوونیان هەیە. دۆزینەوەی یاسا گشتیەکان لە بواری ئابووری دا، لەبەر ئەوەی کە ڕووداوە ئابووریەکان بە گشتی لە ژێر کاریگەری هۆکار گەلێکی زۆردان کە لێکدانەوەیان بە جیا دژوارە ، دەبێتە کێشە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەزمونی کەڵەکە بووی سەردەمی «بەناو» شارستانیەتی

مێژووی مرۆڤایەتی- هەروەك هەمووان دەزانن- لە ژێر کاریگەری هۆکار گەلێکی زۆر دابوون کە ناکرێ هەموو ئەو هۆکارانە بە هۆکاری ئابووری بزاندرێ. بۆ نمونە، زۆربەی زل هێزەکان لە مێژوودا بوونیان لە سایەی جیهان گوشایی دا بووە. لە وڵاتانی داگیر کراو دا، خەڵکی براوە لە بواری ماف و ئابووری دا لە بارودۆخێکی تایبەتی دا دەبن. ئەوان خاوەنداریەتی زەویان گرتە دەست و پێشەوایانی ئایینیان لە نێوان خۆیان دا هەڵبژارد. پێشەوا ئایینیەکانیش، کە بەرێوە بردنی پەروەردەیان لە دەست دا بوو، ئەم دابەشبوونە چینایەتیەیان بە دروست کراوێکی ئەزەلی لە قەڵەم دا و بە بڵاو کردنەوەی سیستمێکی بەهای «ئەرزشی» لە کۆمەڵگا دا بوونە هۆی ئەوەی کە خەڵك لەمەولا، بێ ئاگایانە، لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی دا، بەو شێوەیەی کە پێویست بوو، هیدایەت بکرێن. سونەتی مێژوویی، بە بەیانێك، هی دوێنێیە. بەڵام، ئێمە لە هیچ شوێنێك توانای دەرباز بوون

لەم قۆناغە تالاّن کارییەی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیە نەبووین. لێکۆڵینەوە و دەستکەوتەکانی ئێمە هی ئەم قۆناغەیە. یاسا ئابوورییەکانیش، لەم دەستکەوتانە وەردەگیران، ئەم لایەنە لە تالاّنکاری یە لە قۆناغەکانی دواتردا بەکار نایەت. وەلەبەر ئەوەی ئامانجی بنەڕەتی سۆسیالیزم زاڵ بوون و تێپەر بوون بەم «لایەنە تالاّنکاریە« لە ئاراستەی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی دایە، زانستی ئابووری، لە حاڵەتی ئێستا دا، توانای ڕوون کردنەوەی کۆمەڵگای سۆسیالیستی داهاتووی نییە.

دووەم، سۆسیالیزم چاوی لە داهاتوویەکی کۆمەڵایەتی-ئەخلاقیە. بەڵام زانست مەبەستێك بەدی ناهێنێ و لە خەڵك دا ئامانج دروست ناکا. زانست، بەلایەنی زۆرەوە، دەتوانێ کەرەستەی گەیشتن بە هەندێك لە ئامانجەکان بەدی بێنێ. بەڵام خودی ئامانجەکان مرۆڤە ئارمانخوازەکان بەدییان دێنن- وە ئەگەر ئەم ئامانجانە زیندوو بن- لە لایەن خەڵکەوە قەبووڵ دەکرێن و بەرە و پێش دەبردرێن. خەڵکانێك کە، نیوە وشیار، کامڵ بوونی بەشێنەی کۆمەڵگا لە ڕاستیەوە نزیك دەکەن.

لەبەر ئەوە، دەبێ ئاگادار بین کە لە بابەتە ئینسانیەکاندا نابێ ڕۆڵی زانست و شێوەکانی زانست لە ڕادەبەدەر بەرجەستە بکرێ. نابێ وابیر بکەینەوە کە تەنیا نوخبەکانن کە دەتوانن لەو بابەتانەی کە پێوەندیان بە پێکهاتەی کۆمەڵگاوەیە بیروڕای خۆیان دەربڕن. ماوەیەکی زۆرە کەسانێك هەن کە دەڵێن کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە سەردەمێکی پڕ ئەزمەدا تێپەڕ دەبێ، کە کۆمەڵگا یەکنەواختی خۆی لە دەست دەدا. ئەمە تایبەتمەندی هەل و مەرجێکی وایە کە لەو دا تاکەکان نیسبەت بەو کۆمەڵەی کە پێوەندیان پێوەی هەیە، بچوك یان گەورە، هەست بە بێ لێپرسراویەتی و تەنانەت ڕقیش بکەن. بۆ ڕوونتر بوونی مەبەستەکەم، تەجرووبەی شەخسی خۆمتان بۆ دەگێرمەوە. لەم ماوەیەدا لەگەڵ هاورێیەکی باسەواد و ڕووناکبیر دا سەبارەت بە ترسی شەڕێکی تر قسەم دەکرد، کە بە بڕوای من دەتوانێ ژیانی مرۆڤایەتی بخاتە مەترسیەوە. من پێم وابوو کە تەنیا ڕێکخراوەیەکی نێو نەتەوەی دەتوانێ ببێتە لەمپەر لەبەردەم ئەم ترسەدا. ئەم هاورێیە لە دوای قسەکانی من بە هێمنیەوە وتی: «بۆچی ئەوەندە لەگەڵ لەناو چوونی نەژادی مرۆڤ دا موخالیفی؟» دڵنیام کە سەدەیەك لەمەوبەر هیچ کەسێك بەم سادەییە شتێکی وەهای نەدەوت. ئەم بۆچوونە تاکە کەسیەیە کە بە هەوڵێکی بێ سوود دەیهەوێ ئەو ئارامی و بالانسە دەروونیە بهێڵێتەوە لە حاڵەتێکدا کە هیوای لە دەست داوە. بەیانی تەنیای و گۆشە گیریە کە ئەمرۆکانە زۆربەی خەڵك بە دەستیەوە ئازار دەکێشن. هۆکارەکەی چیە؟ ڕێگای دەربازبوون کامەیە؟ دەربڕینی ئەم شێوە پرسیارانە هاسانە و دۆزینەوەی وەلامێك کە قەناعەتمان پێ بێنێ گرانە. بەڵام من هەوڵ دەدەم، تا ئەو جێگایەی کە دەتوانم، وەلامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە، هەرچەند کە دەزانم هەوڵ و هەستەکانی ئێمە زۆربەی کات لەگەڵ یەکتری دا دژن و ناتواندرێ ئەوان بە یاسای سادە لێکبدەینەوە.

مرۆڤ بوونەوەرێکی تاك و هەر لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵایەتیە. وەك تاك، هەوڵ دەدا ئاگاداری لە بوونی خۆی و نزیکانی بکا، مەیلە شەخسیەکانی خۆی بەراوەردە بکا، وە توانا دەرونیەکانی پەروەردە بکا. وەك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، هەوڵ دەدا کە خۆشەویستی و دڵخوازی مرۆڤەکانی تر وەدەست بێنێ، لە خۆشیەکانیان دا بەشدار بێ و هاورێی ناخۆشیەکانیان بێ، وە لە باشتر کردنی ژیانیان دا یارمەتیان بدا. کەسایەتی تایبەتی هەر تاکێك لەگەڵ ئەو مەیلە جۆراوجۆرانە هەندێ کات پێچەوانە نەشو نەما دەکا و تێکەڵی تایبەتی ئەوانە کە ڕێژەی سەرکەوتنی هەر تاکێك لە وەدەست هێنانی ئارامی دەروونی و بەشدار بوونی لە باشتر بوونی کۆمەڵگا دا ڕوون دەکاتەوە. لەوانیە کە هێزی پێوانەیی ئەم دوو مەیلە، لە بنەڕەتەوە، لە گواستنەوەی سیفەتی باوانەوە دیاری بکرێ. بەڵام کەسایەتیەك کە لە کۆتایی دا پێك دێ، تا ڕادەیەکی زۆر، لە ژێر کاریگەری ئەو سروشتە دایە کە تاك خۆی لەوێ دا دەبینێتەوە. پێکهاتەی کۆمەڵگایەك کە لەوێ دا گەورە دەبێ، سونەتەکانی ئەو کۆمەڵگایە، و سیستمی بەهاداری ئەو کۆمەڵگایە، چەمکی ڕووتینی «کۆمەڵگا» کۆمەڵێك پێوەندی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ئەوە لەگەڵ کەسانی تری کۆمەڵگا و هەروەها تەواوی نەسڵەکانی ڕابردوو. تاك بە تەنهای دەتوانێ بیر بکاتەوە، هەوڵ بدا، بۆ خۆی کار بکا. بەڵام بۆ جەستەی فیزیکی، ئەندێشەی، وە هەستیەکەی پێویستی بە کۆمەڵگایە و پێوەی پەیوەستە. «کۆمەڵگا»یە کە بەدیهێنەری خواردن، جلوبەرگ، ماڵ، کەرەستەی کار، شێوە و ناوەرۆکی ئەندێشەی مرۆڤەکانە. ژیانی مرۆڤ بە کار و دەستکەوتی بە ملیۆن مرۆڤی ڕابردوو و ئێستایە کە بەدی دێ. ملیۆنها مرۆڤ کە لە پشت پەردەی «کۆمەڵگا» دا شاراوەن. لەبەر ئەوە، ئاشکرایە کە پەیوەست بوونی تاك بە کۆمەڵگاوە ڕاستیەکی سروشتیە کە ناتواندرێ لە ناوبچێ هەر وەك زەردەواڵە و مێرولەکان. بەڵام، لە حاڵەتێکدا کە پرۆسەی ژیانی مێرولە یان زەردەواڵەکان

تا بچوکترین پێکهاتەکانیان لە لایەن غەریزەیەکی ئێرسی و متافیزیکیەوە دیاری دەکرێ، نمونەی کۆمەڵایەتی و پێوەندیەکانی مرۆڤ گۆڕانکاری بەسەر دا دێ. بیرەوەری، توانای بەدیهێنانی شتی تازە، توانای قسە کردن، مەجالی پێشکەوتن لە ڕاستای پێویستیە بیۆلۆژیکیەکان بۆ مرۆڤەکان دەڕەخسێنێ. ئەم شێوە پێشکەوتنانە خۆی لە سوونەتەکان، پێکهاتەکان، و ڕێکخراوەکان، لە ئەدەبیات، لە پێشکەوتنەکانی زانستی و ئەندازیاری، لە بەدیهێنانە هونەریەکاندا وەك مرواری لێهاتووە. دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە مرۆڤ بە هەڵسوکەوتی دەتوانێ، بە شێوەیەك، کاریگەری لەسەر ژیانی خۆی هەبێ، لەم پرۆسەیەدا ئەندێشەی وشیارانە و خواستن دەتوانێ بەدیهێنەری ڕۆڵ بێ. مرۆڤ لە کاتی لە دایك بووندا خوخدەیەکی بیۆلۆژیك لە ڕێگای وەراسەتەوە وەدەست دێنێ کە متافیزیکیە و گۆڕانکاری بەسەردا نایەت.

ئەم خوخدەیە پێك هاتووە لە مەیلە سروشتیەکان کە تایبەتە بە جۆری مرۆڤ. لەگەڵ ئەوەشدا، بەدرێژای ژیان، مرۆڤ خوخدەیەکی فەرهەنگیش لە کۆمەڵگاوە، لە لایەن پێوەندیەکانی لەگەڵ هاوڕەگەزانی و باقی کاریگەریە کۆمەڵایەتیەکان، وەردەگرێ. ئەم خوخدە فەرهەنگیەیە کە بە تێپەر بوونی کات گۆڕانکاری بەسەر دادێ و تا ڕادەیەکی زۆر پردی پەیوەندی نێوان تاك و کۆمەڵگایە. مرۆڤ ناسی مۆدێرن، بە لێکدانەوەیەکی پێك گرتنیانە لە نێوان فەرهەنگ گەلێکی بە ناو سەرەتایی، نیشانی داوە کە هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان جیاواز و پەیوەستە بە نمونە فەرهەنگیەکان و پێکهاتە دەسەڵاتدارکانەوە. لێرەدایە کە هیوای ئەوان کە بۆ باشتر بوونی هەلومەرجی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەوڵ دەدا، شاراوەیە: مرۆڤەکان لەبەر خوخدە بیۆلۆژیکیەکەیان مەحکوم بە لەناو بردنی یەکتر و چارەنوسێکی بێرەحم کە خۆیان دروستیان کردوە نین.

ئەگەر لە خۆمان بپرسین کە چۆن دەتوانین پێکهاتەی کۆمەڵگا و خوو و ڕەفتاری فەرهەنگی مرۆڤ بگۆڕین تا ژیانی تا ئەو جێگایەی کە مومکینە خۆش بێ، نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە ناتواندرێ ریفۆرم لە هەندێك هەلومەرجی دیاریکراو دا بکرێ. هەروەك چۆن پێشتر وترا، سروشتی ژیان ناسانەی مرۆڤ، بە شێوەیەکی کرداری، گۆڕانکاری بەسەر دا نایەت. هەروەها، پێشکەوتنە تێکنۆلۆژیکیەکان و ئاڵوگۆرە جەمعیەتی- ژیاری لە چەند سەدەی ڕابردوودا هەلومەرجێکیان خوڵقاندووە کە بەردەوامن و دەمێننەوە. لە هەندێ شوێن بە دانیشتوانێکی پڕژ و بڵاوەوە، بۆ بەدیهێنانی پێداویستیە بنەڕەتیەکان، ڕێژەیەکی زۆر لە دابەش کردنی کار و پێکهاتەی بەدیهێنانی کۆکراوە پێویستە و حەیاتیە. ئەو سەردەمە خەیاڵاویەی کە تاکەکان یان کۆمەڵە بچوکەکان لە توانایان دابوو کە خودکەفا بن ماوەیەکی زۆرە بەسەر چووە. هەڵە نیە ئەگەر بڵێین کە هێشتاکانەش مرۆڤە کە پێکهاتەی جیهانی بەدیهێنان و بەکارهێنان دەخوڵقێنێ.

بە هێنانە گۆڕێی ئەو بابەتەی سەرەوە، ئێستا بەوە گەیشتووم کە، بە کورتی، دەتوانم ئەوەی لە ڕوانگەی منەوە، جەوهەری ئەزمەی سەردەمی ئێمەیە باس بکەم. کێشەکە پێوەندی تاك لەگەڵ کۆمەڵگایە. تاك لە هەموو کات زیاتر ئاگاداری پەیوەستی خۆی بە کۆمەڵگاوەیە. بەڵام ئەو ئەم پەیوەست بوونە وەك تێشوویەکی پۆزەتیڤ، پێوەندی ئۆرگانیك، هێزی پارێزەر لێك ناداتەوە. بەڵکو ئەو وەك مەترسیەك بۆ سەر ئازادیە سروشتیەکانی و تەنانەت بوونە ئابووریەکەشی دەزانێ. هەروەها، هەلومەرجەکەی بە شێوەیەکە کە مەیلە خۆپەرستانەکانی زەق دەبنەوە، لە حاڵەتێك دا کە تایبەتمەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو، کە لە بنچینەوە لاوازن، کاڵ و کاڵتر دەبنەوە. هەموو مرۆڤەکان، جیا لە هەلومەرجیان لە کۆمەڵگادا، لەم پرۆسە شیکاریەی تایبەتمەندیە کۆمەڵایەتیەکانیان ئازار دەکێشن. ئەو کەسانەی بێ ئاگا لەوەی ئەسیری خودخاهی خۆیانن،





مرۆڤەکان هەست بە ئاسایش ناکەن و هەست دەکەن تەنیان و لەم هەستە سەرەتاییەی چێژ لە ژیان وەرگرتن بێبەش دەبن. مرۆڤەکان تەنیا بە تەرخانکردنی خۆیان بۆ کۆمەڵگایە کە بە ژیانیان ( هەرچەند کورت و پڕ لە ترس ) مانا دەبەخشن.

لە ڕوانگەی منەوە، سەرچاوەی سەرەکی ئەم ئەزمەیە، شپرزەیی ئابووری کۆمەڵگای سەرمایەداری ( وەك ئەوەی کە ئەمرۆ هەیە ) یە. ئێمە شایەدی کۆمەڵێکی گەورە لە بەدیهێنەرانین کە هەر کام لە ئەندامانی لە هەوڵێکی بێ ماندووبوون دایە بۆ ئەوەی باقی ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە لە ئەنجامی کارەکەیان بێ بەش بکا. ئەم کارە پێویستی بە هێز نییە بەڵکو بە پێی شێوەگەلێکی تەواو یاسای ململانەی ئازاد بەرێوە دەچێ. لەم پێوەندەدا، دەبێ وەبیر بهێنمەوە کە کەرەستەی بەدیهێنان یانی تەواوی زەرفیەتی بەدیهێنەری پێویست بۆ بەدیهێنانی کاڵای بەکار هاتوو و کاڵای ژێر بەنایی- بە پێی یاسا دەتوانێ لە موڵکایەتی تاکە کەس دابێ. ( وە بە شێوەیەکی زۆر بەربڵاو بەو شێوەیەیە. )

من لە درێژەی باسەکەدا، تەواوی ئەوانەی کە بەشیان لە خاوەنداری کەرەستەی بەرهەم هاتوودا نییە بە «کرێکار» دادەنێم- هەرچەند کە ئەم پێناسەیە لەگەڵ مانا باوەکەی ئەم وشەیە بە تەواوەتی یەك ناگرنەوە. خاوەنانی کەرەستەی بەرهەم هاتوو لە هەلومەرجێك دان کە دەتوانن هێزی کاری کرێکاران بکڕن. بە بەکارهێنانی کەرەستەی بەرهەم، کرێکار کاڵا گەلێکی تازە بەرهەم دەهێنێ کە دەبێتە موڵکی سەرمایەدار. بەشی هەرە گرنگی ئەم پرۆسەیە پێوەندی نێوان ئەوەی کرێکار دەیخوڵقێنێ و ئەوەی کە وەك کرێ وەریدەگرێیە. هەر دوو لایەنی ئەم پێوەندیە لەسەر بنەمای بەهای ڕاستەقینە هەڵدەسەنگێندرێ. لەو ڕوانگەوە کە گرێبەستی کار «ئازاد»ە، کرێیەك کە کرێکار وەریدەگرێ لەسەر بنەمای بەهای ڕاستەقینەی کاڵایەك نییە کە بەرهەمی دەهێنێ. داهاتی کرێکار لەسەر ئەساسی کەمترین پێداویستیەکانی و لەسەر بنەمای پێویستی سەرمایەدار بە هێزی کار و ژمارەی ئەو کرێکارانەی بۆ بەدەست هێنانی کار ململانێ دەکەن دیاری دەکرێ. دەرك کردنی ئەم بابەتە زۆر گرنگە کە تەنانەت لە تیئۆری یش دا مافی کرێکار بەهای ئەو دەستکەوتە دیاری ناکا کە بەرهەمی دەهێنێ. سەرمایەی تایبەتی مایلە کۆببێتەوە لە دەست گەلێکی کەمتر دا وە ئەوە بە هۆی کێبەرکێی نێوان سەرمایەداران و هەروەها بە هۆی پێشکەوتن لە تێکنۆلۆژی و دابەش کردنی

کارەوەیە. تێکنۆلۆژی و دووبارە دابەش کردنەوەی کار بەشە گەورە ئابوورییەکان لە جیاتی بەشە بچوکەکان هان دەدات. ئاکامی ئەم پرۆسەیە ئەلیگراشیەکی تێکەڵە لە سەرمایییەی تایبەتی کە هێزە گەورەکەی ناتواندرێ بە شێوەی کاریگەر تەنانەت لەلایەن پێکهاتە دیموکراتەکانی کۆمەڵگاوە دەستی بەسەر دا بگیرێ و لێپرسینەوەی لێبکرێ. ئەمە لەو ڕووەوە دەڵێم کە ئەندامانی پێکهاتەی یاسا دانەر لەلایەن حیزبە سیاسیەکانەوە هەڵدەبژێردرێن وە ئەم حیزبانە، بە نۆبەی خۆیان، لە لایەنی ماڵیەوە یان لایەنەکانی ترەوە، لە ژێر کاریگەری سەرمایەدارە تایبەتیەکاندان، کە لە ڕاستی دا، دەنگدەران لە یاسا دانەران جیا دەکەنەوە. ئاکامی ئەمە ئەوەیە کە نوێنەرانی خەڵك بە پێی پێویست لە بەرژەوەندی کۆمەڵە بێبەشەکانی کۆمەڵگا پشتیوانی ناکەن. هەروەها لە هەلومەرجی ئێستادا، ئاشکرایە کە سەرمایەدارە تایبەتیەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستوخۆ سەرچاوەی زانیاریەکان ( چاپەمەنی، ڕادیۆ، پەروەردە )یان لەژێر دەسەڵات دایە. کەواتە بۆ هاوڵاتی کۆمەڵگاکانی ئێستا زۆر گرانە، وە لە هەندێ کات دا نامومکینە، کە بە ئاکامێکی عەینی بگا و لە مافی سیاسی خۆی وشیارانە کەڵك وەرگرێ. بەم شێوەیە، لە ئابووری پشت بەستوو بە خاوەنداریەتی تایبەتی سەرمایە، بارودۆخی دەسەڵاتدار لەسەر دوو بنەما وەستاوە، یەکەم: کەرەستەی بەرهەم ( سەرمایە ) لە موڵکایەتی تایبەت دایە و خاوەنانیان چۆن پێیان خۆش بێ بەو شێوەیە بەکاریان دەهێنن. دووەم: گرێ بەستی کار ئازادە. هەڵبەتە، کۆمەڵگایەکی سەرمایەداری خالیس بوونی نییە. بە تایبەتی، کرێکاران، لەماوەی خەباتی درێژماوەی سەخت دا، توانیویانە کە لە هەندێ بەش دا شێوەگەلێکی باشتر لە «گرێبەستی ئازادی کار» بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن. بەڵام بە گشتی، ئابووری ئەمرۆ جیاوازیەکی بەرچاوی لەگەڵ سەرمایەداری خالیس دا نییە. لە سەرمایەداری دا، بەرهەم بۆ سوودە نە بۆ کەڵك وەرگرتن. هەولێك نەدراوە کە تەواوی ئەوانەی کە توانا و مەیلیان بە کار هەیە کار بکەن. «سپای بێکار» دەبێ هەمیشە بوونی هەبێ. کرێکار هەمیشە ترسی لە دەست دانی کارەکەی هەیە. لەو ڕووەوەی کە بێکاری یان کارێك کە کرێکەی کەم بێ بنەمایەکی باش بۆ بازاری سوود هێن نییە، بەرهەمی کاڵا کەم دەرامەتەکان کەمە، وە ئاکامەکەی کەم دەرامەتی و سەختیە. پێشکەوتن لە تێکنۆلۆژی دا لە جیاتی ئەوەی کە لە قورسی کار کەم بکاتەوە، بە زۆری دەبێتە هۆی بێکاری. ئەنگیزەی سوود، لەگەڵ بەربەرەکانێی نێوان سەرمایەداران، دەبێتە هۆی ناسەقامگیری لە کەڵەکەبوون و بەهرەوەری لەسەرمایە کە ئاکامەکەی دابەزینی بەرچاو و بەردەوامە. ئاکامی کێبەرکێی هەوسار پچڕاو لە بەین چوونی هێزی کار و فەلەج بوونی وشیاری کۆمەڵایەتی تاکەکانە کە پێشتر قسەم لەسەر کرد. ئەم فەلەج بوونە بە گەورەترین زیانی سەرمایەداری دەزانم. وە تەواوی سیستمی پەروەردەی ئێمە بە دەستیەوە دەناڵێنێ. فەرهەنگی کێبەرکێی زیاد لە پێویست فێری خویندکاران دەکەن، ئەو بۆ ژیانی داهاتووی بە شێوەیەك بارێنن کە ستایشی «سەروەت» بکات.

من دڵنیام کە تەنیا یەك ڕێگا بۆ لەبەین بردنی ئەم کرژیە ڕەگ و ڕیشەدارانە بوونی هەیە و ئەویش دامەزراندنی ئابوورییەکی سۆسیالیستیە، لەگەڵ سیستمێکی پەروەردەیی کە ئامانجی مەبەستە کۆمەڵایەتیەکان بێ. لە ئابوورییەکی وەها دا، کەرەستەی بەرهەم بە دەست خودی کۆمەڵگاوەیە و بە دانانی پلانێك کەڵکی لێوەردەگیرێ. ئابووری بەرنامە بۆ دارێژراو، کە بەرهەم لەسەر ئەساسی پێویستیەکانی کۆمەڵگا بنیات دەنێ، کار لە نێوان تەواوی ئەوانەی کە توانای کاریان هەیە دابەش دەکا و بۆ هەمووان هەلومەرجی ژیان بەرهەم دەهێنێ. سیستمی پەروەردەیی، لەگەڵ گەشەی تواناییە دەروونیەکانی هەر تاکێك، هەوڵ دەدا کە لەو دا هەست بە لێپرسراویەتی بەرامبەر بە هاوڕەگەزانی جێنشینی پیاهەڵدان و شان و شکۆدان بە هێز و سەرکەوتن ( کە لە کۆمەڵگای ئێستا دا شایەدین ) بکا. هەروەها، دەبێ لەبیرمان بێ کە تەنیا ئابوورییەکی بەرنامە بۆ دارێژراو سۆسیالیزم نییە. وەها ئابوورییەك دەتوانێ هاوتەریبی کۆیلایەتی بێ. گەیشتن بە سۆسیالیزم پێویستی بە چارەسەری گەلێك کێشەی دژواری سیاسی- کۆمەڵایەتیە. بە لەبەر چاو گرتنی زیاد بوونی ڕادەی سەقامگیربوونی هێزی سیاسی ئابووری، چۆن دەتواندرێ بەردەم هێزی گشت لایەنەی برۆکراسی بگیرێ؟ چۆن دەتواندرێ لە مافی تاکەکەسەکان پشتیوانی بکرێ و بەو شێوەیە هاوسەنگی دیموکراتیك لە بەرامبەر هێزی برۆکراسی دا دابین بکرێ؟ ڕوون و بێ پەردە بوون سەبارەت بە مەبەست و کێشەکانی بەردەم سۆسیالیزم، لەم سەردەمی تێپەرینە دا، گرنگیەکی تایبەتی هەیە. لەو ڕووەوەی کە، لە هەلومەرجی ئێستادا، قسە و باس سەبارەت بەم بابەتە لە ژێر نیشانەیەکی پرسیاری گەلێك قورس دا دانراوە، من دامەزراندنی ئەم بڵاوکراوەیە بە خزمەتێکی کۆمەڵایەتی دادەنێم.

# سوسیالیزم لە ڕوانگەی مارکسەوە

ن: ئەریک فرۆم
و: هێمن

مانای سوسیالیزم لە ڕوانگەی مارکسدا سەرچاوە گرتووی مانای مرۆڤە لە بۆچوونی ئەودا. سوسیالیزم کۆمەڵگایەك لە کەسانی ڕێکخراو و ڕێکخستنی نیزامیخوازانە و خۆکرد نییە، کەسانێك کە لە نێوانیاندا بەرابەری داهات و بەرهەم بوونی هەبێ یان نەبێ و یان لە خواردن و پۆشاکی پێویست بێبەش بن یان نەبن. سوسیالیزم کۆمەڵگایەك نییە کە تێیدا تاك لەلایەن حکومەت و ماشێن و یان لەلایەن دیوانسالاریەوە ملکەچ کرابێت. تەنانەت ئەگەر دەوڵەت هەروەك «سەرمایەداری ئینتزاعی»، خاوەنکار بێت؛ تەنانەت ئەگەر ((هەموو ئابووری کۆمەڵگا لەدەست سەرمایەدارێکی تاکدا یان کۆمپانیایەکی سەهامی سەرمایەداری تاکدابێت)) نابێت ئەمە وەك سوسیالیزمێك ناو ببەین. لە ڕاستیدا، مارکس هەروەك چۆن بە ڕوونی لە دەستنووسە ئابووری و فەلسەفیەکەیدا دەڵێ: ((ئامانجی کۆمۆنیزم ڕێگای ڕاست و بێوێنە بوونی مرۆڤانە نییە.))

ئەگەر وایە ئامانج چییە؟

بە ڕوونی، ئامانجی سوسیالیزم مرۆڤە. سوسیالیزم ئەیەوێ شێوەیەك لە بەرهەمهێنان و ڕێکخستنی کۆمەڵگا پێکبهێنێ کە تێیدا، مرۆڤ بتوانێ بەسەر بێگانە بوونی لە بەرهەمی



کارەکەی، لە کارەکەی، لە هاو شێوەکانی، لە خۆی و بەسەر سروشتدا زاڵ بێت؛ کۆمەڵگایەك کە تێیدا مرۆڤ دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆخۆی و خۆی لە جیهان تێبگات، وە لەبەر ئەمە، لەگەڵ جیهان ببنە یەکێك. هەروەك چۆن پۆل تیلیچ پێداگری لەسەر دەکات، کە سوسیالیزم بە بۆچوونی مارکس بریتیی بوو لە: ((بزوتنەوەی بەرگری دژی داڕمان و لەناوچوونی عەشق لە کۆمەڵگای ڕاستەقینەدا)).

مارکس لە کۆتایی بەرگی سێهەمی سەرمایەدا بە ڕوونی ئامانجی سوسیالیزمی باس کردووە: ((سنوورەکانی دەسەڵاتی ئازادی دەست پێناکات مەگەر هەل و مەرجێك پشتەسەر بنرێ کە تێیدا کار لەژێر گوشاری پێویستی و قازانجی دەرەوە دەبێتە حەتمی. هاوشێوە لەگەڵ خوو و سروشتی شتەکان و لە مانایەکی وردتردا، سنووری ئازادی دەکەوێتە پشت بازنەی بەرهەمهێنانی مادی. هەروەك مرۆڤی سەرەتایی بۆ دابین کردنی خواستەکانی و پاراستنی ژیانی و دووبارە بەرهەم هێنانەوەی دەبێ لەگەڵ سروشت شەڕ بکات، مرۆڤی ئێستاش هەر وەهاکارێك دەکات، وە دەبێ لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگادا و لەژێر

هەموو شێوەکانی مومکیندا بەرهەمهێنان وەها بکات. بە پێشکەوتنی گۆڕانکاری مرۆڤ و پێداویستیەکانیشی فراوان دەبێت، لەبەر ئەوەیکە خواستەکانی مرۆڤ پەرە دەستێنێ؛ لەهەمان کاتدا ئەو هێزە بەرهەم هێنەرانەش کە لە ڕێگای ئەوانەوە ئەو داواکاریانە دابین دەکرێت پەرە دەستێنن. ئازادی لەم مەیدانەدا ناتوانێ بێجگە لەو ڕاستیە کە مرۆڤی کۆمەڵایەتی پێی گەیشتووە پەیوەندی تری هەبێ واتە بەرهەمهێنەرەکان بەردەوام پەیوەندیان لەگەڵ سروشت بە شێوەیەکی عەقڵانی برەو پێدەدەن، وە بە جێگای ئەوەیکە لەژێر دەسەڵاتی سروشتدا وەکوو هێزێکی کوێر بن، لەژێر چاودێری هاوبەشدا دایدەنێن. مرۆڤی شارستانی و پێشکەووتوو ئەرکی سەرشانی خۆیان بە بەکارهێنانی کەمترین ووزە و لەژێر گونجاوترین هەلومەرجدا بۆ سروشتە مرۆڤانەکەیان و بە ئاستێکی بەرزەوە بۆی بە ئامانج دەگەیەنن. بەڵام ئەمە هەمیشە سنووری گرنگیەکان دەمێنێتەوە. لەپشت ئەم سنوورە، ڕاوەستان و مەزن بوونەوەی هێزی مرۆڤانە کە ئامانجەکەی لەخۆیدایە، واتە سنووری ڕاستەقینەی ئازادی دەست پێدەکات؛ دەسەڵاتدارێتیەك کە لە هەر کاتێکدا، دەتوانرێ تەنیا لەسەر سنووری گرنگیدا وەکوو بناغەی خۆی، گەورە بێتەوە.))

لێرەدا، مارکس هەموو بەشەکانی ناخی سوسیالیزم باس دەکات، لە پلەی یەکەمدا مرۆڤ بە شێوەیەکی یەکگرتوو بەرهەم دەهێنێ نەك بە شێوەیەکی دژەیەك؛ ئەو بە شێوەیەکی عەقڵانی و بێگانە نەبوو بەرهەم دەهێنێ، واتە بەجێگای ئەوەیکە لەژێر دەسەڵاتی بەرهەمدا وەکوو کوێرە هێزێك بێت، بەرهەم هێنان دەخاتە ژێر چاودێری خۆیەوە. ئەمە بە ڕوونی، ئەو مانایە لە سوسیالیزم دوور دەخاتەوە کە تێیدا مرۆڤ لەلایەن دیوان سالاریەکەوە هەڵدەخەڵەتێنرێ کە بەجێگای نووسینگەیەکی گەورە بەسەر هەموو ئابووری دەوڵەتیدا دەسەڵاتدارێتی دەکات. بە مانایەکی تر، تاك بە شێوەیەکی هەڵسوڕاوانەتر لە بەرنامە داڕشتن و جێبەجێ کردنی بەرنامەکاندا بەشدار دەبێ. بە کورتی، ئەمە بە مانای پێکهێنانی دیموکراسی سیاسی و ئابووریە. مارکس چاوەڕوانی ئەوە بوو کە لەلایەن ئەم شێوە تازەیەی کۆمەڵگای نابێگانەوە، مرۆڤ سەربەخۆ بێت، لەسەر پێی خۆی بووەستێ و ئیتر لەلایەن شێوەکانی تری بێگانە بوون و بەرهەم و بەکار هێنانەوە بێهێز و فەلەج نەبێت، بەڕاستی سەروەر و خوڵقێنەری ژیانی بێت و هەر لەبەر ئەمە، بە جێگای بەرهەمهێنانی ئامێرگەلێك بۆ ژیان، ژیان وەکوو ئەرك و کارێکی گرنگی خۆی دەست پێبکات. بە بۆچوونی مارکس سوسیالیزم بۆخۆی هیچکات بە مانای پێکهێنانی ژیانی مرۆڤانە نەبووە، بەڵکوو ئامانجی ئەو ڕاستیە بووە. کاتێ مرۆڤ شێوەی عەقڵانی و بێگانە نەبووی کۆمەڵگا دروست دەکات، کاتی ئەوەی دەست دەکەوێ خەریکی ئەوە بێت کە پێی دەڵێن ژیان: واتە ((ڕاوەستان و هێزی بێوێنەی مرۆڤانە کە ئامانجی سنووری ڕاستەقینەی ئازادیە.)) مارکس، مرۆڤێك کە هەموو سالێك کۆمەڵە بەرهەمی ئەشیل و شێکسپیر دەخوێنێتەوە، هیچکات لە خەویشدا نەیدیبوو کە بۆچوونەکانی لە بابەت سوسیالیزمەوە بەو جۆرە مانا بکرێ کە ئامانجی سوسیالیزم هەر ئەو دەوڵەتی «کرێکاران» یاخود حکومەتی «ئازادی و ئاسایشە«یە کە کۆمەڵگا لە خۆراك و پۆشاکی گونجاو تێر دەکات. بە بۆچوونی مارکس مرۆڤ لە ڕەوتی مێژوویدا، داب و نەریتێکی خوڵقاندووە کە کاتێ ئەو نەتەنیا لە کۆت و زنجیرەکانی هەژاری ئابووری بەڵکوو لە زنجیرەکانی هژاری مەعنەویش کە بەهۆی بێگانە بوونەوە دروست بووە ڕزگاری دەبێت، ئەوکات بە پشت بەستن بە وەها ئەدەبیاتێك ئازاد دەبێ کە خۆی دروست بکاتەوە. تێڕوانینی مارکس بەسەر باوەڕی خۆی بە مرۆڤ و بە تواناییە دەرونیە ڕاستەقینەکانی ئەو کە لەسەر مێژووی بەهێز و بێوێنە ڕاوەستاوە. وەك مەرجی ئازادی و خوڵقاندنی مرۆڤ دەڕوانیە سوسیالیزم، وە نەك سوسیالیزم لە خۆیدا واتای ئامانجی ژیانی مرۆڤ بگرێتەوە.

بە بۆچوونی مارکس سوسیالیزم (یان کۆمۆنیزم) هەڵاتن و دوور کەوتنەوە و یان جیا بوونەوە، یان پێکهێنانی دونیایەکی عەینی نییە کە مرۆڤ بەهۆی عەینی بوونەوەی تواناییەکانی خۆی خوڵقاندوویەتی. سوسیالیزم گەڕانەوە بۆ هەژاری تێکەڵ لەگەڵ سادەیی بێ بەزەییانە و سەرەتایی نییە؛ بەڵکوو یەکەم تیشکی ڕاستەقینە و وەدیهاتنی ڕاستی عەداڵەتی مرۆڤانە هەروەك ئەمرێکی ڕاستەقینەیە. بە بۆچوونی مارکس سوسیالیزم کۆمەڵگایەکە کە وەدیهاتنی خود و سروشتی مرۆڤ بەهۆی زاڵ بوون بەسەر بێگانە بوونیدا وەدیدێ. لانیکەم، هەلێك بۆ کەسانی ئازاد، زانا، هەڵسوڕاو دەرەخسێنێ؛ سوسیالیزم وەدیهاتنی ئامانجێکی پێغەمبەرانەیە: شکاندنی بتەکان.

ئەو مارکسەی بە دوژمنی ئازادی ناولێنرا تەنیا لەم لایەنەوە خوڵقاندنی مومکین بوو کە فریوکاری بلیمەتانەی ئیستالین لەو کاتەدا کە بە ناوی مارکسەوە قسەی دەکرد لەگەڵ ئەو نەزانیە سەر سوڕهێنەرە تێکەڵی بکات کە بەرانبەر بە دەنگی مارکس لە جیهانی ڕۆژئاوادا هەیە. بە بۆچوونی مارکس ئامانجی سوسیالیزم ئازادیە؛ بەڵام





ئازادی بە تێگەیشتنێکی ڕیشەییانەتر لەوەیکە دیموکراسی ئێستا دروستی دەکات؛ ئازادی بە بۆچوونی مارکس هاوتا لەگەڵ ئاستی سەربەخۆییدایە؛ سەربەخۆ بوونێك بە وەستانی مرۆڤ لەسەر پێیەکانی خۆی، بەکار هێنانی تواناییەکانی خـــۆی و بوونی پەیوەندیەکی زگماکـــی لەگەڵ جیهاندا. مارکس دەڵێ: ((ئازادی تا ڕادەیەك خوو و سروشتی مرۆڤە کـــە تەنانەت ئەوانەش کە بە دژین بەڕاســـتی دەزانن... . هیچ مرۆڤیك لەگەڵ ئازادی شـــەڕ ناکات: بە ڕادەیەکی فراوان لەگەڵ ئازادی کەســـانی تردا شـــەڕ دەکات. لەبەر ئەوە، هەمیشە شـــێوەیەك لە ئازادی بوونی هەبووە. بەڵام، لەکاتێکدا وەکوو تایبەتمەندیەکی بێوێنە، وە لەکاتێکی تردا وەکوو مافێکی گشتیە.))

بـــە بۆچوونی مارکـــس سوســـیالیزم کۆمەڵگایەکە کە پێویستیەکانی مرۆڤ دابین دەکات. بەڵام زۆرکەس دەپرسێ: ئەمـــە هەر ئەو کارە نییە کە ســـەرمایەداری پێشـــکەوتوو ئەیکات؟ ئایـــا کۆمپانیـــا گەورەکانی ســـەهام زۆرترین حەزیان بۆ وەدیهێنانی پێداویســـتیەکانی مرۆڤ نییە؟ وە ئایـــا کۆمپانیاکانی ڕیکلام کۆمەڵەیەکـــی دۆزینەوە نییە کە بە هەوڵ و تەقەلایەکی هەمەلایەنە ((شـــی کردنەوەی بۆچوونەکان)) هەوڵ دەدەن ئەو شتانەی پێداویستی مرۆڤن بیدۆزنەوە؟ بەڕاســـتەی ئەگەر تەنیا بتوانرێ جیاکردنەوەی مارکس لە نێوان پێویســـتیە ڕاستەقینەکانی مرۆڤ و نیازە دروست کراوەکان واتە ئابووریەکان تێبگەی ئەتوانرێ واتای سوسیالیزم درك پێ بکرێ.

هەروا کە لە مانای کامڵی مرۆڤ پێکدێ، پێویســـتیە ڕاستەقینەکانی مرۆڤ لە ناخیدا ڕیشەیان هەیە؛ ئەم جیاکاریە لە نێوان نیازە ڕاســـتەقینە و درۆیینەکانی تەنیا بە پشـــت بەســـتن بە وەسفێکی خووی مرۆڤ و پێویستیە ڕاستەقینە مرۆڤانەکانی سەرچاوە گرتوو لەو بە ئامانج دەگات. نیازە ڕاستەقینەکانی مرۆڤ ئەوانەن کە وەدیهێنانیان بۆ ڕاستی بەخشـــینی مرۆڤ، بە واتای بوونێکی مرۆڤانە، پێویستە. هەر وەکوو مارکس ئیشـــارەی پێدەکات: ((بوونی ئەوەیکە مـــن بە ڕاســـتی ئەوینی بۆ دەردەبڕم لەلایـــەن منەوە هەر وەکوو پێویســـتی و نیازێك هەستی پێدەکرێ کە بەبێ ئەو، پێناسە و سروشتی من ناتوانێ وەدیبێ، تێر و کامڵ بێت.)) تەنیا لەســـەر بنەمای مانایەکی تایبەتە لە خووی مرۆڤ کە مارکس دەتوانێ جیاوازی نێوان پێویســـتیە ڕاستەقینە و درۆیینەکانی مرۆڤ باس بکات. لە لایەنی بیر و مێشکەوە، داواکاریە درۆینەکان وەکوو نیازە ڕاستەقینەکانە بە شێوەیەك کە پێویســـت و ڕاســـتەقینەن، ئەزموون دەکرێـــن. بێجگە لەمـــە، بە نیو نیگای بیر و مێشـــکەوە ناتوانرێ ڕادەیەك بۆ جیاوازی لە نێوان ئەو دوانە هەبێ (لە ووشەناســـی نوێدا دەتونرێ لە نێوان پێویســـتیە دەروونیەکان و هۆشـــیاریەکان یان تەندروســـتەکان جیاوازی پێکبهێنن.) هەمیشە مرۆڤ تەنیا ئاگاداری پێویســـتیە دەروونیەکانیەتی و بەنیســـبەت پێداویستیە ڕاســـتەقینەکانیەوە نائاگایە. ئەرکی توێژەری کۆمەڵگا ئەمەیە کە وەها بە ووردی مرۆڤ هەستێنێ و بە ئاگای بێنێ کە ئەو بتوانێ بەرانبەر بە پێویســـتیە درۆینە خەیاڵاویەکان و پێداویســـتیە ڕاســـتەقینەکان ئاگادار بێت. ئامانجی ڕاستەقینەی سوسیالیزم بە بۆچوونی مارکس جیا کردنەوە و وەدیهێنانی پێویســـتیە ڕاســـتەقینەکانە کە تەنیا کاتێ وەدی دێت کە بەرهەم هێنان لە خزمەتی مرۆڤدا بێت و سەرمایە توانایی دابین کردنی نیازە درۆینەکانی مرۆڤی لە دەستدا نەمابێت.

چەمکی سوسیالیزم لە بۆچوونی مارکسدا، هەروەها کە لە هەموو فەلسەفەی ئێگزیستانسیالیستیدا، سەرپێچی کردنە

لە بەرانبەر بێگانە بوونی مرۆڤدا؛ ئەگەر بە وتەی ئالدوس هاکسلی: ((هەموو ڕێکخستنە ئابووریەکان، کۆمەڵایەتی و نێو دەوڵەتیەکانی ئێستای ئێمە بە ڕادەیەکی بەرفراوان پشتی بە بێ ئەوینیەکی (love lessness) سازماندراو بەستبێ))، سوسیالیزمی مارکس سەرپێچی کردنە دژی ئەم بێ ئەوینیە، دژی چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ و چەوساندنەوەگەرایی بەرانبەر بە سروشت واتە لەناو بردنی سەرچاوە سروشتیەکان بە خەرجی زۆربەی خەڵك لەمرۆدا، زۆرتر، بە خەرجی ئەو کەسانەیە کە لە داهاتوودا دێن. ئەو مرۆڤە بێگانە نەبووەی کە پێشتر نیشانم دان ئامانجی سوسیالیزمە، مرۆڤێکە بە دوای «زاڵ بوون» بەسەر سروشتدا نییە، بەڵکوو لەگەڵی یەکدەگرێ؛ کەسێکە کە زیندووە و وەرگری ئۆبژەی (عەین)ەکانە و، لەبەر ئەمە، عەینەکان ژیانی بۆ پێك دەهێنن.

ئایا هەموو ئەوانەی کە وترا بەو مانایە نییە کە سوسیالیزمی مارکس وەدیهاتنی قوڵترین ئامانجەکانی دینی هاوبەشە لە نێوان ئایینە گەورەکانی ئۆمانیستی (یان مرۆڤ گەرایانەی) ڕابردوو؟ لە ڕاستیدا وایە، تەنیا بەو مەرجەی کە تێبگەین مارکس، وەکوو هێگڵ و زۆرێکی تر، بیر و بۆچوونی لە بابەت ڕۆحی مرۆڤ هەڵبەتە نەك لە زمانێکی خوا پەرەستانەدا بەڵکوو بە زمانی فەلسەفی، ڕوون دەکاتەوە.

ئەو لەبەر ئەو هۆکارە لەگەڵ دین ناکۆك بوو کە دین بێگانە بووە و ناتوانێ ئیتر داواکاریە ڕاستەقینەکانی مرۆڤ تێر بکات. لە ڕاستیدا، دژایەتی مارکس بەرانبەر خوا شۆڕشێکە دژی ئەو بتەی خوا ناو دەبرێ، پێشتر ئەو لە دەورانی لاوێتیدا لە کاتی وەرگرتنی دکتۆرای فەلسەفەکەی بە کورتی نووسی: ((نا ئەوانەی کە سوکایەتی بە خوایانی هۆزەکان دەکەن، بەڵکوو ئەو کەسانەی کە بۆچوونی هۆزەکان دەدەنە پاڵ خواکان، بێ ئایینن.)) لە دین هەڵگەڕانەوەی مارکس پێشکەوتووترین شێوەی خواناسی عەقڵانیە و ئەو لە زۆربەی ناڕازیەکانی کە لە پارێزگاری کردن بە خوا و دین بە «بێ باوەڕی» تاوانباری دەکەن بە مایستر ئەکهارت و یان زێنبودیسم نزیکترە.

بە قورسی دەتوانرێ لەسەر بۆچوونی مارکس بەرانبەر بە دین بەبێ بیرکردنەوە لە پەیوەندی فەلسەفەی مێژوو و سوسیالیزمی ئەو بە هیوای ڕزگاری خوازی پێغەمبەرانە سەدە کۆنەکان و ڕیشە مەعنەویەکانی ئۆمانیزم لە بۆچوونی یونانی و ڕۆحیدا قسە بکرێ. هیوای ڕزگاری خوازی بەڕاستی تایبەتمەندیەکی گرنگە لە بیرکردنەوەکانی ڕۆژئاوادا. پێغەمبەرانی سەدە کۆنەکان تەنیا وەکوو لائۆتسێ و بودا ڕێبەرانی مەعنەوی نین، بەڵکوو ڕێبەرانی سیاسیشن. ئەوان گۆشەیەك لەوەیکە دەبێ ببن نیشانی خەڵکی دەدەن و لەگەڵ بەدیلگەلێك کە دەبێ هەڵیانبژێرێ ڕووبەڕوویان دەکەن. زۆربەی پێغەمبەرانی سەدە کۆنەکان لەو بۆچوونەدا بەشدارن کە مێژوو ئامانجێکی هەیە؛ کە مرۆڤ خۆی لە تێپەڕ بوونی مێژوودا تەواو و کامڵ دەکات؛ وە لە کۆتاییدا، نەزمی کۆمەڵایەتی بەستراو بە ئاشتی و عەداڵەت پێك دەهێنی. بەڵام ئاشتی و عەداڵەت بۆ ئەو پێغەمبەرانە بە واتای وون کردنی شەڕ و لەناو بردنی بێ عەداڵەتی نییە. ئاشتی و عەداڵەت واتاگەلێکن کە بە گشتی لە تێگەیشتنی سەدە کۆنەکاندا لە واتای مرۆڤدا ڕیشەی هەیە. مرۆڤ پێش ئەوەیکە لەخۆی بەئاگا بێت، واتە پێش ئەوەیکە مرۆڤ بێت، بە یەکگرتوویی لەگەڵ سروشتدا ئەژیا (ئادەم و حەوا لە بەهەشت). یەکەمین بریسکەی ئازادی، کە هەر ئەو توانایەی «نا» وتنەیە، چاوەکانی کردەوە و خۆی وەك بێگانەیەك لە جیهاندا ژیتەوە، کە لەناو ناڕەزایەتیەکان لەگەڵ سروشت و تێك هەڵچوونەکانی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ و ژن لەگەڵ پیاودا بوو. تێپەڕ بوونی مێژوو ڕەوەندێکە کە تێیدا مرۆڤ کوالیتیە تایبەتیەکانی مرۆڤایەتی و تواناییەکانی بۆ دەربڕینی ئەوینداری و تێگەیشتن برەو پێ دەدات؛ وە هەرکە گەیشتە مرۆڤایەتیەکی کارڵ و تەواو دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ یەکگرتنەوەی هەڵوەشاوەی لەگەڵ جیهان. هەرچەند کە ئەم یەکگرتنە نوێیە جیاوازە لەگەڵ ئەو یەکگرتنەی پێش بە ئاگابوون لەپێش دەستپێکی مێژوو بوونی هەبوو. ئەمە بە واتای هاوتا بوونی مرۆڤە لەگەڵ خۆی، لەگەڵ سروشت و هاو ڕەگەزەکانی و لەسەر ئەو ڕاستیە بناغەی داناوە کە مرۆڤ لە تێپەڕ بوونی مێژوودا، خۆی خوڵقاندووە. لە بیرکردنەوەی سەدەکانی پێشتردا، خوا لە مێژوودا ئاشکرا دەبێت «(خوای ئیبراهیم، خوای ئیسحاق، خوای یەعقوب)» و ڕەها بوونی مێژوو لە مێژوودا، وە نەك لە مێژووی سەربەرزی ڕەسمیدا، جێگیر بووە. ئەمە واتە ئامانجی مەعنەوی مرۆڤ لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵگا پەیوەندی هەیە؛ سیاسەت لە بناغەدا هەرێمێك نییە کە بتوانرێ لە بایەخە ئەخلاقیەکان و خۆی ــ باوەڕ کردنی مرۆڤ جیا بکرێتەوە.

بۆچوونگەلێك پەیوەندیدار لەگەڵ ئەم بیرکردنەوانە لە بۆچوونی یۆنانی (وەهلینیستی) و ڕۆحی گەشەی کرد. لە زێنون، بناغەدانەری فەلسەفەی ڕەواقی، تاسێنیکا و سیسرون تێگەیشتنی یاسای سروشتی و بەرابەری مرۆڤ،



دوانە لەگەڵ داب و نەریتی پێغەمبەرانە، ڕەنگدانەوەیەکی بەهێزی لەسەر بیر و مێشکی مرۆڤەکان دانا؛ ئەمانە پایەگەلی بۆچوونی مەسیحین.

ئەگەرچی مەسیحیەت، بە تایبەت، لە کاتی پۆڵسەوە گەشەی سەند تا مانای مێژوویی ئازادی بە واتای ئەو دونیا و بە تایبەت مەعنەوی وێنا بکات، ئەگەرچی کلیسا جێگرەوەی «کۆمەڵگای باش» کرا، بەڵام ئەم گۆڕانە بە هیچ شێوەیەك تەواو کامڵ نەبوو، یەکەمین دەنگەکانی کلیسا ڕەخنەی ڕادیکاڵانە لە دەوڵەت باس دەکات؛ بۆچوونی مەسیحی لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست، هێزی جیهانی (secular) و دەوڵەت لە سەنگەر گرتن بەرانبەر یاسای سروشتی و عادەتی دەداتە بەر ڕەخنە. ئەم بۆچوونە لەسەر ئەم خاڵە سوورە کە کۆمەڵگا و دەوڵەت نابێت لە بایەخە مەعنەویەکانی سەرچاوە گرتوو لە نادیار و عەقڵ («زانایی» لە مانای قوتابخانەیی ووشەدا) جیا بکرێنەوە. لە پشت ئەمەوە، بیر کردنەوەی ئازادی خوازانە تەنانەت لە شێوەی ڕادیکاڵتر و کۆمەڵی مەسیحیدا پێش بزوتنەوەی ڕیفۆرمخوازانی دینی و لە بۆچوونی کۆمەڵگەلێکی فراوانی مەسیحیدا دوای ئەم بزوتنەوەیە تا ئەم کۆتاییانە لە ئەنجوومەنی هاوڕێیان socity of friends بوونی هەبوو.

لەم کاتەدا، بزوتنەوە و بۆچوونی ئازادی خوازانە دوای بزوتنەوەی ڕیفۆرمخوازانی دینی دیکە نەك تەنیا لە بیرکردنەوەی دینیدا بەڵکوو لە بۆچوونی فەلسەفی، تاریخی و کۆمەڵایەتیشدا گەشەی سەند. ئەم بۆچوونانە تا ڕادەیەك بە شێوەی ئیشارە لە ئیتۆپیاکانی گەورەی سەدەی ڕێنسانس ڕوون بووەوە کە قایل بوون دونیای خۆی نەك لە داهاتوویەکی دوور بەڵکوو لە جێگا و پلەیەکی دووردایە. ئەم بۆچوونە لە بۆچوونی فەلسەفی سەدەی ڕۆشنگەری و ڕاپەڕینی ئینگلستان و فەڕانسەشدا بڵاو بۆوە. ئەم بۆچوونە تەواوترین و کامڵترین ڕوونکردنەوەی لە مانای سوسیالیزم لە بۆچوونی مارکسدا دۆزیەوە. هەرچەند بیرکردنەوەی سەدەکانی کۆن، ڕەنگە، لەلایەن سۆسیالیستەکانی وەکوو موسێس هێس ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆیان لەسەر دانابێ، بەڵام بێگومان نەریتی ڕوون کردنەوانەی پێغەمبەرانە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لەلایەن فەلسەفەی ڕۆشنگەری و بە تایبەت بۆچوونی ئیسپینورا، گوتە و هێگڵ ڕەنگدانەوەیان لەسەری هەبوو. گەردیلەی هاوبەشی بۆچوونی پێغەمبەرانە، مەسیحی سەدەی هەژدەیەم و سوسیالیزمی سەدەی نۆزدەیەم هەر ئەم بۆچوونەیە کە دەوڵەت (کۆمەڵگا) و بایەخە مەعنەویەکان ناتوانن جیا لەیەکتر دابنرێن و سیاسەت و بایەخە ئەخلاقیەکان جیا نەکراوەیە. ئەم بۆچوونە لەلایەن مانای جیهانی سەدەی ڕێنسانس (ماکیاولی) و جارێکیتر لەلایەن جیهانیگرایی دەڵەتی پێشکەوتوو کەوتبووە بەر هێرش. لەوەدەچێ هەرکاتێ کە مرۆڤی ڕۆژئاوایی کەوتەبەر ڕەنگدانەوەی داگیرکاریە گەورەکانی مادی، خۆی بەبێ

هیچ ئەگەر و بەڵامێك دەسـپاردە دەستی هێزە نوێیەكانی دروسـتبوو لە داگیركاریەكانی و خۆشـحاڵ لەم دەسەڵاتە نوێیانـە، خۆی لەبیر دەكرد. نوخبەكانی وەها كۆمەڵگایەك بە هیوای دەسەڵات، جوانی و لەڕێگا بەدەركردنی ئەو كەس و كۆمەڵانەی كە لەژێر دوسـەڵاتی ئەوانـدا بوون، دڵیان مەشـغوڵ بوو. ئەم هەلومەرجە لە سەدەی ڕێنسانسدا و بە پشت بەستن بە زانستی نوێ، بووە هۆی دۆزینەوەی هەموو زەوی و گەشەی دەوڵەت لە شارەكانی باكووری ئیتالیا؛ ئەم هەلومەرجە جارێكیتر لە گەشەی تەقینەوەی سەرەتایی و، لە ئێستادا، دووهەمین شۆڕشی ئابووری هێنایە ئاراوە.

بەڵام ئەم گەشـەیە بەهـۆی بوونی هۆكارێكی تر، زۆر نادیار و نارۆشـن بۆتەوە. ئەگەر دەوڵەت یان كۆمەڵگا بە خزمەتگوزاری بۆ وەدیهاتنی بایەخێكی مەعنەوی دیار مانا دەبێتەوە، ئەم ترسە هەیە كە هێزێكی سەرتر و بەهێزتر، داوا لە مرۆڤ بكات یان بەسـەریدا بسەپێنی كە بە شێوەیەكی دیار بیر بكاتەوە و هەڵسـوكەوت بـكات. تێكەڵ كردن و یەكسـان سـازی بایەخگەلی دیار و لە لایەنی عەینییەوە بەناوبانگ لە ژیانی كۆمەڵایەتیدا، دەسـت دەداتە دوبارە بەرهەم هێنانەوەی هەمەخـوازی. بەهێز بوونی مەعنەوی لە سـەدەكانی ناوەڕاسـتدا لەدەست كلیسـای كاتۆلیكدا بوو. پرۆتێسـتانتیزم لەگەڵ ئەم هێزە كەوتە شـەڕەوە و لە خاڵێكدا كە لە سـەرەتادا وادەی ئـازادی زۆرتری بۆ تاك دەدا تەنیا حكومەتێكی ئەمیرنشـینی پێكهێنا كە حاكمی تاك و دژی جەسـتە و ڕۆحی مرۆڤ بوو. شۆڕش دژی هێزی میرنشـینی بەنـاو میللەت ڕوویـدا و بۆ ماوەیەك دەوڵەتـی میللی وادەی بە خەڵكدا كە نەمایەندەی ئازادی بێـت. بەڵام ئەوەندەی نەخایاند كـە دەوڵەتی میللی خۆی تەرخان كرد بۆ سـودی خاوەنانی سەرمایە و لەم ڕێگایەوە، توانی كاری زۆربەی كۆمەڵگا داگیر بكات. چینگەلێكی دیاریكـراو لەم كۆمەڵگایە دژی ئەم هێزە نوێیە شۆڕشـیان كرد و پێداگریان كرد لەسـەر ئازادی تاك لە دەست تێوەردان لە هێزی جیهانیدا. ئەم شـێوە ئازادی بێ ئەملا و ئەولایە (لیبرالیزم) كە بە پشتیوانی «ئازادی لە» گەشەی سەند، لە لایەكی ترەوە، بەو ئاكامە گەیشت كە دەوڵەت و كۆمەڵگا نابێت بە بۆنەی دیاریكردنی «ئازادی بۆ» هەوڵ بدەن؛ بەو مانایە كە لیبرالیزم دەبوایە نەتەنیا لەسـەر جیایی تاك لە دەوڵەت و كلیسـا پێداگری بكردایە بەڵكوو هەروەها دەبوایە ئەو بۆچوونـەی ئینكار دەكرد كە ئەمـە ئەركی دەوڵەتە یارمەتـی دیاریكردنی بایەخە ئەخلاقـی و مەعنەویەكان بـكات؛ وایان دانا دیاریكـردن و وەدیهێنانی ئەم بایەخە بە تەواوی، مەسەلەی تاكە.

سوسـیالیزم (لە شێوەی ماركسیستی و یان لە شێوەكانی تریدا) گەڕاوە ئەو بۆچوونەی «كۆمەڵگای باش»ەیە واتای مەرجێك بۆ وەدیهێنانی پێویسـتیە مەعنەویەكانی مرۆڤ. تـا ئەو جێگایەی كە پەیوەندی هەم بە كلیسـاوە و هەم بە دەوڵەتەوە هەبوو، سوسیالیزمی دژی دەسەڵاتخوازانی بوو، لـەم ڕووەوە، ئامانجی لەناوبردنی دەوڵەت بوو و پێكهێنانی كۆمەڵەگایەك شێوەگرتوو لە هاوكاری خوازیاریانی خەڵك. ئامانجـی دووبارە دروسـت كردنـەوەی كۆمەڵگایەك بە شـێوەیەك كە بنەمایەك بێت بۆ گەڕانەوەی ڕاستەقینەی مرۆڤ بۆخۆی، كۆمەڵگایـەك بەبێ بوونی هێزگەلێكی دەسەڵاتخواز كە بیركردنەوەی مرۆڤی سنوردار دەكرد و شی دەكردەوە.

لەبەر ئەمە، سوسیالیزمی ماركسیستی و شێوەكانی تری جێگرانی ئازادیخـوازی پێغەمبەرانە، فیرقەگەرایی هەزار باوەڕەی مەسـیحی، تومـاس گەرایی (Thomism) سەدەی سیانزەهەم، ئۆتۆپیا گەرایی ڕێنسانس و ڕۆشنبیری سـەدەی هەژدەیەمن، سوسـیالیزم تێكەڵێك لە بۆچوونی پێغەمبەرانـە _ مەسـیحی كۆمەڵگا هـەروەك ناوچەی وەدیهاتنی ڕاستی مەعنەوی و وێنای ئازادی تاكە. لەبەر ئەم هۆكارە، دژی كلیسـایە چوونكە كلیسـا بیر و مێشك دەخاتـە كۆت و بەندەوە؛ دژی لیبرالیزمە چونكە لیبرالیزم كۆمەڵگا و بایەخە ئەخلاقیەكان لەیەك جیا دەكاتەوە؛ دژی ئیستالینیزمە و خرۆشیچفیزمە چوونكە دەسەڵاتخوازیەكەیان بەو ڕادەیە كە بایەخە ئۆمانیستیەكان لەبیر دەكەن.

سوسـیالیزم لەناوبردنی بێگانەبوونی مرۆڤە و گەڕانەوەیە بۆ مرۆڤ بە شـێوەی هەسـتێكی مرۆڤانەی ڕاستەقینە. سوسـیالیزم چارەسـەری ناكۆكی نێوان مرۆڤ و سروشت و مرۆڤ و مرۆڤە؛ چارەسـەری ڕاستەقینەی ناڕەزایەتی نێوان ڕاستی و ناخە، نێوان دۆزینەوەی دەرەوە و بەهێز كردنی ناخـە، لە نێـوان ئازادی و نیاز، لە نێوان تاك و شـێوەیە. سوسـیالیزم ڕێگە چارەیەكە بۆ نهێنیەكانی مێژوو و خۆی بە شێوەیەك دەناسێ كە بەڕاستی وەها ڕێگەچارەیەكە.

لە بۆچوونی ماركسـدا سوسیالیزم بە واتای ڕێكخستنی كۆمەڵایەتیە كە گەڕانەوەی مرۆڤ بۆخۆی، ئەم هەمانیەی ڕاسـتی و ناخە، زاڵ بوونە بەسەر جیایی و ناكۆكی نێوان سوژە: (زەین) و ئۆبژە: (عەین) و مرۆڤانە كردنی سروشت چارەسـەر دەكات؛ بە واتای جیهانێكـە كە تێیدا، مرۆڤ ئیتـر غەریبێك لە نێوان بێگانەكاندا نییە بەڵكوو لە جیهاندا خۆیەتی؛ لە ماڵی خۆیدایە.

# ماتریالیسمی فۆئرباخ و ماتریالیسمی مارکس

ن:هوشەنگ ماهرویان
و: هیوا ئەمانی



لۆکاچ بڕوای وایە (( مێژووی فەلسەفەی کلاسیکی ئاڵمان بابەتێکی زۆر گرنگە که هێشتا لە ڕوانگەی بیروڕای مارکسیستیەوە بە شێوەیەکی گشتی شرۆڤە نەکراوە. )) ئەمە مێژوویەکە بەدیهێنەری کانت، شلینگ و فۆئرباخە. فەلسەفەی مارکس درێژەی مەنتقی ئیدیالیسمی کلاسیکی ئاڵمانە. پلێخانۆف بڕوای وایە فەلسەفەی کلاسیکی ئاڵمانی (( ڕۆلێکی زۆر گرنگی لە بەرە و پێشچوونی زانست لە سەدەی نۆزدەیەم داگێرا و تەنانەت لە بەرە و پێش چوونی زانستی سروشتیش دا ڕۆلێکی گرنگی هەبوو. )) فەلسەفەی ئیدیالیسمی ئاڵمانی کاریگەریەکی زۆری لەسەر سیاسەت و ئەخلاق هەبوو و توانی ڕێگا نیشاندەر و شیکار کەری زۆریەك لە بابەتەکان بێ. بۆ نمونە وتەکانی مارکس و ئنگێلس لە بابەت پێوەندی پێویستی و ئازادی دەتواندرێ لە قسەکانی شلێنگ لە ساڵی ١٨٠٠ دا ببیندرێ. ئەم بابەتە لە لایەن هێگڵەوە بە شێوەیەکی وردتر باسکرا، هەروەك چۆن ئنگێلس دەڵێ: هێگڵ یەکەمین کەس بوو کە پێوەندی دروستی ئازادی و پێویستی هەست پێکرد. لە ڕوانگەی هێگڵەوە ئازادی دەرکی پێویستیە. پێویستی تا ئەو جێگایە کوێرە کە دەرك نەکرابێ. ئازادی سەربەخۆ لە یاساکانی سروشت نییە بەڵکو ناسین و کردارە بە ئاراستەی ئەودا. بابەتێك کە بۆ یەکەم جار لە لایەن شلینگەوە سەبارەت بە پێویستی و ئازادی باس کراوە لە ئانتی دورینگ دا بەربڵاو دەبێتەوە.

ئاڵمان لە سەدەی هەژدەیەم و لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم دا لە سیستەمی ( ملوك الگوایفی ) دەناڵێنێ. ئاڵمان لە کۆتایەکانی سەدەی هەژدەیەم دا دەبێتە سێسەد پارێزگای جیا کە حکومەتی ناوەند هیچ دەسەڵاتێکی لە بەرامبەر ئەو لێك پچڕانەدا نییە. چینی ناوەندی ئاڵمانیش لە ژێر دەسەڵات و زوڵمی فئۆدالیسمی ئاڵمان دایە. هەروەها لەو بۆشایە مێژوویە ئاگادار نییە کە لە نێوان خۆی و هاوتایانی وەك فەرانسە و بریتانیا دا هەیە. لەم هەل و مەرجە مێژوویە دا هێزە پێشکەوتووخوازەکانی ئاڵمان لەسەر یەکێتی ئەو وڵاتە هاوڕان. ئەم سەردەمە سەرەتای خۆسازکردنی ئا□لمانە بۆ شۆرشی بۆرژوا دیموکراتیك. لەم کاتەدا تەواوی ئوروپا دەنگی شۆڕشی بۆرژوازی کە دەبێ بارگەو بنەی فئۆدالیسم تێکومەکان بدا و ڕێگا بۆ کۆمەڵگای دیموکراتیك و مەدەنی بکاتەوە، پڕ کردووە. شۆڕشێك کە گەلێك ساڵ لەمەوپێش لە فەرانسە و بریتانیا ڕووی دابوو بەڵام لە ئاڵمان هەروا نیزامی دەرەبەگایەتی حاکم بوو. نەبوونی یەکێتی سیاسی- ئابووری ئاڵمان و

ناوەندە سیاسییەکانی سەدەی ناوەڕاستی لەمپەرێك بوون لە بەرامبەر پێك هاتنی ئاڵمانێکی دیموکراتیك و مەدەنی دا. پێشکەوتنی ئابووری ئاڵمان بە بوونی ویلایەتی زۆر کە هەر کام خاوەنی سنوری گومرکی، دراوی پوڵی و سیستەمی پێوانەی تایبەتی خۆی بوو زۆر گران خۆی دەنواند. حاکمانی ویلایەتە بچوکەکانی ئاڵمان کە ڕەگیان لە دەرەبەگایەتی فئۆدالیسم دا بوو دژی هەر شێوە پێشکەوتنێکی سەرمایەداری و پێکهاتنی کۆمەڵگای مەدەنی بوون. بۆ نمونە ئەوان کێشانی ڕێگای شەمەندەفەر بۆ ئەو ویلایەتانەی کە لە ژێر دەستی خۆیان دا بوون بە دژی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان دەزانی.

زیاتر هونەرمەندان، شاعیرەکان و زاناکانی ئاڵمان لەو کاتەدا شیفتەی شۆڕشی کەبیری فەرانسەن و لە دەرەبەگایەتی بێزارن. گۆتە، لسینگ و شیللر سەر بە چینی ناوەندین و تایبەتمەندیە فکری و زەوقیەکانیان لە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو چینە کاریگەری وەرگرتووە.

سەرهەڵدانی فیختە، شلینگ، هێگڵ و هێگلیە لاوەکان، هەموو نمادی فکری شۆڕشی بۆرژوا دیموکراتیکە. شۆڕشێك کە بە هۆی لاوازی بۆرژوازی ئاڵمانەوە توانی خۆی بەهێز بکا. بۆرژوازی ئاڵمان لەم کاتەدا بە هۆی لاوازی بوونیەی فەرهەنگی خۆیەوە نەیتوانی رۆڵی شۆڕشگێرانەی خۆی بگێڕێ. نەیتوانی هەروەك فەرانسە ڕێبەرایەتی شۆڕشی دیموکراتیك بکا. وە هەروەها باس و بابەتی سۆسیالیستی لە فەرانسەوە چونە ئاڵمان و لەگەڵ ئیدیالسمی ئاڵمان تێکەڵ بوو. ئەگەر ئاڵمان نەیتوانیوە لەمپەری گەشەی کۆمەڵگای دیموکراتیك لەسەر ڕێگای خۆی لاببەرێ لە بەرامبەر دا بۆچوونێکی فەلسەفی وای دەست کەوتووە کە تەواوی ئوروپای سەرسامی خۆی کردووە. کانتی لە خۆی دا پەروەردە کردووە کە دوای ئەرەستۆ مێژووی ئەندێشەی فەلسەفی عەزەمەتی وا گەورەی بە خۆیەوە نەدیوە. بەڵام بزوتنەوەی رۆشنگەری نەهاتە ئاڵمانەوە. لەوانەیە لسینگ تەنیا رۆشنبیر و نوسەرێك بێ کە لایەنگری لە خیرەدی رۆشنگەری دەکا. ئەگەر ئاڵمان لە نیوە سەدەی پازدەیەم هەروەك ئیتالیا رێنسانسی بە خۆیەوە نەدی، ئەگەر لە سەدەی هەڤدەیەم پایەکانی بۆچوونی فەلسەفەی مۆدێرن هەروەك فەرانسە لەوێ سەری هەڵنەدا و لە ئاخر دا ئەگەر وەك فەرانسە خاوەنی ئەو رۆشنگەریە نەبوو و شۆڕشی ١٧٨٩ی تاقی نەکردەوە و هەروا ئەسیری دەرەبەگایەتی فئۆدالی ماوە، بە جێی ئەمانە بزوتنەوە گەلی ریفۆرمی ئایینی لە سەدەی شانزدەیەم لە ئاڵمانەوە دەستی پێکرد.

ئەگەر ئێبژێکتیۆیسمی وێنەکێشانی رێنسانسی بە خۆوە نەدی و ماتریالیستە رۆشنگەریەکانی سەدەی هەژدەیەمی نەبوو، بەجێی ئەوە بە وتەی مارکس ئیدیالیسم بووە هۆی گەشەی فەلسەفە. لە سەردەمێك دا کە ماتریالیستی میکانیستی و رووکەش بینی پۆزیتیۆیستی بڵاو بوو تەنیا ئیدیالیسمی ئاڵمانی بوو کە رێگەی بە گەشەی بۆچونی فەلسەفی دا. بەم هۆیەوە بوو کە لۆکاچ لە کتێبی «هێگڵی لاو» دا دەنوسێ: (( تئۆری ڕاستەقینە و دیالێکتیکی شۆڕشی بۆرژوازی و کۆمەڵگای بۆرژوازی دەبوایە لەسەر بنەمای ماتریالیستی دیالێکتیك باس کرابایە.)) یانی ئەوەی کە بە هۆی کەم و کوڕی لە چینی ناوەندا، ئەوە بۆچوونی چینی کرێکارە کە دەیەوێ بە شۆڕشی دیموکراتیك یارمەتی بگەیەنێ.

لە ساڵی ١٨٤٨ کرێکاران لە شۆڕشی دیموکراتیك دا بەشدار بوون و مارکس و ئنگێلس یش لە گۆڤاری نیۆراینیش (Neue Rheinische) سەبارەت بە پێویستی بەشداری لەم شۆڕشەدا زۆریان نوسی. شۆڕشی ١٨٤٨ توانای بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکەکانی خۆی نەبوو و بابەتە دیموکراتیکەکان هەروا لە دەستوری رۆژی شۆڕش دا زیندوو بوو. ئنگێلس سەبارەت بە ساڵەکانی پێش ١٨٤٨ دەڵێ: (( ئەم سەردەمە، کاتی ئامادەبوونی ئاڵمانە بە ئاراستەی شۆڕشی ١٨٤٨ و ئەوەی دواتر ڕووی دا تەنیا درێژەی ساڵی ١٨٤٨ و بەکردەوە دەرهێنانی وەسیەتی مەعنەوی شۆڕش بوو. ))

ئەم سەردەمە سەردەمی ڕوخانی دەرەبەگایەتی و شۆڕشی دیموکراتیك بوو. فەرانسە لە سەدەی هەژدەیەم و بریتانیا لە سەدەی شازدەیەم دا هەنگاویان نابووە ئەم دەورانەوە و ئاڵمان لە کاروان بە جێ مابوو. ئەمە بارودۆخێکی پڕ ئەزمە بوو. هەر ئەو ئەزمە دواکەوتوویە مێژوویە بوو کە بۆچوون گەلێکی وەك بەرتەری نەتەوەی ژێرمەن، شۆونیسم و لۆنتاریسم و رۆڵی کەسایەتی قارەمان و هەڵبژێراو و سەرومرۆڤی لە نوسینەکانی شۆپێنهاور، نیچە، هێگڵ و زۆربەی هێگڵیە لاوەکان پێك هێنا بوو. هەر ئەم ئەزمە دواکەوتویە بوو کە ئاڵمانی کردە ناوەندی بۆچوونە رۆمانتیکەکان. چونکە رۆمانتیسم لە هەلومەرجی قەیراناوی و نیشانەگەلی دونیای دا سەر هەڵدەدا. و ئاڵمان قەیراناوی ترین وڵاتی ئوروپای بوو. بۆچوونی رۆشنگەریش کە دەهاتە ئاڵمان لە نمونەی ژان ژاك رۆسۆیی دەهات. رۆسۆ بوو کە هەستی ئاوارەبوون و بێ ماڵ و حاڵی ئەوانی هێور دەکردەوە، وە لەسەر بۆچوونی ئەوان کاریگەری زۆری دادەنا. لەم بەینەدا



هەڵاتن بۆ ڕابردوو دەرمانێك بوو. پڕژانەسەر ئۆتۆپیا جیاوازەکان، هەڵاتن بۆ سروشت بە شێوەی ڕۆسۆیی و مەیل نیشان دان بە هونەری ڕۆمانتیك لە ئاڵمان سەمەرەی ئەو ئەزمە دواکوتوویە بوو. لەبەر ئەوە لە زۆرێك لە بۆچوونە جیاوازە فکری و هونەریەکانی ئاڵمان تەنانەت لە سەدەی بیستەم دەتوانین ڕیشە گەلێك لە ڕۆمانتیسم بدۆزینەوە.

لە ساڵی ١٨٤٨ مارکس بەرنامەی سیاسی گۆڤاری نیۆراینیش یەکێتی ئاڵمان لەسەر بنەمای دیموکراتیك و دامەزراندنی کۆماری دیموکراتیکی یەك پارچە و دابەش نەکراو دەزانێ. ئەنگێلس دەڵێ: (( ئێمە بەرنامەیەکی خێرای شۆرشگێرانەی بێجگە لە یەکێتی ڕاستەقینەی کۆماری ئاڵمان مان ناتوانێ ببێ. ))

شۆرشی بۆرژوا دیموکراتیکی ئاڵمان هەروەك فەرانسە بە شۆڕشگەلێکی فکری و فەلسەفی دەستی پێکرد، بەڵام بە جیاوازی گەلێکی زۆرەوە. ئاڵمانیەکان خەریکی ریفۆرمی ئایینین و فەرانسەیەکان ڕاستەوخۆ لە بەرامبەر کەنیسە و فەلسەفەی حاکم دا ڕادەوەستن. ئاڵمانیەکان بە فەلسەفەی هێگڵ وەك ئەنگێلس دەڵێ (( تاجی تەواوی تەکامولی فەلسەفی ))یە دەگەن، کە فەلسەفەی دەوڵەتی پاشایەتی دروخێنێ، وە فەرانسەیەکان بە بەکاربردنی ئامێری سەر برین «گیوتین» لە بەرامبەر کەنیسەدا ڕادەوەستان.

لە کۆتایەکانی دەیەی سێ سەدەی نۆزدەیەم دا هێگڵیە لاوەکان بۆچوونی دیموکراتیکی ئاڵمان نوێنەرایەتی دەکەن. ئاڵتۆسەر دەڵێ: هێگڵیە لاوەکان باوەڕیان وابوو کە ساڵەکانی دەیەی چوارەمی سەدەی نۆزدەیەم کۆتای دیکتاتۆری فئۆداڵی پروسە، کەم کردنەوەی دەسەڵاتی کەنیسە و کۆتایی سانسۆرە.

ئێشتراوس کە یەکێکە لە هێگلیە لاوەکان لە ساڵی ١٨٣٥ دا کتێبێك بە ناوی «ژیانی مەسیح» بڵاو دەکاتەوە. ئەو لەم کتێبەدا ئەفسانەکانی کتێبی پیرۆز نە لە کاریگەری ڕاستیەکان بەڵکو هەروەك شلینگ و هێگڵ دەڵێن: سەرچاوە گرتوو لە کۆمەڵگای مەسیحی دەزانێ. برۆنۆبائر یەکێکیترە لە شوێن کەوتوەکانی هێگڵ ئەو لە سەرەتادا بۆچوونی هێگڵیە دەستی ڕاستیەکانی هەبوو. بەڵام لە کۆتایی سی ساڵی دا یەکێك لە هەرە بەرچاوترین کەسایەتیەکانی بەرەی چەپی هێگڵیە لاوەکان بوو. برۆنۆبائر باوەڕی بە مێژووی مەسیح نەبوو. ئەو دەیوت مەسیحیەت شتێك نییە جگە لە سەمەرەی پێوەندیە دیاریکراوەکانی کۆمەڵگا. ئەو زۆر زیاتر لە ئێشتراوس هێرشی دەکردە سەر مەسیحیەت. برۆنۆبائر بە وشیاری خودی ئینسان و فەرهەنگ گرنگیەکی زۆری دەدا، لەم ڕووەوە مارکس بڕوای وابوو کە بائر بەرەو ئیدیالیسمی مێژووی هەڵخلیسکاوە. ئێشتراوس و برۆنۆبائر هەر کام لەگەڵ بوونی ئەو هەموو جیاوازیانە چەند لایەنێکیان لە بۆچوونەکانی هێگڵ هەڵگرتبوو. برۆنۆبائر فەلسەفەی مێژووی هێگڵ ڕەتدەکاتەوە و بەرەو بیروبۆچوونی هەندێ لە ڕووناکبیرانی سەدەی هەژدەیەمی فەرانسە دەکشێ کە باوەڕیان وابوو کە بۆچوونەکان حاکمی جیهانن و ئەو دروست دەکەن.

برۆنۆبائر، ئێدگار بائر، ئێشترێنز، ئێشتراوس و تەنانەت فۆئرباخ کە هەموویان بەشێك بوون لە هێگڵیە لاوەکان

بـــە رەدکردنەوەی هێـــگڵ هەنگاوێکیان بــــەرە و دواوە ناو بە بۆچوونی رووناکبیرانی ســــەدەی هەژدەیەم پەیوەســـت بوون. بـــەڵام هەلومەرجی ئاڵمان ســـوژەی لە کارکەوتوو، پۆزیتیۆیســـم و دترمینیسمی بێتاقەتی نەدەویست. ئاڵمانی ســـەدەی نۆزدە لە ئەزمەیەك دا بەســـەر دەبا کە داواکاری گۆڕانـــە و هێگڵیەلاوەکانیش بە هەر شـــێوەیەك خۆیان بە دوور لە گۆڕانکاری نازانن. برۆنۆبائر و هاوکارانی خۆیان بە پێشڕەوی شۆرشـــی ئاڵمان دەزانن. ئێدگار بائر باوەڕی وابوو کە ســـەردەمی ئێمە بە چاوچنۆکیەکی شۆرشگێرانە دەست نیشان دەکرێ. ئەوان لە ژێر کاریگەری رۆشنگەری فەرانســـە تا توانیان ئیدیالیسمیان رەد کردەوە، هەروەك چۆن هەڵخلیسکانە ناو پۆزیتیۆیسم و ماتریالیسمی میکانیستی. ئەوان بەو ئاکامە گەیشتبوون کە رۆح وەك شتێکی سەربەخۆ لە وشـــیاری مروڤ بوونی نییە. ئـــەوان دەیانوت کە ئەوە کاکڵەی رۆح نییە کە خۆی وەك ئایین نیشـــان دەدا، بەڵکو خودی مرۆڤـــە. بائرەکان لە ژێر کاریگـــەری فۆئرباخ دا دەیانـــوت لە ئاییـــن دا دەبێ بـــە دوای کاکڵی مرۆڤ دا بگەرێین نەك رۆح. بۆچوونیان ســـەبارەت بە ئایین لەگەڵ بۆچوونی هێگڵ جیاوازە.

بائرەکان زۆر زووتر لە ئێشتراوس لە هێگڵ دوور کوتبوونەوە و باوەڕیان وابوو کە هیچ ئاشتیەك لە نێوان ئایین و فەلسەفە دا نابـــێ. بۆ نمونە کاتێك کە یەکێك لە لایەنگرانی بەینی فەلســـەفە و ئایین دەڵـــێ کە، بیرمەندانێـــك کە بە دژی ئایینێك هەستاون ئەرکی سەرشـــانیانە کە ئایینێکی تر لە جێی دابنێن. برۆنۆبائر زۆر بە توندی هەڵوێست وەردەگرێ و دەڵێ کە ئێمە نامانەوێ ئایینێك لە جێگای ئایینێکی تر دابنێن بەڵکو دەمانەوێ فەلسەفە لە جێگای ئایین دابنێین. لەگەڵ ئەوە ئەوان فەلسفە بە (ئامانجی لە خۆدا ) نازانن. لە ڕوانگەی ئەوانەوە ســـەرکەوتنی فەلسەفە دەتوانێ ژێر بەنای عەقڵـــی کۆمەڵگا و بزوتنەوەی مرۆڤایەتی ڕووناك بکاتەوە. لەم ڕووەوە فەلسەفە لە ڕوانگەی ئەوانەوە بووە بە ئامێرێکی شۆرش.

هیچکام لە هێگڵیە لاوەکان پێوەندی پێویستی و ئازادی، تئۆری و پراتیك، وەرگرتنی ڕاستی و گۆڕانی ڕاستیەکەی دەرك نەدەکرد. ئەوان سوژە یان منی ناسێنەر بە لەکار کەوتوو دەزانن لە ئەمری ناساندن دا و لەبەرنامەی هێگڵ لایان داو بۆ ماتریالیستەکانی سەدەی هەژدەیەم گەڕابوونەوە. بەڵام لە ڕوانگەی مارکسەوە تێگەیشتن لە نیزامی دەسەڵات دار بەسەر جیهانەوە بۆ گۆڕانی ئەو بوو. ئەو لە تێزی یازدەهەم لەمەڕ فۆئرباخ دەڵێ: فیلســـوفەکان جیهان تەنیا بە چەند شـــێوەیەکی جیاواز شی و شرۆڤە دەکەنەوە، بابەتەکە لەسەر گۆڕانیەتی.

فۆئربـــاخ یەکێك لە گرنگتریـــن هێگڵیە لاوەکانە. ئەو لە کتێبەکانی «کاکڵی مەســـیحیەت» و «سەرو ساماندان بە فەلسەفە» دا مەسیحیەت دەکێشێتە ژێر ڕەخنەوە و لەگەڵ فەلســـەفەیەکی بۆچوونی بەرە و ڕوو دەبێ. ئەو لە کتێبی «کاکڵی مەسیحیەت» دا دەڵێ شتێك لە دەرەوەی سروشت و مرۆڤ بوونی نییە.

مارکســـی لاو فۆئربـــاخ وەك نوێنـــەری فەلســـەفەی «بەرجەستە»ی سەردەمی خۆی دەبینێ، کە بۆچوونەکانی «وردتریـــن و گرنگترین کاکڵەکانی ســـەردەمی خۆی و خەڵکی خۆی بوو.» کەواتە پشتیوانی کردن لە فەلسەفەی فۆئرباخی بە ئەرکی خۆی دەزانی و خۆی بە شـــاگردی دەزانی. فۆئرباخ ئایین و فەلسەفەی بۆچوونی بە هۆکاری نامۆبوونی ئینســـان لەگەڵ خـــۆی دەزانی لەبەر ئەوە هەم مەســـیحیەت و هەمیش هێگڵ کە خاوەنی فەلســـەفەی بۆچوونی بوو ڕەد دەکردەوە.

دەبێ فۆئرباخ تێبگەی تا نوسینە سەرەتایەکانی مارکس و ئنگێلس لەوانە «سەبارەت بە بابەتی یەهود» یان «ڕەخنە لەمەڕ فەلســـەفەی دەوڵەت» یان تەنانـــەت «بنەماڵەی پیرۆز» کە زۆریـــەك لە بۆچوونەکانی فۆئرباخیان تیا ڕەد بۆتەوە بەڵام هێشـــتاش کاریگەریەکـــی زۆری فۆئرباخیان لەسەرە، دەرك بکرێ.

فۆئربـــاخ بازنەی پێوەندی نێوان فەلســـەفەی هێگڵ و مارکسە. ئنگێلس دەڵێ ئێمە هەموو سەردەمێك فۆئرباخی بووین.

فۆئربـــاخ ئایین بـــە هۆکاری نامۆ بوونـــی مرۆڤ لە خـــۆی دەزانێ و لەبەر ئەوە بـــە توندی دژە ئایینە. ئەو بۆ ڕەدی ئایین بە ناچار فەلســـەفەی هێگڵیش ڕەد دەکاتەوە. فەلسەفەی ئیدیالیســـتی هێگڵ هەموو شتێك لە سوژە و ئۆبژە دادەبینێ، بەڵام فۆئرباخ دەڵێ: «من ســـوژەیەکم بۆ خۆم و ئۆبژەیەکم بۆ کەســـانی تر. لەبەر ئەوە هەم سوژەم و هەم ئۆبژە.بە شـــێوەیەکی کورت تر سوژە- ئۆبژەم.» لەبەر ئەوە لە فەلسەفەی فۆئرباخ دا بنەمای ئەساسی و گرنگ وشیاریە. فۆئرباخ دەڵێ من بوونێکی ڕاستەقینەم. کاکڵەی من هی لەشـــمە. پرۆسەی بۆچوون لە بونێکی هەڵکێشراو دا دروســـت نابێ، بەڵکو لە من دا، لە تۆدا، لە لەشـــی ئەوان دایە کە دروســـت دەبێ. بوونی ڕاستەقینە پێویستی بە بۆچوون و وشـــیاریە. بۆچوون درێـــژەوە بوو وە ئاکامی بوونە، ئەوە بۆچوون نییە کە دەســـت نیشـــانکەری بوونە،

بەڵکو بوون دەست نیشانکەری بۆچوونە. فۆئرباخ دەڵێ (( بیر بکەرەوە نەک وەک بیرمەندێک بەڵکو وەک بونەوەرێکی زیندوو و ڕاستەقینە.)) فۆئرباخ وای بیر دەکردەوە کە بابەتی پێوەندی نێوان مادە و ڕۆح کە پێی وا بوو شلێنگ و هێگڵ نەیانتوانی شیکاری بکەن، ئەو شیکاری کردووە. ئەو دەڵێ: (( شتێك کە بۆ من لە ڕوانگەی زەینی تەنیا رۆحی- مادی نیەو ناتواندرێ هەست بکرێ، لە ناو خۆی دا عەینی- مادی و هەست پێکراوە.)) لێرەدایە کە یەکێتی ڕاستی و زەینی بە شێوەیەکی مادی شیکار کراوە، بە هۆی یەکێتیەوە نە ئەم هەمانی و یەکسانیە.

فەلسەفەی ئیدیالیستی ئەم هەمانیە باس دەکا و هەمووشتێك لە رۆح دا کۆ دەکاتەوە. مونیسمی ئیدیالیستی فیختە، شلێنگ و هێگڵ، لە دژی ئێسپینۆزا کە دوکترینە مادیەکەی ئازادی مرۆڤ لەبەر چاو ناگرێ و هەموو شتێك جەبری چاو لێدەکا، پێك هات. فۆئرباخ بە مونیسمە ماتریالیستیەکەی دەگەرێتەوە بۆ ئێسپینۆزا، وە بەهایەکی گرنگی دەداتێ. ئەو ئیسپینۆزا بە ( پێشەوای ماتریالیستەکان و ئازادی خوازە تازەکان ) دادەنێ.

ئەمرۆکانە بۆچونەکانی ئیسپینۆزا بەم شێوەیە دانانێن. بەڵام فۆئرباخ بە شێوەیەکی تر لەگەڵ فێرکاریەکانی ئەودا بەرەورو بوو. فێرکاریەکانی ئێسپینۆزا کەم و کورتی زۆری هەیە. لە نوسینەکانی ئەودا سروشت شتێکی موتڵەق و متافیزیکیە وە کرداری ئەو نیشانەیە لە کردارگەلی خودا.

بابەتێکی گرنگ کە لە بۆچوونەکانی فۆئرباخ دا دەبیندرێ ئۆمانیسمە. ئەو دەڵێ: ( خودا یەکەمین بیر- ئەندێشە دووەمین — و مرۆڤ سێیەم و ئەخیریان بیری منە.)

دواتر بۆ ئۆمانیسمەکەی فۆئرباخ دەگەرێینەوە. بەڵام ئێستا ئەو رستەیەی سەرەوە و بابەتی ناسینەکە ڕاڤە دەکەین.

ئەو مرۆڤ بە سێیەم و ئەخریان بیری خۆی دەزانێ. ئەو سێیەمین بیرەی ئەو هەڵە ڕاڤە کراوە. لەبەر ئەوەی کە فۆئرباخ لە سێیەمین و ئەخیر دا بیری خودی مرۆڤ بە بەشێك لە سروشت دادەنێ، بەشێك لە هەبوون، وە ئەوە گومانی ناسینی جیهان بەو دەدا. ئەو بڕوای وایە کە دژیەکیەك لە نێوان بوون و ئەندێشە دا نییە. بۆشای ( فەزا ) و کات شێوەگەلێکن لە بیرکردنەوە هەروەك چۆن کانت بیری لێدەکردەوە. بەڵام کانت فەزا و کات تەنیا بە شێوەگەلێك لە بیرکردنەوە دەزانێ و بونیان ڕەد دەکاتەوە. لە شێوەیەك دا کە فۆئرباخ باوەڕی وایە کە فەزا و کات شێوەگەلێکن لە هەبوون کە هاتونەتە ناو بیرکردنەوەوە. ئەو دەڵێ من بەشێك لە هەبوونم، بونەوەرێکی زیندوو لە فەزاو و کاتدا. هەروەها شێوەگەلی بیرکردنەوەی من دەتوانن شێوەگەلێك لە سروشت بن. بەشێوەیەکی گشتی یاساکانی بوون، یاساکانی ئەندێشەشن. ئەم وتەیەی فۆئرباخ وتەکانی ئیسپینۆزا و نتۆرالیستەکان دێنێتەوە بیر.

لە تئۆریەکەی فۆئرباخ دا سوژە و ئۆبژە دوو لایەنی یەك گشتن. بەڵام لەگەڵ ئەوەی ئەو باوەڕی بە یەکێتی سوژە و ئۆبژە هەیە ڕۆڵێکی ناکاریگەر بۆ سوژە قایلە. لە فەلسەفەی ئەو دا سوژەی ناکاریگەر چاوەڕێیە کە ئۆبژە کاریگەری لەسەر هەستی دابنێ، وەبەم شێوەیە فەلسەفەی فۆئرباخ نزیك دەبێتەوە لە فەلسەفەی ( ماخ ). تێزی یەکەمی مارکس لە دژی فۆئرباخ نیشان دەری ئەم بابەتەیە. لەوێ دا کە کاستی هەموو ماتریالیستیەکانی پێشوو- وە هەروەها ماتریالیسمی فۆئرباخ- بە هۆی گرنگی ئەوان بە پراتیك و هەڵسوڕانی سوبژەکتیو دەزانێ.

بە بۆچوونی فۆئرباخ ئایین ئاکامی پرۆسەی شێوەگەلی خۆنەویستە. لە ئایین دا کاکڵی خودا هەر کاکڵی مرۆڤە، لەگەڵ ئەم جیاوازیەی کە کاکڵی خودا ئازادە لە سنورداریە تاکەکەسیەکان. فۆئرباخ ژێر بەنای تئۆریکی تێگەیشتن لە ئایین پەیوەست بە شێوەی دروست بوونی کۆمەلایەتیەوە دەزانێ. ئەو باوەڕی وابوو کە گۆڕانکاری لە تێگەیشتنە ئایینیەکان پەیوەستە بە گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیەکانەوە. بەڵام فۆئرباخ کاکڵی مرۆڤ بە پێوەندی دەری ئەم دووانە دەزانێ. ئەو خۆی دەڵێ کە گۆڕان لە تایبەتمەندیەکانی خودا، پەیوەستە بە گۆڕانکاری لە کاکڵی مرۆڤ دا.

لە ڕوانگەی فۆئرباخەوە مرۆڤ لە ئایین دا بیر لە هێزێك دەکاتەوە لەسەروی خۆیەوە. بۆنمونە کاتێك دەڵێ خودا عەشقە بەم مانایەیە کە عەشق زەمینی نییە. فۆئرباخ دەیوت ئایینی من بێ ئایینیە. ئەو لە دژی ئەخلاقی ئایینی دەستی دایە شەڕ و دەیهەویست کە ئەخلاقی مادی و زەمینی جێنشین بکا. ئەو دەستی دایە ڕێکخستنی ئەخلاقیش. لێرەدایە کە دەبینین فۆئرباخ چۆن و بۆچی لەبابەتی ئەخلاق دا لە هێگڵ لە دواترە، وە بە فیختە نزیکتر. چونکە ئەویش یاسای دواکەتووی ئەخلاقی دانا و دەیهەویست کە ئەم یاسایانە بە جێگای ئەخلاقی ئایینی جیهانگیر بکا.

فۆئرباخ باوەڕی وابوو کە شەڕی نێوان بۆچوونەکان و بەرژەوەندیەکان، شەڕی نیوان تازە و کۆنە. ئەو تا کۆتای تەمەنی سۆسیال دیموکراتی ڕادیکاڵ مایەوە. لە کۆتای

تەمەنی لە نامەیەك دا كە بۆ هاوڕێیەكی ( كاپ ) دەنوسێ، ترۆریسمی سەردەمی شۆڕشی گەورەی فەڕانسە بۆ ئاڵمان بە پێویست دەزانێ. ئەو بە پێچەوانەی برۆنۆبائر كە لە كۆتایەكانی تەمەنی دا بە ریزی كۆنەپەرەستان پەیوەست بوو تا كۆتای چركەكانی ژیانی گۆڕانكاری ریشەیی كۆمەڵایەتی- سیاسی دەویست. فۆئرباخ دەیوت كە نابێ فەلسەفە لە ژیان دوور بێ، بەڵكو بە پێچەوانەوە دەبێ لێی نزیك بێتەوە و ئەوە بۆ فەلسەفە و ژیان پێویستە. لەگەڵ ئەمە بە ڕۆلی پراتیك لە ناسین دا نەگەیشتبوو. ماركس دەنوسێ (( ئەم پرسیارەی كە ڕاستی عەینی دەتوانێ بە ئەندێشە بگا پرسیارێكی تئۆریك نییە، بەڵكو پرسیارێكی پراتیكە، ئێمە دەبێ ڕاستی نیشان بدەین.))

مرۆڤی فۆئرباخی، هەروەك مرۆڤی فیختەی و هەروەك مرۆڤی كانتی فەرامێژوویین. كەواتە هەر یەك لەمانە بۆ مرۆڤی فەرا مێژووی خۆی یاسای ئەخلاقی رێك دەخا. بەڵام مرۆڤی هێگڵی و ماركسی، مرۆڤی مێژووین كە لە ناو مێژووی خۆی دا خاوەنی ئەخلاق، سیاسەت و بۆچوون و هتد. كاكڵی مرۆڤی فۆئرباخیش كاتێك بۆ باس كردنی ئایین بەكاردێ ڕووتە. فۆئرباخ هیچكات نەیتوانی كە كاكڵی مرۆڤ پێناسە و شیبكاتەوە.

تئۆری ناسینی فۆئرباخ و پێوەندی سوژە- ئۆبژەی ئەو لە تئۆری ناسینی ماركس نزیكە. جیاوازی سەرەكی ئەوان لە پراتیك دایە. لە تئۆری ماركس ناسین بە پراتیك دەست پێدەكا و بە پراتیك بۆ گۆرانی بابەتی ناسین دەگا. ماركس لە تێزی پێنجەم سەبارەت بە فۆئرباخ دەڵێ (( فۆئرباخ كە لە بۆچوونی ئابستراكت ناڕازیە، دەست بە دامێنی لێكولینەوەی هەست كردن دەبا بەڵام ئەو هەستەكان وەك هەڵسوڕانی پراتیك- هەستی ئینسانی بوون لێكۆڵینەوەیان لەسەر ناكا.))

فۆئرباخ پێی وایە كە دوور بوون لە دابڕان ( ئابستراكت ) و ڕووكردن لە هەست گەلێكی وەك تامكردن، بۆن كردن، بینین و هیتر لە گەیشتن بە ڕاستیەكان سەركەوتوومان دەكا. ئەو لە ناسین ناسیەكەی خۆی دا لەبەرچاوی ناگرێ كە هەستی بیستن و بۆن و هیتر لە ئاژەڵیش دا هەیە و ئەو هەستە لە هەندێك لەواندا تەنانەت بە چەند پلە لە هی مرۆڤ بەهێزترە، بەڵام بێجگە لە ناسینی سروشتی و هەستی لە جیهان شتێكی تریان نییە. تەنیا مرۆڤە كە بۆ ناسین دەست بە شیكار كردن دەكا كە ئەم كردارە هەست نییە بەڵكو كردارێكی ڕوتین و دەرهەستە، چەمك سازی و بابەت سازیە. ڕیزبەندیە و كردارە لەسەر ئۆبژە كە ناسین پێك دێنێ.

ڕوانینی فۆئرباخی بۆ جیهان دەیهەوێ كە دنیای عەینی بەبێ ئەكتیف بوونی سوژە هەست پێبكا. ئەم چاولێكردنە (( گرنگی هەڵسوڕانی زانستی- ڕەخنەیی نادۆزێتەوە )). ئەم بینینە نازانێ كە بەشێكە لە ناسینی خودی مرۆڤ؛ هەڵسوڕانی ئەو لەسەر ئۆبژەیەكی لێكۆلینەوە لەسەر كراوە.

ڕەخنەی ئابووری سیاسی لە لایەن ماركسەوە نیشان دەری دەستێوەردانی كرداری لەهەمبەر ناسینە. وە ئەمە جیاوازی ماركس لەگەڵ ناسین ناسی پۆزیتیۆ و ناسین ناسی كانتی نیشان دەدا. ئەم شێوەیەی ماركس شێوەی دەرگیر لەگەڵ بابەتە، ئەو بابەتەی كە لێكۆڵینەوەی لەسەر دەكرێ.

تەنانەت ئەگەر تەواوی تێزەكانی ماركس ئەمرۆكە ڕەد بكەینەوە و بە مێژووی بەسەرچووی بزانین، شێوەی تێكەڵاوی ئەو لە لێكۆلینەوەی زانستی كۆمەڵایەتی یادگاری زۆر بە پێزی ئەوە. ئەم شێوە تێكەڵاویە لە خوێندنەوەی ئابووری سیاسی، شێوەیەكە كە سوژە بە تێكەڵاوی و دەست تێوەردانی خۆی دەست بە چەمك سازی و بابەت سازی دەكا تا لە ئابووری سەرمایەداری ڕەخنە بگرێ و كۆتایە فەرز كراوەكەی شیبكاتەوە، لە داهێنانەكانی ماركسە لە زانستی كۆمەڵایەتی.

پلێخانۆف لە كتێبی (( بابەتە بنچینەیەكانی ماركسیزم )) دا دەریدەخات كە ماركس هۆكارێكی تازەی لە تێگەیشتنی كرداری بەرامبەری سوژە و ئۆبژە هێناوەتە گۆڕێ. ئەو دەڵێ لە ڕوانگەی ماركسەوە كاری سوژە تەنیا بیركردنەوە سەبارەت بە سروشت نییە، بەڵكو خودی سوژەیە كە كار دەكا. پلێخانۆف بەم شێوە پێناسەیەی هیچ كات بە ڕۆڵی پراتیك لە ناسین دا ناگا. جیاوازی بنچینەیی لە نێوان تئۆری ناسینی فۆئرباخ و ماركس لەوەدایە كە ماركس لە پرۆسەی ناسین دا پراتیك دێنێتە كایەوە. بەم مانایەی كە سوژە بۆخۆی بەشێكە لە ناسین، و پراتیك لە بەشێك بۆ بەشێكی تری ناسین ئامرازی ڕاست یان ناڕاستی بۆچوونەكان، تئۆریەكان و یاسا زانستیەكانی ئێمەیە. تەنیا پراتیك ئامرازی لێكچواندنی زەین و عەین، تئۆری و ڕاستیە. سوژەی پلێخانۆف، كائۆتێسكی، ئیستالین و لایەنگرانیان وەك هەندێك لە حیزبە كۆمۆنیستیەكان لەلایان سوژە لە كار كەوتووە.

هێگڵیە لاوەكان بە ڕەخنە گرتن لە ڕژێمی ئیدیالیستی هێگڵ شێوەناسی و مەعریفە ناسی ئەویشیان لەبیر كرد و بەم شێوەیە هەڵخلیسكانە ناو ماتریالیسمی میكانیكی

و پۆزیتیۆیسـمی سەردەمی رۆشـنگەری. ماتریالیسمێك كە هێشتا سـوژەی ئەكتیڤیان نەدەناسـی وە دەبێ بزانین كە زانسـتی كۆمەڵایەتی لەسەر پێی سوژەی ئەكتیڤە كە شـكڵ دەگرێ. ئەگەر لە زانستی سروشتی دا بە سوژەی نا ئەكتیڤ دەتوانین بە بەشـێك لە ناسین، پرژ وبڵاو و بێ ڕێكخستن بگەین، لە زانستی كۆمەڵایەتی دا بەبێ ئەكتیڤ بوونی سـوژە ناتوانین بە هیچ ناسـینێك بگەین. پایەی زانستی كۆمەڵایەتی لەسـەر سوژەی ئەكتیڤ بینا كراوە كە هێگڵیە لاوەكان بە خەیاڵی خەبات لە دژی دواكەوتووی و ئیدیالیسمی هێگڵ ئەكتیڤ بوونی سوژەشیان وەلانا، وە نەیان دەزانی كە سـوژە لەگەڵ تێكۆشانی خۆی جیهانی دەرەوە دروست دەكاتەوە. بەبێ ئەم دروست كردنەوەیە، زانستی كۆمەڵایەتی تەنانەت ناتوانێ بناغەی دابندرێ و لەسـەر پێ ڕاوەستێ. ماركس بە نوسینی یازدە تێز لەمەڕ فۆئرباخ لەسـەر گرنگی و بەهاداری ئەندێشەی هێگڵ پێداگری كردەوە. ئەو بە ڕەخنە لە فۆئرباخ سـوژەی لەكاركەوتووی لە زانسـتی كۆمەڵایەتی دا ڕەد كـردەوە و لە جیاتی ئەو سوژەیەكی دانا كە لە تەواوی قۆناغەكانی ناسین لە كردار و كردەوە و دژكردەوە دا لە بابەت ناسین یان ئۆبژەی لێكۆلینەوە لەسەر كراو. سوژەی ماركس بە پێچەوانەی ڕابردوو هەوڵ دەدا تا ئەو جێگایەی بۆی دەكرێ لە ئەمری بەراوەردە بوون و هەسـت كردن دوور بێتەوە تا بتوانێ بە چەمكسازیەكانی خۆی بەسەر لە نوێ دروست كردنەوەی ڕاستیەكان یارمەتی بگەیەنێ. نەتەنیا كۆمەڵناسـی لە ئەم بابەتەدا قەرزداری ماركسـە بەڵكو ماركس بە دارشتنەوەی سوژەی ئەكتیڤ دامەزرێنەری كومەڵناسی و زانستی كۆمەڵایەتی تازەشە. لە دوركهایم تا ماكس وێبر كەڵكیان لەم شێوەیە وەرگرتووە.

ماركـس لـە (( تێز گەلێـك لەمەڕ فۆئربـاخ )) دا هەڵوێسـتی خۆی لە بەرامبەر هێگڵیـە لاوەكان لە یازدە تێز دا بە كورتی نیشـان دا. دواتر كائۆتێسكی، پلێخانۆف و كەسـانی تر لەم یازدە تێزە كەڵكیان وەرگرت. ئەم تێزانە ئەوەنـدە گرنگن كە گۆڵدمەن بـاوەڕی وایە كە یەكەمین بەرهەمی كورت و درەوشـاوەی ماتریالیسمی دیالێكتیكە. و هێشـتاش لە فاكتەرە گرنگەكانە لە شێوەو ناسین ناسی زانسـتی كۆمەڵایەتی. گرنگی ئـەم تێزانە لە ڕوانگەی گۆڵدمەنەوە لە مێژووی فەلسەفە دا بە ڕادەی (( قسەكردن سەبارەت بە شێوەی بەكار هێنانی عەقڵ ))ی دێكارت، (( رەخنەی عەقلی بێگەرد ))ی كانت، یان (( دیاردە ناسـی ڕۆح ))ی هێگڵە.

ئەنگێلس لە كتێبی (( كۆتای فەلسەفەی كلاسیكی ئاڵمان )) ( كە پلێخانۆف وەریگێڕاوتە سەر زمانی ڕووسی ) ڕەخنە لە فۆئرباخ دەگرێ كە ئەو بە ڕەدی فەلسەفەی بۆچوونی هێگڵ شێوەكەشی كە دیالێكتیكیە ڕەد دەكاتەوە.

پلێخانۆف كە ئەم وتەیەی ئەنگێلس دووبارە دەكاتەوە و دەڵێ ماركس بە وەرگرتنی ژێر بەنای ماتریالیسـم لە فۆئرباخ و مێتۆدی هێگڵی بە فەلسەفەی خۆی دەگا، لەگەڵ ئەوەی یازدە تێز لە دژی فۆئرباخ و هەروەها كۆتای فەلسـەفەی كلاسـیكی ئاڵمان نیشان دەری كەموكورتیەكانی فۆئرباخە لە تئۆری ناسـین و دەرك نەكردنی ئـەوە بۆ پراتیك. تازە دیالێتیكی ماركس فەرەسـقها لەگەڵ دیالێكتیكی هێگڵ دا مەودای هەیە.

لە كتێبی (( كاكڵی مەسیحیەت )) دا فۆئرباخ دەڵێ: (( هەڵسوڕانی تئۆریك تەنیا هەڵسوڕانی ئەسیلی ئینسانیە.)) ماركس لـە تێزی یەكەمی خۆی دا لـە مەڕ فۆئرباخ و لـە وڵام بەو دا بە دروسـتی دەڵێ: (( كەم و كوڕی هەرە گەورەی هەموو قوتابخانە ماتریالیسـتیەكانی پێشوو- وە لەگەڵ ئەوان ماتریالسـمی فۆئرباخ- لەوەدایە كە شتەكان (شی □)، ڕاسـتیەكان و هەستەكان تەنیا بە شێوەی ئۆبژە یان بە شـێوەی لێكۆلینەوە چاوی لێدەكرێ نە بە شـێوەی هەڵسوڕانی هەست و ئینسانی، یانی پراتیك.)) ماتریالیسمی پێشوو شانازی دەكرد كە بە شێوەی ئۆبژێكتیو چاو لە جیهان دەكا. (( لەبـەر ئەوە ئـەوە ڕووی دا كە لایەنی ئەكتیڤ، بە پێچەوانەی ماتریالیسم، بە هۆی ئیدیالیسم كامڵ بووە، بەڵام بە شـێوەیەكی ڕووتین، لەبەر ئەوەی كە ئاشـكرایە كە ئیدیالیسـم باوەڕی بە هەڵسـوڕانی ڕاستی- هەستی نییە. فۆئرباخ دەیهەوێ لەگەڵ ئۆبژە گەلێكی هەستی كە بەڕاسـتی لەگەڵ چەمكە زەمینیەكان دا جیاوازی هەیە، سـەر و كاری هەبێ، بەڵام خودی هەڵسوڕانی ئینسانی بە بەرابەر لەگەڵ هەڵسـوڕانی پراتیك لە قەڵەم نادا. هەر بەم هۆیە لە كتێبی (( كاكڵی مەسـیحیەت )) دا هەلسوڕانی تئۆریك تەنیا بە هەڵسوڕانی بە ڕاستی ئینسانی دەزانێ. وە ئێستا ئەوەی كە پراتیك تەنیا لە شێوەی ناپاك و مەسیحیانە نیشاندانەكەی لەبەر چاو بگیرێ. لەبەر ئەوە ئەو بە مانای هەڵسوڕانی «شۆڕشـگێڕانە« و «پراتیكی- ڕەخنەیی» پێی ناگا. ))

فۆئرباخ دەڵێ، ڕاستی ئەو شتە نییە كە بیری لێدەكرێتەوە، بەڵكو شتێكە كە دەبیندرێ، دەبیسترێ و بیری لێدەكرێتەوە و لـەم ڕووە وە وەك بنەما چاو لێدەكـرێ. لێرەدا فۆئرباخ لەگەڵ چەمكە زەمینیەكان دا كە بۆ گەیشـتن بە ڕاستی پێویسـتە دژە. لەبەر ئەوەی كە چەمكەكان نەدەبیندرێن و

نەدەبیسترێن؛ بەڵام پێویستی دانانی چەمکە زانستیەکان لە تەواوی بوار و بەشەکان دا ئەمرێکە کە نابێ لەبیر بکرێ. هەروەك چۆن مارکس بۆ لێك دانەوەی کۆمەڵگای سەرمایەداری و ڕەخنەی ئابووری سیاسی پێویستی بە دروست کردنی چەمك گەلێکی وەك بەهای کار، بەهای زێدەبایی، تێکەڵی ئۆرگانیکی سەرمایە و زۆرێکی تر لە چەمکەکان بوو. فۆئرباخ بە زیاتر گرنگیدان بە ناسینی هەستی وەك بینین، بیستن، چێشتن، بۆن کردن و هەست کردن لە ماتریالیستە پۆزیتیۆیست و میکانیستەکان نزیك دەبۆوە.

فۆئرباخ باوەڕی بە یەکێتی سوژە و ئۆبژە بوو لە بەرامبەر دوالیسمی کانت تا ڕادیەك هەوڵی دا تا لەم دوالیسمە ڕزگاری بێ. ئەو نە وەك ناتۆرالیستەکان بەم هەمانیەی سوژە و ئۆبژە باوەڕی بوو نە وەك کانت بە لێك جیابوونیان.

فۆئرباخ دەڵێ: (( مێشك تا کاتێك ئۆرگانی بیر کردنەوەیە کە بەسەر و مێشکی مرۆڤەوە پەیوەندی هەبێ. )) وە بەم شێوەیە دژایەتی تێڕامان و هەبوون کە ئیدیالیستەکانی وەك شلینگ و هێگڵ بە شیکاری ئیدیالیستی ئەو دەگەیشتن شیکار کرد. لەم لێکدانەوەیەی فۆئرباخ دا، مرۆڤ بووە بە بنەمای هەبوون و ئەندێشە و نەشتێك لەسەر و دەسەڵاتی سروشت وەك بیرۆکەی چەق بەستووی هێگڵ و دونیای ئاشکرا بووی ئەفلاتون. پلێخانۆف دەڵێ فۆئرباخ باوەڕی وایە کە مرۆڤ شتێك نییە بێجگە لە بونەوەرێکی زیندوو کە توانای بیرکردنەوەی هەیە، لەم ڕووە مرۆڤ بنەمای یەکێتی هەبوون و ئەندێشەیە.

بەم پێناسەیەی فۆئرباخ بۆ مرۆڤ ڕوون دەبێتەوە کە هیچ کام لە دوو لایەنی بیر و هەبوون، مادە و ڕۆح، سوژە و ئۆبژە لە تئۆری فۆئرباخ وەلانەنراوە. لە تئۆری ناسینی ئەودا سوژە و ئۆبژە لە یەکدا تواونەتەوە. فۆئرباخ دەڵێ: ((من بوونم هەیە و بیردەکەمەوە... تەنیا وەك یەك سوژە- ئۆبژە. )) هەبوون بەمانای بوون لە ئەندێشەدا نییە، هەروەك کە خۆی دەڵێ: (( سەلماندنی ئەوەی کە شتێك بوونی هەیە بە مانای ئەوە نییە کە سەلماندێتمان، ئەو شتە تەنیا لە ئەندێشە دا بوونی هەیە. )) ئەم وتەیە لە سەرەتادا ڕەدی ئیدیالیسمە، و دووەم یەکێتی سوژە و ئۆبژەی لەبەر چاوە و لە ئەخیر دا یەکێتی بیر و هەبوون بەمانای ئەم هەمانی و یەکبوونەی ئەوان دەرك ناکا. ئەم سێ شتەی کە باس کرا هەموویان لە گرنگترین ناسەرەوەکانی لایەنی دژایەتی ماتریالیسم لە ئیدیالیسمە، کە مارکس لە فۆئرباخەوە فێر بووە.

فۆئرباخ دەڵێ: ئەوە ئەندێشە نییە کە هەبوون دیاری دەکات، بەڵکو هەبوونە کە دیاری کەری ئەندێشەیە. ئەم ڕستەیە لە نوسراوەکانی مارکس و ئەنگێلس دا دوبارە بۆتەوە، و تەنانەت «ئیدۆلۆژی ئاڵمانی» لە خزمەتی شیکردنەوەی ئەم شێوە بیر کردنەوەیەدایە.

لەگەڵ ئەوە ماتریالیسمی مارکس مەودایەکی زۆری لەگەڵ ماتریالیسمی فۆئرباخ هەیە. زۆر لەو لەپێشترە، بەڵام لەویشی زۆر وەرگرتووە. ئەندێشەی مارکس و ئەنگێلس، سەدەی یەکەمی بوونی خۆی بە خەبات لەگەڵ ئەو تئۆریانەی کە لە بنەماوە لەگەڵیان دژ بوو بردە سەر: لە زەمینەی فەلسەفە دا لەگەڵ هێگڵ، فۆئرباخ، برۆنۆبائر، دورینگ... و لە زەمینەی ئابووری دا ئادام ئیسمیت، ریکاردۆ، پرۆدۆن... و لە زەمینەی سۆسیالیزم دا لەگەڵ زۆر شێوە لە سۆسیالیستەکان. لەم وت و وێژ و باسانەدا لەم قوتابخانانەش زۆر فێر بوون وە بوونە ئاکامی کامڵ بوونیان.

فۆئرباخ پێی وابوو کە (( هونەر، ئایین، فەلسەفە و زانست نیشان دەری کاکڵی ئەسڵی مرۆڤن. )) ئەو دەڵێ لە ڕێگای ئیدیالۆژیەکانەوەیە کە کاکڵی مرۆڤ شیدەکرێتەوە و کامڵ بوونی ئیدیۆلۆژیەکان پەیوەستە بە کامڵ بوونی کاکڵی مرۆڤەوە. بەڵام ئەم کاکڵە چیە؟ فۆئرباخ ڕوونی دەکاتەوە کە کاکڵی مرۆڤ تەنیا لە کۆمەڵ دایە؛ لە یەکێتی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ دا. لەم ڕستانەدا دەتوانین دەنك گەلێك ببینینەوە کە فۆئرباخ توانای بڵاوبوونەوە و کامڵ بوونی ئەوانی نییە. ئەنگێلس لە ساڵی ١٨٤٥ دەنوسێ: فۆئرباخ یەکێتی مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤ نە لە کۆمەڵ دا، بەڵکو لە یەکێتی تاکێك لەگەڵ تاکێکی تر دا دەبینێ. و مارکس لە تێزی شەشەمی لەمەڕ فۆئرباخ دا دەڵێ کە کاکڵی مرۆڤ شتێك بێجگە لە کۆمەڵێك لە پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکان نییە. بەراوەرد لە نێوان دوو ڕستەی مارکس و فۆئرباخ نیشان دەری دوو بابەتە:

١. ڕستەی مارکس بە سەدان جار پوختەتر و ڕاست تر و ڕوون ترە لە ڕستەی فۆئرباخ. لەم ڕووەوە دەتوانین ستونی لێکدانەوەی مێژووی مارکس ببینین. بەڵام ڕستەی فۆئرباخ ئەم شێوە پوختەیە و ڕوونیەی نییە. لەم ڕووەوەیە کە فۆئرباخ لە شیکردنەوەی مێژوو و مەعریفە ناسی دا ڕادەوەستێ.

٢. بەڵام ئەم بەراوردە، لەوانەیە ڕوون تر لە هەر بەراوردێکی تر، نیشان دەری پێوەندی نزیکی جیهان بینی

مارکس و فۆئرباخ بێ.

مارکس دواتر لە ساڵی ١٨٨٠ دا نووسی: شێوەی لێکدانەوەی من لە مرۆڤەوە دەست پێناکا، بەڵکو بە شێوەیەکی ئابووری لە سەردەمێکی کۆمەڵایەتی دیار کراوەوەیە کە دەست پێدەکا. بە پێچەوانەوە فۆئرباخ لە مرۆڤە وە دەست پێدەکا. مرۆڤێکی فەرامێژووی. مرۆڤێکی فەرای کات و شوێن.

لــە ســاڵی ١٨٤٤ ئنگێلس لە نامەیــەك دا بۆ مارکس دەنووســێ: (( مرۆڤی فۆئرباخ لە خوداوە دەســت پێدەکا. فۆئربــاخ لە ڕێگای خوداوە دەگا بــە مرۆڤ، لەبەر ئەوە مرۆڤی ئەو هێشــتا پەیوەســتە بە تئۆلۆژی و مرۆڤێکی ئابستراکتە. ))

لە ســاڵەکانی ١٨٤٢- ٤٥ ســەردەمی دروســت بوون و پچڕانی فکری مارکســە لە هێگڵ و فۆئرباخ. سەردەمی پچڕانی ئەندێشەی مارکسە لە فۆئرباخ و هێگڵیە لاوەکان. ســەردەمێك کە ئاکامەکەی یازدە تێــزە لەمەڕ فۆئرباخ کە مژدە دەری فەلســەفەیەکی تازە و جیاواز لەگەڵ تەواوی فەلســەفەکانی ڕابردوو. مارکس زیاتری تەمەنی خەریکی «کاپیتاڵ» و شیکردنەوەی ســەرمایەداری بوو و لەگەڵ ئــەوەی کە چەند جارێك قەولی دابــوو نەیتوانی جیاوازی شــێوەی دیالێکتیکی خۆی لەگــەڵ دیالێکتیکی هێگڵ و ماتریالیســمەکەی لەگەڵ ماتریالیسمی فۆئرباخ ڕوون بکاتەوە.

لەم ڕووەوە زۆرێك وەك کائۆتێسکی، پلێخانۆف، مرینگ، ئیستالین لە بابەتە فەلســەفەیەکانی خۆیان دا لە مارکس دواکەوتن و لە باسی مەعریفە ناسی خۆیان دا بۆ فۆئرباخ گەڕانەوە و فەلســەفەی مارکسیان بە تێکەڵێك لە فۆئرباخ و هێگڵ دەزانی. لە ســەرەتای ســەدەی بیستەمیش دا بە گەڕانەوە بۆ کانت تەواوی داهێنراوە تازە فەلســەفیەکانی مارکــس لە بەرچاو نەگیران و بــەم کارە هەروەك ئادلێر و قوتابخانەی ئۆتریش سۆسیال دیموکراسی بەرە و ئەمپریسمی فەلسەفی هەڵخلیســکان. قوتابخانەی ئۆتریش لەسەر ئەو بــاوەڕە بوو کە داهێنراو و وەدەســت هاتوەکانی مارکس بە گشتی ئابووری و کۆمەڵناسیە، لەبەر ئەوە توانای تێکەڵ کردن لەگەڵ فەلسەفەی کانتی نییە. ئەوان باوەڕیان وابوو کە مارکس فیلسوف نییە.

* * *

نوسراوەکانی ســاڵەکانی ٤٢ تا ٤٥ی مارکس هێشتا لە ژێر کاریگەری فۆئرباخ و هێگڵ دابوو. هێشــتا بە دابڕان لەو دووانە نەگەیشــتبوو. لەوسەردەمەوە فترەتی ئەندێشەی مارکس و ئنگێلس لە نێوان بۆچوونی بۆرژوا دیموکراتیك و سۆسیالیستی دایە.

ئاڵتۆســـەر پرۆسەی کامڵ بوونی ئەندێشەی مارکس بەم شێوەیە ڕیز بەندی دەکا:

١. ساڵەکانی ١٨٤٠- ٤٤ بەرهەمی سەرەتای
٢. ساڵەکانی ١٨٤٥ بەرهەمی سەردەمی دابڕان
٣. ساڵەکانی ١٨٤٥-٥٧ بەرهەمی گواستنەوە
٤. ساڵەکانی ١٨٥٧- ٨٣ بەرهەمی کامڵ بوون

ئاڵتۆسەر سەردەمی یەکەم بە دوو ڕیز دابەش دەکا.

ئەلف/ تا ســاڵی ١٨٤٢ مارکس لیبراڵ ڕاسیۆنالیستە. کارەکانی لە ژێر کاریگەری فیختە و کانت دایە.

ب/ ســاڵەکانی ١٨٤٢- ٤٥ مارکــس کۆمۆنیســت ڕاسیۆنالیســتە. لەم ســەردەمەدا بە گشــتی فۆئرباخیە. بەرهەمــی گرنگی ئەو ســەردەمە بریتین لە: (( دەســت نووســەکانی ئابــووری سیاســی ))، (( ڕەخنــە لەمەڕ فەلســەفەی مافی هێگڵ ))، (( بنەماڵەی پیرۆز )) و (( سەبارەت بە بابەتی یەهود ( جولەکە ) )).

ســەردەمی دووەم پچڕانی پێوەندی فەلســەفی مارکس لەگەڵ فۆئرباخ و هێگلێە لاوەکانە. نمونەی دیاری پچڕانی ئەو پێوەندیە فەلســەفیە (( یازدە تێــز لەمەڕ فۆئرباخ )) ە. مارکس بــۆ کردنەوەی دەروازەی زانســتی مێژووی و دامەزراندنی زانســتی کۆمەڵایەتی لە فەلسەفەی ڕابردوو دەبوایە دابڕایە و لە ڕووی بیرەوە پێوەندیەکەی بپچڕاندایە.

(( یــازدە تێز لەمــەڕ فۆئربــاخ )) ڕۆلێکی گرنگی لە لێکدانــەوە و کامڵ بوونی ئەندێشــەی مارکس هەیە. بەرهەمێکی تری ئەو لەو سەردەمەدا (( ئێدۆلۆژی ئاڵمانی ))یە. ئەم ســەردەمە بە دابڕانێکی ڕاشکاوانە لە فۆئرباخ و هێگڵ دیاری دەکرێ.

مارکس لە ساڵی ١٨٣٧ دا لە بەرلین خوێندنەوەی مونەزەم و بەردەوامی سەبارەت بە هێگڵ دەست پێکرد بوو. لەو کاتەدا ٦ ساڵ لە مەرگی هێگڵ تێدەپەڕی و شاگردەکانی بە دوو دەســتە دابەش ببوون: هێگڵیە ڕاستەکان کە بە توندی لە مەســیحیەتی ئۆرتۆدۆکس پشتیوانیان دەکرد و پشتیان بە نەزمی فەلسەفی هێگڵ گەرم بوو، کەسانێکی وەك کوشل و مارهانیك کە لە ئەشــرافیەتی ئاڵمان پشتیوانیان دەکرد و لەگەڵ ئەوەش لە نیزامی فەلســەفی ئوســتاد پشتیوانیان دەکــرد. وە ئەوانی تر هێگڵیە چەپەکان بوون کە دژی تاك ڕەئی ئەشــرافیەت و ئایینی دەســەڵات دار بوون. ئەوانی هەوەڵ بە پشتیوانی لە مەسیحیەتی ئۆرتۆدۆکس پشتیوانی ئەشرافیەت بوون و ئەوانی تر بە ڕەدی مەسیحیەت بناغەی فەلسەفەی بۆرژوا دیموکراتیکی ڕادیکاڵی ئاڵمانیان دانا.

مارکس بە جەرگەی هێگڵیە چەپەکان پەیوەست بوو و نفوزێکی زۆری لە نێوانیان دا وەدەست هێنا. بە شێوەیەك کە (( مۆسس هس )) (( Moses Hess )) کە یەکێك لە هێگڵیە لاوەکان بوو، سەبارەت بە مارکس دەنووسێ: ئەو زیاتر لە ٢٤ ساڵ تەمەنی نییە و لەوانەیە بتوانین بڵێین کە تەنیا فیلسوفێکی ڕاستەقینەی سەردەمە کە فەلسەفەی وێلتر، رۆسۆ، هۆلباخ، سینگ، هاینە و هێگڵ ( نە بە شێوەی میکانیکی ) لەکەسایەتی ئەو دا تێکەڵە. ساڵەکانی ١٨٤٢- ٤٣یە کە مارکس وەك بەشێك لە هێگڵیە لاوەکان بە توندی لە ژێر کاریگەری فۆئرباخ دایە کە لە دێهاتەکان خەریکی بیر کردنەوەیەکی قوڵ و بێگەردە سەبارەت بە بابەتە جیهانیەکان بۆ شیکار و شیکردنەوەیان.

بەڵام مارکس و ئەنگێلس ڕێگایەکی تر دەبڕن کە لەبەرامبەر بە ڕێگای فۆئرباخ دا ڕاوەستاوە. ئەوان لەگەڵ ڕەخنە لە هێگڵ، بەهای فەلسەفەکەی دەزانن. و بە پێچەوانەی ئەوەی ئاڵتۆسەر دەیلێ درێژە پێدەری فەلسەفەی کلاسیکی ئاڵمانن.

ئاڵتۆسەر دەیهەویست کە مارکس لە هێگڵ جیا بکاتەوە. بەم هۆیە لە سەر بەرهەمی سەردەمی لاویەتی ئەو کاری دەکرد تا دابڕانی مەعریفەناسیانەی مارکس لە هێگڵ نیشان بدا. ئەو بەو شێوەیە لەسەر کارەکەی پێداگری دەکرد کە دەیوت کاتێك دەتانەوێ «کاپیتاڵ» بخوێننەوە بەشێ یەکەمی وەلابنێن، دواتر دەتوانن بیخوێنەوە. خوێندنەوەی ئەم بەشە زەینتان بە هەڵە دادەبا. ئەم بەشە بە بۆچوونی ئاڵتۆسەر هێگڵیە. لە فیتیشیسمی کاڵا کە بارێکی هێگڵی پێیە قسە دەکا.

ئاڵتۆسەر لەسەر دابڕانی مارکس لە هێگڵ هەوڵی زۆری دا تا بۆچوونە ئۆمانیسیەکانی مارکس بە بەجێماو لە بۆچوونی هێگڵ لەو دا ببینێ. بە پێچەوانەوە بە دابڕانی مارکس لە فۆئرباخ گرنگی نەدەدا. چونکە ئەم دابڕان و دەنگ هەڵبڕینە دژی سۆژەی لەکار کەوتوو و ساختار گەرای ئاڵتۆسەریش بوو. کەواتە شیکردنەوەیەك کە ئاڵتۆسەر لە یازدە تێزی مارکس لە مەڕ فۆئرباخ دەیدا عەمەلەن ئەو دابڕانەی مارکس لە فۆئرباخ لە بەرچاو ناگرێ. چونکە بە دابڕان لە فۆئرباخ بە شێوەی مارکس هێگڵ رۆڵێکی لە فەلسەفەی مارکس دا دەگێڕا کە ئاڵتۆسەر ئەوەی نەدەویست، چونکە ساختار گەرایەکەی نەفی دەکراوە. مارکس بەم تێزانە بە زۆر ماتریالیست بوونی فۆئرباخ دەنگی هەڵبڕی. لە شێوەیەك دا کە ئاڵتۆسەر دەڵێ ئەم تێزانە بۆ بەرنگاری لە بەرامبەر ئیدیالیسمی فۆئرباخ دا نوسراوە. ئەو بە ساختارگەرایەکەی دەیهەویست مارکسیزم وەك زانستی فیزیك وشیمی لێبکا، وە ڕۆڵی سوژە لە ناسین دا بەکەمترین ڕادە بگەیەنێ.

ئەم کارە زانستی کۆمەڵایەتی وەکو زانستی سروشتی دترمینیستی لێدەکا، و جیاوازی زانستی ئینسانی و زانستی کرداری تا ئەو جێگایەی بۆی دەکرێ لەبەین دەبا تا ماتریالیسم ببێت بە زانست. بێ ئاگا لەوەی کە بەم کارە هەم زانستی ئینسانی و هەمیش ماتریالیسم لە بەین دەچن. لە زانستی ئینسانی دا ناتواندرێ ساختارگەلێکی وشك و دیاری کراو وێنا بکەین کە تەواوی هەڵسوکەوت و جوڵە و شێوەی بیر کردنەوەی مرۆڤەکانی تێدا کۆبێتەوە. لە ڕووداوی ساڵی ٦٨ی فەرانسە ڕاستیان وتبوو کە ساختارگەلی ئاڵتۆسەری بێ گیانن، توانای گۆڕانیان نییە، نارژێنە جادەکانەوە. مرۆڤەکان ناتوانین بە شێوەی بەرهەمهێنان و فۆرماسیۆنەکان و ساختارەکان باس و ڕوون بکەینەوە. مرۆڤە زیندوەکان، سەربەخۆ و موختارن کە بڕژێنە سەر جادەکان و ساختارەکان بگۆڕن، ئەوان بروخێنن، لە دژیان دا شۆڕش دەکەن و بە پێوەندی تازە دەگەن.

بەرێز مۆقێن یش دەیهەوێ کە زانستی ئینسانی لە زانستی کرداری نزیك بێتەوە. دەیانەوێ فەلسەفە و زانستی ئینسانی بکەن بە زانست. بۆچوونیان لە کانتیەکان نزیکە. باوەڕیان بە فەلسەفەی بوونەکان لە کی یر کگۆر تا سارتر کە قسە لە ئیختیاری مرۆڤەکان دەکەن نییە. ئەوان بە موختار کردنی مرۆڤ ناهێڵن کە مرۆڤەکان بە شێوەی شت ومەك لە زانست دا ڕیز بەندی بکرێن. لەوانەیە بتواندرێ ڕوانگەی پۆزیتیویستی بەرێز مۆقێن لەگەڵ ڕوانگەی ئەحزابی سونەتی کۆمۆنیستی، ئاڵتۆسەر و کائۆتێسکی کە بە لەکارکەوتووی مرۆڤ لە بابەت ناسین پێداگریان دەکرد بە نزیك زانی. کائۆتێسکی و ئاڵتۆسەریش لە ڕۆمانتیسم و ئیدیالیسمی ئاڵمان دوریان دەکرد تا مارکسیزم بە زانست نزیك بێتەوە و بەرێز مۆقێن یش بە دژایەتی لەگەڵ هەر شێوە ڕۆمانتیسمێك پێداگری دەکەن. وە لەگەڵ ئەوەشدا ڕوانگەیان بۆ ئۆکۆنۆمیسم و پۆزیتیویسم نزیکە.

ئاڵتۆسەر باوەڕی وا بوو کە مارکسیزم زانستی ساختارە کۆمەڵایەتیەکانە. لە شێوەیەك دا کە مارکسیزم زانستی مێژووی مرۆڤە زیندوەکانە کە هەناسە ئەدەن، کار دەکەن، رۆبۆت نین، ئەوین دەردەبڕن، پێست و خوێنیان هەیە و جار جاریش لە ڕێگای ئارمانە ڕۆمانتیەکانیان- کە بەرێز مۆقێن لەگەڵیان دژە- گیان لە دەست ئەدەن. و لە ئەخیر دا ساختار گەلێك دروست ئەکەن کە بەسەریان دا زاڵ دەبێ و ئەوان

دووبارە بەسەر ئەو ساختارانە دا شۆڕش دەکەن، کەواتە بنەما مرۆڤەکانن. لە ڕوانگەی مارکسیشـــەوە هەر وایە. خودی مارکس بە ئەمری پراتیك لە ناســین دا گرنگی دەدا. ئەو بــە پەیوەندی نزیك لەگەڵ چینی کرێکاری ئوروپا لە خەم و شــادی و خەباتیان دا بەشدار بوو. مارکس لە ساڵی ٤٣ لە پاریس لەگەڵ هەڵســوڕانی بەربڵاوی سۆسیالیستی و کۆبوونەوە کرێکاریەکان پەیوەندی گرتبوو. تەنانەت زۆرێك لە کۆمەڵە نهێنیەکان ئەوانیان دەناسی.

لەو کاتەدا ئەنگێلس لە ئنگلســتان لەگەڵ چارتیستەکان و سۆسیالیســتەکانی «ئاونی» پەیوەندی نزیکی گرتبوو. وەئەم پەیوەندیە نزیکە بە بۆچوون و جیهان بینی ئەوان شکڵ و شێوەی دا. نیشانەی ئەو پێوەندیە نزیکە لەگەڵ کرێکاران لە سەردەمی دابڕان کتێبی «هەلومەرجی چینی کرێکار لە ئەنگلستان»ە. ئەنگێلس لە پێشەکی ئەو کتێبەدا کە بە چینی زەحمەتکێشی بریتانیای پێشکەش کردبوو دەنووسێ:

(( کرێکاران!

نوســراوەیەکتان پێشــکەش دەکەم کە لەو دا هەوڵم داوە وێنایەکــی ڕوون لە هەلومەرجی ژیانــی ئێوە، لە ڕەنج و خەباتەکانتــان، لە بۆچــوون و فــەرا بۆچوونەکانتان بۆ هاووڵاتیانی ئاڵمانی خۆم بکێشــمەوە. من ماوەیەکی باش لە نێوان ئێوەدا ژیانم بەســەر برد تا هەندێك لایەن لە ژیانی ئێوە ببینم. من سەنەد گەلێکی ڕەسمی و ناڕەسمی زۆرم تا ئــەو جێگایەی بۆم کرا خوێندۆتەوە. پێیان ڕازی نەبووم. وە مەبەستی من تەنیا ناسینی ڕوتینی ئەو بابەتەی خەریکم دەیخوێنمەوە نییە. من دەمهەویست ئێوە لە ماڵەوەتان ببینم، ئێــوە لە ژیانــی ڕۆژانەتان دا چاو لێبکــەم، لەگەڵ ئێوە سەبارەت بە هەلومەرجی ژیانتان و ڕەنجەکانتان قسە بکەم. شایەدی خەباتەکانتان بە دژی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتیە ســەرکووتگەرەکان بم. )) (( من شــاد و هەر لەم کاتەدا ســەربڵندم کە ئەم کارەم کرد. تــەواوی کاتم بە هاتووچۆ لەگەڵ کرێکارانی ســادە بەســەر برد. من شاد و هەر لەم کاتەشدا سەربڵندم کە ئەم کارەم کردووە . شادم لەبەر ئەوەی کە ساعەتگەلێکی شــادیهێنەرم ڕابوارد و هەر لەم کاتەدا لەگەڵ ژیانی ڕاســتەقینەی ئێوە ئاشــنا بووم. )) و (( ســەربڵند، لەبەر ئەوەی بەم شێوەیە مەجالم بوو کە خەڵکی ئەنگلســتان لەپاڵ شکانەوەی کەســایەتیان کەلە ئوروپای بیابان ئاکامی دوور نەبوونی سیاســەتی تورەو خۆبەزلزانی و بە گشتی هەڵســووکەوتی چینی ناوەندی دەسەڵاتدارە، هەڵی بگرم. ))

مارکــس و ئینگلس نەتەنیا لەم پێوەندیەدا زۆر فێر دەبن، بەڵکــو بە هۆی ئەم پێوەندیە بەربــڵاو و خوێندنەوە قوڵەی خۆیان توانایان دەبێ سەرکەووتوانە پرۆسەی گرنگ و پڕ لە زەحمەتی دابڕان لە مامۆستایانی خۆیان بە ئاکام بگەیەنن. ئەوان بە پێچەوانەی ڕێڕەوی فۆئرباخ سوژەی لە کارکەوتوو نەبوون تا دابنیشــن کە ڕاســتیەکان بۆخۆیان بگەن. بەڵکو وەکو سوژەی ئەکتیف و کاریگەر بەردەوام بە کرداری خۆیان ناســینیان ڕاست دەکردەوە. و بەم شــێوەیە بە فەلسەفەیەك دەگەن کە وەك ڕوونم کردەوە لە بنەمادا پێچەوانەیە لەگەڵ ماتریالیســمی فۆئرباخ. لە ماتریالیسمی مارکس دا سوژە ئەکتیڤە. بە هەڵســوڕانی نەزەری و کردارییەکەی بە وتەی دوکتــور ئەرانی مرۆڤ بــەوە دەگا کە دەنگ و ڕووناکی شەپۆلین. نەگوێمان شــەپۆلی دەنگی گوێ لێ دەبێ نە چاومان شەپۆلی ڕووناکی دەبینێ. ئەگەر هەر وەك سوژەی فۆئرباخی دابنیشین تا ئۆبژە کاریگەری لەسەر حەواسمان دابنێ هیچ کات بە حەواســمان بە شــەپۆل بوونی دەنگ ناگەین. مارکس پراکســیس لە شێوەناسی و مەعریفەناسی تئۆریســازی کرد و ئەوە گەورەترین دەســتکەوتی ئەوبوو لە فەلســەفەدا. هەروەك چۆن لە تێزی هەشتەم دا لەمەڕ فۆئرباخ دەڵێ:

(( ژیانــی کۆمەڵایەتــی بە گشــتی کرداریە. کلیلی شیکاری عەقڵانی هەمموو ئەو ڕەمزە غەیبی و نادیارانەی کە تئۆری بە عیرفان دەگەیەنێ پراتیکی مرۆڤ و دەرکی ئەو پراتیکەیە. ))

* * *

ئەمــەی لە خــوارەوە دەیخوێننەوە ئەو یــازدە تێزەیە کە مارکس لەمەڕ فۆئرباخ دا نووسیویەتی و دابڕان و جیاوازی خۆی و ماتریالیســتەکەی لە فۆئرباخ و ماتریالیستەکەی نیشان ئەدا.

تێزی یەکەم/ کەم و کوڕی سەرەکی ماتریالیسمی هەموو فیلسوفەکانی تا ئێســتا- لەوانە فۆئرباخیش- لەوەدایە کە شتومەك، ڕاستیەکان، جیهانی دەست لێدراو و هەست پێکراو، لەودا تەنیا بە شــێوەی عەین یان ڕوانگە بە شێوەی زەینی دەرك دەکرێ، نەوەك هەڵســوڕانی مرۆڤی دیاری کراو، یان پراتیك. ئەمە نیشــانی ئەدا کــە بۆچی لایەنی ئەکتیف ( ڕاســتیەکان )، بۆ دژ بوون لەگەڵ ماتریالیسم، لەلایەن ئیدیالیســمەوە بەربڵاو کرایەوە هەڵبەت تەنیا بە شــێوەی هەڵکەنراو لەبەر ئەوەی هەڵسوڕانی ڕاستەقینە و دیاری کراو وەك ئەوەی کە هەیە ناناســن. فۆئرباخ لە پێناو دەرخستنی دیاری کراودا بە ڕاســتی جیاواز لە دەرخەری ئەندێشەیە. بەڵام هەڵسوڕانی خودی مرۆڤ وەکو هەڵسوڕانی عەینی

چاو لێناکەن. لەبەر ئەوە، لە کتێبی «زاتی مەسیحیەت»دا تەنیا تئۆریك بە هەڵسوڕانێکی لەبنەماوە مرۆڤانە دادەنێت و دەرکی خۆی لە پراتیك بە شێوەی لە خۆوانیشان دانێکی بەکەم زانینی مەسیحانە سنوردار دەکا. لێرەدایە کە ئەو گرنگی هەڵسوڕانی «شۆڕشگێڕانە«، گرنگی هەڵسوڕانی «کرداری-ڕەخنەیی» نادۆزێتەوە.

تێزی دووهەم/ ئەم بابەتەی کە ئایا ئەندێشەی مرۆڤ ڕاستیەکی عەینیە یان نا، بابەتێکی تئۆریك نەبووە بەڵکو بابەتێکی کرداریە. لە پراتیك دایە کە دەبێ مرۆڤ ڕاستیەکان، یانی واقعیەتەکان و توانای ئەندیشەی، لێرە و ئێستا، بسەلمێنێ. قسە کردن و دەمەقاڵێ سەبارەت بە ڕاستیەکان و نا ڕاستیەکانی ئەندێشەی جیا لە پراتیك، بێ هیچ شتێك بابەتێکی مەلایانەیە.

تێزی سێهەم/ ئەم شێوە ماتریالیستەی کە مرۆڤەکان بە سەمەرەی هەلومەرج و پەروەردەی دەزانێ و باوەڕی وایە کە بۆ گۆڕینی مرۆڤەکان دەبێ هەلومەرج و پەروەردە بگۆڕێ لەبیری چووە کە هەلومەرج بەتایبەتی بە دەستی مرۆڤە کە دەگۆڕێ و ئەوە خودی فێرکارە یان مامۆستایە کە پێویستی بە پەروەردەیە. لە ڕوانگەی بۆچوونێکی وەهاوە، کۆمەڵگا بە بێ ویستی خۆی دەکرێ بە دووبەشەوە کەبەشێکیان بەرزترن لە خودی کۆمەڵگا ( بۆ نمونە لەلای ڕابێرت ئۆئن ). جووت بوونی گۆڕانی هەلومەرج و گۆڕانی هەڵسوڕانی مرۆڤ، یان گۆڕانی خۆی، تەنیا لە لایەنی پراتیکی شۆڕشگێرانە دەتواندرێ چاو لێبکرێ و بەشێوەیەکی عەقڵانی دەرك بکرێ.

تێزی چوارەم/ فۆئرباخ، لەسەر بنەمای لە خۆبێگانە بوونی مرۆڤ، کە دروست کراوی ئایینە، جیهان بە دووان دەزانێ: یەك جیهانی ئایینی، کە بابەتێکی زەینیە، وە ئەوەی تر دونیای ڕاستەقینە ئەو کاتە دێتە سەر ئەوە کە دەبێ جیهانی ئایینی لە دونیای ڕاستی دا کە پایەکانی ئەوە نامومکین بکا. ئەو بێ ئاگایە لەوەی کە بەو کارە هێشتا بابەتەکە لەسەر پێی خۆی ماوە ( لەبەر ئەوەی ئەوەی کە دەبێ ڕوون بکرێتەوە ) بە تایبەتی ئەوەیە کە بۆچی دونیای ڕاستەقینە لە خۆی جیا بۆتەوە، وە بە شێوەی سنۆرێکی دیاری کراوی سەربەخۆ لە ناو هەورەکان دا سەلمێندراوە. ئەم جیابوونەوەیە تەنیا لەسەر ئەساسی لە لێك هەڵوەشاوی و دژایەتی ناوەوەی دنیای ڕاستەقینە شی دەکرێتەوە. کەواتە لە سەرەتادا دەبێ جیهان لە دژایەتی دا دەرك بکرێ تا دواتر بتواندرێ ئەو بە هەڵسوڕانێکی شۆڕشگێرانە و لەناو بردنی دژایەتی بە کردار هەڵبگێردرێتەوە. بۆ وێنە، هەر کە بۆمان دەرکەوت کە بنەماڵەی زەمینی ڕازی بنەماڵەی ئاسمانین ئیتر دەبێ بە ڕەخنەی نەزەری ئەو بنەماڵە زەمینیە لە لایەك و هەڵگێڕانەوەی شۆڕشگێڕانە لە کردار دا لە لایەکی ترەوە خەریك بین.

تێزی پێنجەم/ فۆئرباخ، ناڕازی لە ئەندێشەی ئەبستراکت، ڕوو لە بۆچوونی هەستی دەکا؛ بەڵام جیهانی دەست لێدرا و هەست پێکراو وەك ( سەمەرەی ) پراتیکی دیاری کراوی مرۆڤ لەبەر چاو ناگرێ.

تێزی شەشەم/ فۆئرباخ ئەگەر چی زاتی ئایینی لە ناو زاتی مرۆڤ شرۆڤە دەکا، بەڵام ( لەبەر چاوی ناگرێ ) کە زاتی مرۆڤ ئەمرێکی ئابستراکت و لە ناو کەسایەتی مرۆڤ جیا لە کەسایەتیەکان نییە. ئەم زاتە، لە ڕاستی خۆیدا، کۆمەڵێك پێوەندی کۆمەڵایەتیە. لەوەی کە فۆئرباخ بە ڕەخنەی لێکۆڵینەوەی ئەم زیندەوەرە ڕاستەقینەیەوە خەریك نابێ، ناچار:

١. ڕێڕەوی مێژوو لەبەر چاو ناگرێ، و بە ئەگەری ئەوەی کە کەسایەتی مرۆڤێکی ئابستراکت و جیا لە ئەوانی تر، ڕۆحی ئایینی بە شتێکی نەگۆڕاو و بە خودی خۆی زیندو دادەنێ.

٢. لە ئاکامدا، بوونی مرۆڤ تەنیا وەك ( نەوع ) و وەك گشتیەکی دەروونی نادیار، کە هەڵگرێکی بە گشتی سروشتی پێوەندی کەسەکانە لەگەڵ یەکتر، لەبەر چاو ناگرێ.

تێزی حەوتەم/ کەواتە فۆئرباخ گرنگی نادا کە «ڕۆحی ئایین» خۆی سەمەرەی کۆمەڵگایە و خودی مرۆڤی تاکە کە ئەو شی دەکاتەوە، لە ڕاستی دا هی شکڵێکی کۆمەڵایەتی دیاری کراوە.

تێزی هەشتەم/ هەر شێوە ژیانێکی کۆمەڵایەتی لە بنەڕەت دا پراتیکە. کلیلی شیکاری عەقڵانی هەموو ئەو ڕەمزە غەیبی و نادیارانەی کە تئۆری بە عیرفان دەکێشێ پراتیکی مرۆڤ و دەرکی ئەو پراتیکەیە.

تێزی نۆیەم/ بەرزترین ئاکامێك کە ماتریالیسمی بۆچوونی یانی ماتریالیسمێك کە هەڵسوڕانی هەست بە هەڵسوڕانێکی پراتیك نازانێ، بەوەدەگا کە هەر وەك شێوەی بۆچوونی کەسانی جیا لە یەکتر لە کۆمەڵگای مەدەنیە.

تێزی دەیەم/ ڕوانگەی ماتریالیسمی کۆن کۆمەڵگای «مەدەنی» بوو. ڕوانگەی ماتریالیسمی تازە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی یان مرۆڤی کۆمەڵایەتیە.

تێزی یازدەیەم/ فیلسوفەکان جیهان تەنیا بە شێوەی جۆراوجۆر شی دەکەنەوە، بەڵام بابەتەکە گۆڕانی جیهانە.

# فیلم، بینەر، خولقێنەر

ن: مەهناز تەمیزی

راکشانی من بەرەو سینەما لە نوێنگەی بینەرێکی بزۆز بوو و هەڵبژاردنی پیشە و بەشی خوێندن وەك فیلمسازێك لە رووی پێوستیەك ، لە ساڵەکانی چوونم بۆ هولەند، کاری خۆمم پاش دەورەیەکی ئاموزشی کورت وەك ئیدیتۆر دەست پێکرد. پاش ٢ ساڵ بەم ئاکامە گەیشتم، کە بەشی دەرهێنەری و مونتاژ لە زانستی فیلمەوە بگرمەبەر، هەتا ئەمرۆ لە بواری سینەما بێجگە لە دەرهێنەری لە بواری جۆراوجۆری وەك هاوکاری یەکەمی دەرهێنەری، ئامادە کردن و نووسەری و راهێنانی ئەکتەر کارم کردووە. هۆگریم بە فێربوونی ئەم گشتە، لە لایەنی سووکایەتی و حاشای هەمیشەیی وەك ژنێکی رۆژهەڵاتی نەبوە، بەڵکو پێویستێکی خۆم بووە. پاش تەواو کردنی خوێندنی زانستی فیلم، دەورەی تایبەتیم سەرەنجام لە بەشی دەرهێنەری و نووسینی فیلمنامە لە زانستگەیەك بە شێوازی ئامریکایی تەواو کرد. بەڵام بەردەوام ئەو بابەتانە کە حەزم دەکرد کاری لە سەر بکەم لەلایەن ئامادەکارانی هولەندی و ئامریکاییەوە رەخنەی لێدەگیرا، بەڵام هەرگیز توانای من وەك فیملسازێك نەتەنیا رەخنەی لێنەگیرا بەڵکو تەشویقی تایبەتیش دەکرام. شێوازێك لە فیلم کە هۆگریم پێی هەبوو، شیوازی درامانی کۆمەڵایەتی_ سیاسی و کۆمێدی رەخنەگرانە بوە. لە رەخنە و نارەزایەتی ئامادەکاران سەرم سوڕنەماوە، چونکە لە تەواوی جیهان ئەم شێوازە لە کار گەلێك دژوارە، مەگەر لە لایەن لە قاودان و بەرژەوەندی وڵاتێك، بیرێك و یان مەزهەبێکەوە.

لەماوەی ١٨ ساڵ کارکردن لە بواری فیلم، گەلێك دیاردەم بینوە کە باسی دەکەم، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە مەسەلە

تایبەتی و تکنیکیەکانی سینەما بکەم.
فیلم بە پێی قەوارە و شێوازی داستانیەکەی لە لایەك و سەرجەم هێماو ئامرازەکانی تکنیکی وێنەیی و دەنگەکەی لە لایەکی ترەوە، دەتوانێ دڵ و بیری ئینسانەکان داگیر بکات، لێرەدا بە بێ هەڵبژاردنی شێوازی فیلم دەکرێ بە دڵنیاییەوە ئیدیعا بکرێ کە کەس نیە بینەری فیلم بێ و لانیکەم جارێك هۆگری بە دیمەنێك، وتەیەك، بە سەرهاتێك و یان رۆڵی ئەکتەرێك نەبووبێ و بە ناخی دا رۆنەچووبێ، کاریگەری فیلم تەنیا لە چوارچێوەی هۆگری دا نامێنێتەوە و زۆرجار کەسانێك، وتەیەك، کردەوەیەك و یان بەشێك لە کەسایەتی فیلم یان رووداوێکیاز لە قۆناغێکدا کردوە بە ئولگوی ژیانی خۆیان. ئەوە چ هۆگریەکە کەبینەر خۆی راشکاوانە تەنانەت بە تێگەیشتن لە واقعی نەبوونی فەزا و یاز بە سەرهاتی فیلم لە هەرشێوازێك دابێ، خۆی دەخاتە ئیختیاری ئەم شکڵە لە هونەر.



سینەما لە سەر دەمی هاتنە ئاراوەی ١٠٩ ساڵەی خۆی هەتا ئەمرۆ بەردەوام رۆڵی پەیکی فەرهەنگی، بازرگای و هونەری، تەبلیغی گێراوە. هەروڵات و هەرفەرهەنگێك بە زانینی ئەم تایبەتمەندیانە لە گەشە و یان دواکەوتوویی فیلمدا دەستی هەبووە. بێ هۆنیە کە خاوەنانی خورافە لە ئێران سەگێك کە لە بیروباوریان دا گڵاوە، پاکی دەکەنەوە و بەکەڵك وەرگرتن لە تکنیك، سەگێك بەحاڵەی گرانەوە دەکەنە پەنابەری ئیمام زادەیەك. مەزهەب کە هەمیشە بە ئامرازی خورافەو موعجیزە دەسەڵاتی نواندوە، ئەمرۆکانەش هەربەم مەبەستە بە شێوەیەکی ئاشنا و خەڵکی خۆی دەردەخات و بە قەولی ئەوان بۆ هەموان لە «سەگ گڵاوتر» هیوای قەبووڵ کردن و گەڕانەوە بە حەزرەتەکەیان دەدەن.
هەرکام لە ئێمە بەرانبەر بە پێویستەکان و ئارەزوەکانمان لە قۆناغی جۆراوجۆر ئەم تایبەتمەندیە ناواقیعی یەی فیلممان لە بەرچاو نەگرتوە و وەکو راستیەك قەبووڵی دەکەین. لەم حاڵەتەدا داستان، کەسایەتیەکان و رووداوە سەرەکیەکانی فیلم لە گەڵ خەیاڵات و تێگەیشتنەکانی ئێمە هاوهەنگاو دەبێ و فیلمێکی دیکە بە چاوە روانیەکانمان لە بیر و زەین دا شکڵ دەگرێ، هەرچی بینەر لە ژیانی شەخسی و کۆمەڵایەتی خۆی دا زیاتر بێ بەشی دیتبێ، باوەڕی بە فیلم وەك تەواوکەرێکی چارەنووس ساز بە هێزەتر دەبێ، لێرەدا بینەر حەزدەکات پاڵەوانی چیرۆکەکە تەنیا قسەی دڵی ئەو دەربڕێ و لەو شوێنە کە فیلم یان بە سەرهاتەکە لە کەسایەتی و یان ئارەزووی ئەو دوور دەکەوێتەوە، بەبڕوای ئەو فیلمەکە بایەخی نامێنێ. دڵشکاوی ئەم ئینسانە سەرکوت کراوە و تەریك کراوەی کۆمەڵگا، پێویستی ئەو بۆ هێنانەگۆڕ ی دیتنی فیلمێکی تر و نەك لە دونیای راستەقینەدا زیاتر دەبێ، هەڵبەت ئەم هۆگری و چاوەروانیە یەك لایەنە لە گەڵ چاوەڕوانی کەسێك کە هونەری فیلم دەناسێ و سەرنج دەدا بە تایبەتمەندیە جۆراوجۆرەکانی کە بەرهەمهێنەری فیلمەکەن، بە تەواوی جیاوازە، رەخنەی دەستەی دووهەم بە پێی ناسینی کەم و کوڕی یەکانی و توانای هونەری سینەمایە و بۆ دەستەی دووهەم ناکامی و یان هۆگری ئەو بەلەبەرچاو گرتنی کەم و کوریەکان و چاوەروانیەکانی خۆیەتی.
لە کۆمەڵگایەکدا کە بێ بەشی و نەهامەتیەکانی لە هەرشێوازێکدا لەرادەبەدەرە، فیلم بە شێوەی خورافی و قارەمانی خۆی دێتە ئاراوە _ مرۆڤ نەبینراو و نەدیتراو، هەوڵدەدات لە هەر بەسەرهاتێکی، کتێبی شێعر و فیلمدا رۆڵی ون بووی خۆی بدۆزێنەوە و لە تێڕوانین بۆ کەسانی تر غافڵ دەبێ.
دەبێ فیلم لە پاوانی ئەو دابێ، لێرە دایە کە هونەری خەڵکی

لە دایك دەبێ و هەوڵ دەدات لە ئاکامی بە سەرهات و غەم و نارەحەتیەکانی خەڵك درێژە بە ژیانی خۆی بدات. زۆربەی هونەرمەندان و خەڵکی لایەنگری هونەر، واژەی فیلم و یان بە سەرهاتەکانی خەڵکی بەنیزیکایەتی لە گەڵ کێشانەوەی رەنج و مەینەتیەکانی دەبینن. هونەری خەڵکی پاش کێشانەوەی چارە رەشیەکانیش دەتوانێ رێگاچارەسەری تایبەت بۆ ژیانەوەی هەستی خۆشبەختی و گۆڕانکاری (هەڵبەت بە شێوەی دروشم نا) پێشکەش بکات. چونکە بە بڕوای من تەنیا نیشاندانی رەنج و ئازارەکان خۆی هۆکاری سەقامگیری و پێداگری ئەوانە، واتە بەهەمەلایەنە کردنی، شێوازێکی سروشتی و نەگۆڕ بە خۆیەوە دەگرێ. بینەر لێرەدا لەوەی کە خۆی بە تەنیا لە چارەرەشی دا نابینێ و بێ بەشیەکان کۆمەڵگایەك لە خۆ دەگرێ، پاش تێپەر بوون لە قۆناغی هەست و سۆز، ئارام و هێور دەبێ و بە مجۆرە بە سەری دا دەسەپێندرێ کە چونکە کەسانی تر لەو چارەرەشترن کەوابوو دەبێ قەبووڵی بکات، ئێستا ئەوەی کە ئینسان پێویستی بە گۆرانکاری هەیە و بینەری بزۆز لە هەوڵی تێگەیشتن و دۆزینەوەی ئەم ئاڵ و گۆڕە، لە کۆمەڵگایەکدا کە هەستی راستەقینە تەنیا لە گریان دا دەبینێ و هەرکەسێك بۆ دەربڕینی سەداقەتی خۆی تەنانەت بچووکترین مەسەلە دەبێ فرمێسك بڕێژێ هەتا باوەڕی پێ بکەن، فیلمی باش فیلمێکە گریان هەڵخڕێنی هەتا بینەر بتوانێ گوشاری ژیانی راستەقینەی خۆی لە ژێر کاریگەری فیلم بە گریان کەم بکاتەوە.

خێوی خورافە لە وڵاتانێکی وەك ئێران بە لەدەست دابوونی ئەم کەرەسەیە و یەك لایەنی کردنی ئەم هەستە حەزینە، وەك هەستی بەرزی ئینسانیە کە بە سەر دەروون و زانستی تاك دا دەسەڵات دەکات. ئەم خورافەیە، بزەوشادی لە بیرو زەینی گشتی کۆمەڵگا بە خراپ و دزێو یان ناپێویست نیشان دەدات. خەڵکی شەرمسار لە شادی و جوانی، ناچارن کە بۆ وەڵامدانەوە بەم پێویستیە سروشتی و ئینسانیەی خۆیان واتە شادی بە دزێوترین شکڵی ئەو، واتە بە سووکایەتی جیسمی، میللی، فەرهەنگی و رەگەزی کەسانی تر، بزەوشادی بەرەوا بزانن. هەر لێرەوەیە کە هونەرمەندی خەڵکیش بە جۆێندان و سووکایەتی بە کەسانی تر، شادیی سەرچاوە گرتوو لە ئازادی کەسانی تر لە کۆمەڵگادا بەرهەم دێنێ. بەبڕوای من هونەری جەماوەری هەرگیزاوهەرگیز، حاشالەخەڵکی ناکات و بە لەبەرچاونەگرتن و سوکایەتیکردن بە بەشێك لە خەڵك، شادی و بزە بۆ بەشێکی تر ناخوڵقێنێ، هونەری جەماوەری رەخنە لە بێ بەشی و دزێویەکان دەگرێ و جوانی و بزەوئاسایش نیشان دەدات. لە هەموو شوێنێکی جیهان هونەری خەڵکی بە جۆرێك بە بێ ناوەرۆکی دێتە گۆڕێ، ئەوەی کە ئێمە لە بیرو زەینی خۆمان دا هەر لە سەرەتاوە خەڵك بەچارەرەش و نەزان بناسین، سروشتیە کە وەك هونەرمەند هەمیشە بۆ ئەو بەشە رواڵەتیە لە واقعیەت دەروانین کە خودی ئەم خەڵکە هەژارە بە تایبەت ژنان لە هەڵبژاردنی دا رۆڵێکیان نەبوە و ئارەزووی رزگاری لەم هەموە سووکایەتیەیان هەیە، بەبڕوای من ساکاروێژی و سادە روانین هەرگیز لە گەڵ بێ ناوەرۆکی هاوسەنگ نیە و سەرجەم ئینسانەکان مافی کەڵك وەرگرتنیان لە ئیمکاناتی فەرهەنگی و هونەری هەیە. خەڵك لاسایی کەرەوەنین و من وەك فیلمسازێك هیچکات بروام بە سەلماندنی دیاردە دزێوەکانی نیە کە بە سەربێ بەشان داسەپاوە، مەگەر بۆ رەخنەلێگرتن و رەدکردنەوەی.

ئەم کەم و کوریانە تەنیا لە هونەر و هونەرمەندانی رۆژهەڵاتی دا بەدی ناکرێ، بەڵکوو لە هەموو شێوەکانی زانست و دەسکەوتەکانی ئینسانی لە کۆمەڵگاکانی دیکەش دا سەر هەڵدەدات. رەنگە لە بیرتان بێ کە بەشێکی زۆری رووناکبیران بۆ نیزیك بوونەوە لە بێ بەشترین توێژەکانی کۆمەڵگا هەوڵیاندەدا کە بەرواڵەت بە قسەی داواکەوتوانە و پۆشینی لیباسی کۆنە خۆیان بە سەر کۆمەڵگادا بسەپێنن. فیلمی قەیسەرتان دیتوە، قەیسەرێك کە ئێستاکەش هەر لە بیری رووناکبیران دا ماوەتەوە. مەبەستی من هەرگێز تاریف دانی رۆڵی هونەرمەند و سووقی نیە، بەڵکو عیشق و ئەوینی کاراکتەریی قەیسەرە، هەر لەو فیلمەدا، دەرهێنەر و نووسەری فیلم رۆڵێکی کەم رەنگتری لە پەنا قەیسەر ناساندوە، ئەویش خوشکی قەیسەرە کە بەبێ هاوسەرگیری، سکی هەیە و خاڵی قەیسەر بەم راوێژە نامرۆڤانەیە دەیناسێنێ: «باش بوو کچەکە خۆی کوشت ئەگینا قەیسەر...».

رۆڵی ژن لێرەدا تەنیا بۆ نیشاندانی پیاوەتی و غیرەتی قەیسەرە کە دەست درێژی کراوەتە سەر نامووسی، فیلمەکان بەمجۆرە لە مێژووی سینەمای ئێمەدا هەمیشە لایەنی دزێوی کەسایەتیەکان و رۆڵی ژنان لە ژیان دا دەردەخەن. لە زۆربەی فیلمە فارسییەکاندا،ژنان خراپکارن کە لە ئاکام دا چارشێو لە سەردەکەن و پیروز دەرکرێن یان ئەو ژنانەی کە بەرواڵەت سوننەت و پێرۆزیی پیاوانە، باش و نەجیب زادەن و هەمیشە زۆرترین زەربرو زەنگی پیاوان و ئاستەنگەکانی ژیانیان بە سەردا دەسەپێ. لە زۆربەی فیلمەکاندا ژنان رۆڵی لاوەکیان پێدراوە و لە کەنار قارەمانی سەرەکی (پیاو) داستان، هاندەری چێژی جنسین، سومبولی

سوکایەتی و نەزانی، بەلاڕێ داچوو، حەسوودی، ماددی و ڕواڵەت پەسندیان هەیە. سەرەڕای ئەوەی کە لە ساڵانی ڕابردوودا ژنان توانیان ڕۆڵی سەرەکی بەدەست بێنن لە داستان و فیلمەکاندا، بەڵام ئێستاکەش کاراکتەری ژنان لە فیلمەکاندا یەکەلایەنە و بێ بناغەن. ئێستاکەش ژن پاڵنەر و هاندەری هەستی جنسی یە، ئەم تێڕوانینە تەنیا تایبەت بە بەسەرهاتی فیلم و کارکتەرەکانی ژنی هونەرپیشە نیە و داوێنگیری ئەو ژنانەش بوە کە لەسەرجەم بەشەکانی دیکەی وەك دەرهێنەری و ئامادەکاری و کارە خزمەتگوزاریەکانی فیلمەکانیش دەکەن.

بۆ نموونە جێگای سەرنجە کە زۆربەی بەتایبەت ئێرانیەکان بیردەکەنەوە کە پیشەی من لە ساحەی فیلمدا تەنیا هونەرپیشەیی یە و نەك دەرهێنەری! ئەم تێڕوانینە تایبەت بە پیاوان نیە، بەڵکە ئەو ژنانەش دەگرێتەوە کە بەچاوی سووك بۆ ژن دەڕوانن، زۆرن ئەو ژنانەی کە ئەم بیرورایە واتە بە کەم گرتنی تواناییەکانی ژن بە جۆرێك پشتاو پشت سەپێندراوە کە بوونی خۆیان تەنیا بە بەستراوەیی، لاوازی، پاڵنەر و چێژی جنسی و بە کەڵك بۆ پیاوان پێناسە دەکەن.
بەگشتی مۆدێرنیەتی بازرگانی و فەرهەنگی دواکەوتوانەی فیئۆدالی شان بە شانی یەکتر، هەتا ئێستاکەش ژنان بە تایبەتمەندی جسمیەوە دەناسن و نەك لە پانتاییەکی ئینسانی پێکهاتوو لە جیسم و بیروئەندیشە. لە دوو دەیەی ڕابردوودا فیلمسازانی پیاو و ژن هەوڵدەدەن هەتا بە گۆڕینی ئەم شێوازە سەپێنراوە، هەل و مەرجێکی نوێ لە سینەمادا بخوڵقێنن.

بەداخەوە بەشێکی بەرینی فیلمسازی بێجگە لە پێویستی بە خەڵاقیەتەکان و پسپۆریە هونەری و تکنیکییەکان، بە سەرمایەوە بە ستراوەتەوە، ئەم سەرمایەش لە ژێر دەستی بازرگانانێکدایە کە بە کەڵك وەرگرتن لە سێکس، توندوتیژی و مەوادی موخەدیر، بینەران بۆ ساڵۆنەکانی سینەما ڕادەکێشن و بەردەوام بە وێنە و دیمەنی کلێشەیی و پاڵەوانە ڕواڵەتیەکان بیروئەندیشە بۆمباران دەکەن. جێگای تێڕامان ئەوەیە کە تەنانەت بینەری بەرواڵەت وشیار و ڕووناکبیر کە بڕوای بە بەرابەری و جوانی ئینسانەکان هەیە، ئەم ڕوانگەیەی خۆیان کە بە جیدی دەزانێ پشتی تێدەکا و بە پاکانەی ئەوەی کە «ئەگەر بۆکات بەسەر بەردنیش بێ» بە هۆگری و تامەزرۆیی بۆ بینینی ئەو فیلمانە لە ڕێگای سینەما و تەلەویزیۆنەوە هەنگاو هەڵدەگرێ.
ئەم بیرورا ئینسانیانە کە بە جیدی و ماندووهێنەر لێك دەدرێنەوە و هێندێك جار نیشانەی جوانیش نین، دەبێ لەو جوانیانەی کە تاریف کراون لە لایەن ئەو فەرهەنگەوە کە حاشای لێدەکەن، یارمەتی وەربگرێ. ئێستاکەش تاریف و پێناسەیەکی ڕێژەیی و وەك یەکمان لە جوانی و جوانی ناسی لە بەردەست دانیە.

بەشێك لە ئێمەمانان هەرچی جوانی یە نەفی دەکەینەوە و ئۆتسقوف ئاسا نەفی شادی و بزەو جوانیەکان دەکەین، تاقمێکیش بەلاسایی کردنەوە و تێگەیشتنی ساکار لە مرۆڤ، خۆیان سەر بە کۆمەڵگای مۆدرێرن دەزانن. ئایا ناکرێ ئاوێتەیەك لەم دوانە و لە ڕوانگەی ئینسانیەوە بە بێ نەفی و سەرکوتی جوانیەکان، دیمەنی جیهان بکێشینەوە؟ ئەوە پرسیارێك کە چەندین نەسلی داهاتوو، وەڵامی پێ دەدەنەوە و هەمووی ئێمە بینەر و بەرهەمهێنەر، بەرپرسی خوڵقاندنی بوارەکانی سەرهەڵدانی تێگەیشتن و جوانین. جێگای سەرنج ئەوەیەکە بینەری وشیاری ئێمەش بە بیانووی ڕەخنە، فیلمەکانی ئێمە واتە فیلمسازانی بەدەر لە بازرگانی و تەجارەت لە گەڵ فیلمەکانی هالیوود بەراورد دەکات.

بەداخەوە هەموومان چ هونەرمەند و چ خەڵکانی تر بە دەست ئالودە بوونێکی فەرهەنگی یەك جەمسەری یەوە دەناڵێنن، هەم زاڵمین و هەم مەزلووم! ئاستەنگەکانی ئەم بەرهەمە هونەریانە بە تەواوی بە جیهانی ململانێ و گواستنەوەی فەرهەنگ و سەرمایە بە ستراوەتەوە. هەموومان بۆ گۆڕینی ئەم هەل و مەرجە ناعادڵانەیە لە گەڵ هاوبیرانمان بێ گوێدانە ئەوەی کە لە کام شوێنی جواغرافیایی هەڵکەوتووین، و جنسیەت و فەرهەنگمان چییە، ڕۆڵی سەرەکیمان هەیە، هەروەك بازرگانی و سەرمایە یەکگرتوو و بێ سنوورە، فیلم دەتوانێ ببێتە جەماوەری و لە ئاست فەرنگی دواکەوتوانە ڕاست بێتەوە، کومپانیەکانی فیلم کە زۆرتر ڕاگەیاندنەکانیشیان لە ئیختیاردایە، فەرهەنگی دواکەوتوانەیان سەپاندوە و ئەمرۆکانە بە هێندێك بەرنامە لە ژێر ناوی ڕەخنەی فیلم کۆنترۆڵی فیلمی باش ویان خراپیان بە دەستەوە گرتوە. بۆ دیتنی فیلمە کۆمەڵایەتیەکانی بەدوور لەم سیستمە بازرگانی و دواکەوتوانەیە کە کەمتر لە سینەما و تەلەویزیۆنەکان نیشان دەدرێن، دەکرێ سەردانی فستیواڵە جۆراوجۆرەکانی فیلم بکرێ و لە گەڵ فەرهەنگێکی نوێ لە فیلم و بەسەرهات ئاشنا بین.

## « کارل مارکس و گەڕانەوەی ئەو»

# ( شانۆنامەی مێژوویەک لە یەک پەردە دا )

نووسینی: هووارد زین
( Howard zinn )
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: کەریم ئەمانی

بەشی دووهەم و کۆتایی:

تەحەمول کردنی تووسی بە هیچ جۆرێك کارێکی ئاسان نەبوو. دەزانن چەندە مایەی نیگەرانیە کاتێك دەبینی کچەکەت کۆمەڵێك خاڵی لاواز لە بەڵگە هێنانەوەکانی تۆدا دەبینێت؟ سەبارەت بە نووسراوەکانم کێشە و مشتومڕم لەگەڵدا دەکات! بۆ نموونە: نووسراوەکەم لە بارەی «یەهود»ەوە، دەرکی ئەوە دەکەم کە تێگەیشتن لێی کارێکی ساکار نیە. بەڵام «ئەلەئانوور» خوێندییەوە و خێرا ئیرادی لەوە گرت کە بۆچی یەهودیەکانت وەك نوێنەری سەرمایەداران لە قەڵەم داوە؟ ئەوان کەسانێکن کە بە ڤایرۆسی کاسبکاری و هەڵپەهەڵپ موبتەلان.

هەوڵم دەدا بۆی روون بکەمەوە کە من یەهودیەکانم وەك نموونە و هێمای هیچ شتێك لە قەڵەم نەداوە. تەنیا ئەوانم وەك نموونەیەکی بەرچاو ئاماژە پێکردووە. بە جێگای وڵامدانەوە، ئەستێرەیەکی داودی لە سینگی داو وتی من یەهودیم. من دەمتوانی چ کاردانەوەیەکم ببێت؟ کاتێك شانم هەڵتەکاند وتی: «ئەمە حەرەکەتێکی تەواو یەهودیانەیە«. ئاخ کە دەیتوانی چەندە پڕ ئازار بێت! تووسی دەیزانی کە باوکم ئایینی خۆی بۆ مەسیحیەت گۆڕیبوو. چونکە یەهودی بوون لە ئاڵمان کارێکی زۆر ئاسان نییە... ئایا هیچ شوێنێك هەیە کە تێیدا مەسیحی بوون کارێکی دژوار نەبێت؟ باوکم منی لە تەمەنی هەشت ساڵیدا بە ئاوی پیرۆز شۆردبوو. ئەم مەسەلەیە بۆ «ئەلە ئانوور» جێگای پرسیار بوو، پێی وتم «موور» چاولێبکە ( بنەماڵەی منی بەم جۆرە ناودەبرد لەبەرئەوەی رەنگی پێستی بەدەنم رەش بوو) من دەزانم کە تۆیان بە ئاوی پیرۆز شۆردووە بەڵام وابزانم پێشتر خەتەنە کراوی، وا نییە؟» ئەم کچە بەڕاستی بێ حەیا بوو!




لەو کاتانەدا تەحەمول کردنی بەڕاستی سەخت بوو. پێتان سەیر نەبێت. لە پاڵ ئەستێرەی داودی سەلیبیشی بە خۆیدا هەڵواسیبوو، هەڵبەت نەك لەمەڕ ئەوەیکە زۆر شیفتەی مەسیحیەت بێت، بەڵکوو هۆگر و شیفتەی ئیرلەند و شۆڕشی ئەو لە دژی ئینگلستان بوو. لە «لیزی برۆنز» خۆشەویستەکەی ئینگلس زانیاری زۆری لەبارەی خەباتی خەڵکی ئیرلەند بەدەست دەهێنا. «لیزی» کرێکاری بەشی رستن و چنین بوو کە سەوادی خوێندنەوە و نووسینی نەبوو. ئینگلس دەیتوانی بە نۆ زمانی زیندووی دنیا قسە بکات. رەنگە پێتان وابێت کە بۆ ئەم دوو کەسە کارێکی دژوار بووە کە بەیەکەوە گفتوگۆیەکیان ببێت، بەڵام ئەوان یەکتریان زۆر خۆش دەویست. لیزی لە بەرژەوەندی قەزییەی ئیرلەند دا خەباتی دەکرد و کاتێك تووسی سەردانی دەکرد هەردووکیان لەسەر زەوی دادەنیشتن، شەرابیان دەنۆشی و ئاوازی

ئیرلەندیان دەچڕی هەتا ئەو کاتەی خەو دەیبردنەوە.

شەوێکی خۆفناك بوو، ئەو شەوەی کە دەوڵەتی ئینگلیس دوو لاوی ئیرلەندی دروست لە گەرەکی ئێمە واتا گەرەکی «سۆهۆ» و لەناو جەماوەرێکی مەست و سەرخۆش دا کە چەپڵەیان لێدەدا لە سێدارە دا... بەڵێ هەر ئەو ئینگلسییە زەریف و لەتیفانە و بەو چایی و لە داردانانەیان لە بەرچاوی خەڵك! بیستوومە کە ئێوە ئیتر هیچ کەس لەدار نادەن تەنیا بەوە قەناعەت دەکەن کە ئەوان خەفە بکەن یان بە وەشاندنی دەرزی ژەهراوی لە دەمارەکانیان بیانکوژن یان لە کارەبایان دەدەن هەتا سەرەنجام دەمرن. ئەمە گەلێك پێشکەوتوانەترە. بەڵێ، ئەوان دوو لاوی ئیرلەندییان کە دەیانهەویست وڵاتەکەیان لە کۆت و بەندی ئینگلستان ئازاد بکەن لە سێدارەدا. «ئەلە ئانوور» هەتا ماوەیەکی زۆر هەر شیوەنی دەکرد.

من پێم دەوت تووسی، ئەتۆ نابێت هەر لە ئێستەوە بیر و زێهنت بە کارەساتەکانی ئەم دنیایەوە سەرقاڵ بکەیت. چونکە تەمەنت زیاتر لە پانزە ساڵ نییە. بەڵام ئەو لە وڵام دا دەیوت: رێك هەر بەو دەلیلەی کە ئیتر نە سیزدە ساڵە و تەنانەت نە چاردەساڵەشم، بەڵکوو من تەمەنم پانزەساڵە«.

راستە تەمەنی پانزە ساڵ بوو و بە هەر بیانوویەك عاشقی ئەو لاوە شەنگ و شۆخانە دەبوو کە هاتووچۆی ئاپارتمانەکەی ئێمەیان دەکرد. دەتوانم لەم بابەتە لیستێکی دوور و درێژ تۆمار بکەم. ئەلە ئانوور ئەوەندەی کە لە سیاسەت دا وشیار و زیرەك بوو، لە بواری عیشق و خۆشەویستی دا فەقیر حاڵ و ساویلکە بوو. جارێکیان سەخت عاشقی یەکێك لە قارەمانەکانی کۆمۆنی پاریس بوو بە ناوی» لیساگاری» بەڵام هەر باش بوو، لانیکەم ئەمەیان خەڵکی فەرانسە بوو.

بەڵام خۆشەویستەکەی « جینشن « خەڵکی ئینگلیس بوو. ئینگلیسیەکان هەر رێك وەکو پوخت و پەزەکەیان وان. پێویستە شتێکی لەوە زیاتر بڵێم؟ « پۆل لفارگ «یش لەوێ بوو. دەزگیرانەکەی لۆرا. دەربرینی هەست و سۆزەکەی سەبارەت بە لۆرا زۆر کارێکی بێ مانا بوو. لە بەر چاو هەموان دەستی لە ست و ساتی دەدا. وەك بڵێی ئەمە کارێکی زۆر سروشتیە لە دنیادا. « جنیفێر «یش لایەنگری لێ دەکرد و دەیوت: ئەم هەڵس و کەوتەی دەگەرێتەوە بۆ ئەوەیکە خەڵکی دورگەی « ئانتێلە«. دەزانی کە بنەماڵەکەی لە کوباوە رۆیشتوون بۆ فەرانسە. وەك ئەوەی کە بڵێی تەواوی خەڵکی کوبا کاتێك پیاسە دەکەن دەستیان لە سەر سمت و ساتی کەسێکی تر دادەنێن!

( ئاخێك هەڵدەکێشێ.) جێنی بەردەوام هەوڵی دەدا هێورم بکاتەوە. باشە، ئەو دەیتوانی من هێور بکاتەوە بەڵام کوان و دمەڵەکانم نا. (ناوچاوانی تێك دەدەنێ.) ئایا هیچ کات کوان و دمەڵتان هەبووە؟ هیچ نەخۆشێنك نفرەت ئەنگێزتر لەوە نییە. کوانەکان رۆژگاری منیان رەش کرد و هەندێك ئینسانی گەوج و نەزانی وا لێ کردبوو کە هەموو شتێك لەوەوە بزانن و بڵێن « ئەوەیکە مارکس ئەوەندە لە سەرمایەداری تووڕەیە، هۆکارەکەی هەر ئەم کوان و دمەڵانەن!.» ئەوانە چەند گەوجن! ئەی چۆن دەتوانن خۆیان لە دەست ئەو شۆرشگێرانە دەرباز بکەن کە کوانیان نییە؟

هەڵبەت ئەوان بەردەوام شتێك دەدۆزنەوە. ئەمیان لەلایەن باوکیەوە لێدانی بەرکەوتووە و ئەویان تا تەمەنی دەساڵی دایکی تەڕ و وشکی کردۆتەوە و ئەوی تریان هیچکات فێریان نەکردووە کە چۆن دەست و دەموو چاوی خۆی بشوات.

هەمووشتێك دەڵێن جگە لە یەك شت ئەویش ئەوەیکە نیزامی سەرمایەاری بە پێی سروشتی خۆی و بەپێی ئەو زیانانەی کە بە رۆح و رەوانی ئینسانەکانی دەگەیەنێت، خۆی لە خۆی خولقێنەر و هەڵگیرسێنەری شۆڕشە...

دەڵێن سەرمایەداری ئەمرۆ لە سەرمایەداری سەردەمی من ئینسانی ترە. بەڕاستی؟

چەند ساڵ لەوە پێش لە رۆژنامەیەك دا نوسرابوو، خاوەنکاران دەرگای ناوەندێکی بەرهەم هێنەری مریشکیان لە کارلۆنیای باکور لە سەر کۆمەڵێك کرێکاری ژن کە لەو ناوەندە دا کاریان دەکرد داخست بۆ ئەوەی لەوێدا بمێننەوە و زیاتر کار بکەن و بۆ خۆیان قازانجێکی زیاتر بە دەست بێنن. لە کارەساتێکی ئاگر کەوتنەوە دا ٢٥ کرێکاری ژن کە لە شوێنی کارەکەیان دا مابوونەوە، هەموویان سوتان و مردن. لەوانەیە کوانەکان ئاگری رق و تورەیی منیان بڵێسەدارتر کردبێت.

هەوڵ بدەن تەنانەت ئەگەر کوان لە سمت و کلۆتیشتان هات دابنیشن و شت بنووسن.! باس لە دوکتۆر مەکەن. دوکتۆرەکان بە قەدەر من لە بارەی کوانەکانەوە شت نازانن. زۆر کەمتر , لە مەڕ ئەوەی ئەمانە کوانەکانی من بوون.

(پەیکێکی دیکە ئاوجۆ بە سەرەوە دەنێت)

نەم دەتوانی بخەوم تا کاتێك نووسخەیەکی موعجزە ئاسام دیتەوە: ئاو. هەروا بە ئاسانی. خاولییەکی بە ئاوی گەرم تەڕ کراو. جێنی سات بە سات خاولییەکەی دەگۆڕی. کاتێك هاوارم بەرز دەبۆوە، ئەگەر نیوە شەویش بوایە، لە خەو هەڵدەستا و خاولییەکەی تەڕ دەکرد و ئارامی دەکردمەوە...

جار جاریش ئەگەر جێنی لە ماڵ نەبوایە، «لنشن» ئەو کارەی دەکرد.

( رادەوستێ و بیر دەکاتەوە) بەڵێ، لنشن. بۆ خۆمان بوین و ژیانێکی هەژارانە لە سۆهۆ کە لە پڕ دایکی جێنی بڕیار دەدات لنشن بنێرێت بۆ لای ئێمە تا لە حەواندنەوەی منداڵەکان دا یارمەتیمان بدات. ئێمە تەنانەت کەرەسەکانی ماڵەوەشمان لە گرەو نابوو، بەڵام بێ خەبەر خزمەتکارمان بۆ دێت. کاتێك لە گەڵ ئەشراف زادەیەك زەواج بکەیت هەروای لێ دێت. بنەماڵەی ژنەکەت پوڵ، کە زۆر پێویستت پێیەتی بۆت نانێرن، دەچن جل و بەرگی حەریر و بەساتی نوقرەیی سەر سفرە و خزماتکارت بۆ دەنێرن . هەڵبەت ئەمە کارێکی زۆر خراپ نییە. خزمەتکار دەتوانێ جل و بەرگە حەریرەکان و کەرەسەتەکانی سەر سفرەت بۆ ببات لە گرەوی دابنێت و بە پوولەوە بکەرێتەوە. کە لنشن زۆر جار ئەم کارەی دەکرد. بەڵام ئەو هیچکات کلفەت نەبوو. منداڵەکان زۆریان خۆش دەویست و جێنی مێهر و ئەلاقەیەکی فراوانی پێی بوو. کاتێك جێنی نەخۆش بوو ، لنشن پەرستاریی لێ دەکرد. هەڵبەت حزوری ئەو لە نێوان من و جێنی دا دەوری دەگێرا. لە بیرمە جارێکیان جێنی پێی وتم:

بەیانی بینیم چاوت لە لنشن دەکرد.

ــ مەبەستت لە چاو لێ کردن چیە؟

ــ مەبەستم «ئەو جۆرە چاولێکردنەیە کە پیاو لە ژنی دەکات».

ــ راستیەکەی دیسانەوەش تێنەگەیشتم.

( بەخەمباریەوە سەری تەکان دەدات ) ئەمە یەکێك بوو لەو گفتوگۆیانەی کە هیچکات نەیدەتوانی سەرنجامێکی باشی لێبکەوێتەوە.

هەل و مەرجەکە بەمجۆرە بوو، لە ئاپارتمانەکەی ئێمە و لە «دین ئستریت» و لەولاوەتریش بە پانتایی لەندەنی گەورە ژیان رەوتی ئاسایی خۆی دەپێوا. شەقامەکانی لەندەن لە ١٨٥٨ دا بێننە بەرچاو:

ئەو دەستفرۆشە گەڕیدانەی کە بە درێژایی چوار وەرزی ساڵ دەیانەوێ گێزەرەکانیان بە چەند پۆنی بفرۆشن، چەقۆ تیژ کەر و عەنتەرەکەی، سۆزانیەکان، چاوبەستەکان، ئەوانەی کاری سەیر و سەمەرەیان دەکرد و لە زاریانەوە ئاگریان دەردەهاویشت، دەنگ و هاواری دەست فرۆشەکان، ئامێرەکانی مۆسیقا، شەیپور ژنەکان، ویۆلۆن ژەن و ئەو ئاواز خوێنە ئیسکاتلەندیە دایم سوالکەرەی کە گۆرانی ئیرلەندی دەوتەوە. ئەمە بوو ئەو شتەی کە هەر کاتێك لە مۆزەخانەی بریتانیاوە دەگەڕامەوە، لە ژێر رۆشنایی گلۆپە گازیەکانی کە تازە هەڵواسرابوون بە چاو دەمبینی هەتا دەگەیشتمەوە دین ئستریت و پێم دەناوە ناو قوڕ و چڵپاوی ئاوەرۆکان، لە حاڵێك دا کە بیرم لەو هەولانە دەکردەوە کە لە پێناو سەنگ فەرش کردنی گەڕەکە دەوڵەمەندەکان ئەنجام دەدەران.

(هەناسەیەك هەڵدەکێشێ) بەڵێ، لام وایە رەسم ئەوەیە کە کاتێك نووسەری کاپیتاڵ مەحکومییەتی نیزامی سەرمایەداری دێنێتە سەر کاغەز، دەبێ بۆ خۆی لە قوڕ و چڵپاو و پیسایی دا نوقم ببێت.

کاتێك من لە دەست قوڕ و چڵپاوی شەقام و کۆلانەکان سکالام بەرز دەبۆوە، جێنی بە هیچ جۆرێك بە رووی خۆش و دڵسۆزییەوە هەڵس و کەتی نەدەکرد. دەی وت: ئەمە رێك هەر ئەو شتەیە کە کاتێك کاپیتاڵ دەخوێنمەوە هەستی پێدەکەم! ئەو بەردەوام راستەقینەترین رەخنەگری من بوو. دڵ رەق. یان دەکرێ بڵێین دروستکار. بەڵام ئایا هیچ شتێك هەیە بتوانێت بەقەدەر رەخنەگرێکی دروستکار سوکایەتیت پێ بکات؟

کتێب ببوو بە بەڵای گیانی. بەڵێ. کاپیتاڵ (کتێبەکە بە دەستەوە دەگرێت) ئەو لەوە دەترسا کە هەر لە سەرتاوە، بەو شرۆڤە و شی کردنەوەیەی کە لە کالا، ئەرزشی مەسرەف و ئەرزشی دان و سان (گۆڕینەوە) کردبووم، خەڵك حەوسەلەی بەسەر بچێت. ئەو دەیوت کتێبەکەی لە رادەبەدەر دوور و درێژە و زۆر چۆتە ناو وردەکارییەکانەوە. ئەو لێکدانەوەی «دژوار و گرانی» لەم بارەوە بەکار دەهێنا. بیری لێ بکەنەوە!

ئەو وەبیری دەهێنامەوە کاتێك کتێبەکەمان بە دیاری دا بە هاورێیەکمان واتا پیتر فۆکس، سەندیکالیست، وتبووی « وا هەست دەکەم دەڵێی کەسێکم کە فیلێکیان بە دیاری پێداوە.» لە راستی دا بۆ جێنی حوکمی فیلێکی هەبوو. تێدەکۆشام بۆی روون بکەمەوە کە ئەمە شتێکی جیاوازترە لە مانیفێستی کۆمۆنیست کە بە گشتی رووی لە هەموو کەسێك بوو وە ئەوەیکە ئەمە تەنیا لێکدانەوەیەکە.

ــ با لێکدانەوە بێت. زۆر باشە. دەبێ هاوار بکات « دیوەزمەیەك بە سەر سەری ئورپادا دەسوڕێتەوە، دێوەزمەی کۆمۆنیسم! « ئاوا دەچێتە دڵی خوێنەرەوە. دێوەزمەیەك بە سەر سەری ئورپادا دەسوڕێتەوە!» دواتر یەکەمین وشە و رستەکانی کاپیتاڵی بۆ دەخوێندمەوە، هەڵبەت دیارە بۆ ئەوەیکە من بوروژێنێت. ( کتێبەکە لە سەر مێزەکە هەڵدەگرێت و دەخوێنێتەوە) سەروەتی ئەو کۆمەڵگایانەی کە تێیاندا وەبەرهێنانی سەرمایەداری زاڵە، لە شکڵی

کۆگایەکی عەزیمی کالا دێتە بەرچاو.
جێنی دەیوت ئەمە خوێنەر دەکاتە خەو.
من لە ئێوە دەپرسم: ئایا بەراستی تا ئەو رادەیە خوێنەر ماندوو دەکات؟ (بیر دەکاتەوە.) رەنگە هەندێکیش وابێت. دەمویست قسەکانی جێنی قەبووڵ بکەم . بەڵام ئەو وڵامی دەدایەوە و دەیوت: شتێکی ئەوتۆی کە تەنیا ئینسان ماندوو بکات وجوودی نییە.
بەهەڵەدا نەچن، جێنی بەراستی کاپیتاڵی زۆر بەوردی لێك دەدایەوە. ئەم کتێبە نیشانی دەدا کە سەرهەڵدانی نیزامی سەرمایەداری لە قۆناغێکی مێژوویی دا، رەوتێکی پێویست بووە کە دەبوو هێزە وەبەرهێنەرەکان لە ئاستێکی عەزیم دا گەشە پێبدات و بە شێوەیەکی کەم وێنە لە ئاستی جیهاندا سەروەت زیاد بکات. و سەرەنجام ئەوەیکە چۆن بە پێی سروشتی خۆی، نەیتوانیوە هیچ کارێکی دیکە بکات جگە لەوەیکە سەرەوەت بەجۆرێك دابەش بکات کە مرۆڤایەتی لەناو ببات، واتا نەتەنیا کرێکار، بەڵکوو تەنانەت سەرمایەداریش. و هەروەها چۆن هەر بە پێی سروشتی خۆی گۆڕ بۆ خۆی هەڵبکەنێت و رێگا بۆ سیستمێکی ئینسانی تر هەموار بکات.
بەڵام جێنی بەردەوام دەیپرسی:
ئایا بەردەنگەکانمان قسەکانی ئێمە تێدەگەن؟
رۆژێکیان تەنانەت وتی:
دەزانی بۆچی سانسۆڕچییەکان ئیزنی چاپ کردنی ئەم کتێبەیان داوە؟ چوونکە بۆ خۆیان هیچی لێ تێنەگەیشتوون و دڵنیایش بوون لەوەیکە هیچ کەسێکیش لێی تێناگات.
من پێم وت کە گۆڤار و بڵاوکراوەکان، هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی باشیان لە سەر نووسیووە، بەڵام ئەو وتی: زۆربەی ڕەخنە و هەڵسانگاندنەکان لە لایەن ئینگلسەوە نووسراون.
لە وڵام دا وتم ئەوەیکە تۆ ئەوەندە رەخنە لە کارەکانم دەگری لەوانەیە لەمەڕ ئەوە بێت کە لە ژیانت دا لە گەڵ من هەست بە خۆشبەختی ناکەیت.
ـــ ئەو وتی: وای لە دەست ئێوە پیاوەکان، ئێوە ناتوانن لەوە تێبگەن کە کارەکانتان شایەنی رەخنە لێ گرتنن، بەڵام ئەمە بە مەسەلەیەکی شەخسی نیسبەت دەدەن. بەڵێ، موور، من ئێحساساتی تایبەت بە خۆمم هەیە بەڵام ئەمە شتێکی جیاوازە.
ئێحساساتی تایبەت بە خۆی... جێنی لەو سەردەمەدا قۆناغێکی دژواری تێپەڕ دەکرد کە لام وایە تاوان لە منەوە بوو. بەڵام نەمدەزانی نیگەرانیەکانی چۆن بڕەوێنمەوە. دەبێ ئەوە بزانن کە کاتێك ئێمە هۆگری یەکتر بووین من تەمەنم ١٧ ساڵان و ئەویش ١٩ ساڵان بوو. جوانی و شەنگ و شۆخیەکەی بێ ئەندازە بوو، پرچێکی شەرابی و چاو رەش. نازانم بۆچی بنەماڵەکەی لەگەڵ من مێهرەبان بوون. ئەوان بنەماڵەیەکی ناو بە دەرەوە و ئەشراف زادە بوون. ئاغاواتەکان بەردەوام هۆگریەکی تایبەتی بە رووناکبیران لە خۆیان نیشان دەدەن. لەگەڵ باوکی جێنی زۆر جار سەبارەت بە فەلسەفەی یونان قسە و باسمان دەکرد. من تێزی دوکتۆرایەکم لە بارەی «دێموکریت و هیراکلیت»ەوە نووسیبوو. و تازە لەوە تێگەیشتبووم کە فیلسوفەکان تا ئێستا کاریان لەسەر تەفسیر و لێکدانەوەی جیهان کردووە، لە حاڵێك دا ئێستا باس لەسەر گۆڕینی ئەوە!
کاتێك لە ئاڵمان دەرکرام جێنی لەگەڵ من هات بۆ پاریس و لەوێ ژیانی هاوسەرێتیمان پێکهێنا و « جنی شێن» و « لۆرا» لەدایك بوون. لە پاریس هەستمان بە خۆشبەختی دەکرد. ژیانێکی هەژارانەمان بەسەر دەبرد و دۆست و هاوڕێکانمان لە قاوەخانەکان بەسەر دەکردەوە. ئەوانیش ژیانێکی هەژارانەیان بوو. هەموومان لە دەوری یەك کۆببووینەوە! باکۆنین، تەنومەند و ئانارشیستی شپڕێو. ئینگلسی بێ خودا و زانا، هاینە شاعیری خۆپارێز. ئاهان و ئیشتێرنێر کە بە هیچ جۆرێك لە گەڕەکەکەدا جێ نەدەکەوت و پرۆدۆن کە دەیوت: «خاوەندارێتی واتا دزی» بەڵام بەردەوام بە دوای بەشی خۆیەوە بوو!
هەژار بوون لە پاریس شتێکە و لە لەندەن شتێکی دیکە. هەر دوو منداڵەکانمان لەگەڵ خۆمان بردبوو بۆ لەندەن و دواتر هێندەی پێنەچوو سەر لەنوی دووگیان بوو. جاری وابوو هەستم دەکرد سەرکۆنەم دەکات لەوەی کە ئێمە ناچارین منداڵەکانمان لەم ئاپارتمانە سارد و شێدارەدا گەورە بکەین کە بەردەوام یەکیان نەخۆش بوو. جێنی دووچاری نەخۆشی «هاوڵە« یان «سووك سووکە« ببوو. چاك بۆوە بەڵام ئاسەوارەکەی لەسەر روخساری بەجێ مابوو. هەوڵم دەدا پێی بڵێم کە ئەو ئێستاش هەر جوان و زەریفە بەڵام ئەوەندەی بەس نەبوو.
حەزم دەکرد توانیباتان جێنی بناسن. کارێك کە ئەو بۆ منی کرد گەلێك پڕ بایەخ و بێ وێنە بوو. جگە لەوەش، ئەو، ئەو واقعیەتەی قەبووڵ کردبوو کە من هیچکات ناتوانم وەکو کەسانی تر کارێکم هەبێ. جارێکیان بە کردەوە تاقیم کردەوە. نامەیەکم بۆ ئیدارەی رێگای ئاسن نووسی و داوام لێکردن تا وەك، کارمەندێکی سەر دەفتەر کارێکم پێ بدەن، ئەوان بەمجۆرە وڵامیان دامەوە: « دوکتۆر مارکس، داواکاری

ئێوە بۆ کار کردن لەم دامەزاوەیە، جێگای شانازی ئێمەیە. بەڵام لەو ڕووەوە کە ئێمە بۆ ئەم کارە کەسی خەت خۆشمان پێویستە، بەداخەوەین لەوەیکە ناچارین داوکاریەکەتان ڕەد بکەینەوە.» ( شانێك تەکان دەدات. )

جێنی باوەڕی بە ئیدەکانی من هەبوو، بەڵام ئەو شتەی کە بۆخۆی بە غروری ئاکادمیکی ناوی لیَ دەبرد تەحەمول نەدەکرد.

بەردەوام پێی دەوتم: جەنابی دوکتۆر بگەڕێوە سەر زەوی.

ئەو دەیویست من بیرۆکەی ئەرزشی زێدەبایی بە جۆرێك شی بکەمەوە کە کرێکاران لێی تێبگەن و منیش پێم دەوت:

هیچ کەس ناتوانێت لێی تێبگات مەگەر ئەوەیکە پێشتر بیرۆکەی ئەرزشی کاری دەرك کردبێت و ئەوەیکە هێزی کار کالایەکی تایبەتیە کە ئەرزشەکەی بە وەسیلەی هەزینەی دابین کردنی بژیو دیاری دەکرێت و بۆخۆی لە هەمان حاڵدا سەرچاوەی ئەرزشی سەرجەم کالاکانی دیکەیە، ئەرزشێك کە بانتر لە ئەرزشی هێزی کارە.

لەو کاتەدا سەری تەکان دەدا.

ــ نا، وانابێت. تۆ دەتەویَ بڵێی «خاونکار تەنیا لانیکەمی هەقدەستت پێدەدات، لەو ئاستەدا کە بتوانێت پێی بژی و کار بکەیت، بەڵام بۆخۆی لە بەهرەی کارەکەتان پتر لەوەیکە بە تۆی دەدات بە دەست دەهێنیَ و بەمجۆرەیە کە ئەو تا دێت دەوڵەمەندتر دەبیَ و تۆش بەردەوام بە هەژاری دەمێنیتەوە.»

باشە. با وای دابنێین کە لە مێژووی مرۆڤایەتی دا پتر لە سەد کەس نەبن کە لەم تێئۆریەی من لە بارەی ئەرزشی زێدەبایی تێگەیشتبیتن ( تووڕە دەبێت.) بەڵام خۆ لە ڕاست و درووستیەکەی دا هیچ گومانێك نییە! حەوتوویەك لەمەوبەر بوو کە ڕاپۆرتێکی وەزارەتی کاری ئامریکام خوێندەوە. هەموو شتێکی باس کردووە. کرێکارەکانی ئێوە کالای هەرچی زیاتر بەرهەم دەهێنین و هەقدەستێکی هەرچی کەمتر وەرگرن. نەتیجە؟ ڕێك ئەو شتەی کە من پێشبینیم کردبوو.

واتا لەمەوبەدوا، یەك لە سەدی ئەو ئامریکاییانەی کە لە هەموو کەس دەوڵەمەندترن چل لە سەدی سەروەتی وڵاتیان لەبەر دەست دایە. ئەم بارودۆخە لە وڵاتێك دا لە ئارادایە کە هێمای بەرجەستەی دنیای سەرمایەدارییە: وڵاتێك کە نە تەنیا دانیشتوانەکەی خۆی تاڵان دەکات، بەڵکوو سەروەتی بەشەکانی تری جیهانیش هەڵدەلووشێت...

جێنی بەردەوام هەوڵی دەدا ئەو ئەندێشانەی کە خۆی لە خۆیدا ئاڵۆزن سادە بکاتەوە. ئەو منی بەوە تۆمەتبار دەکرد کە بەر لە هەر شتێك یەك دانشمەندم و دواتریش یەك شۆڕشگێڕ. دەیوت خوێنەرە ڕووناکبیرەکانت فەرامۆش بکە. ڕووی قسەت لە کرێکاران بێت. ئەو منی بە کەسێکی مەغروور و بیَ تەحەمول تۆمەتبار دەکرد.

بۆچی ڕووی ڕەخنەکانت لە شۆڕشگێڕەکانی دیکە توند و تیژ ترە تا لە بورژوازی؟

بۆ نموونە: پرۆدۆن. ئەم بەشەرە نەیدەفامی کە دەبیَ مەمنونی سەرمایەداری بین لەمەڕ ئەوەیکە سەنعەتی گەورەی پەرە پێداوە، ئەو سەنعەتانەی کە ئەمڕۆ ئێمە دەبیَ کۆنترۆڵ کردنی ئەوان بە دەستەوە بگرین. پرۆدۆن پێی وابوو دەبیَ بگەڕێینەوە بۆ کۆمەڵگایەکی سادەتر. کاتێك کتێبەکەی «فەلسەفەی هەژاری» نووسی، من بە نووسینی کتێبی «هەژاری فەلسەفە« وڵامم دایەوە. بە باوەڕم ئەمە کارێکی زیرەکانە بوو، بەڵام قەزاوەتی جێنی ئەوە بوو کە ئەم کارە جۆرێك سووکایەتی پێکردنە. ( ئاخێك هەڵدەکێشیَ.) لام وایە جێنی ئینسانێکی خۆش سروشت بوو، گەلێك باشتر لەوەیکە من بووم.

ئەو هانی دەدام بۆ ئەوەی دەستی نەکەم و لە کاروباری کرێکارانی لەندەن دا ڕاستەوخۆ دەخالەت بکەم. کاتێك کە بانگهیشت کرابووم تا لە یەکەم جەلەسەی ئەنترناسیۆنالی یەکەم دا سوخەنرانی بکەم هاوڕێیەتی کردم. پاییزی ١٨٦٤ بوو. دوو هەزار کەس لە «سمێنت مارتین هاڵ» کۆببوونەوە. ( بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت. باوەشی دەکاتەوە. وەك ئەوەی کە لە بەرامبەر جەماوەرێکی زۆر دا ڕاوەستا بێت و بەوپەڕی تواناییەوە قسە دەکات.)

ــ کرێکارانی تەواوی وڵاتەکان دەبێت لە دژی سیاسەتە دەرەکیەکان کە جینایەتکارانەن یەك بگرن، ئەو سیاسەتانەی کە پێشداوەریە میللیەکان دەکەنە گەپجاڕی دەستی خۆیان و لە شەڕەکاندا خوێنی مرۆڤەکان و سەروەت و سامانی جیهان بەفیڕۆ دەدەن. ئێمە دەبیَ بە بیَ لەبەر چاو گرتنی سنورە نێونەتەوەییەکان یەك بگرین تا یاسای سادەی ئەخلاق و عەداڵەت لە کاروباری نێونەتەوەیی دا زاڵ بکەین. کرێکارانی جیهان یەك گرن! ( پشوویەك دەدات)

جێنی قسەکانی زۆر پیَ خۆش بوو... ( پەیکێك ئاوجۆ دەخواتەوە.)

ئەو سەرەڕای برانی ئاو و گاز، کاروباری ماڵەوەی ڕادەپەڕاند و هیچ کاتێکیش مەسەلەی ڕزگاری ژنانی فەرامۆش نەدەکرد. دەیوت چالاکی و بزووتنەوەی ژنان بە

هۆی قەتیس مانەوە لە ماڵدا و پینە و پەڕۆی گۆرەوی و کاری چێشت لێنان گەلێك زیانی پێگەیشتووە. لەم رووەوە نەی دەویست لە ماڵەوە بمێنێتەوە.

ئەو منی بەوە تۆمەتبار دەکرد کە لە تیئوریدا لایەنگری رزگاری ژنانم، بەڵام بەکردەوە، بەگشتی لە مەسەلەی ئەوان غافڵم. دەیوت: تۆ و ئینگلس لە بارەی دوو رەگەزی ژن و پیاوەوە شت دەنووسن بەڵام بەکردەوە ئەو شتە زۆر لە بەرچاو ناگرن و بەدەربەست نین.

باشە.من لەم بابەتەوە رایەکی ئەوتۆم نییە.

ئەو زۆر سەمیمانە لە خەباتی ئیرلەند لەگەڵ ئینگلستان پشتیوانی کرد. کاتێك مەلەکەی ویکتۆریا رایگەیاند: « ئەم ئیرلەندیانە خەڵکانێکی نفرەت ئەنگێزن و خاڵێکی هاوبەشیان لەگەڵ نەتەوە پێشکەوتووەکان نییە.» جێنی لە نامەیەك دا بۆ رۆژنامەکانی ئینگلستان نووسی: ئینگلستان خەباتکارانی ئیرلەندی کە خوازیاری هیچ شتێکی دیکە جگە لە ئازادی نین لە سێدارە دەدات. ئایا ئینگلستان نەتەوەیەکی پێشکەوتووە؟ »

من و جێنی عاشق و دێوانەی یەکتر بووین. نازانم چۆن ئەمەتان تێبگەیەنم؟ بەڵام کات و ساتێکی گەلێك دژوارمان لە لەندەن بەسەر برد. عیشق پایداری دەکرد. بەڵام دوای قۆناغێك باردۆخەکە گۆڕا. نازانم بۆچی؟ جێنی دەیوت هۆکارەکەی ئەوەیە کە چیتر خاوەنی ئەو جوانی و شۆخ و شەنگیە نییە کە منی بۆ لای ئەو پەلکێش دەکرد. ئەم خاڵە منی گەلێك تورە دەکرد. دەیوت هۆکارەکەی دەگەرێتەوە بۆ « لنشن « کە ئەمە منی زۆر زیاتر تورە دەکرد. بەو حاڵەشەوە دیوت هۆی تورەبوونەکەت ئەوەیە کە ئەمە حەقیقەتی هەیە و ئەمەیان ئیتر لەوانە بوو دەهریم بکات.( هەناسەیەك هەڵدەکێشیێ. قومێك ئاو دەخواتەوە. چاوێك لە رۆژنامەکە دەکات و لاچەرەیەك هەڵدەگرێ ) دەڵێن بەتێك رووخانی شۆڕەوی کۆمۆنیسم مردووە. ئەم نەفامانە ئایا لە واتای کۆمۆنیسم تێدەگەن ؟ ئایا ئەمان پێیان وایە ئەو نیزامەی کە لە سەرەوەی ئەو، نەزانێکی وەحشی قەراری گرتووە و کەسانێك کە لە سەردەمی شۆڕشدا هاوخەباتی ئەو بوون قەتڵ و عام دەکات کۆمۆنیستە؟ ئەمانە چەند نەفامن!

هەندێك رۆژنامە نووس و سیاسەت وانیش ئەم ئیدیعا پڕ و پووچانە سەریەك دەنێن! هیچ مەعلوم نیە خوێندنەکەیان چی بووە؟ ئایا هیچکات « مانیفێستیان» خوێندۆتەوە کە من و ئینگلس نووسیمان کاتێك ئەو تەمەنی ٢٧ ساڵ و منیش تەمەنم ٣٠ ساڵ بوو؟

( کتێبێك لەسەر مێزەکە هەڵدەگرێت و دەیخوێنێتەوە ) بە جێگای کۆمەڵگەی کۆنی بورژوازیی بەو چینایەتی بوون و جیاوازیە چینایەتیەی، کۆمەڵگەیەکی ئەنجومەنی ( جڤاتی ) لە کەسەکان پێك دێت کە لەودا « گەشەی ئازادانەی هەر تاکێك مەرجی گەشەی ئازادانەی هەموانە«. گوێتان لێمە؟ ئەنجومەنی! ئایا ئامانجی کۆمۆنیسم دەرك دەکەن، ئازادی تاك! کەهەر کەس بتوانێت ببێتە بوونەوەرێکی ئینسانی و لێواولێوۆ لە رەحم و هەستی هاودەردی. ئایا بیر لەوە دەکەنەوە کەسێك کە ئیدیعا دەکات کۆمۆنیستە بەڵام بەکردەوە کاری گانگستێرەکان دەکات دەرکێکی زۆر کەمی لە کۆمۆنیسم هەیە؟ کوشتنی هەر کەسێکی کە لەگەڵ تۆدا هاوڕا نییە ــ ئایا مومکینە شتێکی ئەوتۆ ئەو کۆمۆنیستە بێت کە هەموو ژیانم لە پێناویی دا بەخت کرد؟ ئەو دێوەی کە تەواوی دەسەڵاتی لە روسیە گرتە دەستی خۆی و ئەوەی لە دەستی هات دریغی نەکرد بۆ ئەوەی ئەندێشەکانی من وەك دەمار گرژییەکی مەزهەبی تەعبیر و تەفسیر بکات ــ ، کاتێك کە هاوڵاتیانی خۆی دەنارده بەر جوخەی ئێعدام، ئایا ئیزنی ئەوەیان پێدان تا نامەکەی من کە لە « نیۆیۆرك تایمز» دا نووسیبووم بخوێننەوە کە لەودا وتبووم سزای ئێعدام لە هیچ کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو دا پاساو هەڵناگرێت؟ ( زۆر بە تورەییەوە ) لە سوسیالیزم قەبووڵ ناکرێت کە هەڵە و خەتاکانی سەرمایەداری دووپات بکاتەوە.

لێرە لە ئامریکا زیندانەکان پڕن لە زیندانی. ئەمانە کێن؟ هەژارەکان. هەندێك لەوان تاوانی توندوتیژییان ئەنجام داوە، تاوانی خۆفناك.

بەڵام ئەوانە زۆربەیان دزن، جەردەن، خراپکارن، وردە فرۆشی مەوادی موخەدرن. ئەوان هەموویان باوەڕیان بە کاری ئازاد و بازاڕی ئازاد هەیە و کارێك دەکەن کە سەرمایەدارەکان دەیکەن بەڵام لە ئاستێکی چکۆلەتر دا.

( کتێبێکی دیکە هەڵدەگرێ ). ئایا دەزانن من و ئینگلس لە بارەی زیندانەکانەوە چیمان نووسیوە؟ بە جێگای سزادانی کەسەکان بە هۆی تاوانەکانیانەوە، دەبێ ئەو هەل و مەرجە کۆمەڵایەتیە بنەبڕ بکرێت کە دەبێتە هۆکاری سەرهەڵدانی جورم و جینایەت و بۆ هەر تاکێك دەبێ تەواوی ئەو پێداویستیانەی کە بۆ گەشە و بەرەوپێش چوونی ژیانی لە کۆمەڵگەدا پێویستە فەراهەم بکرێت.

راستە کە ئێمە باسمان لە دیکتاتۆری «پرۆلتاریا» کردووە، بەڵام نەك لە دیکتاتۆری حیزب، نە دیکتاتۆری کۆمیتەی ناوەندی، یان دیکتاتۆری تاکێك. نەخێر. ئێمە باسمان لە

دیکتاتۆری کاتی چینی کرێکار کردووە. کۆمەڵانی خەڵك دەتوانن راستەوخۆ لە دەسەڵاتدا بەشدار بن و بە شێوەیەك کە لە بەرژەوەندی هەموان دایە حکومەت بەڕێوە ببەن تا ئەو کاتەی کە دەوڵەت خۆی لە خۆیدا کەڵکی نامێنێ و بەرە بەرە لە ناو دەچێت. هەڵبەت باکۆنین هاوڕا نەبوو. ئەو دەیوت هەر دەوڵەتێك، تەنانەت دەوڵەتێکی کرێکاریش ئەگەر خاونی ئەرتەش و پۆلیس و زیندان بێت، دەوڵەتێکی سەرەڕۆ و ستەمگەر دەبێ. ئەو حەزی دەکرد مشتومڕم لەگەڵ بکات.

لە بابەت ئەوەوە هیچ شتێکتان بیستووە؟ باکۆنینی ئانارشیست؟ ئەگەر نووسەرێك کەسایەتیەکی ئەوتۆی خوڵقاندبا پێیان دەوت واقیع گەرا نییە. ئەوەیکە بڵێین من و باکۆنین لێك گەیشتنمان نەبوو، تەنیا لێکدانەوەیەکی نییەت پاکانەیە.

چاولێبکەن، ئەو لە بارەی من و ئینگلس ئەو کاتەی کە لە برۆکسێل سەرقاڵی نووسینی مانیفێست بووین چی دەوت. ( بەڵگەنامەیەك لەسەر مێزەکە هەڵدەگرێت و دەیخوێنێتەوە ) «مارکس و ئینگلس، بە تایبەت مارکس، لەو بورژوایانەن کە هیچ ریفۆرمێك تێیاندا پێك نایەت.» ئێمە بورژوا نەگۆڕەکان! بێ گومان هەموان لەچاو باکۆنین بورژوا بوون چونکە ئەو بەردەوام وەك ورچ دەژیا. ئەگەر تۆش وەك ورچ ژیانت بەسەر نەبردبا، ئەگەر سەر پەنایەکت بۆخۆت ببوایە، ئەگەر پیانۆیەك لە وەتاغەکەت دا ببوایە و حەزت لە نانی گەرم و شەراب بکردایە، تۆش بورژوا دەبوویت.

گومان لەوەدا نییە کە من بوێری و ئازایەتی ئەوم قەبووڵ بوو. ئەو زیندانی کرابوو، دوور خرابۆوە بۆ سیبیری. لەوێ رایکرد و هەموو جیهانی نابووە ژێر پێی تا لە هەموو شوێنێك شۆڕش وەڕێ بخات. ئەو بە شوێن کۆمەڵگەیەکی ئانارشیستیەوە بوو، بەڵام ئەو ئانارشیسمەی کە ئەو دەیویست تەنیا توانیبووی لە مێشکی خۆی دا جێگیری بکات. ئەو هەوڵی دا لە بۆلۆنیا (ئیتاڵیا) شۆڕش بەرپا بکات و هێندەی نەمابوو بە حەوت تیرەکەی خۆی بکوژێت. شۆڕشەکانی ئەو لە هەموو شوێنێك شکستیان دەهێنا، بەڵام ئەو وەك ئەو عاشقانە دەچوو کە هەر شکستێك لە پێناو عەشقەکەی دا پتر هانی دەدا سوور بێت لەسەر رێبازەکەی.

ئایا تا ئێستا وێنەی باکۆنینتان بینیوە؟ غولێك. کەللە سەرێکی کەچەڵ کە بەردەوام بە قژە سەرێکی دەستکردی رەنگ خوڵەمێشی دایدەپۆشی. ریشێکی زۆر، تورە و مرومۆچ، بە هۆی بەد خۆراکی ناو زیندان نەخۆشیەکی گرتبوو ددانی لە دەم دا نەمابوو. وا دەهاتە بەر چاو کە ئەو نەك لەم دنیایە، بەڵکوو لەو دنیایەدا دەژیا کە بۆخۆی بیری لێ دەکردەوە.

پارە بەلای ئەوەوە هیچ بایەخێکی نەبوو. کاتێك کە بووی لەناو ئەم و ئەودا دابەشی دەکرد، کاتێکیش نەیبوایە قەرزی دەکرد بەبێ ئەوەی هیچکات بیهەوێت بیداتەوە. ماڵی خۆی نەبوو، یان بە واتایەکی دیکە هەموو دنیا ماڵی ئەو بوو. کاتێك دەچوو بۆ ماڵی هەرکام لە هاوڕێکانی، دەیوت وا من هاتم لەکوێ بخەوم؟ خواردن چیمان هەیە؟ بەکورتی پاش تاوێك خۆی لە خانەخوێکە بە خاوەن ماڵتر دەزانی!

شەوێکیان هات بۆ سۆهۆ. ئێمە سەرقاڵی شێو خواردن بووین. وەك باشەواڵە خۆیکرد بە ژووریدا. زەحمەتی تەقولباب بۆچی بە خۆی بدات. عادەتی وابوو بەردەوام کاتی نان خواردنی شەو وەژوور دەکەوت. غافڵگیر ببووین، وامان دەزانی لە ئیتالیایە. هەرکات هەواڵی ئەومان پێدەگەیشت لە وڵاتێکی دوور دەست سەرقاڵی وەڕێخستنی شۆڕش بوو.

هێندەی نەمابوو دەرگاکە لە گرێژەنە ببات. خۆیکرد بە ژووریدا. بەو دەموویلە بێ ددانەیەوە دەستیکرد بە پێکەنین و وتی: « سڵاو هاوڕێیان».

دواتر بە بێ ئەوەی ماتڵ بێت فەرمووی بکەن، هاتە سەر مێزەکە و دەستیکرد بە خواردنی سوسیس و پلە گۆشتی گەورە گەورە و پاشان چووە گیان پەنیر و تێکردنی «کۆنیاك» گێلاس لەسەر گێلاس. پێم وت: مەزەی شەڕابەکە بچێژە زۆرمان هەیە، بەڵام «کۆنیاك» زۆر گرانە. قومێکی لە شەرابەکە خواردەوە، دواتر خێرا تفی کردەوە و وتی: چەندە بێ تامە. بۆ ئەوەیکە بتوانین باشتر بیر بکەینەوە دەبێ کۆنیاك بنۆشین. دواتر وەك هەمیشە دەستیکرد بە جەفەنگ و گاڵتەجاڕی و ئەمر و نەهی کردن و هات و هاوار و هاندان. من زۆر تووڕە ببووم. جێنی وتی: میخائیل بەسیکە ماندووت کردین. بەڵام ئەو لە وڵام دا قاقا پێکەنی و درێژەی پێدا.

مێشکی میخائیل پڕ بوو لە پڕوپووچی ئانارشیستی، رۆمانتیسم و وتە بێ ناوەرۆکەکانی ئۆتۆپیك. من دەمویست ئەو لە ئەنترناسیۆناڵ دەربکەم، بەڵام جێنی دەیوت ئەمە کارێکی نەشیاو و نەفامانەیە، بۆچی دەبێ هەر گروپێکی شۆڕشگێڕ کە رێژەی ئەندامەکانی لە شەش کەس تێپەڕ بوو، هەڕەشەی دەرکردن لە کەسێکیان بکات؟

چونکە پۆلیس لە تەواوی وڵاتە ئورووپاییەکان بە شوێن باکۆنین دا دەگەڕا. ئەو شکڵ و قیافەی خۆی بە سەد جۆر دەگۆڕی. کاتێك هات بۆ سەردانی من لە لەندەن شکڵ و قیافەی کشیشێکی بەخۆی گرتبوو. لە راستیدا

هەروەك كشیشێكیش بیری دەكردەوە. قیافەیەكی قەشمەری هەبوو!

« باری» ماوەی یەك حەوتوو لەلای ئێمە مایەوە. شەوێكیان تا درەنگانێك نەخەوتین و خواردمانەوە و بە یەكەوە شەڕ و مەعرەكەمان دەكرد و سەر لە نوێ دەستمان دەكردەوە بە خواردنەوە تا ئەو جێگایەی كە هیچكام لە ئێمە ئیتر توانای رێگە رۆیشتنمان نەما. لەراستیدا من لە كاتی یەكێك لە ئامۆژگاریەكانی دا خەوم لێكەوت. ئەو زۆری ئەملاوئەولا پێكردبووم تا لە خەو هەستم و گوێ لە پاشماوەی قسەكانی بگرم.

زستانی پرشكۆی ١٨٧١ بوو، ئەوكاتەی كە كۆمۆن لە پاریس دەسەڵاتی بە دەستەوە گرتبوو... بەڵێ، كۆمۆنی پاریس. باكۆنین جووت پێ پەڕیبووە ناوجەرگەی ئەو شۆڕشەوە. فەڕانسەوەییەكان ئەویان زۆر باش ناسیبوو. ئەوان مەتەڵۆكێكی تایبەت بە خۆیان هەبوو كە دەیانوت « رۆژی یەكەمی شۆڕش باكۆنین گەنجێكە. رۆژی دووهەم دەبێ لەپێی بخەین.»

ئایا ئەو سەردەمە شكۆدارەی مێژووی مرۆڤایەتی واتا كۆمۆنی پاریس دەناسن؟ ئەمە لە داستانێكی نەفامانەوە دەست پێدەكات. مەبەستم داستانی ناپلئۆنی سێهەمە. بەڵێ هەمان برازای بوناپارت. ئەو زۆر جەفەنگی و قسە خۆش بوو. كەسێكی روو خۆش كە دەیویست دڵی ئەم و ئەو بەقسەی خۆش و پێكەنین بەدەست بێنێ. لەحاڵێك دا شازدە ملیۆن وەرزێر لەناو كەوێڵ و ئەشكەوتە دەستكردەكان لە هەل و مەرجێكی كۆڵەمەرگی دا دەژیان و منداڵەكانیان لەبرسانا دەمردن، بەڵام لەمەڕ ئەوەیكە پارلمانی هەروا پاراستبوو وە جەماوەریش دەنگیان دەدا، هەمووو وایان دادەنا كە گۆیا دێموكراسی بەرقەرارە... هەڵەیەك كە لە هەموو شوێنێك رەواجی هەیە.

ناپلئۆنی سێهەم دەیویست ناو ناوبانگ بۆ خۆی بەدەست بێنێ. ئەوە بوو كە هێرشی كردە ئەر ئەرتەشی بیسمارك. چ هەڵەیەكی گەورە. زوو شكستی هێناو بە شوێن ئەودا سەربازە سەركەوتووەكانی ئاڵمان رژانە ناو پاریسەوە و لەگەڵ شتێكی گەلێك كوشندەتر لە چەك بەرەورووو بوونەوە. بێدەنگی. ئەوان لەگەڵ پەیكەرەكانی پاریس كە لە قوماشێكی رەش پێچرابوون بەرەورووو بونەوە و لەگەوڵ خۆڕاگرییەكی عەزیم، نادیار و بێ دەنگ. هەر بۆیە تەنیا كارێكی كە لە دەستیان هات كردیان. بەژێر تاقی نوسرەت دا رێژە چوون و بە پەلە پرووزە گەڕانەوە بۆ وڵاتەكەی خۆیان.

نیزامی پێشووی فەڕانسە واتە نیزامی كۆماری سەرلەنوێ دامەزرایەوە. لیبراڵەكانیش بە پێی لێكدانەوەی خۆیان گەڕانەوە. ئەوان زاتیان نەكرد بێنە ناو پاریسەوە. ئەوان زۆر دەترسان چوونكە ئاڵمانیەكان رۆیشتبوون و پاریس بەدەست كرێكاران، ژنانی خزمەتكار، كارمەندانی دەفتەر، روناكبیران و لەیەك كەلام دا بەدەست شارۆمەندانی چەكدارەوە بوو. كۆمەڵانی خەڵكی پاریس دەوڵەتیان پێك نەهێنا بوو، بەڵكوو شتێكی زۆر شكۆدارتر، شتێكی كە هەموو دەوڵەتەكان لێی دەترسن، واتا، یەك كۆمۆن، دەسەڵاتێكی پێكهاتوو لە هێزی كۆمەڵانی خەڵكیان پێكهێنابوو.

كۆمۆنی پاریس ئەوە بوو.

خەڵك بە شەو و رۆژ، لە هەموو شوێنێكی شار لە دەستە و گرووپی سێ كەس و چواركەسی دا لە دەوری یەكتر كۆ دەبوونەوە و بەیەكەوە بڕیاریان دەدا. لە حاڵێك كە ئەرتەشی فەڕانسە پاریسی گەمارۆ دابوو وە هەڕەشەی دەكرد كە هەردەم ئیمكانی هەیە داگیری بكات، پاریس بوو بە نموونەی یەكەمین شاری ئازادی جیهان. یەكەمین مەڵبەندی ئازادی لە دنیای سەركوت و سەرەڕۆیی دا.

من بۆ باكۆنینم شی دەكردەوە كە« تۆ دەتهەوێ بزانی مەبەستی من لە دیكتاتۆری پرۆلتاریا چیە؟ چاو لە كۆمۆنی پاریس بكە. واتای دێموكراسی راستەقینە ئەمەیە. نەك دێموكراسیەكانی ئینگلیسی و ئامریكایی كە هەڵبژاردنەكانیان جگە لە گاڵتەجاڕ شتێكی دیكە نییە، جێگایەك كە خەڵك بەم یان بەو پارێزەرەی نەزمی حاكم دەنگ دەدەن و هەر پاڵێوراوێك سەربكەوێت، ئەوا تەنیا دەوڵەمەند و خاوەن سەرمایەكانن كە رێبەری و بەڕێوە بردنی كار و باری وڵات بەدەستەوە دەگرێ.

كۆمۆنی پاریس چەند مانگێك زیاتری نەخایاند، بەڵام یەكەمین پارلمانی یاسادانەری مێژوو بوو كە نوێنەرایەتی هەژارەكانی دەكرد. یاساكانی لە بەرژەوەندی ئەواندا دادارێژرا. كۆمۆن لە قەرزەكانی ئەوان خۆش بوو، دانی كرێماڵەكانی وە دواخست، ئەو ناوەندانەی كە پارەی بە كەسەكان دەدا و كەل و پەلی ژیانیانی لێ بە بارمتە وەردەگرتن ناچار كرد كە كەل و پەلە زۆر پێویستەكان بداتەوە بە خاوەنەكانیان. ئەندامانی كۆمۆن نەیانویست پتر لە كرێكارەكان هەقدەست وەربگرن. سەعات كاری نانەواخانەكانی كەم كردەوە و بیریان لەوە دەكردەوە كە چۆن تائەترێك یان سالۆنێكی شانۆ وەرێ بخەن كە هەموان بتوانن بە خۆڕایی كەڵی لێوەربگرن.

«گۆستا و كوربە«، وێنەكێشی بەناوبانگ كە تابلۆكانی سەرنجی تەواوی ئوروپاییەكانی بۆلای خۆی راكێشابوو، لە ریزی پێشەوەی یەكێتیەكانی هونەرمەنداندا بوون.

ئەوان مووزەخانەکانیان سەرلەنوێ کردەوە. کۆمسیۆنێکیان بەمەبەستی فێرکردن و بارهێنانی ژنان بەرپا کرد کە لە جۆری خۆیدا بێ وێنە بوو. بارهێنانی تایبەتی ژنان. دوایین دەستکەوتە زانستیەکانیان هێنایە خزمەت ئەم پرۆسەیەوە. بۆ نموونە لە باڵۆنێکی « مۆنۆلفی یەر» کەڵکیان وەرگرت تا بتوانن بە ئاسمانی پاریس و دەور و بەریدا بسوڕێنەوە و تراکت و نووسراوەگەلێك روو بە وەرزێران بڵاو بکەنەوە کە هەڵگری پەیامێکی گەلێك سادە بوو. « ئێمە خاوەنی بەرژەوەندییەکی هاوبەشین. پەیامێك کە پێویستە ئاراستەی هەموو زەحمەتکێشانی جیهان بکرێت. کۆمۆن بە ئەرکی خۆی زانی کە لە قوتابخانەکان منداڵان وا بار بێنن کە هاو نەوعەکانی خۆیان خۆش بوێ و رێزیان لێ بگرن. من دوایین باسەکانی ئێوەم لە بارەی فێر کردن و بارهێنان خوێندۆتەوە. قسە و باسێکی بێ مانا و پڕوپووچن! ئێوە تەواوی ئەو شتانەی کە بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن لە دنیای سەرمایەداری دا پێویستە فێری منداڵەکان دەکەن، بەڵام ئایا لاوەکان فێری ئەوە دەکەن کە لە پێناو عەداڵەت دا خەبات بکەن؟

کۆمۆناردەکان گرینگی ئەو خاڵەیان دەرك کردبوو. ئەوان نەك هەر بە قسە بەڵکوو بە کردار و پراتیك دەرسیان دەوتەوە. ئەوان « گیوتەن» ئەو ئامرازەی ئیستبداد و لەوانە ئیستبدادی شۆڕشگێڕیەیان تێك شکاند. دواتر بە شاڵگەردنێکی سوور و لە حاڵێکدا کە ئاڵایەکی سووری گەورەیان بە دەستەوە گرتبوو وە بیناکانیش بە ئاوریشمی سوور رازێندرابوونەوە، لە دەوری کۆڵەکەی مەیدانی واندۆم، هێمای دەسەڵاتی نیزامی، کۆبوونەوە. کۆڵەکەیەکی عەزیم کە پەیکەرەی برۆنزی ناپلئۆن بناپارتی لەسەر دامەزرابوو.

به مەتە قولاپێکیان لە پەیکەرەکە رۆکرد، زنجیرێکیان لێ بەست و بە تەکانێك کۆڵەکەکە کەوتە سەر زەوی و لەبەریەك پرش و بڵاو بوو. جەماوەر بەسەر وێرانەی پەیکەرەکە دا سەرکەوتن. ئاڵایەکی سوور بە پایەی پەیکەرەکەوە هەڵواسرا. پایەیەکی کە ئیتر بە تەنیا سەر بە وڵاتێك نەبوو، بەڵکوو هی تەواوی مرۆڤایەتی بوو. بە ژن و پیاوەوە کاتێك ئەو دیمەنەیان بینی فرمێسکی شادی لە چاویاندا پەنگی خواردەوە.

بەڵێ، بەمجۆرە بوو کۆمۆنی پاریس. شەقامەکان بەردەوام قەرەباڵغ بوون و لە هەموو شوێنێك باس و گفتوگۆ گەرم بوو. ئینسانەکان هەرچی هەیانبوو بە یەکەوە بەشیان دەکرد. هەست بەوە دەکرا کە خەڵك پتر لە هەمیشە شاد و لێو بە بزەن. مێهرەبانی و سەفا و حاکم بوو. شەقامەکان ئەمن و ئەمان بوون بە بێ وجوودی هیچ پۆلیسێك.

بەڵێ، ئەمە بوو سوسیالیزم!

هەڵبەت نموونە و سەرمەشقێکی ئەوتۆ شیاوی تەحەمول کردن نەبوو، نموونەیەکی وەك کۆمۆن، هەربۆیە ئەرتەشی کۆماری رژایە ناو پاریس و دەستیکرد بە قەتڵی عام. بەرپۆەبەرانی کۆمۆنیان هێنایە « پرلاشێز» . ئەوانیان لە پاڵ دیوارێك دا ریز کرد و گولله بارانیان کردنن. بە گشتی سی هەزار کەس کوژران. کۆمۆنیان بە شێوەیەکی وەحشیانە لەگەڵ خاك یەکسان کرد، بەڵام کۆمۆن یەکێك لە شکۆدارترین دەستکەوتەکانی سەردەمی ئێمە بوو... ( پیاسە دەکات و ئاوجۆ دەنۆشێ.)

من و باکۆنین بەردەوام دەمانخواردەوە و باس و دەمەقاڵەمان دەکرد. پێم وت:

ــ « میخائیل، تۆ لە واتای دەوڵەتی کرێکاری هیچ تێناگەی. ناکرێت رابردوو بە ئەفسوونی تەنیا ساتێکی پڕ جۆش و خرۆش تێپەڕ بکرێت. دەبێ بە لەبەرچاوگرتنی ئاسەوارەکانی پاشماوەی نەزمی کۆن، کۆمەڵگایەکی نوێ بنیاد بنێین و ئەمەش پێویستی بە زەمەن هەیە.

ــ نا ، هەرکە نەزمی کۆن نەمێنێت کۆمەڵانی خەڵك یان زۆر زوو ئازادی تەواو بەدەست دێنن، یان ئەوەیکە هیچکات پێی ناگەن.

ئیتر باسەکەمان گەیشتە جێگایەکی باریك. من بە تەواوی سەبری خۆمم لەدەست دابوو، وتم:

ــ تۆ نەفامتر لەوەی کە تێبگەی. کۆنیاك کاری خۆی کردبوو، ئەویش لەولام دا وتی:

ــ مارکس، تۆ هیچ شتێك نی جگە لە کەسێکی لەخۆبایی و دایك قەحبە، وەك هەمیشە.

ئەوا تۆی کە هیچ تێناگەی. تۆ پێت وایە کرێکاران بە پێی تیئۆریەکانی تۆ شۆڕش دەکەن؟ تیئۆریەکانی تۆ بۆ ئەوان هیچ بایەخێکی نییە. تورەیی و بێزاری ئەوان وردەوردە پەرە دەستێنێ و بەبێ کۆمەکی بەناو زانستەکەی تۆ شۆڕش وەڕێ دەخەن. ئەوان بە شێوەی خۆماك شۆڕشگێڕ بوون لە رەگ و پێستیان دا بوونی هەیە.

زۆر هەیەجانی بوو.

ــ من تف دەکەم لە تیئۆریەکانت.

ئەمەی کە وت، پڕ بە دەمی تفی کردە سەر عەرزی. عەجەب بەرازێك! ئیتر هیچ حەد و سنوورێکی نەدەناسی. لێی تورە بووم و بە دەنگێکی بەرز پێم وت: تۆ بۆت هەیە تف بکەیت لە تیئۆریەکانی من، بەڵام نەك چێو فەرشەکە، خێرابە خاوێنی کەوە.

ـ وەرە. من بەردەوام وتوومە تۆ دیکتاتۆرێکی تەواو عەیاری.

ـ وە من بەردەوام وتوومە تۆ ئێختەی. ( واتا کەسێکی خەسیوی )

سوور هەڵگەڕا. ڕێك وەکوو حەیوانێکی بەرلە مێژوو، ئاوقام بوو. بۆخۆتان بیهێننە بەرچاو، زۆر زل و زەبەلاح بوو. لە سەر زەوی زۆرمان یەکتر هێنا و برد، بەڵام زۆر لەوە سەرخۆشتر بووین کە بتوانین زیان بە یەکتری بگەیەنین. هەندێك دواتر هەردووکمان لە پێ کەوتین. لە سەر عەرزی درێژ بووین و هەناسە بڕکێمان پێکەوتبوو. دواتر باکۆنین هەستا سەرپێ و وەك کەرگەدەنێکی کە لە ناو چۆم سەر دەربێنێ، لە پەنجێرەی دیوەکەوە دەستیکرد بە میز هەڵداشتن! دەمبینی بەڵام باوەڕم نەدەکرد.

ـ ئەوە چکارێکی گەوجانەیە تۆ دەیکەی، میخائیل؟

ـ پێت وایە چی دەکەم؟ خەریکم لە پەنجێرەکەتەوە میز هەڵدەدێرم.

ـ بەراستی حاڵت تێکدام، میخائیل.

ـ من میز دەکەم بەسەر لەندەن دا. میز دەکەم بە سەرتاپای ئیمپراتۆری ئینگلیس دا.

ـ نا، تۆ خەریکی میز دەکەیە سەر پیادەڕێیەکەی بەر ماڵی خۆمان.

وڵامی نەداوە. زنجیری شەرواڵەکەی داختەوە و لەسەر عەرزی خۆی درێژ کرد و دەستیکرد بە پرخەپرخ. منیش دوابەدوای ئەو خۆم درێژ کرد و خێرا خەوم لێکەوت. جێنی کاتی خۆرهەڵاتی بەیانی لەخەو هەڵدەستێ و ئێمە لەو حاڵە دا دەبینێ. ( ڕادەوەستێ و قومێك ئاوجۆ دەخواتەوە.)

نا نەیاندەتوانی بهێڵن کۆمۆن هەروا درێژە بە ژیانی خۆی بدات. کۆمۆن مەترسیدار بوو . ئەگەری ئەوە هەبوو کە کۆمۆن ببێتە سەرمەشق بۆ هەموو شوێنەکانی دیکەی جیهان. هەر بۆیە، خەڵتانی خوێنیان کرد. ئەم شتە هەرئێستاش ڕوو دەدات. مەگەر وانییە؟ هەرکات لە هەر شوێنێکی جیهان نەزمی کۆن تێك بڕوخێت و خەڵك بەدەر لە هەر چەشنە ئیدئۆلۆژییەك و تەنیا بۆ ئەوەیکە لەدژی دۆخی سەردەمی خۆیان ڕاپەڕن و شێوازێکی نوێ لە ژیان تەجرەبە بکەن، بارودۆخەکە هەر ئەمەیە.

ئەوان شتێکی ئەوتۆیان پێ تەحەمول ناکرێت، هەر بۆیە زۆر زوو دەست بەکار دەبن ـ بۆ خۆتان دەزانن مەبەستم لە «ئەوان» چ کەسانێکە ــ جار جار بە نهێنی و حیلەگەرانە، زۆر جاریش ڕاشکاوانە و بەوپەڕی توندوتیژی بەرەنگاری هەر حەرەکەتێکی لەو چەشنە دەبنەوە.

( ڕۆژنامەیەك دەخوێنێتەوە.) سەرەڕای هەمووی ئەمانە ئێستاش دەڵێن «سەرمایەداری سەرکەوتنی بە دەست هێناوە«. سەرکەوتنی بە دەست هێناوە؟! لە کام بواردا؟ لەوەدا سەرکەوتوو بووە کە بازاڕی سەهمەکان تا تەشقی ئاسمان بەرزبوونەتەوە و خاوەن بەشەکان پتر لە هەمیشە دەوڵەمەندتر بوون؟ ئایا لە کاتێك دا کە یەك لەسەر چواری منداڵانی ئامریکا بە دەست هەژاریەوە دەناڵێنن، ئێستاش دەکرێت باس لە سەرکەوتوو بوونی سەرمایەداری بکرێت؟ ئایا کاتێك چل هەزار منداڵیان بەر لەوەی کە تەمەنیان بگاتە یەکساڵ دەمرن، بەمجۆرەش هەر سەرکەوتووە؟

(ڕۆژنامەیەك دەخوێنێتەوە.) لە «نیۆیۆرك، سەد هەزار کەس هەر لە تاریك و روونی بەیانیەوە بۆ بە دەست هێنانی کارێك ڕیز دەبەستن، لە حاڵێك دا کە تەنیا بۆ دە هەزار کەسیان کار دەست دەکەوێ. «ئەو نەوەد و هەشت هەزار کەسەی دیکە کە کاریان دەست ناکەوێت چییان بەسەر دێت؟ ئایا بۆ ئەمانەیە زیندانی زۆرتر دروست دەکەن؟ بەڵێ، سەرمایەداری سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، بەڵام لە بەرامبەر چ کەسێك دا؟ لە تەکنەلۆژیا دا موعجیزەتان لە دەست هاتووە. ئینسانتان ڕەوانەی ئاسمان کردووە، بەڵام ئایا ئەو کەسانەی کە لەسەر زەوی ڕەهاتان کردوون چییان بەسەر دێت؟ ئەوان بۆچی ئەوەندە ترساون؟ بۆچی ڕوو دەکەنە مادە سڕ کەرەکان و مەسرەفی ئەلکهول؟ بۆچی بە تەواوی دێوانە دەبن و دەبنە قاتڵ و ئینسان کوژ؟ (ڕۆژنامەکە لەسەر دەستی دادەنێت)

بەڵێ، هەمووی ئەمانە لە ڕۆژنامەکاندا نووسراون.

سیاسەت وانەکانتان لەخۆ بایین. ئەوان دەڵێن لەمەو بەدوا، دنیا بەرەو «نیزامی کاری ئازاد و بازاڕی ئازاد» دەچێت.

ئایا هەموویان ئەقڵی خۆیان لەدەست داوە؟ ئایا مێژووی نیزامەکانی کاری ئازاد و بازاڕی ئازادیان لەبیر چۆتەوە؟ دەورانێك کە دەوڵەت هیچ کارێکیان بۆ خەڵك ئەنجام نەدەدا و تەنیا لە خزمەت دەوڵەمەندەکاندا بوون؟ کاتێك کە دەوڵەتی ئامریکا پەنجا ملیۆن هکتار زەوی ئازادی بە ڕێگای ئاسن دەبەخشی، بەڵام کۆچبەرانی چینی و ئیرلەندی بیست کاتژمێر لە پرۆژەی ڕاکێشانی ڕێگای ئاسن دا کاریان دەکرد و لە گەرما و سەرمادا دەمرن، بەڵام مێشێکیان لێ میوان نەبوو؟ و کاتێکیش کرێکارەکان ناڕەزایەتیان دەردەبڕی و دەستیان دەدایە مانگرتن، دەوڵەت لە هێزی ئەرتەش بۆ سەرکوت کردنی ئەوان کەڵکی وەردەگرت؟

ئەگەر مەینەتیەکانی سەرچاوە گرتوو لە سەرمایەداری

و «نیزامی کاری ئازاد و بازاڕی ئازاد»م بە چاوی خۆم نەدیتبایە، چ پێویستی دەکرد «کاپیتاڵ» بنووسم؟ لە ئینگلستان منداڵی زۆر کەم تەمەنیان دەهێنایە بەر کاری رستن و چنین، چونکە قامکە لاواز و بچکۆلەکانیان دەیتوانی مەکینەی رستنەکە بسوڕێنێت. لە ئامریکا، لە ماساچۆست، ئەو کیژۆڵە کەم تەمەنانەی کە هەر لە تەمەنی دە ساڵیەوە دەیانبردنە کارخانەکانی بەرهەم هێنانی ئارد و کاریان لێ دەکێشان، لە تەمەنی بیست و شەش ساڵیدا دەمردن. شارەکان چاڵاوی هەرزەیی و هەژاری بوون. ئەمەیە سەرمایەداری، چ دوێنێ و چ ئەمڕۆ. بەڵێ، تەبلیغاتی پڕ زەرق و بەرقی ئێوەم لە گۆڤار و شاشەی تەلەویزیۆنەکانتانەوە بینیوە.

(ئاخێك هەڵدەکێشێ.) بەڵێ، تەواوی ئەم لاپەڕانە و تەواوی ئەو وێنانە.چەندە لەو وێنانە دەبینین و چەند کەمیان لێ تێدەگەن!

ئایا هیچ کەس لێرە مێژوو ناخوێنێتەوە؟ (خوێنی هاتۆتە جۆش)

لەم سەردەمەدا لە قوتابخانەکان چ شتهایەکی بێ بایەخ و پڕوپووچ فێری قوتابیەکان دەکەن؟

(گلۆپەکان دادەگیرسێن و دەکوژێنەوە. هەڕەشە دەکات و چاو لە سەرەوەدەبڕێت)

ئەوان تەواو هەستیارن.

دڵم بۆ «جێنی» تەنگ بووە. ئەو بێگومان سەبارەت بە هەمووی ئەمانە کۆمەڵێك قسەی بوو بۆ وتن. بە هۆی خەم و نەخۆشینەوە لە پێش چاوی خۆم سەرەنجام مۆمی تەمەنی کوژایەوە، بەڵام گومانم لەوەدا نییە کە ساڵەکانی شادی و خۆشی خۆمانی لەبیر بوو. ساتەکانی شادی و شەیداییمان لە پاریس و تەنانەت لە سۆهۆ.

دڵم بۆ کیژۆڵەکانیشم تەنگ بووە. (سەر لەنوێ رۆژنامەیەك هەڵدەگرێت و دەیخوێنێتەوە) «ساڵرۆژی شەڕی کەنداو. سەرکەوتنێکی خێرا و شیرین». بەڵێ من ئەو شەڕە خێرا و شیرینانەی کە تێیدا بە هەزاران تەرم لە مەیدانەکانی شەڕدا بەجێ دەمێنن و منداڵەکان پۆل پۆل لەمەڕ نەبوونی خۆراك و دەوا و دەرمان دەمرن بە باشی دەناسم. (لاپەڕەی رۆژنامەکان هەڵدەداتەوە.) لە ئوروپا، لە ئەفریقا، لە فەلەستین، نەتەوەیەك نەتەوەکانی تر لەو دیوی سنوورەکانیان دا قەتڵی عام دەکەن. (نیگەرانە.)

ئایا نەتان بیستووە کە سەد و پەنجا ساڵ لەمەوبەر من چیم دەوت؟ ئەم سنوورە دەستکردە گاڵتەجاڕانە هەڵوەشێننەوە! ئیتر نە پاسپۆرت، نە ویزا، نە نیگەهبانەکانی سنوور پارێز، نە رێژەی دیاری کراوی کۆچبەران، ئیتر نە ئاڵایەك و نە سوێندی سەر بە ئەم هۆوییەتە دەستکردانەی ناسراو بە نەتەوەکان. کرێکارانی جیهان یەکگرن! (دەست بە پشتی دەگرێت و بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە) ئەم پشت ئێشەیە ئاقیبەت دەمکوژێ...

من دان بەوە دادەنێم کە ئەوەم لەبەر چاو نەدەگرت کە سەرمایەداری خاوەنی چ زەرفییەتێکی سەرسوڕهێنەرە بۆ بەردەوام مانەوەی خۆی. هیچکات بیرم لەوە نەدەکردەوە کە بۆ لەسەر پێ راگرتنی نیزامێکی نەخۆش و داڕزیو دەوا و دەرمانێك بوونی هەبێت، شەڕ بۆ پشتگیری لە سەنعەتەکان و بۆ ئەوەیکە تاکەکان بە جۆرێك شەیدای وڵات پەرستی بکات کە مەینەتی و رۆژ رەشیەکانی خۆیان لەبیر بکەن، ئەوەیکە دەمارگرژە مەزهەبیەکان وەعدەی ئەوە بە کۆمەڵانی خەڵك بدەن کە «عیسا» سەر لەنوێ دەگەڕێتەوە. (سەری تەکان دەدات) من عیسا باش دەناسم. بەم زووانە ناگەڕێتەوە...

من لە ١٨٤٨ دا بە هەڵە وام بیر دەکردەوە کە گۆیا سەرمایەداری لە حاڵی داڕمان دایە. ئەم لێکدانەوەیەی من هەندێك زووتر لە کاتی خۆی بوو. رەنگە دوو سەد ساڵ. (بزەیەکی لەسەر لێوە.) بەڵام دەگۆڕدرێ. تەواوی ئەو نیزامانەی ئێستا دەگۆڕدرێن. ئینسانەکان نەفام نین. من سەرۆك کۆمارەکەتان واتا «لینکلن»م لەبیرە کە دەیووت ناکرێت بۆ هەمیشە تەواوی خەڵك فریو بدەیت. ئەقڵی سەلیمی ئەوان، تینوویەتی ئەوان بۆ رێز و حورمەتی ئینسانی و عەداڵەت دەبێتە هۆی یەکگرتوویی و هاوپشتی ئەوان. بە گاڵتەی مەگرن! پێشتر رووی داوە و دەتوانێت سەر لەنوێ و لە ئاستێکی عەزیم تردا رووبداتەوە. ئەوکات تەواوی ئەو کەسانەی کە بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگایان بە دەستەوەیە، بە هەمووسەروەت و ئەرتەشەکانیانەوە، ناتوانن بەر بە هیچ رووداوێك بگرن. نۆکەر و دەست و پێوەندەکانیان روویان لێ وەردەگێڕن و سەربازەکانیان لە بەڕێوەبردنی فەرمانەکانیان سەرپێچی دەکەن.

راستە کە گەلێك موعجزەی بێ وێنەی لە مێژوودا ئەنجام داوە. موعجزەکانی زانست و فەن. بەڵام گۆڕی خۆی بەدەستی خۆی هەڵدەکەنێت. چاوچنۆکی و تەماعکاری لەبن نەهاتووی ئەو لە پێناو قازانج ــ دەبێتە هۆی پێك هاتنی دنیایەکی ئاڵۆز و پڕ لە پشێوی. سەرمایەداری هەموو شتێك هەر لە هونەرەوە بگرە تا ئەدەبیات، موسیقا و تەنانەت جوانیەکانیش دەکاتە کالایەك بۆ کڕین و فرۆشتن. مرۆڤەکانیش دەکاتە کاڵا. نە تەنیا کرێکاران بە شێوەی زنجیرەیی کار دەکەن، بەڵکوو زانایان، مافناسان، شاعیران و هونەرمەندانیش بۆ درێژەی ژیانیان ناچارن خۆیان

بفرۆشن.
باشە، چی روو ئەدات کاتێك ئەم کەسانە بەوە بگەن کە هەموویان کرێکارن؟ هەموویان خاوەنی دوژمنێکی هاوبەشن؟ ئەوان بۆ ڕەوایی دان بە خۆیان و لە هێزەوە بوون بە کردەوە بەراستی یەکگرتوو دەبن. نەتەنیا هەر لەناو وڵاتەکەی خۆیان لەبەر ئەوەی سەرمایەداری پێویستی بە بازارێکی جیهانی هەیە. دروشمەکەی « بازاڕی ئازادە « چوونکە بۆ هەڵسوڕانی ئازادانە لە سەرتاسەر گۆی زەوی و بەدەست هێنانی قازانجی زیاتر، هەرچی زۆرتر پێویستی بە بازارێکی ئەوتۆ هەیە! بەڵام بەکارێکی لەم چەشنە، بە شێوەیەکی نەخوازراو فەرهەنگێکی جیهانی بەدی دێنێت. مرۆڤەکان سنوورەکان تێك دەشکێنن، بە جۆرێك کە لە مێژوودا بێ وێنە بووە. ئەندێشەکان سنورەکان دەبەزێنن. ئاکامی هەمووی ئەمانە، بە ناچار هەل و مەرجێکی نوێ دەخوڵقێنێ. ( هەڵوێستەیەکی کورت دەکات و دەچێتە فکرەوە. )
کاتێك ساڵی ١٨٤٣ لەگەڵ « جێنی « لە پاریس بووم، تەمەنم بیست و پێنج ساڵ بوو، ئەوکات سەبارەت بەوە دەمنووسی کە لە نیزامی نوێی سەنعەتی دا، ئینسانەکان لەگەڵ خۆیان بێگانەن، چوونکە لێی بێزارن. کاتێك دەنگە دەنگی دەزگاکان و دووکەڵ و بۆنی ناخۆش و ژاوەژاو بیر و هەستیان دەداتە بەر هێرش ــ وە ئەمە بە پێشکەوتن ناو دەبەن ــ تەنانەت لەگەڵ سروستیش دەبنە بێگانە. ئەوان لە گەڵ یەکتریش دەبنە بێگانە، چوونکە هەریەکەیان کردۆتە ڕەقیبێك لە بەرامبەر ئەویتریان بۆ ئەوەی لە پێناو زیندوو مانەوەدا بە سەر تەرمی ئەویتردا تێپەر بێت. ئەوان لە خۆشیان بێگانەن، ژیانێکیان هەیە کە هی خۆیان نییە و جۆرێك دەژین کە دڵخوازی خۆیان نییە، بە جۆرێك کە ژیانی واقعیی تەنیا لە دنیای خەیاڵ دا مسۆگەر دەبێت.
بەڵام هیچکام لەمانە شتێکی نەگۆڕ نین. بەردەوام بەدیل و گوزینەیەك لە گۆڕی دا هەیە. قەبووڵی دەکەم کە ئەمە تەنیا ئەگەرێکە. هیچ باوەڕێکی راستەقینەی لە پشت نییە. ئێستا مەسەلەکە روونە. من لە ڕادە بەدەر لە خۆم دڵنیا بووم، بەڵام لەمەو بەدواوە دەزانم کە ئەگەری هەر شتێك هەیە. بەڵام ئینسانەکان دەبێ بۆ خۆیان بجوڵێن.
بەبڕوای ئێوە ئەمە گەلێك رادیکاڵە؟ لە یادتان نەچێت کە رادیکاڵ بوون شتێك نییە مەگەر ئەوەیکە بە شێوەیەکی ریشەیی بۆ مەسەلەکان نەچی، وە ریشەش ئێمەین.
ئێستا من پێشنیارێکم هەیە. وای دابنێن کە کوان و دمەڵتان هەبێ و لە تاو ئێش و ئازارەکەی ناچارن هەستنە سەر پێ. دەبێ تەکانێك لەخۆتان بدەن، کارێك بکەن. با چیتر قسە لە سەرمایەداری و سوسیالیسم نەکەین. تەنیا باس لە بەکارهێنانی سەروەت و سامانی زۆر و زەبەندی سەر گۆی زەوی بکەین لەلایەن ئینسانەکانەوە. دابین کردنی پێداویستیەکانی ئینسان: خۆراك، دەوا و دەرمان، هەوای پاك، ئاوی خاوێن، دارو درەخت، سەرپەنای گونجاو، چەند کاتژمێر کار و ماوەیەکی زیاتریش بۆ ئیستراحەت و کات بەسەر بردن. مەپرسن کێ شیاوی ئەم شتانەیە؟ هەر مرۆڤێك شایانی هەمووی ئەمانەیە.
باشە، ئیتر کاتی ئەوەیە کە بڕۆم.
( کەل و پەلەکانی کۆ دەکاتەوە، دەکەوێتە ڕێ کە بڕوات. روو دەکاتە جەماوەرەکە ) ئایا گەڕانەوەی من ناڕەحەتی کردن؟ ئایا لێم دڵگیرن؟ وای دابنێن کە گەڕانەوەی مەسیحایە. مەسیح نەی دەتوانی بێت. هەر بۆیە مارکس هات...






# شەڕ... کام شەڕ

ئاوایی «ویسوچی بور»ی vissiuchi borدووره دەست، لە شەرەکان دا هیچ زیانێکی پێ نە گەیشتبوو. تەنیا لە رۆژەکانی هەوەڵی شەردا فرۆکەکانی دووژمن دووجار ئاوایی یەکەیان بۆمباران کردبوو. لەو بۆمبارانەدا کلێسای ئاوایی لە گەڵ زەوی یەکسان و ساختمانی شیرکەتی تەعاونیش وێران کرابوو. بەڵام لە بەرامبەردا لە مەیدانی شەڕ دوور بوو و تەنیا جاروبار بریندارەکانی مەیدانی شەڕ کە بەدوای دوکتور و پێچانی برینەکانیانەوە وەیلان بوون، ڕێگایان ون دەکرد و بە سەر ئاوایی «ویسیوچی بور» دا دەکەوتن. دواتر کە سپای ئاڵمان گەیشتنێ، (کلاویشۆف)ی بەساڵاچوویان لە پەنا چالاوەکە لە داردا و شەویش (داشکین)ی کەڕ و بەساڵاچوویان کوشت و دوو پیره پیاو و سێ ژنیان لە مەیدانی ئاوایی دا شەلاقکاری کرد و دواتریش هەرچی کچ و کوڕی لاو و ژنی گەنج بوو بەرەو ئاڵمان بردیانن. ئەوان نەیان دەویست بچنە ئاڵمان و هەڵدەهاتن. سپای ئاڵمان بۆ ترساندنی خەڵك دەستیان کرد بە تەقە و ٤ کەسیان کوشت. «پتیا» لەگەڵ دایکی ڕاوەستا بوو. دایکی ئەویشیان جیا کردبۆوە کە ڕەوانەی ئاڵمانی بکەن. «پتیا» هەر کە دیتی کووژراوەکان چۆن دەکەونە زەوی و لە خوێن دا دەتلێنەوە، دەستی کرد بە گریان و هات و هاوار، بە جۆرێك کە دایکی لە هێورکردنەوەی جاڕز ببوو. کاتێك سپای ئاڵمان ئەوانەی کە مەبەستیان بوو لە شوێنێك جیایان کردنەوە، «پتیا» خۆی نەگرت و بەرەو دایکی ڕایکرد و تەنانەت گازی لە باسکی سەربازێکی ئاڵمانیش گرت. سەربازەکە جنێوی پێدا و بە هەموو هێز و توانای خۆی قۆنداغە تفەنگێکی لە سەری «پتیا» ڕاکێشا، کاتێك پتیای منداڵ وەهۆش خۆی هاتەوە، سپای ئاڵمان رۆیشتبوون و «سوشنیکوا»ی دراوسێ یان کە ژنێکی بە ساڵاچوو بوو، ئاوی بە دەم و چاوی دا دەکرد، پتیا دەیهەویست هەڵێ و بچێ بۆ لای دایکی، ماوەیەك هەوڵی دا کە خۆی لە دەست سوشنیکوا راپسکێنێ و ئاخرییەکەی دەرچوو، بەڵام نەیتوانی چەند هەنگاو زیاتر بڕوا. سەری لەگێژەوە هات. تارماییەك بەری چاوی داگرت و چەند هەنگاوێك زیاتر نەڕۆیشت و کەوتەوە زەوی. بەو جۆرە- پتیا یوکاچۆفی- منداڵ و ٨ساڵە، تاك و تەنیا ماوە. سەرەتا سوشنیکوا

هەوڵێکی زۆریدا بۆ ئەوەی پتیا بەرێتە لای خۆی، بەڵام پتیا نەی هەویست بچێ و گوتی: لە ماڵە خنجیلانەکەی خۆیان دا دەژی و چاوەڕێ دەبێ تا دایکی دەگەڕێتەوە. سوشنیکوا دەیهەویست رازی بکا و گوتی: نەفام، رەنگە دایکت قەت نەیەتەوە. پتیا لە کەری شەیتان نەدەهاتە خوار و هەر دەیکوت نا و نا و نا... پتیا دەگریا و نەیدەویست بڕوابکا کە دایکی قەت ناگەڕێتەوە. زۆری نەخایاند دیسان ئاڵمانی یەکان هاتنەوە و وتیان کە یەکێك لە پارتیزانەکان لە «ویسیوچی بورا»دا خۆی شاردۆتەوە و بێتوو خەڵکی ئاوایی تەسلیمی نەکەنەوە، ئەوا تەقە دەکەن و ماڵەکانی ئاوایی ئاور تێبەر دەدەن، ئەو کارەشیان کرد. جەغزی ماڵ و ئەنبارەکانیان بە کا کێشا و نەوتیان پێدا پڕژاند و ئاوریان دا. هەر چی لە ویسیوچی بور بوو و نەبوو، لە کاڵ و ئەنبارەوە بگرە تا دەگاتە خاجەکانی گۆرستان، هەموو شتێکیان سووتاند. ئاور تەنیا وێرانەی شیرکەت تەعاونی نەگرتەوە. کاتێك ئاخرین نیوە سووتاوەکانیش سووتان و تێکرا بوونە خەڵووز، سوشنیکوا دەستی پتیای گرت و وتی دەچینە دارستان و لەوێ لە کۆخەکان دا دەژین. پتیا وەڵامی داوە:بۆ هیچ جێ یەك ناچێ و دەمێنێتەوە و چاوەڕێی دایکی دەبێ. سوشنیکوا ویستی بە زۆری پتیا لە گەڵ خۆی بەرێ بەڵام پتیا لە دەستی ئەو ڕایکرد و لە نێو دارستانەکەدا خۆی شاردەوە. شەو داهات و پتیا گەڕاوە. لە ئاوایی یەکەدا جگە لە چەند پشیلە هیچ پەلەوەرێك نەمابۆوە، چونکە خەڵکی ئاوایی سەگەکانیان لە گەڵ خۆیان بردبوو. پتیا زۆر ترسا. ماوەیەك گریا هاواری کرد سەری لە زەوی دەکوتا بەڵام کەس گوێی لە دەنگی نەبوو و هاواری نەبێت، دوای حەسانەوە لە سەر خۆڵەمێشە گەرمەکە خەوی لێکەوت. کاتێك کە خۆر هەڵات و ڕۆژ لە نوێوە دەستی پێکرد، پشیلەکانیش ئاوایی یان بە جێ هێشتبوو، چاوت بۆ هەر لایەك دەگێرا ئاسەواری ئاوری پێوە دیار بوو و وڵاتی ڕەش داگرتبوو تەنیا دیوارە دووکەڵاوی یەکانی کوورەی ناوماڵەکان دیار بوون کە هێشتا بە پێوە مابوونەوە. لێرە و لەوێ ئوتوو و ئاسنەواڵە و شڕ و شاتاڵ و تەنەکە نەوتی سووتاو پرژ و بڵاو ببوون. پتیا نەیدەزانی چ بکا. چەند جار بە گوێرەی عادەت گریا، بەڵام ئاخرییەکەی هێندە گریا دڵۆپێکیشی فرمێسك پێ نەما. دوایی بیری کردەوە ئەگەر بێتوو دایکی خێرا نەیێتەوە ئەو دەمرێ و لە پەنا کوورەی ماڵە سووتاوەکەی خۆیان دانیشت و چاوەڕێی ئەوە بوو بمرێ. مەرگ نەهاتە سەروەختی و دایکیشی دیار نەبوو. دیتی زۆری برسی یە. ماوەیەك نەیتوانی ڕێگایەك بۆ وەدەستهێنانی خۆراك ببینێتەوە. چاوێکی لە نێو کوورەکە کرد و قابڵەمەیەکی چکۆڵەی پڕ لە پەتاتەی دیتەوە کە کاتی ئاور گرتنەکە کوڵا بوو. پتیا پەتاتەیەکی زۆری بە بێ خوێی خوارد و دیسان خەوی لێکەوتەوە. کاتێك وەخەبەر هات کە تاریکایی باڵی بە سەر وڵاتدا کێشابوو و بابایاکۆف بە سەری دا نووشتابۆوە و بانگی دەکرد و دەیوت: هەستە با بچین لە دارستان دا بژین، لێرە تاك و تەنیا دەمری پتیا چاوێکی لە بابا کرد و بە نیشانەی نەچوون و خۆبواردن سەرێکی لەقاند. تۆ ئەقڵ لە کەللەتدا نەماوە، بە خاتری تۆ چەندکیلومتر بەو ڕێگایەدا هاتووم، هەستە من پیرم و لاقەکانیشم ساغ نین و وڵاتیش تاریك بووە و بۆ گەرانەوەش دەبێ ڕێگایەکی دوورودرێژ بپێوین.




ئاخریەکەی پتیا هەستا و لە گەڵ ئەو وەرێ کەوت، ماوەیەکی زۆر بوو کە بەو ڕێگایەدا دەرۆیشتن. لە نێو ڕێ دا، بابایاکوف هەر دەیبۆڵاند کە چەندە بە ڕێ یەدا رۆیشتوە بەڵام ئاخر ناتوانێ پتیا بە تەنیا جێ بێڵێ، دەمرێ، پتیا لە ناکاو بە زەینی دا هات کە دایکی دەگەڕێتەوە و کەس لە ئاوایی دا نییە. دیسان هەڵات و گەراوە بۆ ئاوایی و بابایاکوف تۆزیشی نەشکاند و لە نێو کوورەیەکی دیکەی نێو دیواری ماڵەکان دا قابڵەمەیەکی دیکەی پڕ لە پەتاتەی دیتەوە. دوایی بە زەینی دا هات کە ژێرخانی ماڵەکانی دیکەش بپشکنێ.لە ژێر خانەکانیش دا خۆراکی جۆراوجۆری وەك کووپەی پڕ لە کەلەم شۆر و خەیار شۆر و هەروەها بە ڕادەیەکی زۆریش گێزەر و پەتاتەی دیتەوە، تەنانەت ئاردی گەنمیشی وەدەست کەوت. چەند ڕۆژ تێپەڕ بوو و دیسان سوشنیکوا لە دارستانەوە

گەڕایەوە. هەر کە سەری لەئاسۆگ دەرکەوت و هاتە سەر، پتیا پێی زانی کە بەدوای ئەودا هاتۆتەوە. پتیا بە سەر زەوی دا دەخزی و هەر چۆنێك بوو بە سینگە خشکە خۆی گەیاندە کەلاوەکانی شیرکەت تەعاونی و لەوێ خۆی حەشاردا. سوشنیکوا بۆ ماوەیەك لە نێو ئاوایی خاپوورکراو گەرا و ئەم لاو ئەولای کرد. بانگی پتیاشی دەکرد، بەڵام ئەو خۆی هەر دەرنەخست. دواتریش زۆر جار خەڵکی ئاوایی لە دارستانەوە هاتنە دەر و روویان دەکردەوە ئاوایی و ئەو کەل و پەل و پێداویستی یانەی کە لە بن دار و پەردووەکان دا ساغ مابوونەوە، دەریان دێنان و لە گەڵ خۆیان دەبردن، بەڵام پتیا هەموو جارێ خۆی دەشاردەوە. لە سەرەتای پاییز و گەڵارێزان دا خەم و ماتەم بە جۆرێك دڵی پتیای منداڵی داگرت، کە سوور بوو لە سەر ئەوەی روو بکاتە دارستان و بچێتە لای خەڵکی ئاوایی، بەڵام چیتر کەس لەوێ دا ڕووی لە کەلاوەکانی ئاوایی خاپوور کراو نەکردەوە و پتیاش ڕێگای گەیشتن بە ئەوانی نەدیتەوە. وەرزی گەڵارێزان تێپەر بوو، زستانی بەسەردا هات. پتیا هەروا چاوەڕێی دایکی بوو. لە ماوەی هاوین و پاییزدا جاروبار قسەی دەکرد و لە بن لێویەوە شتێکی دەوت، بەڵام دوایی تەرکی قسەکردنیشی کرد. پتیا لەو سەرما و سەخڵەت و بێ خۆراکی یەدا نەمرد. لەنێو قوولکەی کەلاوەکانی شیرکەت تەعاونیدا رۆژگاری تێپەڕ دەکرد. بە هۆی شێدار بوونی شوێنەکەی، لاقی ماسی بوو و ژانی دەکرد، گۆناکانی پێستیان هەڵدەدا. زۆر بە زەحمەت لە جێگای خۆی هەڵدەستا و بە دژواری هەنگاوی هەڵدێناوە. بەرە بەرە قسەکردنی لە بیر چۆوە و نەیدەتوانی بە ڕێك و پێکی قسە بکا مەگەر ئەوەیکە، بە هەڵیت و پڵیت شتێکی وتبا. بەرە بەیانی ڕۆژێك کە پژمین زۆری ئازار دەدا، بەرەو چۆم دەچوو ئاو بخواتەوە، لە پشت کوورەی ماڵێك گوێی لە ناڵەیەك بوو. پتیا دەورێکی کوورەکەی لێدا و پیاوێکی رەنگ پەریو و سەر و چاو خوێناوی و ریشنی دیت. پێی وابوو کە مردووە. لە ترسان قەڵەمی دەست و پێی شکاو، ڕەق راوەستا. لە ناکاو پیاوەکە لێوی بزاوت و دواتر هێندێك لە جێی خۆی راست بۆوە. پیاوەکە دەستی لە زەوی کە بەفر داپۆشیبوو گیر دەکرد و لەشی بە دوای خۆیدا ڕادەکێشا. بە دیتنی پتیا خۆی لە سەر زەوی درێژ کرد و بە دەنگێکی کز وتی: کورەکە! کورەکە! پتیا لە ترسان هەناسەی لە خۆی بڕیبوو. هەنگاوێك بەرەو پێش چوو و پیاوەکە وتی: ئاو. من بریندارم کورەکە، ئاوم دەیە بیخۆمەوە، ئاو! پتیا هەنگاوێك بۆ دوایە گەڕایەوە و چاوێکی بە دەور و بەری خۆیدا گێرا. لە سەر تەپۆڵکەیەك قوتوویەکی کۆنسێروی دیتەوە و تێگەیشت کە دەبێ بەرەو چۆم بچێ. مانگێکی رەبەق ئەو دووانە یانی منداڵێك کە تووشی ئاڵۆزی بیر و زەین ببوو و لە گەڵ فڕۆکەوانێك کە لە کاتی شەڕی ئاسمانی دا فڕۆکەکەی بە تیری دوژمن پێکرابوو، پێکەوە ژیان. زارکی قوڵکەکەیان بە کوتە ئاسن چکۆلە کردەوە و کەلێن و کەلەبەرەکانیشیان بە پەڕۆ کۆن و کا گرت. فڕۆکەوانەکە پتیای تێگەیاند کە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو قوڵکەیەی کە تێیدا دەژین گەرمی بکا و هەر وەها بتوانێ چێشت لێ نێ، ئەوا دەبێ ئاجور بێنی و ئوجاخی پێ ساز بکا. هەر کە برینەکانی فڕۆکەوانەکە سارێژ بوو وتی: پتیا کاتی ئەوە هاتووە کە خۆم ساز بکەم و وەڕێ بکەوم:. لە سەرەتادا پتیا بێدەنگ بوو و دواتر کوتی، من دەمێنمەوە، فڕۆکەوانەکە تێنەگەیشت و کوتی، یانی چۆن دەمێنیتەوە؟ لە وڵامدا پتیا وتی: لێرە دەمێنمەوە:. لە ماوەی ٦-٥ ڕۆژ فڕۆکەوانەکە تێکۆشا بۆ ئەوەی پتیا رازی بکا و لە گەڵ خۆی دا بیبا، بەڵام پتیا کە بیری ئاڵۆز و کوێر ببۆوە رازی نەدەبوو، فڕۆکەوانەکە دامابوو کە لەگەڵ ئەو کوڕە چ بکا. ئاخری یەکەی وتی لەوە زیاتر ناتوانێ بمێنێتەوە و ڕۆیی. پتیا تا درنگان لە سەر کەلاوەکانی شیرکەت تەعاونی راوەستا و چاوی لە ڕۆیشتنی فڕۆکەوانەکە دەکرد کە هێندێك دەشەلی.دواتر پتیا گەڕایەوە بۆ ئەو قوڵکەیەی کە تێیدا دەژیا و دەستی کرد بە گریان. کاتی عەسر فڕۆکەوانەکە گەڕایەوە و وتی: ئاوا نابێ، من ناتوانم تۆ لێرە بەجێ بێڵم. ناتوانم! تۆ لێرە تێدا دەچی. تێدەگەی یان نا! پتیا مۆرکی بێدەنگی لە لێوانی دابوو و لێوی لە بەریەك نەدەبزاوت. فڕۆکەوانەکە ڕۆژێکی دیکەش لەوێ ماوە تا پتیا ڕازی بکا. بەڵام ئەو کوڕە هەر ڕازی نەدەبوو و نەدەبوو. ئەو جار فڕۆکەوانەکە وتی: باشە بوولێڵەی بەیانی دەڕۆم بەڵام دیسان دەگەڕێمەوە. پتیا بە تەنیا



مایەوە. زستان بەسەر چوو. بەهار هات و هاوینیشی بە سەردا هات. پتیا هەر چاوەڕێ بوو. لە هاوین دا خۆراك زۆر بوو. چونکە لە پاش هەڵکەندنەوەی حاسڵی پەتاتەی ساڵی ڕابردوو، بە هەڵکەوت پەتاتە لە زەوی دا بەجێ مابوو و دیسان سەوز ببوونەوە و پێ گەیشتبوون. کارگ و توودرك و میوەی دارستانیش زۆر ببوو. لە ڕێگایەکی دووریش پلورە هەنگی لێ بوو. کە هەنگەکان کاسپی یان دەکرد و هەنگوینیان زۆر بوو. پتیا سەر تەپۆڵکەکان گەڕا و لە نێو خۆڵەمێش دا چەند دانە قولاپی ماسی گرتنی دیتەوە و کەرەسەی ڕاوە ماسیشی پەیدا کرد. ئیستا ئیدی هەمیشە ماسی تازەی ڕاوکراوی هەیە. رۆژێك لە رۆژەکانی پاییز، لە قەراخ چۆمی، ژنێکی دیت کە جلی سەربازی لەبەردا بوو. ئەو ژنە پەرستار بوو و ئاڵمانی یەکان بە دیلیان گرتبوو ئەویش لە چنگیان هەڵاتبوو. ئەو ژنە دوو حەوتوو لە سەرپەناکەی پتیادا لەگەڵ پتیا ژیا و جلەکانی شۆرد و هێندێکیشی چێشت بۆ پتیا لێنا. دواتر وەرێکەوت و رۆیشت، کە لەمەیدانی شەڕ تێپەڕی و بەرە و شۆرەوی بڕوا و پتیاش بە تەنیا مایەوە. ژنە پەرستارەکە لە کاتی ڕۆیشتن و بە جێهێشتن دا بە پتیای وت: بمێنەوە و لێرە بژی. من دەگەڕێمەوە. ئێمە هەمومان دەگەڕێینەوە. دوایی کچێکی لاوی دیتەوە کە لە دەستەی چەتربازەکان بوو. ئەو کچەش ماوەیەك لە گەڵ پتیا بوو و ئەویش کاتی ڕۆیشتن وتی دیسان دەگەڕێمەوە. هەموو دەهاتن و دەڕۆیشتن و پتیا بە جێ دەما. ئەو فڕۆکانەی کە ئەستێرەی سوور لە سەر باڵەکانیان کێشرابوو. بە سەر ئاسمانی ئاوایی یە سووتاوەکە دا دەگەڕان. ژمارەی ئەو فڕۆکانە بە قەت ئەو باڵندانە دەبوون کە مزگێنی بەهار لە گەڵ خۆیان دێنن و ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ ژمارەیان بە ئاسمانەوە زیاتر دەبوو. لە مانگی مارس دا ژنێکی لاواز و پەك کەوتوو ڕووی کردە ئەو دێیە . هێندە ماندوو بوو نەیدەتوانی ببزوێ. دوو ساڵ و نیو یەخسیری ئاڵمانی یەکان بوو، بەڵام هیوای گەڕانەوە بۆ ئاوایی و دۆڤەرەکەیان و دیدار لە گەڵ ڕۆڵە ئازیز و خۆشەویستەکەی هەر نەبڕابوو. ئێستا گەڕاوەتەوە بەڵام بە جێگای ئاوایی ویسیوچی بەرەوڕووی کەلاوەیەك دەبێتەوە. لە نێو کەلاوەی شیرکەت تەعاونی خشەخشێك هات و لە ژێر شیروانی یە کوت کوتەکەدا کوڕێکی چکۆلە هاتە دەرێ. هێندێکی کۆنە لە گیانی ئالاندبوو. دەسماڵێکی ژنانە کە لە قەراخەکانی یەوە سووتابوو و پەڵەپەڵەی سووری پێوە دیار بوو، لە سەری پێچابوو. لە ژێر کراسە شڕ و شیتاڵەکەیەوە کە بە لۆکە ئاخنرابوو، شەڵوارێکی لە پێدا بوو، کە لە تەلیس دروست کرابوو. لە لاقێکی دا چەکمەیەکی دڕاو دەبیندرا کە بە هێندێك پەتك و لەتك و سیمی تەلەیفون بە لاقی یەوە ڕاگیرابوو. لاقەکەی دیکەشی چەکمەیەکی سووری کون کون دەی پاراست،کە تیکەی رۆژنامە لە کونەکانی یەوە هاتبووە دەرێ. ئەو کورە پتیا بوو، ئەو ژنە کە ٢ ساڵ ونیو لەوەو پێش رۆلە خۆشەویستەکەی بەجێی هێشتبوو، ناسی یەوە بە دەنگێك کە هیچ هیوا ومتمانەیەکی پێوە دیار نەبوو وتی: -پتیا! دوایە هاواری کرد :»پتیا!- پتکا!» چووەپێشێ. هیچ شتێکی نەدەدی و لە هیچ نەدەگەیشت. فرمێسکی چاوەکانی هاتەخوار- هەر دەتگوت بێهۆش بووە و لە حاڵی بێهۆشی دا بەردەوام دەڵێ. پتیا! پتینکا! کوڕەکە چاوێکی گێڕا و ژنەکەی دیت و لە ناکاو هەڵات و لە کاتی هەڵاتن دا وەك جووجکە مەلێك کە لە هێلانەکەیەوە دەکەوێتە خوار و باڵە تەپەی دەکرد و لە لاقی چەپەیەوە دەشەلی نەی دەویست رابردوو دووپات بێتەوە و دیسانیش کەسێکی دیکە بێت و ماوەیەکی لەگەڵدا بژی و دواتریش بەجێی بێڵێ. لە چاوەڕێی ماندوو ببوو. دایك بەسەر تەپۆڵکە رەشەکان و نیو چاڵ و قووڵەکان دا تێدەپەری و بازی دەدا و دەکەوت وهەڵدەستاوە و بەدوای منداڵەکەی دا هەڵدەهات بەڵام کوڕەکە هەر دەیزیقاند و هەڵدەهات. لە پەنا ئاخرین ماڵە سووتاوەکان دا لاقی پتیا لە سیمی تەلەیفون گیراو کەوت ژنەکە گرتییەوە و وتی: « پتیا»پتیا»... ژنە لە خۆشیان تاقە قسەیەکی دیکەی بۆ نەدەهات و کورەکەش نەیدەزانی چی وەڵام داتەوە.ئەو نەیدزانی کەئەو ژنە کێیە. ڕۆژگارێکی زۆر تێپەڕی و کورە، دایکی خۆی هەر نەناسی یەوە. بیر و زەینی ئەو شێوە و شەمایلێکی دیکەی بەلای خۆوە ڕاگرتبوو. ژنێکی لاو و گەنج تری لە بیر مابوو و چاوەڕێی کەسێك بوو کە ئیتر لە دنیادا لەو شێوەیە نی یە. یوکاچوا، دایکی پتیا هەر لەو جێگایە کە زەمانێك ماڵی ئەوانی لێ بوو، کۆخێکی بە پارچە ئاسن وکا پێکەوە نا. لەو کاتەدا بەرەی شەڕ بەرەو لای ڕۆژئاوا دەچوو. ڕۆژێکیان ڕێبوارێك شەو لە کۆخەکەی یوکاچوادا مایەوە. ڕێبوارەکە سەری زۆر لە دەستێوەردان لە کاری کەسی دیکە دەخورا و وتی جێگاکەتان تەنگەبەرە و کاتی ئەوە هاتووە کە ماڵێکی دیکە ساز بکەن. لەنێو شۆفیر و خەڵکی نیزامی کە بە وێ دا تێدەپەڕن، کەسی وا هەڵدەکەوت کە سەر لە کاری خانوو دروست کردن دەربێنێ. دوو کەسی کرێکاری داربڕ پەیدا بوون کە بوولێلی بەیانی ڕۆیشتن بۆ دارستان و داریان

بۆ ساختمانی ماڵەکە ئامادە کرد. ماڵی ئەو ناوچەیە زۆربەیان بە دار دروست دەکرێن و دارتاشیش پەیدا بوو دیواری خانووەکەی دروست کرد. ڕۆژێکی دیکەش کەسێك هات خۆی ناساند و وتی: کووره سازم و دەستی کرد بە کوره دروست کردن. نەقاشێکیش شەو لە وێ ماوە و دەرگاکانی ڕەنگ کرد، بەم جۆرە خانوویەکی تازە و سپی کە بە خۆر و باران ڕەنگی نەگۆڕدرابوو و هیچ سەدەمەیەکیشی پێ نەگەیشتبوو، لە نێو ئەو خاکە مردووە و ماڵە سووتاوانەدا، ڕاست بۆوە. جارو بار یوکاچۆ بۆی دەردەکەوت کە کوڕەکەی بە چاوێکی نامۆ و بە شك و گومانەوە سەیری دەکا و ئەویش لێی دەپرسی: پتیا چیت لێ بەسەر هاتوە! پتیا وەڵامی نەداوە و بێدەنگ بوو و دواتر پرسی: تۆ کێی؟ پتنکا! ئەوە منم، چۆن من ناناسی یەوە! من دایکی تۆم. یوکاچوا ئەوەی وت و دەستی کرد بە گریان، پتیا بێدەنگ بوو، باوەڕی نەدەکرد. ڕۆژێك پتیا پرسیاری کرد: ئەرێ ئەو ئاخرین میوانە دەڕوا یان نا؟ یوکاچوا تێنەگەیشت کوڕەکەی دەڵی چی و وتی: بۆ کوێ بڕۆم؟ من بۆ هیچ کوێ ناچم، ئیمە بۆ هەمیشە پێکەوە دەبین. کوڕەکە کوتی: نا دەڕۆی، هەموو دەڕۆن و دوایە دەگەڕێنەوە. من چاوەڕێ دەبم. یوکاچوا بە دڵ پڕی یەوە پرسی، چاوەڕێی کێ دەبی؟ پتیا چاوی لە سەر هەڵنە دەگرت، دەڵێی گوێ بۆ دەنگێك ڕادەگرێ کە لە ناخی یەوە دێ و شێوەی ئەو ژنە لە گەڵ کەسێکی دیکە کە دەیناسی، هەڵدەسنگێنی. شەوێك یوکاچوا پتیای لە خەودا ماچ کرد و ئەویش بە سەر سوڕمانەوە تێی ڕامابوو. ڕەنگە ئەو خۆشەویستی یە سروشتی و ئاسایی یە بیرەوەری لاواندنەوەی لە بیرکراوی دایکی، دیسان بۆ زیندوو دەکردەوە؟ دانیشتوانی ویسیوچی بور کە هەر زیندوو بوون، وردە وردە لە دارستانە دوور و بەرینەکانەوە دەگەڕانەوە. ڕۆژێك پیرە ژنێك هات. ئەوە سوشنیکوا بوو. پیاوێکی بەساڵا چوو بەلارە لار هات. ئەویش بابا یانکوف بوو. دواتر وەرزی گەڵاڕێزان بە سەردا هات و ڕۆژێك پتیا لە حەوشەی ماڵێ دا داری دەشکاندەوە. ماشینێکی بێهداری لە نزیك ئەو ڕایگرت و ژنێك کە باڵتەیەکی سەربازی لە بەر دابوو، خۆی فڕێ دا خوارێ. ئەو هەمان پەرستارەکە بوو و هاواری کرد: پتیا گەڕامەوە زۆر چاوەڕێ بووی؟ هەر دەتکوت چووەتە بازار و هاتۆتەوە. زۆری پێ نەچوو فرۆکەوانەکەش لە دەرگای ماڵیی داو بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: ئای پتیا لێرەی؟ من گەڕامەوە، زۆر چاوەڕێ بووی؟ دواتر کچە چەتر بازەکەش گەڕایەوە. هەر

کەس زیندوو مابوو گەڕاوە، چونکە کوتبوویان دەگەڕێینەوە بەڵام پتیا هەر چاوەڕێ بوو. یوکاچوا نەیدەزانی چ بکا؟ ئایا کوڕەکەی قەت تێدەگا کە ئەو لە پەنایەتی و لە خۆڕا چاوەڕێ یە؟ چەندە عەشق و فیداکاری دەوێ تا ئاسەواری کردەوە دزیوەکانی سپای ئاڵمان بسڕێتەوە؟ چەندە تین و خۆشەویستی دایك بۆ تواندنەوەی ئەو سەهۆڵە پێویستە کە دڵی ئەو منداڵەی داگرتوە بە ڕادەیەك کە ناتوانێ دایکی بناسێتەوە؟! شەوێکیان پتیا لە خەونی دا، دایکی لە پەنا مێزەکە دانیشتبوو کراسەکەی بۆ دەدروەوە. دایکی هەر وەك ئەو ژنە دەچوو کە ئێستا لە گەڵی دا دەژی. پتیا چاوێکی بە دەور و بەری خۆی دا گێڕا. مێزێکی سپی، ڕەنگ کراو و دیوارێکی دارین کە لە بەر شەوقی مانگەشەوەکە سپی دەکردەوە. کراسەکەی لە سەر چوار پایەکە بوو، کوڕەکە وەبیری هاتەوە کە جاران زۆر لە ئێستا پێشتر دایکی کراسەکەی بۆ دەدووریەوە و لە سەر یەخەی کراسەکەی خاجی چکۆلە و ناسك و ئاوی ڕەنگی دەهۆنی یەوە و بەم شێوەیە بۆی دەنەخشاند. ئێستا لە خەونی دا ئەم ژنەی دەدی کە هەمان نەخش و نیگار دەچنێ. دەستی بۆ کراسەکەی درێژکرد و لە سەر چوار پایەکە هێنایە خوار و لە چاوی نزیك کردەوە. یەخەی ئەو کراسە تازەیەشیان هەر بەو خاجە چکۆلانەی کە لە کاتی منداڵی دا دەیتوانی ئەو نەخشە بچنێ. پتیا هەستا و بە ئەسپایی وردە وردە خۆی لەو ژنە نزیك کردەوە کە لەوێ خەوتبوو و لەگەڵی دەژیا. داهاتەوە سەری هەموو جارێ پێش ئەوەی بخەوێ ئەو لێوانە ماچ دەکەن. جاران کێ ئەوی ماچ دەکرد؟ تەنیا دایکی. کاتێك کە برسی یەتی، ئەو دەستانە خۆراکی دەدەنێ. ئەو خۆراکە خۆشانەی کە جاران بە ئەوی دەدا؟ تەنیا دایکی، ئەو چاوانەی کە بە لاوانەوە و خەمەوە لەو دەڕوانن. تەنیا دایکی بەمجۆرەی تێدەڕوانن. لە ناکاو بیرەوەری ڕابردوو وەك ئاگر لە مێشکی دا بڵێسەی سەند. ئەوە، دایکی یەتی. ماوەیەکی دوور و درێژ چاوەڕێی ئەوە بوو تا بگەڕێتەوە. پتیا بە ئارامی وتی: دایە، دایە، دایە.... یوکاچوا وەخەبەر هات: چی یە ڕۆڵەگیان، پتیا بە سەر سینگی دایکی دا کەوت فرمێسك لە چاوەکانی هاتە خوار، دەی ناڵاند لەخۆی دەدا چونکە قسەیەکی زۆر لە دڵی دا پەنگی خواردبۆوە و دڵی پڕ ببوو و نەیدەزانی بڵێ چی، پتیا بە دڵتەنگی و خۆشەویستی یەوە وتی: دایە دایە من چەندە چاوەڕێی تۆ بووم! گەڕایەوە؟

**ئارشیوی رادیو دە نگی شورشی ئیران**

# ئێمە هەمومان دەگەڕێینەوە

بمێنەوە و لێرە بژی. من دەگەڕێمەوە. ئێمە هەمومان دەگەڕێینەوە. دوایی کچێکی لاوی دیتەوە کە لە دەستەی چەتربازەکان بوو. ئەو کچەش ماوەیەك لە گەڵ پتیا بوو و ئەویش کاتی ڕۆیشتن وتی دیسان دەگەڕێمەوە. هەموو دەهاتن و دەڕۆیشتن و پتیا بە جێ دەما. ئەو فڕۆکانەی کە ئەستێرەی سوور لە سەر باڵەکانیان کێشرابوو. بە سەر ئاسمانی ئاوایی یە سووتاوەکە دا دەگەڕان. ژمارەی ئەو فڕۆکانە بە قەت ئەو باڵندانە دەبوون کە مزگێنی بەهار لە گەڵ خۆیان دێنن و ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ ژمارەیان بە ئاسمانەوە زیاتر دەبوو. لە مانگی مارس دا ژنێکی لاواز و پەك کەوتوو ڕووی کردە ئەو دێیە . هێندە ماندوو بوو نەیدەتوانی ببزوێ. دوو ساڵ و نیو یەخسیری ئاڵمانی یەکان بوو، بەڵام هیوای گەڕانەوە بۆ ئاوایی و دەڤەرەکەیان و دیدار لە گەڵ ڕۆڵە ئازیز و خۆشەویستەکەی هەر نەبڕابوو. ئێستا گەڕاوەتەوە بەڵام بە جێگای ئاوایی ویسیوچی بەرەوڕووی کەلاوەیەك دەبێتەوە. لە نێو کەلاوەی شیرکەت تەعاونی خشەخشێك هات و لە ژێر شیروانی یە کوت کوتەکەدا کوڕێکی چکۆلە هاتە دەرێ. هێندێکی کۆنە لە گیانی ئاڵاندبوو. دەسماڵێکی ژنانە کە لە قەراخەکانی یەوە سووتابوو و پەڵەپەڵەی سووری پێوە دیار بوو، لە سەری پێچابوو. لە ژێر کراسە شڕ و شیتاڵەکەیەوە کە بە لۆکە ئاخێنرابوو، شەڵوارێکی لە پێدا بوو، کە لە تەلیس دروست کرابوو. لە لاقێکی دا چەکمەیەکی دڕاو دەبیندرا کە بە هێندێك پەتك و لەتك و سیمی تەلەیفون بە لاقی یەوە ڕاگیرابوو. لاقەکەی دیکەشی چەکمەیەکی سووری کون کون دەی پاراست،کە تیکەی ڕۆژنامە لە کونەکانی یەوە هاتبووە دەرێ. ئەو کورە پتیا بوو، ئەو ژنە کە ٢ ساڵ ونیو لەوەو پێش رۆلە خۆشەویستەکەی بەجێی هێشتبوو، ناسی یەوە بە دەنگێك کە هیچ هیوا ومتمانەیەکی پێوە دیار نەبوو وتی: -پتیا! دوایە هاواری کرد :»پتیا!- پتکا!» چووەپێشێ. هیچ شتێکی نەدەدی و لە هیچ نەدەگەیشت. فرمێسکی چاوەکانی هاتەخوار- هەر دەتگوت بێهۆش بووە و لە حاڵی بێهۆشی دا بەردەوام دەڵێ. پتیا! پتینکا! کوڕەکە چاوێکی گێڕا و ژنەکەی دیت و لە ناکاو هەڵات و لە کاتی هەڵاتن دا وەك جووجکە مەلێك کە لە هێلانەکەیەوە دەکەوێتە خوار و باڵە تەپەی دەکرد و لە لاقی چەپەیەوە دەشەلی نەی دەویست رابردوو دووپات بێتەوە و دیسانیش کەسێکی دیکە بێت و ماوەیەکی لەگەڵدا بژی و دواتریش بەجێی بێلێ. لە چاوەڕێی ماندوو ببوو. دایك بەسەر تەپۆڵکە رەشەکان و نیو چاڵ و قووڵەکان دا تێدەپەری و بازی دەدا و دەکەوت وهەڵدەستاوە و بەدوای منداڵەکەی دا هەڵدەهات بەڵام کوڕەکە هەر دەیزیقاند و هەڵدەهات. لە پەنا ئاخرین ماڵە سووتاوەکان دا لاقی پتیا لە سیمی تەلەیفون گیراو کەوت ژنەکە گرتییەوە و وتی: « پتیا»پتیا»... ژنە لە خۆشیان تاقە قسەیەکی دیکەی بۆ نەدەهات و کورەکەش نەیدەزانی چی وەڵام داتەوە. ئەو نەیدة زانی کەئەو ژنە کێیە. ڕۆژگارێکی زۆر تێپەڕی و کورە، دایکی خۆی هەر نەناسی یەوە. بیر و زەینی ئەو شێوە و شەمایلێکی دیکەی بەلای خۆوە ڕاگرتبوو. ژنێکی لاو و گەنج تری لە بیر مابوو و چاوەڕێی کەسێك بوو کە ئیتر لە دنیادا لەو شێوەیە نی یە. یوکاچوا، دایکی پتیا هەر لەو جێگایە کە زەمانێك ماڵی ئەوانی لێ بوو، کۆخێکی بە پارچە ئاسن وکا پێکەوە نا. لەو کاتەدا بەرەی شەڕ بەرەو لای ڕۆژئاوا دەچوو. ڕۆژێکیان ڕێبوارێك شەو لە کۆخەکەی یوکاچوادا مایەوە. ڕێبوارەکە سەری زۆر لە دەستێوەردان لە کاری کەسی دیکە دەخورا و وتی جێگاکەتان تەنگەبەرە و کاتی ئەوە هاتووە کە ماڵێکی دیکە ساز بکەن. لەنێو شۆفیر و خەڵکی نیزامی کە بە وێ دا تێدەپەڕن، کەسی وا هەڵدەکەوت کە سەر لە کاری خانوو دروست کردن دەربێنێ. دوو کەسی کرێکاری داربڕ پەیدا بوون کە بوولێڵی بەیانی رۆیشتن بۆ دارستان و داریان بۆ ساختمانی

ماڵەکە ئامادە کرد. ماڵی ئەو ناوچەیە زۆربەیان بە دار دروست دەکرێن و دارتاشیش پەیدا بوو دیواری خانووەکەی دروست کرد. ڕۆژێکی دیکەش کەسێك هات خۆی ناساند و وتی: کوورە سازم و دەستی کرد بە کورە دروست کردن. نەقاشێکیش شەو لە وێ ماوە و دەرگاکانی ڕەنگ کرد، بەم جۆرە خانوویەکی تازە و سپی کە بە خۆر و باران ڕەنگی نەگۆڕدرابوو و هیچ سەدەمەیەکیشی پێ نەگەیشتبوو، لە نێو ئەو خاکە مردووە و ماڵە سووتاوانەدا، ڕاست بۆوە. جارو بار یوکاچۆ بۆی دەردەکەوت کە کوڕەکەی بە چاوێکی نامۆ و بە شك و گومانەوە سەیری دەکا و ئەویش لێی دەپرسی: پتیا چیت لێ بەسەر هاتوە! پتیا وەڵامی نەداوە و بێدەنگ بوو و دواتر پرسی: تۆ کێی؟ پتنکا! ئەوە منم، چۆن من ناناسی یەوە! من دایکی تۆم. یوکاچوا ئەوەی وت و دەستی کرد بە گریان. پتیا بێدەنگ بوو، باوەڕی نەدەکرد. ڕۆژێك پتیا پرسیاری کرد: ئەرێ ئەو ئاخرین میوانە دەروا یان نا؟ یوکاچوا تێنەگەیشت کوڕەکەی دەڵی چی و وتی: بۆ کوێ بڕۆم؟ من بۆ هیچ کوێ ناچم، ئیمە بۆ هەمیشە پێکەوە دەبین. کورەکە کوتی: نا دەڕۆی، هەموو دەڕۆن و دوایە دەگەڕێنەوە. من چاوەڕێ دەبم. یوکاچوا بە دڵ پڕی یەوە پرسی، چاوەڕێی کێ دەبی؟ پتیا چاوی لە سەر هەڵنە دەگرت، دەڵیی گوێ بۆ دەنگێك ڕادەگرێ کە لە ناخی یەوە دێ و شێوەی ئەو ژنە لە گەڵ کەسێکی دیکە کە دەیناسی، هەڵدەسنگێنی. شەوێك یوکاچوا پتیای لە خەودا ماچ کرد و ئەویش بە سەر سوڕمانەوە تێی ڕامابوو. ڕەنگە ئەو خۆشەویستی یە سروشتی و ئاسایی یە بیرەوەری لاواندنەوەی لە بیرکراوی دایکی، دیسان بۆ زیندوو دەکردەوە؟ دانیشتوانی ویسیوچی بور کە هەر زیندوو بوون، وردە وردە لە دارستانە دوور و بەرینەکانەوە دەگەڕانەوە. ڕۆژێك پیرە ژنێك هات. ئەوە سوشنیکوا بوو. پیاوێکی بەساڵا چوو بەلارە لار هات. ئەویش بابا یانکوف بوو. دواتر وەرزی گەلاڕێزان بە سەردا هات و ڕۆژێك پتیا لە حەوشەی ماڵێ دا داری دەشکاندەوە. ماشینێکی بێهداری لە نزیك ئەو ڕایگرت و ژنێك کە باڵتەیەکی سەربازی لە بەر دابوو، خۆی فڕێ دا خوارێ. ئەو هەمان پەرستارەکە بوو و هاواری کرد: پتیا گەڕامەوە زۆر چاوەڕێ بووی؟ هەر دەتکوت چووەتە بازار و هاتۆتەوە. زۆری پێ نەچوو فرۆکەوانەکەش لە دەرگای ماڵیی داو بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد: ئای پتیا لێرەی؟ من گەڕامەوە، زۆر چاوەڕێ بووی؟ دواتر کچە چەتر بازەکەش گەڕایەوە. هەر کەس زیندوو مابوو گەڕاوە، چونکە کوتبوویان دەگەڕێینەوە بەڵام

پتیا هەر چاوەڕێ بوو. یوکاچوا نەیدەزانی چ بکا؟ ئایا کوڕەکەی قەت تێدەگا کە ئەو لە پەنایەتی و لە خۆڕا چاوەڕێ یە؟ چەندە عەشق و فیداکاری دەوێ تا ئاسەواری کردەوە دزیوەکانی سپای ئاڵمان بسڕێتەوە؟ چەندە تین و خۆشەویستی دایك بۆ تواندنەوەی ئەو سەهۆڵە پێویستە کە دڵی ئەو مندالەی داگرتوە بە ڕادەیەك کە ناتوانێ دایکی بناسێتەوە؟! شەوێکیان پتیا لە خەونی دا، دایکی لە پەنا مێزەکە دانیشتبوو کراسەکەی بۆ دەدروەوە. دایکی هەر وەك ئەو ژنە دەچوو کە ئێستا لە گەڵی دا دەژی. پتیا چاوێکی بە دەور و بەری خۆی دا گێڕا. مێزێکی سپی، ڕەنگ کراو و دیوارێکی دارین کە لە بەر شەوقی مانگەشەوەکە سپی دەکردەوە. کراسەکەی لە سەر چوار پایەکە بوو، کوڕەکە وەبیری هاتەوە کە جاران زۆر لە ئێستا پێشتر دایکی کراسەکەی بۆ دەدووریەوە و لە سەر یەخەی کراسەکەی خاجی چکۆلە و ناسك و ئاوی ڕەنگی دەهۆنی یەوە و بەم شێوەیە بۆی دەنەخشاند. ئێستا لە خەونی دا ئەم ژنەی دەدی کە هەمان نەخش و نیگار دەچنێ. دەستی بۆ کراسەکەی درێژکرد و لە سەر چوار پایەکە هێنایە خوار و لە چاوی نزیك کردەوە. یەخەی ئەو کراسە تازەیەشیان هەر بەو خاجە چکۆلانەی کە لە کاتی منداڵی دا دەیتوانی ئەو نەخشە بچنێ. پتیا هەستا و بە ئەسپایی وردە وردە خۆی لەو ژنە نزیك کردەوە کە لەوێ خەوتبوو و لەگەڵی دەژیا. داهاتەوە سەری هەموو جارێ پێش ئەوەی بخەوێ ئەو لێوانە ماچ دەکەن. جاران کێ ئەوی ماچ دەکرد؟ تەنیا دایکی. کاتێك کە برسی یەتی، ئەو دەستانە خۆراکی دەدەنێ. ئەو خۆراکە خۆشانەی کە جاران بە ئەوی دەدا؟ تەنیا دایکی، ئەو چاوانەی کە بە لاوانەوە و خەمەوە لەو دەڕوانن. تەنیا دایکی بەمجۆرەی تێدەڕوانن. لە ناکاو بیرەوەری ڕابردوو وەك ئاگر لە مێشکی دا بڵێسەی سەند. ئەوە، دایکی یەتی. ماوەیەکی دوور و درێژ چاوەڕێی ئەوە بوو تا بگەڕێتەوە. پتیا بە ئارامی وتی: دایە، دایە، دایە.... یوکاچوا وەخەبەر هات: چی یە ڕۆڵەگیان، پتیا بە سەر سینگی دایکی دا کەوت فرمێسك لە چاوەکانی هاتە خوار، دەی ناڵاند لەخۆی دەدا چونکە قسەیەکی زۆر لە دڵی دا پەنگی خواردبۆوە و دڵی پڕ ببوو و نەیدەزانی بڵێ چی، پتیا بە دڵتەنگی و خۆشەویستی یەوە وتی: دایە دایە من چەندە چاوەڕێی تۆ بووم! گەڕایەوە؟

ئارشیوی رادیو دە نگی شورشی ئیران



# «نێدا» لە پێناو ژیاندا دەبێ چەندە بمرم؟

ن: مەسعود نوقرە کار
و: ناسر

سەرەنجام دونیا دواهەمین ترپەی دڵی ئازادی لە پشت بلووری فرمێسکەوە بینی. نێدا لە نارەزایەتییەکانی ڕۆژی شەممە(١٣٨٨/٣/٣٠) دا کوژرا، کەسێك کە مەرگی نەدەناسی و دەتگووت لە ماناکەی تێناگات. دونیا رووخساری ئەوی بینی، رووخساری سپی و بێگەردی مرۆڤێك کە بۆ دەستەبەرکردنی زەرڕەیەك ئازادی هاتبووە شەقام. دونیا بەسەرسامییەوە تەماشای پەیکەرەی لەخوێنگلاوی شلکە پەلکی عەتراوی ئازدی لە ئێران کرد.

نێدا هاتبوو تا لەگەردوونەی ئەوین و ئازادی دا بە پێشوازیی خۆشویستن و هاورێیەتییەوە بچێ و سروودی ئازادی بخوێنێت.

هەمووان قاتڵ دەناسن، قاتڵ ناوی سەید عەلی خامەنەیی ـ یە و لە ژێر عابای پێغەمبەری ئیسلام دا. دەرخەر و دەربری مرۆڤی ئاژەڵسفەتە، گورگی مرۆڤە. هاتووە تا شادی و ئازادی سەربرێ و هەتاوی ژین بخنکێنێت. هاتووە تا مێهر و مرۆڤایەتی وردوخاش کات. دڵرەقێك کە پەپولە گوڵشێوەکانی ئەوین لە دەروونی سینەی خۆشەویستی دا سەردەبرێت. بە قەمەمە و قەدارەوە هاتووە تا گەردەنی ناسك و جوانی خۆشەویستی، ئەوین، شادی و ئازادی، وە سێوی بلوورینیان، شەق کات.

نێدا کوژرا، بەڵام هەنووکەش من دەمهەوێ بزانم لەو ساتە بە ئازارانەی کە ژیان لەناو سینەیدا لە ترپە ئەکەوت، بیری لە چی ئەکردەوە، وە چاوەکانی کە رووناکیبەخشی مێهر و ئەوین بوون لە چیان ئەروانی؟ لە هەورە ڕەشتاڵەکانی تورەیی،بێزاری و بێعەداڵەتی کە بەرو لای ئەهاتن ، یا لە کۆلکە زێرینەیەك کە لە نێوان پێڵوەکانی دا مێهر و ئەوینی لێدەباری؟ دەمهەوێ بزانم بیری لە چی دەکردەوە؟

نیگاکانی دونیای بێگەردی بوو و وتەشی بانگی ئازادی، بەڵام هاواری دەکرد:» بۆچی؟بۆچی؟ من تەنیا هاواری زەرڕەیەك ئازادیم کرد، زەرڕەیەك ئازادی.»

هەنووکەش دونیا چاوی لە دەمی ئەوە، تا رەنگە جارێکی تریش خونچەی لێوانی سووری بکاتەوە و هاواری ئازادی بکات.

وە من بە دیتنی چەندین جارەی دواهەمین هەناسەی تۆ، لە پشت بلووری فرمێسکەوە هاوار دەکەم:

نێدا! مەگەر تۆ چیت کردبوو کە ئەو دڵرەقە،پەپولە گوڵشێوەکانی ئەوینی لە دەروونی سینەی پر مێهرت دا سەربری؟

نێدا! پێم بڵێ ئەوکات بیرت لە چی دەکردەوە؟ لە داوەرینی گوڵپەرە رەنگینەکانی چاوانی خوشکەکانت، یا زریانی شکۆفە لە نیگای براکانت دا؟

بیرت لە چی دەکردەوە نێدا! لە گەردی باڵە ناسکەکانی پەپولەیەك کە هێشتاش بەسەر پەنجەکانتەوە بوو، لە چی؟

تۆ کە کەلامت بێجگە لە مێهر و ئەوین و ئازادی نەبوو، بڵێ بیرت لە چی دەکردەوە، لە چی ... ؟ تۆ کە بێجگە لە ئازادی وشەیەکی ترت شك نەدەبر. زمانی ئازادی! بڵێ بیرت لە چی دەکردەوە؟

تۆ کە مانای کینەت نەدەزانی، تەنیا مێهر و ئەوینت ئەناسی خونچە هەڵپروکاوەکەم، گوڵی من.

من و ئێمە تۆ دەبینین، ئەرێ تۆش من و ئێمە دبینی؟ مەلە بچکۆلانەکە، مەلە باڵ و پەر شکاوەکەم، چۆلەکە سەربراوەکەم،من و ئێمە دەبینی؟

منێك کە بۆت بوومەتە دڵۆپێك فرمێسك، دڵۆپێك فرمێسك.

نێدا!

پێم بڵێ، لە پێناو ژیاندا دەبێ چەندە بمرین؟

کورتە چیرۆک:

# سەوزی... سەوزی... سەوزی!!!

شەهروز ناسری

چەند مانگێک لە ڕووداوەکانی پاش هەڵبژاردنەکانی دەورەی دەیەمی سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران تێپەڕیبوو، بەڵام هێشتا خەڵک لە هەر دەرفەتێکی دەستیان کەوتبا کەڵکیان وەردەگرت و دەڕژانە سەر شەقامەکان و ناڕەزایەتییان دەردەبڕی.

هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی وەک گورگی هاریان لێهاتبوو. لەهەر شوێنێک کۆبوونەوەیەک بەڕێوەچووبا، دەستبەجێ هەڵیان دەکوتایە سەری و بە شێوەیەکی وەحشیانە سەرکوتیان دەکرد.

لەم کێشمەکێشەدا بەشێک لە کاناڵە ماهوارییەکان و بە تایبەت «بی. بی. سی فارسی» هەمو هەوڵیان ئەوە بوو کە ڕەوتێک بە ناوی ڕەوتی «سەوز» زیاتر لە ئەندازە و قەوارەی خۆی گەورە بکەنەوە و بیکەنە ڕەوتی زاڵی کۆمەڵگا و بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان بەکاری بێنن و ...

کاک .... کە ڕەییسی ئیدارەیەکی دەوڵەتی بوو، یەکێک لەو کەسانە بوو کە وەختی خۆی لەسەر سیاسەتی هیندێک لایەنی بەناو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی _ کە پێیان وابوو دەکرێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوخۆ ئیسلاح بکرێ و بۆ ئەو مەبەستە پێویستە نفوز بکرێتە ناو دام و دەزگا و ئیدارەکانیەوە_ هەر زۆر زوو ڕیشێکی درێژی دانابوو و کارتێکی بەسیجی وەرگرتبوو و لەو ڕێگایەوە دەستی لە ئیدارەیەک بەند کردبوو. بەهۆی گوێ ڕایەڵی و خزمەتێکی زۆر باش کە بە ڕژیمی دەکرد، تەنانەت کردبوویانە ڕەییسی ئیدارەکە. خۆلاسە ئەو سیاسەتە بۆ ئەوی گرتبوو. زۆرجار ڕەحمەتی بۆ ئەو لایەنە سیاسیانە دەنارد کە ئەو ڕێگایەی وەپێش کەوتبوون، بەڵام دەشیکوت: «تازە بابی ئەو حیزبانەش داوام لێبکەن، نایەمەوە دەرێ!! هەر کەسیش بڵێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی برووخێ بەمست نەبێ لە دمی نادەم؟!!»

لەوە بوگزەرێین. ئەو کاک «وانێك»ە کە دەبینێ وڵات شێواوە و جەماعەتێک لەناوخۆی ڕژیم سەریان هەڵداوە و دیسانەکەش باسی ئیسلاحی ڕژیم و ... هاتۆتەوە گۆڕێ، دەکەوێتە دوو دڵیەوە کە بڵێی کام «لا» بتوانن لەم کێشمەکێشەدا سەر بکەون؟ سەوزەکان یان ڕەشەکان؟ ماوەیەک بوو ئەو فکرە لە زەینی دا دەهات و دەچوو، بەڵام هەرچی دەیکرد خۆی بۆ ساغ نەدەبۆوە.

بەیانی ڕۆژی ١٦ی ئازەر بوو. کاک ....ی ڕەییسی ئیدارە، وەك جاران خۆی قۆز کرد و بەرەو ئیدارە کەوتەڕێ. هەرکە لە ماڵێ وەدەر کەوت، هەستی بەوە کرد کە وڵات جۆرێکە. سەرشەقام پڕ بوو لە گاردی ویژە و لیباس شەخسی. زۆر بێدەنگ بە تەنیشتیان دا تێپەڕی و برێك دوور کەوتەوە. چەند هەنگاو ئەولاتر کۆمەڵێك لاوی بینی کە ڕووبەڕووی دەهاتن. برێك نزیکتر بۆوە. لە پڕ لاوێك دەنگی هەڵبڕی و هاواری کرد: «مەرگ بۆ دیکتاتۆر». بەدوای ئەودا بەزمەکە دەستی پێکرد. لاوەکان یەك دەنگ دەیانکوت: «مەرگ بۆ دیکتاتۆر». هەر ئەوەندە بڵێی یەك و دوو جەماوەر لە دەوریان کۆبوونەوە. خۆپێشاندانەکە گەورەتر بۆوە و جەماوەر یەك دەنگ دروشمی دژە حکومەتییان دەدایەوە.

کاك «وانێك» لە دڵی خۆیدا کوتی: «ئەوانەی ئەورۆ هاتوونە سەر شەقام سەوزەکان نین. با لێیان دوور کەومەوە!!».

گەڕایەوە و بە نەرمەغار بەرەو سەربازەکان ڕۆیشت. سەربازێکی گاردی ویژە کە دیتی کەسێك لە لای جەماوەرەوە بۆ لایان دێ، باتومەکەی بەرز کردەوە و هەڕای کردێیە. کاك «وانێك» بە ئیعتماد بەنەفسەوە کوتی: «ئەمن لەوان نیم!». سەربازەکە گوێی لێ نەگرت و یەك باتومی لێڕاکێشا. ئەو جار وەپاڕانەوە کەوت: «وەڵڵا ئەمن لەوان نیم. بابە ئیشتیبابیت گرتۆ!». دیتی سەبازەکە حاڵی نابێ و هەر لێی دەدا. هەر چۆنێك بوو خۆی لەبەر دەستی ڕزگار کردوو و لێی دوور کەوتەوە. چاوی گێڕا ڕێگایەك بەرەو ماڵەکەیان بدۆزێتەوە، بەڵام مەسیری ماڵەکەیان پڕ بوو لە سەرباز. نەیوێرا بگەڕێتەوە. دیسان چاوی گێڕا، لەوبەری جەماوەرەکە کۆڵانێکی بینی. کوتی واچاکە خۆ بەو کۆڵانەدا بکەم. تیژ بەرەو جەماوەر هەڵات. چەند جەوانێك کە دیتیان لیباس شەخسییەکی ڕیشی لە لای سەربازەکانەوە بەرەوڕوویان دێ، بە چوار پێنجێکان گرتیان و

تێکیانەوە پێچا و برێکیان تێهەڵدا.

کاک «وانێك» کوتی: «وەڵڵاهی ئەمن لەوان نیم!! بابە وەڵڵا ئەمن هەو نیم!!» جەوانەکانیش باوەڕیان پێنەکرد. هەر چۆنێك بوو خۆی لە دەستیان ڕاپسکاند و هەڵات. بەڵام هەر دوولا شڕ و دڕیان کردبوو. خۆی گەیاندە کۆلانەکە. دوو سێ کۆلان ئەولاتریش هەر هەڵدەهات. وا ترسابوو نەیدەزانی بۆکوێ دەچێ. دەیهەویست هەرچەندی بۆی دەکرێ لە شوێنی تێکهەڵچوونەکان دوور کەوێتەوە. زۆر پەشۆکابوو. کەدیتی کەسی بەدواوە نییە و شوێنەکەی ئەمنە، ڕاوەستا و پاڵی وەدیوارێك دا و هەڵترووشکا. گیانی دێشا، سەری بەردابۆوە و چووبوو لە فکرەوە.

ئاگای لە دەوروبەری خۆی نەمابوو. بەڕاستی مێشکی قەپات ببوو. زەینی بۆ هیچ کوێ بڕی نەدەکرد. هیچ لێکدانەوەیەکی بۆ بارودۆخی ئێستای خۆی نەبوو. لەبەر خۆیەوە دیکوت: «خۆ ئەمنیش لەوانم!... ئەدی ئەگەر لەوانم بۆ لێیان دام؟!! ...ئەگەر لێیان دام کەوایە لەوان نیم... ئەگەر لەوان نیم ئەدی ئەمن کێم؟؟» ئەوندەی دیکە چووبووە ناو فکرەوە سەری بەردابۆوە و لە وڵامی پرسیاری «من کێم؟» دەگەڕا. لەپڕ دەنگێکی زەلامی گوێ زڕێن لەبن گوێچکەی کوتی: «سەوزی ... سەوزی... سەوزی!!!».

کاک «وانێك» یەك بەخۆی ڕاچەنی. کابرایەکی ریش درێژی چڵکنی ناقوڵا داشقەیەکی پاڵ پێوەدنا و هاواری دەکرد: «سەوزی ... سەوزی... سەوزی!!!».

کاک «وانێك» ئێدی کفری دەرهات و مێشکی تێکچوو. پەلاماری داشقەی کابرای دا. چەند دەسکی کەوەر و جەعفەری هەڵگرت و بەسەری خۆی دادا. هەڵدەبەزی و دادەبەزی و قەپی لە دەسکە کەوەرەکان دەگرت و هاواری دەکرد: «ئا... سەوزم... سەوزم...سەوزم!!»

مامەی سەوزی فرۆش چاوی زەق ببوون و لە دیتنی ئەو دیمەنە واقی وڕ مابوو. نەیدەزانی ئەو کابرایە بۆ وادەکا. کوتی: «کوڕە بۆ وادەکەی بابم؟!! ... شێت بووی؟... کوڕە کاکە ئەو سەوزییانە بۆ ئاوا دەخۆی؟!!... وەڵڵا گەندوو گوێ دنیایان پێوەیە دەبێ جوان جوان بیانشۆیەوە... کوڕە ئیسحالت دەکا... وەڵڵا دەتکوژێ... مەیخۆ... !!».

١٣٨٨-١٠-١٩

# ڕاپەڕین

«ح.خارا»
حوسێن عەبدالی

وەرزەسوورێ
خول ئەخوا
پویخَٰریە
بولێڵی پڕ خرۆسی چوار شەقامی شار.
خرۆشی نرکەداری توورە بوون
تەوژمی توندی هەستی
دڵ پڕ لە ئێشان
لە دژ ڕزی دزێوی
گوێنەبیستان!
پونگ ئەدا
ئالێرە دێتە کو
دێتە کۆ
خول ئەخوا،
هەڵئەچێ
ڕۆحی دێتە بەر
چرۆ، چرۆ
گوڵی نەپشکوتو دێنە کایە!
لەژێر نسار
کۆدەبنەوە.
لەبەر هەتاو
تێئەپەڕن.
ڕکێف لەپێ
بەرەو قەڵا ئەڕۆن
قەڵا ئەڕۆن لەبەر قەڵا!
زریکەیە،
هەرایە
گرمەگرمێکی بەتینە،
هاتن و چونێکی هۆگر
خۆ ئەنوێنێ لە نێو ئاگر.
بەرەو پێش نەخزێ
ئیلهامی بەسەردا ئەرژێ.
ئەوا دیارە لەبەر چاو
بەلێڵی باوەش کراو!

*– حوسێن عەبدالی، پێشمەرگەی کۆمەڵە، خەڵکی شاری سەردەشت نازناوی شێعری «ح. نامۆ»ی بوو. کۆمەڵێک شێعری بڵاو نەکراوەی لەپاش بەجێماوە.

# دڵی گەڵا

(بە یادی پاکی گیان بەختکردووان، «بارام» و «گەلاوێژ» ژن و
مێردی پێشمەرگەی کۆمەڵە.)
«م.خارا»

دڵی گەڵا
لە گەڵ ئاڵا
کە گوڵیان کوشت
گەڵاشیان خوێن ڕشت.
* * *
ڕۆژی گەڵا
بە شنە جووڵا
ڕووی کردە گوڵا
- لێم مەکە سڵ
لەسەر بەنگەی دڵم شینێ،
دڕکی لە پیت،
لێت ڕۆچی
دڵم دەدەڵێ خوێنێ!

گوڵ لە دڵەوە هەستی کرد
بە بزووتنەوەی نەرم ورد،
وەك بەر بەرامی لێ وەری
پەڕیەکی دایە بەری
پڕی پەری بۆ گەڵا برد:
- گەر ئەتەوێ بێ دوژمن بی
یا لە چاوی ڕقی ون بی
بەرد بە و کوتوو
لەناخی ڕەقی دا خەوتوو
نە گۆڕینی، نە دوژمنی
نە ژیانی، نە مردنی.
- گەریش ڕۆڵەی خرۆش ئەبی
نە بە دوژمن
نە بە مەرگ
پەرۆش نەبی.
* * *
گوڵا و گەڵا بە بزووتن
لێك جووتن.
ئەوسا لەدژ
بزووتن کوژی بەهرە مژ
ڕەگیان بە ڕێگە
گۆڕیەوە،
تاکەی ئەمەگ
بە بنج و ڕەگ
هەر گۆڕانە
کەم دۆڕانە
دەبا هێندە ژینمان بگۆڕێ
دوژمن بە سەر شۆڕیەوە
سەدەی نێژرابی لە گۆڕێ.
گیران و گەران
بۆ گۆڕینە و گۆڕان
* * *
جا گەڵا و گوڵا
فریو لە چڵ
بۆ هێنانی بەختەوەری
بوونە پەری
لەنێو ئاسمانی خەباتا
لەنێو هەزاران ئەستێرەی
پێشمەرگانەی ئەم وڵاتا
ئەم بووە بارام،
ئەم گەلاوێژ،
دوو ئەستێرەی
نەترە بەرز و پشوو درێژ
شنەی سروە و هونەی وەشتیان
لەم جیهانە، وەك بەهەشتیان
بە مێشك
بە دڵا

به سۆزی گیان
هەست پێ ئەكرد.
كامە بەرامە بە دیاری
لە بەهاری شاری ڕزگاری
كردیانە كۆش
خۆش پێ سەرخۆش
بۆ چەوساوەی كاریان ئەبرد؟
* * *
خاو فریوی بووە گوللەیەك
دەرچوو لە چەك
هات و دڵی گوڵی سمی.
خوێن بوو بە هەور
بوو بە باران
تەنی گەڵا
سووری و نوقم
* * *
باسكی گەڵا بووە دار تەرم
تەرمی گوڵی ڕاكێشا
ئەژنۆی پتەو
هەنگاووی نەرم،
بە تەرمەوە
بە تەرمی هێشتا گەرمەوە
بەرەو كۆشی ئامانج خۆشا.
* * *
گەڵا ئەمجارە بە خوێنی گوڵا
ئاڵایەكی سووری سوور بوو.
ڕێگای ئەبری
دەربەست نەبوو،
ڕێگا دوور بوو
بەرەو ژوور بوو.
بەسەر باسكی یاڵا و یاڵا
چقڵی چاوی دوژمن — ئاڵا
ئەچوو ئەچوو
تەرمی گوڵی لەسەر دەس بوو.
گەر هەوراز بوو
گەر قەدپاڵ
بەفری شاخ بوو
شەلال شەلال
* * *
دڵی گەڵا
لە گوڵا ئاڵا
كە گوڵیان كوشت
گوڵاشیان خوێن ڕشت.
* * *
بوو بە ساڵی
گەڵا گەڕا و
گوڵی گێڕا
لەسەر یاڵی بۆ سەر یاڵی.
نیشانی دا بە چوار وەرزە
بە ئاسمان و ئەستێرەكان
بەچی گیان و جیانی بەرزە.
ببوە چەپەر
كوتبووە بەر
سوارەی گرێ
پێشمەرگەش گەس
لە پشت سەر
* * *
ئەم ساڵەوە،
ئەم ساتەوە
بەرەو شوێنی پار هاتەوە
كە گوڵ بەر گوللە
كەوتبوو،
كاتی پێشمەرگەكان گەیشتن
گەڵا بەپاڵا گوڵا خەوتبوو.
كات ئەو كات بوو
جێ ئەو جێ بوو
بەڵام تەنی گوڵا گوللەیەك
تەنی گەڵا سەدی لێبوو.
١٣٦٥/٣/٣٧

*- شاعیری شۆڕشگێڕ مەحموود سەجادی خەڵكی شاری سنە، پێشمەرگەی كۆمەڵە، ڕۆژی ٦٦/١٢/٢٧ی هەتاوی لە هێرشی هێزەكانی جمهووری ئیسلامی لە دەور و بەری شاری هەڵەبجەدا، دوای شەڕێكی قارەمانانە قەلبی بۆ هەمیشە لە لێدان كەوت، «م. خارا» نازناوی ئەم هاوڕێ شاعیرە بوو. لەك كۆمەڵە شێعرەدا دوو شێعری ئەو پێشكەشتان دەكرێ.

# نا

سارا قەڵادزێ

دەڵێن ونی، بەڵێ ونم
بەردی بن گۆمی لیخنم
بەڵام وا بۆ یەکەمجار، لە رێی دۆزینەوەی خۆمدا
دەبمە رێبوار
رێبوارێکی بێ سەروشوێن
چاو سوور هەڵگەراو، پڕە لە خوێن
وتیان وست بە، تۆ هێچ مەڵێ
سەری ڕەزامەندیم لەقاند، وتم: بەڵێ
دەمم بە فەرمانی ئەوان هەڵدەبچڕێ
بۆ ئەوان پێدەکەنیم و
لە ناخیشدا گۆرانی مەینەتیم دەچڕێ
گوێم هەر قسەی وانی دەبیست
چاو بۆ ئەوان دەبینی، هەستم بە ژانی وان دەکرد
هەتا رۆژێک وەک دێوەزمە، داوای خودی خۆمیان دەکرد.
دەیانوت هەر دەبێ ئێستا
بەدەستی خۆت فەرمانی زیندان مۆر بکەی
یان بەزەبری تیغی ئێمە، کۆچ بۆ تاریکی و گۆڕ بکەی
منیش هەتا هێزم تێدا بوو هاوارم کرد
بە (نا)یەکی پڕ لە کینە، (بەڵێ)کانم هەموو سڕ کرد.
بۆ خۆ دۆزینەوەیەکی دی
خۆمم ون کرد.

کورتە شێعر:

# کاروان

شەهروز ناسری

زەوی دڵاوایە!
هەور سنوور ناناسێ!
باران لە رەنگی پێستی هەمووانە!

هۆ کاروانی جەستە سووری چاو خۆرەتاو!
ئاڵات هەور
بارەکانت پڕ لە باران
بەم وڵاتەش دا
تێپەڕە!!

# هەژارەکان

وشیار بەرزنجی

هەژارەکان
دڵم لانەی بێ لانەیە..
دڵم لانکەیە بۆ کۆرپە..
تەنها دڵمە
دیاریم بۆتان...
بێ نازیتان
بە دەسرازەی نازی دڵم
شەتەك ئەدەم
لەناو لانکەی دەرونی پڕ لە ئۆفما
ڕایئەژێنم، ئەیلاوێنم
هەژارەکان
نوزەی هەتیوی بێ باوك
لە لاکۆڵان
لە کەلاوە
بۆ خەپلە و بۆ نازی دایکی
بۆ ڕۆڵە گیانی دەم باوکی..
ناڵەی دیلی بەندیخانە..
باڕەی بەرخی
مل لەژێر کێردی قەسابی
قەسابخانە..
ئاوازی مۆسیقای دڵمن..
هەژارەکان
بۆ نازانن من لە ئێوەم؟!..
برسێتیتان لە خوێنمایە
بێ بەرگیتان
وێنەی ژینی منی تیایە
هەژارەکان با هەموومان
دەست لەناو دەست
هەنگاو بنێین بۆ یەك مەبەست
ڕووبکەینە خۆر، ڕووبکەینە خۆر
گوڵی ژیان گەشەدار بێ
نان و شادی
بۆ هەژار بێ.

# کوندی شەو

ن: ئارام

**که کوندی شەو**
**داوی لە ئاسمانا ڕاخست،**
**دەرگای لە خۆرەتاو داخست،**
**من دەمزانی**
**ئەستێرەکان،**
**دەدا لە سێدارەی نەمان.**
**هەتا توانی**
**لە باغچەی ئەستێرەی ژینا**
**غونچەی ئەستێرەی هەڵوەراند.**
**خوێنی ڕژاند.**
**بەڵام ئەو کوێر بوو نەیزانی،**
**زۆری وا هەن.**
**ئەستێرەکان،**
**لە تاقی ئاسمانی دڵیان،**
**وەک چرا ئاوێزان دەکەن،**
**تا ئەو ڕۆژەی کوندی شوومی چارە ڕەشی،**
**بە سێدارەی توورەیی دا**
**یەکجاری ئاوێزان دەکەن.**

***

# من و تۆ له ناو یەكدا هەڵچووین

ن: بیستون

شنەی نەسیمی بنار، گیاو دار و گوڵ رائەژێنێ، بۆنی رێبوارانی ئاسۆروون لەگەڵ بۆنی گوڵاڵە و نێرگز و یاسەمین ئاوێتە دەبێ، شنەی شەماڵی بەهاری، دەشت و دۆڵی پڕگوڵ دێنێتە سەما، جریوەی باڵندە و نەغمەی بولبول و قەناری ئاوازی خۆشەویستی بۆ چەوساوەكان ئەچڕێ و سەرچڵی گوڵ و پەلكی داری شادی گشتین، بەناز ئەلەرێنەوە و خۆر بە عیشوەوە لە ئاسۆی سەركەشی شاخان هەڵدێت و گزینگی مەرزینگی ئەو لەگەڵ شەونمی داوێین ساتەكانی بەهار لە سەر لێوی شكۆفەیەكی تازە پشكوتوو ماچی خۆشەویستی دەكەن بە دیاری.

هەوڵدان لە پێناو خولقاندن و داهێنانی سەمفۆنیای دەنگی بەسۆزی بیرەوەرییەكانی موعێنی، دەنگی نەوای سەوداسەرانی ئەوین و هۆگرانی گوڵاڵە سوورە، وتەیەك و پەیڤێك، وەرە با دەردی دڵی جەستە سوورەكان گوێ لێ بگرین، وەرە هەتا لە شەوێكی پڕ ئەستێرەی شێعرێكدا، لە ئاسمانی شێعری چەوساوەكان، ئاڵای سووری دەركەوتنی رێبوارێك، لەگەڵ ئەوین و خوێن باڵ بگرین.

لە نێو دەریای هێوری پڕ شەپۆلی كەف چڕێنی رێگای سەختا، مۆژدەی دوارۆژی پێیە مەلە بكەین، خۆش ویستنی كار، لە چاوەڕوانی دامانەوە، بە درێژاییی ٣١نامە و ناسنامە، لە هەڵچوون و داچوونی گرێكانێك و لە تاڤگەیەكی رەنگ نیلی شەپۆل و زەریا، خەنجەر و خوێن، رێگا و ئاسۆ، لە دایك بوون و كۆرپە، مەرگ و بێدەنگی، لە زمانی وێنە نیزیك دەبنەوە و جەوهەر و پێناسەی رێبازم دەردەخەن و ئەوینانەتری دەكات.

من و تۆ لە ناو یەكدا هەڵچووین، لە هەر بڵێسەیەك بەتینتر كە هیچكات نسكۆ و شكان بە خۆمانەوە نابینین. چونكە بە عەشق و ئەوین تەیارین و گۆشكراوین.

مێژووی رێڕەومان خۆشەویستیە و جوانی، خۆشەویستی ئینسانی ژێردەستە و جوانی ئاسۆی دەم كەلی ژیانی هاوچارەنووسی. بەگوڕتر، بە تاو و تین تر دێنە مەیدان ....... خۆ دەردەخەن بۆ كۆڵنەدان...... هەتا ناخی خاك بۆ جارێكی تر تۆوی نەفرەت و بێزاری لێ نەڕوێ.

# له كاڵ بوونەوەی ئەم وەرزەدا

**هەژیر نینا**

**لە بێدەنگی ناخمەوە**
**لێرە**
**تروسكەی نیگات دەخوێنمەوە.**
**نازانم چۆن**
**ترپەی دڵم بەرە و لووتكەی سەرنجت چوون؟**
**چۆن ئەم دێڕانەت بۆ هەڵبەستم؟**
**كاتێك**
**گوێم لە مۆسیقای هەستت دەبێ**
**بەژنی شێعرێك دەمهەژێنێ.**

**لەم پایزە رووتەڵەدا**
**كە دەروانمە دیدەكانت**
**پشكۆی رازێك**
**حەرفەكانم زیندوو دەكات**
**وەک باڵندەیەک**
**بەسەر چڵی درەختێک دا ڕادەمێنم**
**بەڵام كاتێك**
**فڕین مانا دەكەم**
**ئازارەكان، لە رەگەوە**
**دەمسوتێنێ بەسەر جەستەی خۆڵەمێشیمەوە.**

**لە كاڵ بوونەوەی ئەم وەرزەدا**
**دۆزیتمەوە**
**لە ئەندێشەی سەوزی خۆتا**
**باڵات كرد و رژایتە نێو ژانمەوە.**

**١٣٨٨/٨/٢٠**

ئەنوەر حسێن بازگر



# جانتا

**جارێکی تر دێم و**
**ناو جانتاکەت**
**دەپشکنم**
**کەدەزانم دڵگرانی**
**جارێکی تر دێم و**
**جزدانەکەت دەپشکنم**
**کەدەزانم دڵگرانی**
**جارێکی تر دێم و**
**موبایلەکەت**
**دەپشکنم**
**کەدەزانم دڵگرانی**
**نەک بۆ میکاژو**
**پارەی جزدانو**
**مەسجەکانت**
**نا**
**بۆئەوەیە،**
**تابزانم**
**وێنەکانم رەنگیان چۆنە**
**تابزانم**
**لەناو جانتاو جزدانو موبایلەکەت**
**هەر میوانن**

# جێیت دەڵێم

**کاتێ بەتینوویەتی جێتهێشتم**
**چاوەڕوانی قومێ**
**ئاوبووم**
**کاتێ منت لەچاوەڕوانیدا**
**جێهێڵا**
**تەنیاو بێ سەرپەناو**
**سەرگەردان بووم**
**بۆیە منیش**
**بریارمدا**
**جێتبهێڵم**
**تا تامی تینوویەتی**
**بکەی و**
**ئازاری چاوەڕوانی**
**بکێشی**
**بەڵام خوازیارم**
**سەرگەردان نەبێ و**
**بۆ هەتا**
**تامی دوری**
**من بچێژێ**

**٢٠٠٩/٦/١٤**
**سلێمانی**



# کەی تێدەگەن؟

**ئاڤگە قەرەداخی**

**کاتێ تەورێ گاز لە قەدی**
**دارێ دەگرێ**
**کێ گوێی لە گریانی**
**دەسکی تەورە؟!**
**کاتێ داسێ**
**ملی گیا کەڵەیەک دەپەڕێنێ**
**کێ گوێی لە نوزانەوەی ئاوەنگە؟!**
**ئێمە کەی تێدەگەین؟**
**ئێمە کوا تێدەگەین؟**
**کاتێ خەزان**
**لە پرسەی گوڵدایە**
**کێ فرمێسکی پەپولەیەک**
**دەخوێنێتەوە؟**
**کە ئاڵا لە بەرزیدایە**
**کەی گوێمان لە ناڵەی پڕوکانێتی؟**
**کەی هەستمان**
**بە ئازاری سەمایەتی؟!**
**ئێمە کەی تێدەگەین؟**
**ئێمە کوا تێدەگەین؟**
**کە ئەستێرەیەک**
**لەوپەڕی ورشەدا**
**فرمێسکی لێدەچۆڕێ**
**بۆ جەستەی ڕەشبووی ئاسمان**
**کێ تێدەگا؟**
**کە شوشەی عەترێک شکا**
**کەی مانای سەرگەردانی و**
**ماڵوێرانی بە عەتر دەدەین؟**
**لەوە زیاتر**
**چێژێکی پێ تێر دەکەین!**
**کەی تێدەگەین؟**
**ئێمە کوا تێدەگەین؟**

**زەمەنەکانی غوربەت**
**ئەمانهەژێنێ وڕاماندەژەنێ**
**نازانین ئەوە ئێمەین**
**نەفرەت لە ساتەکانی بوون دەکەین**
**یا ئەوە ساتەکانی بوونە و**
**نەفرەت لە ئێمە دەکا؟!**
**کەهەتاو تاسا و**
**با خنکا و**
**هەستەکانیش تەنگە نەفەس**
**تازە ناتوانین**
**مێخەکە بێنازەکان دڵدەینەوە!**
**تازە چۆن دەتوانین**
**لقە چەماوەکانی درەخت**
**ڕاست کەینەوە؟!**
**تازە چۆن بتوانین**
**ڕۆژە تۆراوەکانی تەمەن**
**ئاشت کەینەوە؟!!**
**کە شەونمێک گریا و**
**خەندەیەک تۆرا و**
**چرپەکان تەرە بوون**
**کە دڵ شکا و**
**ڕاست چەمی و**
**تەمەن ڕەنجا و سەری هەڵگرت**
**کێ دەتوانێ بیانهێنێتەوە جێ؟؟**
**ئێمە کەی تێدەەین؟**
**ئێمە کوا تێدەگەین؟!**


POLICIA
LATUFF 2008




javad









PESHANG 20